زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا
# کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا- زمانەوانیی کارەکی.


لەلایەن

**ئازاد عەزیز سلێمان**

بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ١٩٩٧

ماستەر لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ٢٠١٤

بە سەرپەرشتی

**پ.د.یوسف شەریف سەعید**


هەولێر – کوردستان

حوزەیران ٢٠٢٢

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، کە ئەم تێزی دکتۆرایە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (**سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا - کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە**)، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوون، هەموو نووسینەکان ئەنجامی توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمن، پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردوونەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی تری پێ وەربگرم، بەڵێندەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردوە.

واژوو:

ناوی قوتابی: **ئازاد عەزیز سلێمان**

ڕێکەوت: ٦/٢٢/ ٢٠٢١

**پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت**

ئەم تێزە بە سەرپەرشتیی من ئامادەکراوە و نووسراوە، و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە پسپۆریی زمانی کوردی – زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، من پشتگیری دەکەم و رازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا، پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.د. یوسف شەریف سەعید

ڕێکەوت: ٦/٢١ /٢٠٢٢

پشتگیریی دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت، من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: پ. ی.د.مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

پشتگیریی دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د.جیهاد شوکری ڕەشید

بەرپرسی خوێندنی باڵا و کاروباری زانستی

کۆلێژی زمان

ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمە وەکو لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی ئەم تێزە، کە بە ناونیشانی ( **سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا – کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە)** خوێندەوە، قوتابیەکەمان کە ناوی (ئازاد عەزیز سلێمان)ە، لە ناوەڕۆکەکەی هەڵسەنگاند و بڕیاردەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا- زمانەوانیی کۆمەڵایەتی تێدایە.

واژوو:

ناو: پ.ی.د.عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژوو:

ناو:پ.ی.د. ئازاد ڕەمەزان عەلی

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژوو

ناو: پ.ی.د.عادل ڕەشید قادر

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژوو

ناو:پ.د.شیلان عومەر حوسێن

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژوو

ناو: پ.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژوو

ناو: پ.د. یوسف شەریف سەعید

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژوو:

ناو:پ.ی.د.عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی

ڕاگری کۆلیژی زمان

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

## پێشکەشنامە

- ئەم هەوڵ و کۆششە زانستییە پێشکەشی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە خەمخۆری زمانی کوردین، بە تایبەتی بەڕێز پارێزەر( تاریق جامباز)، کە زۆر سەرسەختانە لەو بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە، و خاوەنی چەندین کتێبە لەم بوارەدا.
- دایک و باوکی خۆشەویستم، کە هەمیشە بە پەرۆشی تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنم بوونە، و بۆ ئەم مەبەستە هەموو ناخۆشی  و زەحمەتیەکانی ژیانیان لەگەڵدا چێژتووم.
- هاوژین و جگەرگۆشەکانم، کە لە ماوەی خوێندنمدا، لەگەڵمدا زۆر هاوکار و پشوودرێژ بوونە.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە و باڵادەست، کە بۆ تەواوکردنی ئەم تێزە، هێز و تەندروستی پێبەخشیم.
- سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستای زۆر ئازیزم بەرێز (پ.د. یوسف شەریف سەعید)، کە ئەرکی سەرپەرشتی تێزەکەی گرتە ئەستۆ، بەوپەڕی لە خۆبوردەییەوە لە دانانی پلانەوە تاکوو کۆتایی لە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەدا، بە بەخشینی زانیاری و سەرنج و تێبینی درێغی نەکردوە.
- سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێزان لە ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان و سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندم، و بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرمان بوونە.
- سوپاسێکی زۆرم بۆ برای خۆشەویستم بەرێز(پ.د.شێرزاد عزیز سلێمان)، بە سەرنج و تێبینییەکانی ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانترکردم.
- سوپاسێکی زۆر تایبەتم بۆ هەموو ئەو مامۆستایانە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا وانەیان پێگوتوومە.
- هەموو ئەو کەسانەی بە تاکە وشەیەکیش بیت هاوکارییان کردوم.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە)، سیاسەت و پلانی زمانی وەکو؛ لقێکی زمانەوانیی کارەکی دەناسێنێت. تیایدا بنەما بنچینەییەکان و تیۆر و ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانی سیاسەتی زمانی دەخاتە بەرچاو، لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی سیاسەت و پلانی زمانی لە ڕاگەیاندندا و پێگەی زمانی کوردی لە دەستوور و یاساکان دەخاتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە و هەروەها گرنگی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زمان و پاراستنی زمانی کوردی و گەشەی گەنجینەی فەرهەنگی زمانی کوردی دەخاتەڕوو.

نموونەکانی توێژینەوەکە لە بەشی سیاسەتی زمانی بریتیین لە شیکردنەوەی مادده و بڕگە دەستوورییەکانی پەیوەست بە زمان و ڕاگەیاندن لە دەستوورەکانی عێراقدا لە نێوان ساڵانی(١٩٢٥ز- ٢٠٠٥ز)، هەروەها یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە(٧) لە ساڵی(٢٠١٤ز) و یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٦) لە ساڵی(٢٠١٤ز)، یاسای ئەکادیمیای کوردی و یاسای دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی عێراق، یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێنماییەکانی تایبەت بە دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەروەها سەبارەت بە بەشی پلانی زمانی نموونەکانمان لە هەشت کەناڵی ئاسمانی وەرگرتووە، لەوانە: (تەلەفزیۆنی کوردستان، کوردستان٢٤، ئێن ئاڕ تی، ڕووداو، کوردسات، کوردسات نیوز، گەلی کوردستان، نێت، پەیام).

کەتواری بەکارهێنانی زمانی کوردی لە زمانی نووسین و ئاخاوتنی کەناڵە ئاسمانییەکاندا بە ڕێگای چۆنایەتی شیکراونەتەوە، بە ڕەچاوکردنی سنووری کات کە نموونەکانی هی ماوەی یەک ساڵە(٢٠٢١ز-٢٠٢٢ز)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی(هەرێمی کوردستان)ن.

لە میانەی خستنەڕووی چەند پرسیارێک کێشەی توێژینەوەکەمان دیارکردووە، لەوانە: سیاسەت و پلانی زمانی چییە؟ جۆر و تیۆر و بنەما بنچینەییەکانی چین؟ ئایا هەرێمی کوردستان بنەما بنچینەییەکانی دانانی سیاسەتی زمانی هەیە؟ ئەگەر هەیەتی، ئایا هەرێمی کوردستان سیاسەتی زمانی داناوە؟ لە کەیەوە دایناوە؟ چ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسەتی زمانی پیادە دەکات؟ ئایا لە سیاسەتە زمانییەکە پێگەی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە؟ ئەی سەرچاوەی سیاسەتە زمانییەکە

له چ ئاستێکدایە؟ کام چین و کام بوار لە سیاسەتە زمانییەکە بە ئامانجگیراوە؟ ئایا سیاسەتی زمانی بۆ ڕاگەیاندن گرتۆتەخۆ؟ سیاسەتی زمانییان بۆ دەرەوەی ژینگەی زمانی داناوە؟ ئایا سیاسەتە زمانییەکە توانیویەتی کێشەی زمانی کوردی لە ڕووی زمانی یەکگرتووی فەرمی و ڕێنووسێکی یەکگرتوو و سیستەمی نووسین چارەسەربکات؟ سەبارەت بە پلانی زمانیش، وەڵامی چەند پرسیارێک دەدەینەوە، لەوانە: پلانی زمانی چییە؟ ئایا کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان پلانی زمانییان هەیە؟ ئایا بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکان ڕێکخراوە؟ ئایا کەناڵەکان چ ڕۆڵێکیان لە گەشە و بڵاوکردنەوە و پاراستنی زمانی کوردی بینیووە؟ ئایا پلانی دەوڵەمەندکردن و هاوچەرخکردنی فەرهەنگی زمانی کوردییان هەیە؟ هەوڵی یەکخستنی زاراوەیان داوە؟ ئایا پلانی پاکسازییان لە وشە و زاراوە و ڕێزمانی بیانی هەیە؟

لە ئەنجامی توێژینەوەکەشدا، وەڵامی پرسیارەکان دراونەتەوە.

بەمەش ڕۆلی دانانی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە پارێزگاریکردنی زمانی کوردی و ڕەسەنایەتی کەلتووری نەتەوەی کورد دیاردەکات، لە میانەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەم ئامرازانە، هەروەها ڕادەی پابەندیی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بنەما و تایبەتمەندییە زمانییەکانی زمانی کوردی لە ڕووی فەرهەنگی و دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی، لە پێناو پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی و، گەیشتن بە سیاسەت و پلانێکی دروست بۆ زمانی کوردی. ناوەڕۆکی شێوەی ئاخاوتن و زمانی نووسین و خستنەڕووی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی، و ڕادەی گونجانیان لەگەڵ پێوەرە نوێیەکان بۆ پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی.

بۆ ئەم مەبەستە لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاری) پەیڕەوکراوە، هەندێک جاریش لەبەر پێویستی، پەنا بۆ ڕێبازی (مێژوویی) براوە، بۆ پێداچوونەوە بە لایەنی پێگە و پایەی زمانیی کوردی لە دەستوور و یاساکانی وڵاتدا، هەروەها شیکردنەوەی ڕەوشی زمانی کوردی لە بەکارهێنانیدا لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا کراوە. توێژینەوەکە لە چوار بەش پێکدێت، کە (پێشەکی و چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، لایەنی تیۆری لەبارەی زمانی ڕاگەیاندن لە نێوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا، چوارچێوەی تیۆری لەبارەی سیاسەت و پلانی زمانی، لایەنی کارەکی، ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان) لەخۆدەگرێت.

**ناوەڕۆک**


| لاپەرە | بابەت | |
|---|---|---|
| II | بەڵێننامە | |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت | |
| IV | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن | |
| V | پێشکەشنامە | |
| VI | سوپاس و پێزانین | |
| VIII-VII | پوختە | |
| XIII-IX | ناوەڕۆک | |
| XIV | پێڕستی هێڵکارییەکان | |
| XIV | پێڕستی خشتەکان | |
| XVII-XIV | فەرهەنگۆکی توێژینەوەکە | |
| ١- ٥ | ١- پێشەکی و چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە | |
| ١ | ناونیشان و بواری توێژینەوەکە | ١- ١ |
| ١ | هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | ١- ٢ |
| ١ | ئامانجی توێژینەوەکە | ١- ٣ |
| ٢ | ڕێبازی توێژینەوەکە | ١-٤ |
| ٢ | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١- ٥ |
| ٢ | گریمانەی توێژینەوەکە | ١- ٦ |
| ٢ | پرسیاری توێژینەوەکە | ١- ٧ |
| ٣ | سنووری توێژینەوەکە | ١- ٨ |
| ٤- ٥ | ناوەڕۆکی توێژینەوەکە | ١- ٩ |
| ٦-٦٠ | ٢- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە نێوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا | |
| ٦ | چەمکی زمان و ڕاگەیاندن | ٢-١ |
| ١٢ | پێکهاتە بنەڕەتییەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن | ٢-١-٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-١-٣ | ئەرکەکانی ڕاگەیاندن | ١٣ |
| ٢-١-٤ | جۆرەکانی ڕاگەیاندن | ١٦ |
| ٢-١-٤-١ | جۆرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای چۆنایەتی | ١٦ |
| ٢-١-٤-٢ | جۆرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی | ١٧ |
| ٢-١-٤-٣ | کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی | ١٩ |
| ٢-٢ | بنەماکانی چالاکبوونی زمان | ٢٢ |
| ٢-٢-١ | ئەرکی زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا | ٢٣ |
| ٢-٢-٢ | کارامەییە زمانییەکانی ڕاگەیاندنکاران | ٢٦ |
| ٢-٢-٣ | زمانی ڕاگەیاندن | ٢٨ |
| ٢-٢-٤ | تایبەتمەندییە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن | ٣٢ |
| ٢-٢-٤-١ | سادەیی و ڕەوانی | ٣٢ |
| ٢-٢-٤-٢ | هاوچەرخییەتی و تازەگەری | ٣٣ |
| ٢-٢-٤-٣ | گونجاویی | ٣٣ |
| ٢-٢-٤-٤ | چێژداری و پاراوی | ٣٤ |
| ٢-٢-٤-٥ | زمانی نەتەوە/ ستاندارد | ٣٤ |
| ٢-٢-٤-٦ | زمانی نووسین/ ئەلفبێ و ڕێنووسی یەکگرتوو | ٣٥ |
| ٢-٢-٤-٧ | کورتبڕی | ٣٦ |
| ٢-٢-٤-٨ | فراوانی | ٣٧ |
| ٢-٢-٤-٩ | توانای گەشەسەندن | ٣٧ |
| ٢-٢-٥ | زمان و ڕەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن | ٣٨ |
| ٢-٣ | زمان و خۆبەندی | ٤٤ |
| ٢-٣-١ | سوودەکانی خۆبەندی | ٤٦ |
| ٢-٣-٢ | جیهانگەرایی و ونبوونی ناسنامەی زمان | ٤٨ |
| ٢-٣-٣ | زمان لە نێوان ڕاگەیاندن و جیهانگەراییدا | ٥١ |
| ٢-٤ | زمانی ڕاگەیاندن و ئایدیۆلۆژیا | ٥٤ |
| ٣- چوارچێوەی تیۆری لەبارەی سیاسەت و پلانی زمانی | | ٦١-١٣٦ |
| ٣- ١ | سیاسەت و سیاسەتی زمانیی (چەمک و تیۆر و تێڕوانین) | ٦١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣-١-١ | سیاسەت (چەمک و پێناسە) | ٦١ |
| ٣-١-٢ | سیاسەتی زمانیی(چەمک و پێناسە) | ٦٥ |
| ٣-١-٣ | سەرهەڵدانی چەمکی (سیاسەتی زمانی) | ٧١ |
| ٣-١-٤ | پەیوەندیی سیاسەتی زمانیی بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی | ٧٤ |
| ٣- ٢-١ | ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی | ٧٧ |
| ٣- ٢-٢ | بنەما بنچینەییەکان بۆ دانان و شیکردنەوەی سیاسەتی زمانی | ٨٠ |
| ٣-٢-٣ | جۆرەکانی سیاسەتی زمانی | ٨١ |
| ٣-٢-٣-١ | ئایدیۆلۆژیای تواندنەوەی زمان | ٨٢ |
| ٣-٢-٣-٢ | ئایدیۆلۆژیای فرەزمانی | ٨٤ |
| ٣-٢-٣-٣ | ئایدیۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی | ٨٥ |
| ٣-٢-٣-٤ | ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان | ٨٥ |
| ٣-٢-٣-٥ | ئایدیۆلۆژیای زمانی نانەتەوەیی | ٨٦ |
| ٣-٢-٣-٦ | سیاسەتی زمانی جیهانگەرایی | ٨٧ |
| ٣-٢-٣-٧ | سیاسەتی زمانی کەرتی ( سێکتەری) | ٨٨ |
| ٣-٣ | سیاسەتی زمانیی و ئاستەکانی دەستوەردان لە زماندا | ٩٠ |
| ٣-٣-١ | زمان لە یاسا و دەستووری وڵاتاندا | ٩٢ |
| ٣-٣-٢ | کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی | ٩٦ |
| ٣-٣-٣ | قۆناغەکانی دانانی سیاسەتی زمانی | ٩٩ |
| ٣-٣-٤ | بوارەکانی سیاسەتی زمانی | ١٠١ |
| ٣-٣-٥ | سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا | ١٠٣ |
| ٣-٤ | پلانی زمانی (چەمک و پێناسە) | ١٠٧ |
| ٣-٤-١ | ئەرکی پلانی زمانی | ١١٤ |
| ٣-٤-٢ | سودەکانی پلانی زمانی | ١١٦ |
| ٣-٤-٣ | ئامانجەکانی پلانی زمانی | ١١٦ |
| ٣-٤-٤ | تایبەتمەندییەکانی پلانی زمانی | ١٢٠ |
| ٣-٤-٥ | قۆناغەکانی دانانی پلانی زمانی | ١٢٠ |
| ٣-٥ | جۆرەکانی پلانی زمانی | ١٢٥ |

| | | |
|---|---|---|
| **٣-٥-١** | پلانی پایەی زمان | ١٢٥ |
| ٣-٢-٥ | پلانی دەقی زمان | ١٢٨ |
| ٣-٥-٣ | پلانی وەرگرتنی زمان | ١٣٠ |
| ٣-٥-٤ | پلانی دیارکراو بۆ گرنگیپێدان | ١٣٢ |
| ٣-٥-٥ | پلانی گوتار | ١٣٣ |
| ٣-٥-٦ | شێواز و میکانیزمی جێبەجێکردن لە پلانی زمانی | ١٣٥ |
| ٤- سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن و پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا | | ١٣٧-٢٣٤ |
| ٤-١ | سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا | ١٣٧ |
| ٤-١-١ | ژینگەی زمانی کوردی (شوێنی جوگرافی و پێگەی لە نێو زمانانداا) | ١٣٧ |
| ٤-١-٢ | کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی لە قەوارەی هەرێمی کوردستان-عێراقدا | ١٣٩ |
| ٤-٢ | سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا | ١٤٣ |
| ٤-٢-١ | سیاسەتی زمانی لە عێراقدا | ١٤٤ |
| ٤-٢-١-١ | ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی تاک زمانی لە عێراقدا | ١٤٥ |
| ٤-٢-١-٢ | ئایدیۆلۆژیای کەرتی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا | ١٤٨ |
| ٤-٢-١-٣ | ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی فرەزمانی لەعێراقدا | ١٥٣ |
| ٤-٣ | سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا | ١٦٩ |
| ٤-٣-١ | سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان (١٩٩٢ز-٢٠٠٣ز) | ١٧٠ |
| ٤-٣-٢ | سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (٢٠٠٤ز – ٢٠١٣ز) | ١٧٧ |
| ٤-٣-٣ | سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (٢٠١٤ز–٢٠٢٢ز) | ١٨٥ |
| ٤-٤ | پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا | ١٩٦ |
| ٤-٤-١ | کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا | ١٩٦ |
| ٤-.٤-٢ | شێوازی پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان | ٢٠١ |
| ٤-٤-٣ | پاکسازیی زمانی | ٢٠٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤-٣-٤-١ | پاكسازيى دەرەكى | ٢٠٢ |
| ٤-٣-٤-٢ | پاكسازيى ناوەكى(internal purification) | ٢١٥ |
| ٤-٣-٤-٢-١ | پاكسازيى دەنگسازى | ٢١٥ |
| ٤-٣-٤-٢-٢ | پاكسازيى لە ئاستى وشەسازيدا | ٢١٨ |
| ٤-٣-٤-٢-٣ | پاكسازيى لە ڕستەسازى | ٢١٩ |
| ٤-٤-٤ | يەكخستنى زاراوەسازى | ٢٢١ |
| ٤-٤-٥ | چاكسازيى زمان (Language reforme ) | ٢٢٤ |
| ٤-٤-٦ | نوێكردنەوەى فەرهەنگ (Lexical ation moderniz) | ٢٢٥ |
| ٤-٥ | پلانى نازمانى | ٢٢٧ |
| ٤-٥-١ | پلانى نازمانى لە ژينگەى كۆمەڵايەتى | ٢٢٧ |
| ٤-٥-٢ | پاراستنى زمان | ٢٣٠ |
| ٤-٥-٣ | بڵاوكردنەوەى زمان ( Language spread ) | ٢٣٣ |
| ئەنجامەكان | | ٢٣٥ |
| پێشنياز و ڕاسپاردە | | ٢٣٨ |
| ليستى سەرچاوە | | R٢٥٥- R ٢٣٩ |
| پوختە بە زمانى عەرەبى | | أ- ب |
| پوختە بە زمانى ئينگليزى | | A-C |

## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارەی هێڵکاری | ناوی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| هێڵکاری ژمارە ١ | نموونەی ڕەگەزەکانی ڕاگەیاندن | ٤٢ |
| هێڵکاری ژمارە ٢ | شێوەی کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی | ٩٧ |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناوی خشتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| خشتەی ژمارە (١) | خشتەی ناو و تایبەتمەندی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان | ٢٠٩–٢١٠ |
| خشتەی ژمارە(٢) | خشتەی هەندێک وشە و زاراوە کە وەرگێردراون و بەکارناهێنرێن | ٢٢١ |


## فەرهەنگۆکی توێژینەوەکە

| زاراوە بە زمانی کوردی | زاراوە بە زمانی ئینگلیزی |
| --- | --- |
| ڕاگەیاندن | Media |
| کۆزمانەوانی | Sociolinguistics |
| کەلتووری دەرجەستە | moral culture |
| کەلتووری بەرجەستە | material culture |
| سیستەمی کۆمەڵایەتی | Sociosystem |
| فەلسەفەی ڕاگەیاندن | Philosophy of the media |
| سیاسەتی ڕاگەیاندن | media policy |

| | |
|---|---|
| media law | یاسای ڕاگەیاندن |
| media technology | تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن |
| electronic media | ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیی |
| satellite channels | کەناڵی ئاسمانی |
| media language | زمانی ڕاگەیاندن |
| Nation s'Language | زمانی نەتەوە |
| writing language | زمانی نووسین |
| Sender | نێرەر |
| Message | پەیام |
| Recever | وەرگر |
| Mass media | هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری |
| Identity | ناسنامە |
| Belongingness | خۆبەندی |
| collectivsm | پێکەوەیی |
| Loyalty | دڵسۆزی |
| Obligatio | پابەندبوون |
| Affiliation | هاوسۆزی |
| Globalization | جیهانگەرایی |
| Ideology | ئایدیۆلۆژیا |
| Multicultural | فرەکەلتووری |

| | |
|---|---|
| Multilingualism | فرەزمانی |
| Policy | سیاسەت |
| Language policy | سیاسەتی زمان |
| Language planning | پلانی زمان |
| Applied Linguistics | زمانەوانیی کارەکی |
| language engineering | ئەندازەی زمان |
| Language Evolution | گەشەسەندنی زمان |
| Language management | بەڕێوەبردنی زمان |
| Assimilation Ideology linguistic | ئایدیۆلۆژیای توانەوەی زمان |
| language environment | ژینگەی زمانی |
| Linguistic pluralism Ideology | ئایدیۆلۆژیای فرەزمانی |
| Vernacularization ideology | ئایدیۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی |
| policy of non- intervention ideology | ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان |
| Internationalization Ideology | ئایدیۆلۆژیای زمانی نانەتەوەیی |
| Language internationalization policies | سیاسەتی زمانی جیهانگەرایی |
| Languege policy sector | سیاسەتی کەرتی ( سێکتەری) زمانی |
| national language | زمانی نیشتمانی |
| official language | زمانی فەرمی |
| local language | زمانە خۆجێییەکان یان ناوچەییەکان |
| Plan | پلان |

| | |
|---|---|
| plurality of dialects | فرەزار |
| status planning | پلانی پایەی زمان |
| corpus planning | پلانی دەقی زمان |
| Acquisition planning | پلانی وەرگرتنی زمان |
| Presting planning | پلانی دیارکراو بۆ گرنگیپێدان |
| media of discourse Plan | پلان بۆ گوتاری ڕاگەیاندن |
| Language Maintenance | پاراستنی زمان |
| external purification | پاکسازیی دەرەکی |
| Language purification | پاکسازیی زمانی |
| Auxiliary Code Standardisation | پێوانەسازیی زاراوە یاریدەدەرەکان |
| Interlingual Communication | پەیوەندیکردنی نێوان زمانان |
| Stylistic Simplification | ئاسانکردنی شێوازی زمان |
| Terminological Unification | یەکخستنی زاراوە |
| Lexical Modernisation | نوێکردنەوەی فەرهەنگی زمان |
| Language Spread | بڵاوکردنەوەی زمان |
| Language Standardisation | بەستانداردکردنی زمان |
| Language Reform | چاکسازیی زمان |
| Language Revival | زیندوکردنەوەی زمان |

## ١- پێشەکی و چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە:

### ١-١: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی(سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە)یە، بواری توێژینەوەکە لە بواری زمانەوانیی کارەکیدایە.

### ١-٢: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

زمانی کوردی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا تووشی کێشەی خراپ بەکارهێنان بۆتەوە، بەهۆی گرفتی دیارنەکردنی زمانی فەرمیی یەکگرتوو لە نووسین و ئاخاوتندا، و بە هۆی کاریگەرییەکانی جیهانگیری، هۆکاری سەرەکیی گرفتەکانیان بۆ نەبوونی سیاسەتێکی زمانیی سەردەمیانە دەگەڕێتەوە. و لەلایەکی دیکەشەوە ئەم بابەتە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا، وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەرنەکراوە بە بەراورد لەگەڵ بوارە ڕێزمانییەکاندا، بە پێویستمان زانی ئاوڕی لێبدەینەوە، بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ چەندین توێژینەوەی دیکە لەم بوارەدا.

### ١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە، ناساندن و خستنەڕوو و شیکردنەوەی سیاسەت و پلانی زمانییە لە ڕاگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا، و گرنگی بە دیاریکردنی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان دەدەین و بایەخی وەکو ئامرازێکی ڕاگەیاندنی سەردەم لە گەشەی زمانی نیشاندەدەین، ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر قەوارەکە خاوەن سیاسەتێکی زمانی تەواو و بێ کەموکووڕی بێت، هەروەها ئەرکی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە گرنگیدان بە پایە و پێگەی زمان لەنێو یاسا و ڕێساکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەکو (ڕۆشنبیری، پەروەردە، ...هتد)، و دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی دەخاتە ڕوو و شێوازی پلانی زمانی بە ڕێگەی چۆنایەتیی شیکردنەوە بۆ لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەین.

**١-٤: ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەم توێژینەوەیە، ڕێگەی چۆنایەتی بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری سوودی لێوەرگیراوە، هەروەها لە بەشی سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندندا لە هەندێک شوێنی پێویست پەنا بۆ ڕێبازی مێژووییش براوە.

**١-٥: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

هەشت لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، کاری لەسەر کراوە، لەوانە: کەناڵەکانی ئاسمانی(کوردستان، کوردسات، پەیام، ئێن ئاڕ تی، کوردسات نیوز، ڕووداو، کوردستان٢٤، نێت)، بۆ نموونەکان سوود لە زمانی نووسین و ئاخاوتن لەو کەناڵانە وەرگیراوە (تەنیا زاری ناوەڕاست)، و بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر هەواڵەکان، بەرنامەکان، ژێرنووسی شاشەکان شیکراونەتەوە.

**١-٦ : گریمانەی توێژینەوەکە:**

١ - گریمانەی ئەوە دەکەین، کە لایەنە پەیوەندارەکان لە قەوارەی هەرێمی کوردستان لە دانانی سیاسەت و پلانی زمانیدا کەمتەرخەمییان هەبێت.

٢- گریمانەی ئەوە دەکەین، کە لە داڕشتنی بەند و ماددەکانی سیاسەت و پلانی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا کەموکووڕی هەبێت.

٣- گریمانەی ئەوە دەکەین، کە کەمتەرخەمی و کەموکووڕی سیاسەت و پلانی زمان کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر زمانی کوردی هەبێت.

٤- گریمانەی ئەوە دەکەین، کەناڵە ئاسمانییەکان وەک ئامرازێکی بەجیهانیبوون، گرفتیان بۆ زمانی کوردی دروستکردبێت.

٥- گریمانەی ئەوەش دەکەین، کە زمانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان، سەرەڕای ئەو گرفت و کەموکووڕیانەی هەیانە، لایەنی ئەرێنیشیان بۆ زمان هەبێت، ڕۆڵی گرنگیان لە بڵاوکردنەوە و پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگی زمانی کوردی هەبێت.

**١-٧: پرسیاری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین، وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی لەبارەی سیاسەت و پلانی زمان بدەینەوە، لەوانە: سیاسەت و پلانی زمانی چییە؟ جۆر و تیۆر و بنەما

بنچینەییەکانی چین؟ ئایا هەرێمی کوردستان بنەما بنچینەییەکانی دانانی سیاسەتی زمانی هەیە؟ ئەگەر هەیەتی، ئایا هەرێمی کوردستان سیاسەتی زمانی داناوە؟ لەکەیەوە دایناوە؟ چ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسەتی زمانی پیادە دەکات؟ ئایا لە سیاسەتە زمانییەکە پێگەی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانی دیاریکردوە؟ ئەی سەرچاوەی سیاسەتە زمانییەکە لە چ ئاستێکدایە؟ کام چین و کام بوار لە سیاسەتە زمانیەکە بە ئامانجگیراوە؟ ئایا سیاسەتی زمانی بۆ ڕاگەیاندن گرتۆتەخۆ؟ سیاسەتی زمانییان بۆ دەرەوەی ژینگەی زمانی داناوە؟ ئایا سیاسەتە زمانییەکە توانیویەتی، کێشەی زمانی کوردی لە ڕووی زمانی یەکگرتووی فەرمی و ڕێنووسێکی یەکگرتوو و سیستەمی نووسین چارەسەربکات؟ سەبارەت بە پلانی زمانیش، وەڵامی چەند پرسیارێک دەدەینەوە، لەوانە: پلانی زمانی چییە؟ ئایا کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، پلانی زمانییان هەیە؟ ئایا بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکان ڕێکخراوە؟ ئایا کەناڵەکان چ ڕۆڵێکیان لە گەشە و بڵاوکردنەوە و پاراستنی زمانی کوردی بینیووە؟ ئایا پلانی دەوڵەمەندکردن و هاوچەرخکردنی فەرهەنگی زمانی کوردییان هەیە؟ هەوڵی یەکخستنی زاراوەیان داوە؟ ئایا پلانی پاکسازییان لە وشە و زاراوە و ڕێزمانی بیانی هەیە؟

**١-٨: سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری کات: سنووری کات بۆ هەر دوو بەشی سیاسەت و پلانی زمان جیاکراوەتەوە، بەم شێوەیە:

١- لە بەشی سیاسەتی زماندا، پێداچوونەوە و شیکردنەوە بۆ دەستوور و یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان (کە بەند و ماددەکانی بە زمان گرێدراون) لە نێوان ساڵانی(١٩٢٥ز-٢٠٢٢ز)کراوە.

٢- لە بەشی پلانی زمانی لە ڕاگەیاندندا، (کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان) لە دەستپێکردنی بەشی کارەکیی توێژینەوەکەمان لە (٢٠٢٠/١/١ز تاکو ٦/١/ ٢٠٢٢ز) دەگرێتەوە.

سنووری شوێن: ئەو سنوورە جوگرافیەیە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، بریتییە لە (هەرێمی کوردستانی عێراق)، کە هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

### ١-٩: ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە بەشی پێشەکی و چوارچێوەی گشتی توێژینەوە و سێ بەش و ئەنجام و ڕاسپاردەکان پێکهاتووە، ناوەرۆکی توێژینەوەکەش بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ " **پێشەکی و چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە**"، تیایدا ناونیشان و بواری توێژینەوەکە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە، سنووری توێژینەوەکە، ڕێبازی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، گریمانەی توێژینەوەکە، پرسیاری توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە و ناوەرۆکی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

لە بەشی دووەمدا: لە پێنج تەوەردا "**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە نێوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا**" تیشکی خراوەتەسەر، بایەخی زمان لە ڕاگەیاندن ڕوونکراوەتەوە، و بۆ چوونە نێو بابەتەکە،سەرەتا چەمکی زمان و ڕاگەیاندن و پێکهاتە بنەڕەتیەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن، جۆر و ئەرکەکانی ڕاگەیاندن خراونەتەڕوو، پاشان تایبەتمەندییەکانی زمان، بنەماکانی چالاکبوونی زمان، ئەرکی زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، تایبەتمەندییە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن باسکراون، لە تەوەرەکانی دواییشدا چەمکی زمان و خۆبەندی (ئینتما)، زمان لە نێوان ڕاگەیاندن و جیهانگەراییدا، زمانی ڕاگەیاندن و ئایدیۆلۆژیا باسکراون.

لە بەشی سێیەمدا: کە بە ناونیشانی "**چوارچیوەی تیورییە لەبارەی سیاسەت و پلانی زمانی**"، لە پێنچ تەوەری جیاجیادا چەند بابەتێکی پەیوەست بەم ناونیشانە خراونەتەڕوو. لە تەوەری یەکەمدا، باس لە سیاسەت و سیاسەتی زمانی لە ڕووی (چەمک و تیۆر و تێڕوانین) کراوە، و پەیوەندیی سیاسەتی زمانی بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی تیشکیان خراوەتەسەر، هەروەها لە تەوەرەکانی دیکەشدا، بنەما بنچینەییەکان بۆ دانان و شیکردنەوەی سیاسەتی زمانی، جۆرەکانی سیاسەتی زمانی بەپێی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان باسکراون. پاشان سیاسەتی زمانی و ئاستەکانی دەستوەردان لە زماندا، زمان لە یاسا و دەستووری وڵاتاندا، کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی، قۆناغەکانی دانانی سیاسەتی زمانی، بوارەکانی سیاسەتی زمانی، سیاسەتی زمانیی لە ڕاگەیاندندا، تیشکیان خراوەتە سەر، دواتریش پلانی زمانی لە ڕووی چەمک و پێناسە، ئەرکی پلانی زمانی، سودەکانی پلانی زمانی، ئامانجەکانی پلانی زمانی، تایبەتمەندییەکانی پلانی زمانی، قۆناغەکانی دانانی پلانی زمانی، جۆرەکانی پلانی زمانی و شێواز و میکانیزمی جێبەجێکردن لە پلانی زمانی، باسیان لێوەکراوە.

له بەشی چوارەمدا: بە ناونیشانی "**سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن و پلانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا**"، کە بەشی کارەکیی توێژینەوەکەیە، لە پێنج تەوەردا، سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا شیکراوتەوە. سەرەتا ژینگەی زمانی کوردی (شوێنی جوگرافی و پێگەی لە نێو زماناندا) خراوەتەڕوو، پاشان کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی لە قەوارەی هەرێمی کوردستان- عێراقدا دەستنیشانکراون، دواتر سیاسەتی زمانی لە عێراقدا بەپێی قۆناغ و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی حوکمڕان شیکراونەتەوە، لە تەوەرێکی دیکەدا سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا، لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاوازدا شیکراوتەوە، لە دوایشدا پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی چۆنایەتییەوە تیشکی خراوەتە سەر، پاشان ئەنجامە گەڵاڵەبووەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانمان بە چەند خاڵێک دەستنیشانکردوون. لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوەکەمان بە زمانی عەرەبی و بە زمانی ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

## ٢- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە نێوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا:

### ٢-١ : چەمکی زمان و ڕاگەیاندن:

زمان و ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا لێک جیاناکرێنەوە، دوانەیەکی تەواوکەری یەکترن، ئەمەش واتای ئەوەیە ڕاگەیاندن بەبێ زمان بوونی نییە و زمانیش بەبێ ڕاگەیاندنێکی تۆکمە و هاوچەرخ چەقبەستووە، واتە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمان ئەوەیە، کە لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندندا، گەشە و پێشکەوتنی هاوتەریب بێت. ئەو زمانەی نەتوانێت، وەڵامدەرەوەی ویست و خواست و داواکارییەکانی ئاخێوەرانی بێت، لە ئاست زانست و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای سەردەمدا، ئەوا بێگومان لە کاروانی زمانانی زیندو و چالاک دادەبڕێت و چالاکییە زمانییەکانی سنووردار دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنووری چالاکییە زمانییەکانی بەرتەسک دەبێتەوە و بەرەو سستی و لاوازی دەڕوات. زمان لەلای کۆزمانەوانان پێناسەکراوە بەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتییە (هارتمان، ٢٠٠٦: ٤٣)، خاوەن سیستەمێکی گشتییە، لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە پەیڕەودەکرێت و پایەیەکی سەرەکیی بنیاتنانی کۆمەڵگەیە، بەهێزترین هۆی بەیەکەوە بەستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵە، واتە زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی پتەو بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بەجۆرێک مرۆڤ هەر جموجۆڵێک لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدات، زمان تێیدا بەکاردەهێنێت (لعیبي، ١٩٨٨: ١٣)، بەمەش زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت. هەروەها هەموو ئەمانەش، کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ دەردەخەن و هاوکات کۆمەڵایەتی بوونی دیاردەی زمانییش دەردەخەن، مەبەستمان لە کارلێک، کاریگەریی ئاڵوگۆڕی نێوان زمان و کۆمەڵە، ئەمەش دیاردەیەکی هەستپێکراوە، چونکە مرۆڤ بە زمان ئەرکە سەرەکییەکانی لە کردەی پەیوەندیکردندا دابیندەکات، بەجۆرێک ڕوماڵی گشت دیاردە و چەمکە دەرجەستە و بەرجەستەکانی دەوروبەری دەکات، هیچ دیاردە و چەمکێک لە دەرەوەی زماندا نییە، کە هێمای زمانی بۆ دانەنرابێت، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ دیاردە و هەست و بیر و چەمکێک نییە، کە مرۆڤ نەتوانێت بە زمان دەریانببڕێت و باسیان بکات و بیانگەێنێت بە کۆمەڵ و دەوروبەری، تەنانەت مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لە کۆمەڵدا گەشەبکات و بمێنیتەوە(فتاح، ٢٠١٠: ١٣٧). ئەمەش دەریدەخات کە زمان دیاردەیەکی مرۆڤایەتیشە، چونکە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت چالاکی عەقلی لە هێما زمانییەکان دابڕێژێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەشدا، فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ(٣٨٤-٣٢٢پ.ز) وتویەتی: ((مرۆڤ گیانلەبەرێکی سیاسییە))، واتە مرۆڤ وەک گیانلەبەرەکانی تر تەنیا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو

سیاسیشە، لەبەرئەوەی مرۆڤ تەنیا کۆمەڵبوونی مەبەست نییە، بەڵکو ئەم کاری کۆمەڵبوونەشی ڕێکدەخات، واتە، مرۆڤ ئەم کاری کۆمەڵبوونەی خۆی ڕێکخستووە، ئەم ڕێکخستنەش بە بڕوای ئەرستۆ کە واتای سیاسیبوون دەگەیەنێت، بەلای مرۆڤەوە هەم پێداویستییەکی سروشتییە و هەم نموونەیەکی ئەخلاقیشە (نەوڕۆڵی، ٢٠٢٠ :٤٤٤).

هەروەها هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لە هەر بوار و ئاستێکدا بە واتای گۆڕانی شێوازەکانی ژیان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان کاردەکەنە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات (مەحوی، ٢٠٠١: ٩٠). واتە زمان و کۆمەڵ هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، هەر گۆڕانێک لە کۆمەڵگەدا ڕووبدات، کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت، زمانیش لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت، بەپێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەمەش سروشتی هەموو زمانێکی زیندووە، تەنیا زمانە مردووەکان ناگۆڕێن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەهۆی ئەو داهێنانەی کە مرۆڤ بەدەستیان دەهێنێت، بێگومان ئەو داهێنانانەش پێویستییان بە ناوێک هەیە، بەم جۆرە دەبینین، لەماوەی ساڵێکدا چەندین وشە دێنە ناو زمان کە پێشتر نەبوونە، وەک (گۆگڵ، ئایفۆن، تاگ، بلۆک، ئیمێل، سناپ، فیسبووک، تویتەر،...هتد)، زۆربەی ئەم وشانە لەگەڵ ئینتەرنێت لەم سەردەمەدا بەکاردێن، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی (١٩٩٠) ، ئەوا هیچ یەکێک لەم وشانە بەدیناکرێن (Crystal, 2010: 131) ، هەروەها هەرچەندە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازەکانی پێشکەوتووتر و بەهێزتر و جۆراوجۆرتربن، گۆڕانکارییەکان فراوانتر و خێراتر دەبن، هەر بۆیەش زمانەوان "فردیناند دی سۆسێر" پێیوایە، پێویستە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە زمان بکرێت (خرما، ١٩٧٨: ١٠٧)، هەروەها "هالیدەی" یش یەکێکە لەو زمانەوانانەی کە ڕێبەرایەتی ڕێبازی ئەرکی[1] دەکات، بەهەمان شێوە، پێیوایە کە ((ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ ناو بنیادی کۆمەڵایەتی و بە هیچ شێوەیەک لە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دانابڕێت)) ( محمد و فەرهادی، ٢٠٠٨: ١٥)، هەموو ئەمانەش، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کەوا زمان و کۆمەڵیش دووانەیەکی تەواوکەری یەکترن، نە زمان بەبێ کۆمەڵ دەبێت و نە کۆمەڵیش بەبێ زمان دەبێت.

زمان دیاردەیەکی فرە ڕەهەندە، تەنیا کۆزمانەوانان پێناسەیان بۆ نەکردووە، بەڵکو لەلایەن زۆر لە فەیلەسوفان و زانایانی بوارەکانی تریش زۆر لەپێش کۆزمانەوانان پێناسەی جۆراوجۆریان لە بوار و ڕەهەندی جۆراوجۆردا بۆ کردووە، چونکە زمان لە هەموو

[1] یەکێکە لە قوتابخانە زمانەوانییەکانی سەدەی بیستەم، کە پێشەوایانی باوەڕیان وابوو کە زمان نابێت لە دەوروبەر داببڕن و، بایەخ بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان دەدەن.(هەمان سەرچاوە ، ١٣)

زانستەکان و بوارەکانی ژیاندا بەکاردەهێنرێت، بۆیە هەر یەک لەو بوارە زانستیانە بەپێی تێڕوانین و بۆچوونی خۆیان پێناسەیان بۆ کردووە.

زمان لە ڕابردوودا ئەگەر تەنیا بریتی بووبێت لە کۆمەڵە دەنگێکی بەیەکەوە گرێدراوی واتادار، یاخود بریتیی بووبێت لە ئامرازی گەیاندنی بیر و مەبەست، یان وەک لای "ئەرستۆ" بریتی بووبێت لە سیستەمێکی دەنگی دیاریکراو، ئامانج تێیدا گرێدانی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بووبێت (شرف، ١٩٨٣: ٣٩) و ئەگەر لەلای 'ئیبن جینی'یش بەوە پێناسەکرابێت، کە بریتییە لە ((کۆمەڵە دەنگێک، بەهۆیەوە هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەک گوزارشت لە بیرو مەبەستەکانیان دەکەن)) (ابن الجنی، ٢٠٠٠: ١٥) ، ئەوا زمان ئەمڕۆ زیاتر لەو پێناسانە و، بگرە ڕەهەندی دیکەی وەرگرتووە. هەر وەک مارتن هایدگەر( Martin Heidegger) دەڵێت: (زمان گرنگ بەکارهێنانییەتی نەک واتاکەی)، کەواتە بەپێی تێڕوانینی نوێ، بۆ تێگەیشتنمان لە زمان، بەتەنیا فەرهەنگ بە فریامان ناکەوێت، ماناگەلێک، ئامانجگەلێک لە دەرەوەی فەرهەنگ هەیە، کە هەم زمان پێناسە دەکات، هەم ئەرکەکانی، واتە دەکرێت بڵێین زمان، جیا لەو ڕەهەندە فەرهەنگییەی کە هەندێک سەرچاوە ناویان ناوە ڕەهەندی ماددی (عثمان،٢٠١٣: ١) کە مەبەستیان ڕەهەندی زمانەوانییە، کە زمان وەک تەنێکی بێلایەن و کەرەستەیەکی خاو سەیردەکات، زمانەوانانیش بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕووی بایەخیان لەسەر ئەرکە ڕێزمانییەکانە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، کە گەشە و گۆڕانی سروشتی خۆی هەیە، لەم ڕەهەندە، زمان نە شیرینە و نە پیرۆزە و نە پێویستیی بە خزمەتکردن هەیە، چونکە زمان لەم ڕوانگەیەوە تەنیا هۆیەکی پەیوەندی و لە یەکتر گەیشتنە، بەڵام ڕەهەندی دووەم کە زمان لە ڕوانگەی هەستی نەتەوەیی سەیردەکات، کە ڕەهەندی دەرجەستەیی(مەعنەوی)یە، ئەوا زمان دەبێتە ناسنامەی نەتەوە و بە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوە دادەنرێت، بەمەش پیرۆزی و شیرینی و خۆشەویستیی زمان دەگاتە ڕادەیەک کە تاکەکانی نەتەوە ئامادەن خۆیان لە پێناویدا بکەنە قوربانی و شۆڕش لە پێناو بەکارهێنانیدا بکەن(تۆفیق، ٢٠٠٧: ٧)، لەوەش زیاتر، زمان لێرەدا بناغەی شارستانیەتە، هەر لە منداڵییەوە هزر و نەریتگەلێک کە کۆی کەلتوورەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە، لە ئاوەزەی تاکەکانی نەتەوەدا دەچێنێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەری پەروەردە دەکرێن(السید خضر، ٢٠٠٣: ٧). بەمەش زمان دیاردەیەکی کەلتووریشە، چونکە هەموو توخمەکانی کەلتووری بەرجەستە و کەلتووری دەرجەستە بە زمانی هاوبەشی نەتەوەکە لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادەدەکرێت(میران، ٢٠١٨: ٣٦٣). واتە، (زمان) لە ڕووانگەی ڕەهەندی دووەم، سەرەڕای ئەوەی بە ئامرازی سەرەکیی پەیوەندی و گەیاندنی هزر و مەبەستەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دادەنرێت،

هاوکات زمان بنەمای سەرەکیی ناسنامە و نیشانەی بوونی نەتەوەش دەسەلمێنێت (جوزیف، ٢٠٠٧: ٢٥٣). لەبەرئەوەی چەمکی زمان جگە لەوەی ئامرازی سەرەکیی گواستنەوە و گەیاندنی بیر و مەبەستەکانی تاکە لە ڕێگەی کۆمەڵە دەنگێکەوە، لەلایەکی تریش هەر یەک لەو دەنگانە هەڵگری ناسنامەی تاک و کۆمەڵن و هۆکارێکی بەهێز و ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتنانی ڕای گشتییە (شرف، ١٩٨٣: ١٠)، چونکە هەر زمانە وادەکات مرۆڤ بیری بوروژێنرێت و سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بابەتەکان ببنە خاوەن بەهایەکی بەرز یا نزم، کە ئەمەش وا دەکات کاریگەریی لەسەر وەرگرانی پەیام دروستبکات و ڕای گشتی بگۆڕێت.

کەواتە، زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن و لێک تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵ نییە، بەڵکو بوون و ناسنامەی نەتەوەیە و وابەستەی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە و گرنگترین سامانی کەلتووری هەر نەتەوەییێکیشە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی زاراوەکە (ڕاگەیاندن) لە عەرەبیدا بەرانبەر وشەی(الاعلام) و لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر وشەی (Media) دێت، بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Communs) کە بە واتای بڵاو یان هاوبەشی دەهات، ڕاگەیاندنیش بنچینەی هێنانەدیی  گشتگیری و هاوبەشییە، ئەمەش نایەتەدی، ئەگەر لایەنی کەم، جۆرە لێک تێگەیشتنێکی هاوبەش و چۆنیەک لە واتای پەیامی پەیوەندیکردنەکەی نێوان پەیامدەر و وەرگر دروستنەبێت، تێگەیشتنێکی بونیاتنراو لەسەر گۆڕینەوەی زانیاری و شارەزایی و کارامەیی لە نێوان هەردوو لایەنی پرۆسەی ڕاگەیاندندا نەهێتەدی، هەروەها لە ڕووی زمانەوانیشەوە لە زمانی کوردیدا وشەی (ڕاگەیاندن) لە دوو بەش پێکدێت، ئەویش مۆڕفیمی بەندی (ڕا) و چاوگی (گەیاندن) کە بە واتای (گەیاندنی ڕا و بۆچوون) دێت، بە یەکەوەش واتای پێڕاگەیاندنی زانیاری یان هەواڵ دەگەیێنن، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بەپێی ئەمە ڕاگەیاندن لە ڕووی زمانەوانییەوە، وەکو زاراوەیەکی جیهانی واتای (پێڕاگەیاندنی زانیارییەکان دەگەیەنێت)(ئەبوبەکر، ١٩٩٦: ٤). ڕاگەیاندن، جگە لەوەی کە خۆی وەک دەسەڵاتی چوارەم[1] لە پاش سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دادەنێت، هەروەها کاریگەریی گەورە لە کومەڵگاکاندا دروستدەکات، لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنیش هاوشێوەی زمان بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتییداو(Halliday, 1978, 39)، بگرە

[1]ڕاگەیاندن لە دەرەوەی پانتایی سیاسەتی دەوڵەتدا ئەوپەڕی چالاکی و کاریگەری بنوێنێت و بەشداربێت لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەتیش، بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد دەکرێت.

((دەزگایەکی بنیادیی سیستەمی کۆمەڵایەتییە[1] لە کۆمەڵگەدا))(میران، ٢٠١٨: ٣٧٥)، بەتایبەتی لە ژیانی ئێستادا بەبێ ڕاگەیاندن ژیان بەڕێوەناچێت. ئەرکی کۆمەڵایەتیبوون یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، کەواتە (ڕاگەیاندن)یش بە هەمان شێوەی یەکەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، دەشێت ناوەندێک بێت بۆ بە کۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە و لە ڕێگەیەوە زمان و کەلتوور بە تاکەکانی کۆمەڵ بناسێنێت و فێریان بکات(محمدامین، ٢٠١٧: ٢٤). زۆرجار ڕاگەیاندن دەچێتە بونیادی بوارەکانی ترەوە و بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریانتێدەکات، هەر لەبەرئەمەشە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، ئەمەش لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی هۆکارەکانی و جۆراوجۆربوونی شێوازەکانی، هەروەها بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژی و بازرگانی و هزری و زانستییەوە و سەرهەڵدانی دیاردەی جیهانگەرایی و شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژی لەلایەکی تر (پێندرۆیی،٢٠١٠: ١٥٩-١٦٠)، چونکە هەر پێشکەوتنێک لە بواری تەکنەلۆژیادا ڕوویدات، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر بەخێرایی کەلکی لێوەردەگرن، بەمەش ڕاگەیاندن بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورە و دووسەرەی دەکەوێتە سەرشان، بەوپێیەی کاریگەرترین هۆکارە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵدا، بۆیە پێویستە ڕوونی و ڕاشکاوییەکی زۆر لە ڕاگەیاندن و گواستنەوەی زانیاریەکاندا هەبێت، بەجۆرێک تاک بە ئاسانی لە پرسەکان بگات و هیچ نادیارییەک لە بابەتەکاندا نەهێڵێتەوە. هەروەها پێویستە ڕاگەیاندن برەو بەو لایەنانە بدات کە تاکەکانی کۆمەڵ گرنگی و بایەخی پێدەدەن، پێویستیشە پشتگیری بۆچوونی گشتی بکەن و پاڵپشتی هەڵوێستەکان بکەن. یەکێکی تر لەو کارانەی پێویستە ڕاگەیاندن ڕۆڵی تێیدا هەبێت، هاندانی تاکەکانە لەسەر پێشکەوتن و بەدواداچوون، بە جۆرێک کاریگەریی لەسەر بۆچوونەکانیان دروستبکات و بەرەو ڕێگەی باشتر و بۆچوونی پەسەند و دروست ئاراستەیان بکات، پێویستە کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی دروستبکات، هەندێک جاریش ڕاگەیاندن بە چەکێکی دووسەرە گوزارشت دەکرێت، کە یەکەمیان ئەرێنییە، لە خزمەتی گەشەپێدانی زمان و بڵاوکردنەوەی زمان و گشتاندنی زمانە بۆ خوێندەوار و نەخوێندەوار، هی دووەمیشان نەرێنییە، بە هۆی هاندانی پەخشکردن بە زار و شێوەزاری ناوچەیی، هەندێک جار ڕێگەیەک بووە، بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵەی زمان و جێگیرکردنی لە هزر و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا(حلوانی، ٢٠١٥: ١٢)، هەروەها ڕێگەیەک بووە، بۆ بڵاوکردنەوەی وشە و زاراوەی بیانی، جگە لەمەش، سەرهەڵدانی ململانێی شارستانیەت و

---

[1] سیستەمی کۆمەڵایەتی مەبەست پرۆسەی کارلێکی نێوان تاکەکانە، یاخود تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانە، لە چوارچێوەی بەشداربوون لە پرۆسەی کارلێکی نێوانیاندا.(هەمان سەرچاوە:٢٣).

کەلتوورەکان لەنێو کۆمەڵگەکاندا مەترسی دووەمی بۆ هەندێک لە زمانەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە زیاترکردوە.

زیاتر لەوەش، تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن دەسەڵاتێکی گەورە و فراوانی بەخشییە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن(شوانی، ٢٠١٤: ٧) و بە هۆکارە پێشکەوتووەکانییەوە بە بەهێزترین هۆکاری پەیوەندیکردنی هاوچەرخ لەقەڵەمدەدرێت و ڕۆڵێکی گەورە لە بەدەستهێنانی شارستانێتی و رۆشنبیریدا دەگێرێت، ڕاگەیاندن ئەو دەسەڵاتەیە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی زیاتر دەبێت و خۆی دەگەیەنێتە هەموو لایەکی ئەم جیهانە فراوانە و ئامرازێکی سەرەکیی بەدیهێنانی سیستەمی بە جیهانیکردنە، ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە ژێر تیشکی ئەو ئەرکانەی کە ڕاگەیاندن جێبەجێیان دەکات، هەوڵی دیارکردنی پێناسەی دەستەواژەیی بۆ چەمکی ڕاگەیاندن لە زۆرێک لە کتێبەکانی ئەم سەردەمەدا بە شێوەی جیاواز کراوە، ئەم دیاریکردنە بە گوێرەی ئەم ئایدۆلۆژیایەی بیرۆکەکەی لێ هەڵقوڵاوە، بۆ چوونی جیاجیای لێکەوتۆتەوە، لەوانە:

- ((ڕاگەیاندن، بریتییە لە پێشکەشکردنی هەواڵی ڕاست و زانیاریی دروست و ڕاستی نەگۆڕ بە خەڵک، کە یارمەتییان دەدات بۆ پێکهێنانی بیروڕایەکی ڕاست و تەواو دەربارەی ڕووداوێک لە ڕووداوەکان یان گرفتێک لە گرفتەکان، بە شێوەیەک کە ئەو بیروڕایە گوزارشتێکی بابەتی بێت لە بیرکردنەوە و ئاکاری جەماوەر)). (عەلی، ٢٠١٤: ٦٧)
- ((ڕاگەیاندن پرۆسەی گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و زانیارییە لەپێناوی دۆزینەوەی لێکگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان توخمەکانی مرۆڤایەتیدا)).(شوانی، ٢٠١٤: ١٧)
- ((ڕاگەیاندن هۆکارێکی ڕامیاری و هێزێکی ئابووری و سەرچاوەیەکی پەروەردەیی شاراوە و بزوێنەرێکی کارای ڕۆشنبیرییە)). (الوهادین، ٢٠١٦: ١)
- ((ڕاگەیاندن ئەو ئامرازەیە کە لەیەکتێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگەکاندا مسۆگەر دەکات، ئەمەیش بە سروشتی خۆی، کۆمەڵگەیێکی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەکانی تر جیا دەکاتەوە)). (کەرکوکی، ٢٠٠٨: ٦)

کەواتە، ڕاگەیاندن پرۆسەیەکە، کە تیایدا نێرەری پەیام، ئاگادارکەرەوەیەک، هەواڵێک یان زانیاریەک، کە بە هێمای زمانی یاخود ئاماژە، بە زمانێکی هاوبەش، بۆ هاوزمانانی دەنێرێت، بە مەبەستی گۆڕین و هەموارکردنی ئاراستەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری وەرگرانی پەیام بۆ گەیشتن بە کۆمەڵە ئامانجێکی پلان بۆ داڕێژراو.

به پشتبەستن بە ڕوونکردنەوەی هەر دوو چەمکی زمان و ڕاگەیاندن و بە هۆی ئەوەی ئەم سەردەمە بە سەردەمی ڕاگەیاندن ناودەبرێت، پێویستە تێڕوانینێکی تازەمان بۆ زمان هەبێت، هەروەها بۆ ڕاگەیاندنیش بە هەمان شێوە، بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە ژیانی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئارا و بە هۆی ئەو کارلێکە کاریگەرەی ڕاگەیاندن لە ژیان و ڕەفتاری خەڵکیدا دەیبینێت، لە ئێستادا هەر دوو بوارەکە بەیەکەوە جێگای بایەخی توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی، زمانەوانی و ڕاگەیاندن، چونکە هەرسێ بوارە زانستیەکە تەواوکەری یەکترین، بە جۆرێک ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی سەرەکی، پشت بە زمان دەبەستێت بۆ هۆکارە جۆراوجۆرەکانی، زمانیش بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەسەندنی پشت بە ئامرازە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت، هەردوو بوارە زانستیەکەش، زمان و ڕاگەیاندن، وابەستەی ژینگەی کۆمەڵایەتین، بۆیە بە گرنگیدان بەم بوارە زانستیانەش، پێکهاتەی خاوەن زمان گوزارشتی وەکو، تواندنەوەی زمان، مردنی زمان، لاوازبوونی زمانی گوێلێنابێت.

**٢-١-٢: پێکهاتە بنەڕەتییەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن:**

سیستەمی ڕاگەیاند، لە چەند بەشێک پێکدێت، کە بریتیین لە :

١- فەلسەفەی ڕاگەیاندن: ئەو بنەمایە چوارچێوەی ڕاگەیاندن لە وڵاتێک یا هەرێمێک دیاردەکات.

٢- سیاسەتی ڕاگەیاندن: کۆمەڵێک بنەمایەیە کە دەزگای ڕاگەیاندن پێی پابەنددەبێت.

٣- یاسای ڕاگەیاندن: کۆمەڵێک یاسایە کە کارکردنی ڕۆژنامەگەری ڕێکدەخات.

٤- ئیتیکی ڕاگەیاندن: کۆمەڵێک بنەمای ڕەوشتیە کە کارکردنی ڕۆژنامەگەری شانبەشانی یاسا ڕێکدەخات.

٥- تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن: جۆری ئەو ئامێرانەیە کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنرێت.

٦- کارکردنی ڕاگەیاندنکاران: بریتییە لە ڕەفتاری ئەو دەستەیەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن. (شوانی، ٢٠١٤: ٢٩)

هەر یەکە لەم پێکهاتانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە لایەنی زمانییەوە هەیە، بە جۆرێک کە دەکرێت فەلسەفەی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای گەشەپێدان[1]و پاراستنی زمانی دایک و کەلتووری نەتەوەیی دابڕێژرێت، هەروەها سیاسەتی ڕاگەیاندنیش بە هەمان شێوە دەکرێت کار لەسەر ڕێکخستنی زمانی دەزگاکە بکات، بەپێی پێوەربەندێک، لە هەموو لایەنەکانی زمان، واتە بۆ ئەلفبێ، ڕێنووس، بەکارهێنانی وشەکانی فەرهەنگ، هەڵبژاردنی زارێک یان هەر بابەتێکی پەیوەست بە زمان، کە هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی یاسایەک ڕێکدەخرێن، کە بە یاسای زمان لە ڕاگەیاندندا ناودەنرێن. واتە، زمان لە هەموو بەشەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن دەکرێت پێگەی دیاریکراوی هەبێت، چونکە تەواوی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی زمانەوە بەڕێوەدەبرێت.

لەمەش زیاتر، سیستەمی ڕاگەیاندن، ڕەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووریی کۆمەڵگایە، بەپێی  فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی کەناڵە ڕاگەیاندنەکە و سیستەمی حوکمڕانی وڵات سیستەمی ڕاگەیاندنیش دەگۆڕێت.

### ٢-١-٣: ئەرکەکانی ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن هۆکارێکی پێشکەوتووە هەموو خەڵکی جیهان دەتوانن سوودیلێببینن و گوێیلێبگرن و سەیریبکەن و بیخوێننەوە، ئەرکی سەرەکیی گواستنەوەی زانیارییە جیاوازەکان و ئاڵوگۆڕکردنیانە، کە بەهۆیەوە کاریگەریی لەسەر جەماوەری وەرگر لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد، دروستدەکەن، چەندین ئەرکی جۆراوجۆری هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- ئەرکی پاراستن و پێشخستن و هاوچەرخکردنی کەلتوورەکان: کەناڵەکان لە کۆنەوە تاکو ئێستا ئەرکی گەیاندنی کەلتوور و دابوونەریتەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر لە ئەستۆدا بووە.

- ئەرکی نوێنەرایەتیکردن و بنیادنانی ڕای گشتی. (شرف، ١٩٨٣: ٢٧)

---

[1] سیستەمی ڕاگەیاندن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ چەندین جۆر دابەشکراوە، لەوانە: (سیستەمی دەسەڵات یان پاوانخوازی، سیستەمی ئازادی(لیبرالیزم)، سیستەمی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، سیستەمی کۆمۆنیزم، سیستەمی گەشەپێدان، .سیستەمی بەشداریکردنی دیموکراسییانە)(مەجید ساڵح،٢٠١٦: ٤١-٥١)

– ئەرکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، هاوشانی دامەزراوەکانی تری وەک (خێزان و قوتابخانە)، لە گەشەپێدان و پێشخستنی بنیادی کۆمەڵگە ڕۆڵدەبینن، بەهۆی ئەو بەرنامە هەمەجۆر و هەمەبوارانەی پێشکەشیان دەکەن.(جراد، ٢٠١٣: ٢٢)

ڕاگەیاندن لە چوارچیوەی ئەرکی کۆمەڵایەتیبوونیدا، ئەم ئەرکانەش لە ئەستۆ دەگرێت:

١- گەشەپێدانی چالاکی کۆمەڵایەتی و گوزارشتکردن لە شارستانێتی و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە.

٢- دەرخستنی بنەمای هاوبەش کە هەریەکە لە بیروبۆچوون و باوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگەی لە خۆی کۆبکاتەوە، واتە بەشدارە لە توندوتۆڵکردنی پرۆسەی پەیوەندی و یەکترناسینی کۆمەڵایەتیدا، و مەودا دوورەکانی نێوان خەڵک نزیکدەکاتەوە.

٣- بەهێزکردن و پتەوکردنی هەستکردن بە خۆبەندی(ئینتیما) و دڵسۆزی لەلای تاکەکان.

٤- ڕاگەیاندن بەشدارە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون، بە واتای فێرکردن و ڕاهێنانی ئەندامانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو یاسا و ڕێسا و باوەڕ و نەریتە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگە پەیرەوییان لێدەکات. (فەرەج، ٢٠١٣: ٥٠- ٥٤)

– ئەرکی ڕۆشنبیریی و پەروەردە و فێرکردن، کە مەبەست لێی زیادکردنی ڕۆشنبیری و فێرکردنی تاکە، لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە خۆی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئەزموونی داهێنەرانە دەبینێتەوە، هەروەها هەندێک لە کەناڵەکان هاوشێوەی قوتابخانەکان ڕۆڵیان لە پەروەردە و فێرکردن هەیە، تەنانەت ئێستا کەناڵی تایبەتی پەروەردەیی هەیە.

– ئەرکی ئابووری: لە ڕێگەی جاڕدان و پروپاگەندەکردن بۆ کەلوپەل و شوێنکار و بازارە بازرگانییەکان، ڕۆڵی گرنگ لە بەشداری ئابووری لە وڵاتدا دەگێڕن و، بەتایبەتی بۆ دابینکردنی بوودجەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. (جراد، ٢٠١٣: ٢١) و (کەرکوکی، ٢٠٠٨: ١٥)

ئەمانەش دەریدەخەن، کە ڕاگەیاندن فرە ئەرکە، تەنیا ئەرکی ئاراستەکردنی هەواڵ و زانیاری نییە، بەڵکو ئەرکی پێخوێندن و فێرکردن و خۆشبژێیی و کاتبەسەربردن و بەهێزکردنی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی و هۆشیاری سیاسی هەیە (وەندی، ٢٠١٣: ١٧٠). هەروەها لەلایەکی تریش، ئەرکی گواستنەوەی کەلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە جێبەجێدەکات، و بە بەردەوام ئامانج و دەسکەوتە نیشتمانییەکان لە هزری ڕای گشتیدا

دەهێڵێتەوە و ڕۆڵی گرنگ لە یەکخستنی بۆچوونەکان و یەکێتی نەتەوەیی و یەکبوونی کۆمەڵ دەگێڕێت.( ساڵح، ٢٠١٦: ٣١)

دیسانەوە زمانیش بە بەهێزترین هۆکاری یەکێتی و بەیەکەوە گرێدانی کۆمەڵ دادەنرێت، کە ڕۆڵی گرنگی لە یەکخستنی بۆچوون و دروستکردنی ڕای گشتیدا هەیە و، بنەمایەکی سەرەکی پێکهێنانی کەلتووری هاوبەشی گەلانە. (شرف، ١٩٨٣: ٢٧) بە تایبەتی لەو ناوچانەی پێکهاتەی دانیشتوانی لە گروپ و نەتەوەی جیاواز پێکهاتبێت، واتە فرەزمان و فرەزاربن، ئەوا ڕۆلەکەی بەرجەستەتر دەبێت، ئەگەر ستراتیژێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی هەبێت، بەمەش ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە خزمەتی پەرەسەندنی کەلتوور و زمان دەبێت، لەبەرئەوەی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە زمان جیاناکرێنەوە، واتە هاوکۆن، چونکە هەموو ئەو ئەرکانەی ڕاگەیاندنیش دەیان بینێت لە ڕێگەی زمانەوە پیادە دەکرێن.

هەروەها ڕاگەیاندن دەتوانێت: ڕۆڵی ئەرێنی خۆی لە پاڵپشتیکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ و دامەزراوەکانی دیاربکات و بەشداری لە هێنانەدیی پەرەپێدان و گەشەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە میانی کارلێکێکی ئەرێنی دروستکەر لەچوارچێوەیەکی ڕاست و دروست و ئامانجداردا بخاتەگەڕ، لەبەرئەوەی ئامرازە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن خاوەنی توانایەکی تەکنەلۆژی بەرفراوانن، لە توانایاندایە ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی لە گەلاڵەکردنی هۆشیاری خەڵک و لێکنزیکردنەوەی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ و یەکە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان بکات و پرۆسەی گواستنەوەی کەلتووری نێوان تاکەکانی کۆمەڵ پیادە بکات، واتە دەتوانن کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دروستبکەن و بەتوندیش بۆ خۆیان پەلکێشی بکەن، چونکە توانای لەجۆشدانی وەرگری چینە جیاوازەکانی لە کۆمەڵگەدا هەیە.(وەندی، ٢٠١٣:٣٠) هەروەها ڕاگەیاندن وەک یەکەیەکی سیستەمی کۆمەڵایەتی، وەک یەکێک لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، دەشێت ئەرکی کۆنتڕۆڵکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵی لە ئەستۆدابێت و لە ڕێگەی پێناساندنی ڕێسا و یاسا و بەها و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگەشەوە، ڕێگربێت لەم لادان و ڕەفتارانەی کە دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە ئەنجامدەدرێن و دەبن بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوە.(محمدامین، ٢٠١٧: ٢٤– ٢٥)

ئەم ئەرکانەی ڕاگەیاندنیش لەو کاتەدا بەڕاست و دروستی پیادە دەکرێن و ڕۆڵی ئەرێنی خۆیان دەگێڕن، ئەگەر بێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، سیاسەت و پلانی ڕاگەیاندنیان

لە خزمەتی یەکێتی نەتەوەیی و پاراستنی زمان و کەلتووری هاوبەشی نەتەوە بێت، پیادەی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ خزمەتی زمان لە وڵاتدا بکەن.

**٢-١-٤ :جۆرەکانی ڕاگەیاندن:**

سەبارەت بە جۆرەکانی ڕاگەیاندن بە چەندین شێواز و تێڕوانینی جیاواز جۆرەکانی ڕاگەیاندن پۆلێنکراون، لە خوارەوە دوو پۆلین دەخەینەڕوو:

**٢-١-٤-١ : جۆرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای چۆنایەتی**

ڕاگەیاندن لەڕووی هەمەجۆری کارکردنیان، وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، بەپێی قۆناغەکانی مێژووی سەرهەڵدانی، ڕووبەڕووی چەندین قۆناغ و گۆڕان و پێشکەوتن بووەتەوە، کە لە ئاکامدا ئەم ڕاگەیاندنەی ئەمرۆی لێبەرهەمهاتووە، کە بەشیوەیەکی گشتی دەکرێن بە چوار جۆر، بەم شێوەیەن:

١- ڕاگەیاندنی نووسراو، وەک: گۆڤار، ڕۆژنامە، بڵاوکراوەی خولاو، پۆستەر و جۆرە جیاوازەکانی تر.

٢- ڕاگەیاندنی بیستراو (کە خۆی لە ڕادیۆدا دەبینێتەوە).

٣- ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو، کە خۆی لە (تەلەفیزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و سینەما دەبینێتەوە) .

٤- ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیی، وەک: پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان، پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەرنامەی تایبەت بە چات و گفتوگۆ. (عمايرة، ٢٠٠٤: ١١) هەروەها رۆژنامە و ڕادیۆ و تەلفیزیۆنەکانیش سوود لە ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بۆ پەخشی ڕاستەوخۆی بەرنامەکانیان وەردەگرن.

بەهۆی ئەم جۆراوجۆرییە لە ڕاگەیاندندا، ئەم بوارە توانیویەتی لەم سەردەمەدا لە ڕێگەی زمانەوە ببێتە گرنگترین هۆکاری پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، واتە پەیوەندییێکی پتەو و بەهێز لە نێوان زمان و ڕاگەیاندندا هەیە و بەبێ یەکتر نابن، بەپێی ئەم ریزبەندییەی سەرەوەش قۆناغ بە قۆناغ بەگوێرەی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری، ئامراز و جۆرەکانی ڕاگەیاندنیش لە ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیووە و، هەموو ئەو ئامرازانەش داهێنراوی دەست و بیرکردنەوەی مرۆڤن، لە سەرەتایترینیان تا پێشکەوتووترینیان، ئەوەمان پێدەڵێن، گەشەی ڕاگەیاندن و پێشکەوتنیان،

پەیوەستبووە بە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتی و ئاستی کاریگەریشیان بە گوێرەی سادەیی و پێشکەوتوویی خودی ئامرازەکەیە.(بێخاڵی، ٢٠٠٦: ٦) هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن پشتیان بە زمان بەستووە، بەجۆرێک ڕاگەیاندن بە تایبەتی تەلەفیزیۆن بەبێ زمانێکی ڕەسەن، بەهێز، سادە ڕاستەڕێ نابێت، زمانیش بەبێ ڕاگەیاندنێکی پێشکەوتوو ناتوانێت وەک پێویست پەیامەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە و بیگەیێنێت بە زۆرترین ژمارەی هاوزمانەکان(الهیتی، ٢٠٠٧: ١٢). سەبارەت بەم جۆرە ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە ئاماژەمان پێکردووە، زمان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو جۆرەکانیدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە زمان بواری بەکارهێنانی بەرفراوان بووە و گۆڕان بەسەر بوارەکانی بەکارهێنانیدا هاتووە و، هەر یەک لە ئامرازەکانیش خاوەن تایبەتمەندی جیاوازن، ئینجا پێویستە بزانین ئایا ئەم بەرفراوان بوونەی زمان گۆڕانی بەسەر زمانی کوردیشدا هێناوە؟ ئایا زمانی کوردی بەرەو گەشەسەندن بردووە؟ یان زمانی کوردی بەرەو شێواندن بردووە؟[1]چونکە مەرج نییە، گۆڕان زمان بەرەوتێکدان و هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوون ببات.(فتاح، ٢٠١١: ١١٨) ڕەنگە هەندێکجار زمان بەرەو بڵاوکردنەوە و گەشەسەندن ببات، بۆیە پیویستە بۆ ئەم بوارە بەرفراوانەی سەردەم، لە هەرێمی کوردستاندا سیاسەتی زمان و پلانی زمانی بۆ زمانی کوردی هەبێت.

### ٢.٤.١.٢ : جۆرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی:

پۆلینێکی تر بۆ جۆرەکانی ڕاگەیاندن[2] لەسەر بنەمای خاوەنداریەتیی دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، کە ئەمانیش کراون بە شەش جۆر:-

١- کەناڵی حکومی (دەسەڵات): ئەم جۆرە کەناڵە، ئۆرگانی فەرمیی حکومەت و دەسەڵاتە و گوزارشت لە تێڕوانین و پەیڕە و پڕۆگرام و پڕۆژە و پلان و بەرنامەکانی حکومەت دەکات.

٢- کەناڵی ئۆپۆزسیۆن: ئەم جۆرە کەناڵە، ئۆرگانی فەرمیی بەرەی ئۆپوزسیۆنن و، گوزارشت لە تێڕوانین و دید و بیروباوەڕەکانی ئەم بەرەیە دەکات و، چاودێری جێبەجێکردن و پڕۆژە و چالاکییەکانی حکومەت دەکات و جێگرەوە و بژاردەکان دەخاتە بەردەم حکومەت و جەماوەر.

١ لە تەوەرەکانی داهاتوو وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە.

٢ جۆرەکانی ڕاگەیاندنمان گۆڕیوە بۆ جۆری کەناڵە ئاسمانییەکان لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان کار لەسەر ئەم جۆرە ئامرازەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دەکات.

٣- کەناڵی حزبیی: ئەم جۆرە کەناڵە، ئۆرگانی فەرمیی پارتێک یان حزبێکی خاوەن پەیڕەو و پڕۆگرامە و گوزارشت لە بیروباوەڕی حزبی دەکات، زمانی حزبە، بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە خەڵک و جەماوەری خۆی.

٤- کەناڵی ئەهلیی: ئەم جۆرە کەناڵە، لەلایەن کەسانێک بەڕێوەدەچێت، کە سەر بە هیچ پارتێک، یان ناوەند و دەسەڵاتێک نین، دەتوانێت جێگای هەموو بیروباوەڕە جیاوازەکان بکاتەوە.(پێندرۆیی، ٢٠١٠: ١٤—١٥)

٥- کەناڵی تایبەتمەند: ئەو کەناڵەیە کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەوڵی دواندنی جەماوەرێکی دیاریکراو دەدات، واتە ئەو بابەتانەی پێشکەشیاندەکات، لە ڕووی ناوەرۆک لە بابەت و بوارێکی دیاریکراوە، وەک کەناڵەکانی هەواڵ، فلیم، وەرزش، مۆسیقا، زنجیرە نواندنەکان، پەروەردەیی یان تایبەتمەند لە ڕووی جەماوەری وەرگر، وەکو کەناڵی منداڵان، ئافرەتان. (وەندی، ٢٠١٣: ١٠٥)

٦- کەناڵی پیشەیی: ئەم جۆرە کەناڵە، دەربڕین و گوزارشتکردنە لە پیشەیەکی دیاریکراو، وەک پیشەی (وەرزش، پزیشکی، ئابووری، هونەری...هتد). بایەخ و گرنگی بەو کار و چالاکی و بەرنامە و کێشە و قەیرانی ئەو خەڵکانە دەدات، کە لەو پیشەیەدا خاوەن بەرژەوەندین، هەروەها بەرگری لە مافەکانیان دەکات و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانیان دەکات.(پێندرۆیی، ٢٠١٠، ١٥)

ڕاگەیاندن هەموو ئەو دامەزراوە و دەزگا و کەلوپەل و تەکنیک و ڕێکخراوەنە دەگرێتەوە، جا چ بازرگانی بن یا قازانج نەویست، گشتی بن یان تایبەت، فەرمی بن یان نا فەرمی، کە هەریەکەیان خاوەن ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیانن، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیان ئەوەیە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانیان، پێویستە هاوبەشی لە دروستکردنی یەکێتی کۆمەڵایەتی و بنیاتنان و بڵاوکردنەوەی کەلتووری هاوبەش لە ناو کومەڵدا بکەن، ئەمەش لە پێناو بەیەکەوە بەستنەوەی نەتەوە و بەرژەوەندی گشتی پێکهاتەکان بۆ دروستکردنی ڕای گشتی.( الشاهر، ٢٠١٩: ٨٩)

لەمەش زیاتر، بۆ جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەم ئەرکە لەلایەن ڕاگەیاندنەکان، دەسەڵات بۆ بواری ڕاگەیاندن بەگشتی و بۆ کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی بە تایبەتی لە

ڕێگەی داڕشتنی یاسای تایبەت ئەم بابەتە ڕێکدەخات[١]، بەجۆرێک کە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە دەزگا ئەهلی و حزبی و تایبەتەکانیش پێوەی پابەند دەبن، بۆ نموونە لە یاسای سیاسەتی زمان لە ئیسپانیا کە تایبەتە بە هەرێمی کاتالۆنیا، کە بەشی چوارەمی تەرخانکراوە بۆ هۆیەکانی پەیوەندی، لەماددەی(٢٥)دا، کە تایبەتە بە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو(ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن)، لە بڕگەکانیدا دەزگاکانی پابەندکردووە بە کۆمەڵێک ڕێکاری زمانەوانی و لە ماددەی (٢٦)دا هەمان یاسا کە تایبەتە بە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئەهلی، ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم یاسایە لە سەر تەلەفیزیۆنە ئەهلیەکانی کاتالۆنیاش پیادە دەکرێت جامباز، ٢٠١٤: ٣٥١– ٣٥٢) واتە، بەهۆی دانانی چوارچیوەیەکی یاسایی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵ لە لەیەکترازان دەپارێزرێت، ئەمەش ناچێتە خانەی ڕێگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین، بەڵکو ڕێکخستنی ئازادی ڕادەربڕینە، چونکە ئازادی چوارچێوە و سنورێکی هەیە و لە هیچ شوێنێک ئازادی ڕەها و بێ سنوور نییە، ئەوەش بە یاسای تایبەت ڕێکدەخرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئازادییەکە زیان نەگەێنێت.(عەلی، ٢٠١٩: ٣٥) ئەم بوارە لە هەرێمی کوردستانیش کاریگەریان زۆر بووە، چونکە ئەم کەناڵانە، هاتوونەتە نێو هەمووماڵێک و، ڕۆژانە لە ڕووی ژمارە و تایبەتمەندی لە فراوانبووندان، بۆیە پێویستیان بە ڕێکختستن هەیە، لە هەموو لایەنێک، بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی زمان، چونکە زمان هۆکارێکی سەرەکی بەیەکەوە بەستنەوەی نەتەوەیە، ئەم ڕێکخستنەش پێویستی بە داڕشتنی یاسای تایبەت بە سیاسەتی زمان و پلانی زمان هەیە، هاوشێوەی وڵاتان، بەمەش کاریگەرییەکانی سەر زمان و کەلتوور و لایەنی کۆمەڵایەتی بەلایەنی ئەرێنی دەبێت و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەش مسۆگەرتر دەبێت، لەبەرئەوەی گرنگترین شوێن بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی لەبواری زمان دەدرێن جێبەجێبکرێن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن(سابیر، ٢٠١٤: ١٢٠) بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان، چونکە کەناڵی جەماوەریین و بینەرێکی زۆر بەرفراوانیان هەیە.

**٢-١-٤-٣: کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی:**

کەناڵە ئاسمانییەکان جێگای بایەخێکی ئێجگار زۆرن، لەبەرئەوەی ئامرازی سەرەکیی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانن بۆ وەرگر، هەروەها ئامرازی سەرەکی کرداری بەردەوامییەتی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە، کە لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان[٢]

---

[١] زۆر لە وڵاتان بە یاسای تایبەت کەنالەکانی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆیان ڕێکخستووە، بۆ نموونە، بڕوانە یاسای ژمارە(٣٨٢) لە (١٩٩٤/١١/٤) لە وڵاتی لوبنان (file:///C:/Users/lenovo/Desktop/4075.pdf)

[٢] مانگی دەستکرد ئەو ئامێرەیە بۆ مەبەستی ئاسایش و ئامانجی زانستی و پەیوەندیکردن لە میانی خولانەوەی لە ئاسمان بەدەوری زەویدا بەکاردێت، کە تەنێکی خولاو لە بنکەیەکی زەوییەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەدرێت، بۆ ئەوەی لە خولگەی تایبەتی خۆی و بەپێی بەرنامەڕێژییەک و

بەرنامەکانیان پەخشدەکەن، ئەم کەناڵانە بوونەتە چاو و گوێی مرۆڤی هاوچەرخ، توانیویانە هەموو جیهان لە شاشەیەکی بچووکدا کۆبکەنەوە.(عەزیز، ٢٠٠٤: ٦٩) لە دیارترین ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە ئەو ئامرازی پەیوەندیکردنە هەیەتی، کارلێکیەتی لە نێوان پەیامنێر و وەرگر، بەجۆرێک کە بوونەتە سەرچاوەی یەکەمی زانیاری و هەواڵ بۆ ئاگاداربوونی کۆمەڵ لە ڕووداوە جیهانییەکان، چونکە وای لە جیهانی نوێ کردووە، ببێتە گوندێکی جیهانی، هەر وەک (مارشاڵ مکلۆهان)[١] کە ناوی لێناوە، ئەمەش ڕێخۆشکەری پەرەسەندنی بەجیهانیبوونی کەلتوورە.(Mcluhan, 1964: 20) بێگومان ئەمەش بەبێ کاریگەریی کردنە سەر زمان نابێت، چونکە زمان لەلایەک توخمێکی سەرەکی کەلتوورە، هەروەها لەلایەکی تریش، بەبێ زمان نە پەیوەندییەکە و نە کارلێکی نێوان نێرەر و وەرگر دروست نابێت، چونکە ((تاکە کەرەسەی سەرەکی بۆ گواستنەوەی پەیام لە ڕاگەیاندنەکاندا زمانە، بەهۆیەوە وێنە و دەنگ و ڕەنگ و زمانی ئاماژ بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دەگوازنەوە)).(عمايرة، ٢٠٠٤: ١١)

هەروەها بەهۆی خێرایی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان و بەرنامە هەمەجۆرەکانی، کەم کەس دەتوانیت دەستبەرداری بێت و، لەلایەکی دیکەشەوە، توانای گواستنەوی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە سنوورێکی زۆر فراواندایە، بەتەواوەتی بەربەستی سنووری جوگرافیای نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەزاندووە و پەیوەندیی جوگرافیایی، پەیوەندیێکی جیهانییە و هەموو جیهان بەیەکەوە گرێدەدات.(قادری، ٢٠٠٩: ٥٢) بەتایبەتی دوای گرێدانی بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، بەجۆرێک کە بینەر توانای بینینی زۆربەی کەناڵەکانی لە ئەنتەرنێتەوە هەیە، ئەمەش وایکردوە، ئازادی کردەوەی زۆر بەربڵاو بێت، بەجۆرێک دەتوانێت ناڕاستەوخۆ بۆ پەرەپێدانی زمان لە ناو بیسەران و بینەرانی کاریگەر بێت و کاریگەریش بووە.(باطنی، ١٣٧٨: ٢٠٧) ئەم بوارە گرنگ و هەستیارە، بۆ بەرجەستەکردنی کەتواری زمان و کەلتووری هەر وڵاتێک، دەسەڵات لە ڕێگەی سیاسەتی زمان و بە یاسا دەتوانێت لە بەرژەوەندیی جێگیرکردنی زمانی ستاندار بەکاریان بێنێت، تەنانەت دەتوانێت چاودێری زمانەوانی لەسەر ئەو کەناڵانە دابنێت، بۆ ئەوەی زمان بە دروستی و بێ هەڵە بەکار بهێنن. (عميروش و الاخرون، ٢٠١٢: ٢٨٨) هەرچەندە سەرەتاکانی

---

خێراییەکی دیاریکراوەوە بخولێنەوە، کە ویستگەی وەرگرتن و ناردن و ژمارەیەک دەزگای تۆمارکردن کە بەرنامەکان وەردەگرێت و لەهەمانکاتیشدا دەینێرێتەوە.

[١] فەیلەسوف و نووسەر و پرۆفیسۆرێکی بە ڕەگەز کەنەدیە، کە نوێترین تیۆری لە بواری ڕاگەیاندنی جەماوەری (تەلەفیزیۆن) هەبوو، کە پێی وابوو کاریگەری زۆریان لەسەر بیر و دامەزراوە و ژیانی گەلان هەیە، هەروەها یەکێکە لەوانەی لە ڕوانگەی کەلتووریەوە شرۆڤەی بە جیهانیبوون دەکات. (حسين،٢٠١٤:٤١)

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵام کاریگەرییەکانی خێران، مێژووەکەی بۆ ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، یەکەمجار لە ساڵی(١٩٩٠) دا تەلەفیزیۆنی ئاسمانی (CNN) بەهۆی شەڕی دووەمی کەنداو کە بە شەری ئازادی کوێت دەناسرێت، پرۆگرامەکانی لەم ناوچەیەدا دەستپێکرد(سورمێ، ٢٠٠٥: ٢٦) هەروەها یەکەمین تەلەفیزیۆنی ئاسمانی بە زمانی عەرەبی، کەناڵێکی میسری بە ناوی (Space Net) بوو، کە لە ساڵی(١٩٩١) کەوتەکار. هاوکات لە هەمان ساڵ لە وڵاتی قەتەر کەناڵێکی دیکەی ئاسمانی بە ناوی(ئەلجەزیرە) کەوتەکار.(گۆدەرزی، ٢٠١٣: ٢٦٨) لە عێراقیشدا لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٩٣) یەکەم پەخشی کەنالی ئاسمانی بە ناوی (تەلەفیزیۆنی شەباب) دەستی بە پەخشکردن کردووە، کە بە کەناڵێکی نافەرمی ناسێنرا و خاوەنەکەی (عودەی) کوڕی (سەدام حوسێن) سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق بووە.(وەندی، ٢٠١٣: ٩٠)

سەبارەت بەسەرهەڵدانی کەناڵی ئاسمانی بە زمانی کوردی، یەکەمین کەناڵی کوردی لە ڕێکەوتی (١٥)ی مایسی ساڵی (١٩٩٥)بە ناوی تەلەفزیۆنی میدیا(M.TV) لە تاراوگە لە لەندەن دەستی بە پەخشکردن کرد، کە ئەمەش پێشرەوییێک بوو لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، چونکە لە لایەک زمانی کوردی لە بازنەیەکی جوگرافی بەرتەسک بردە دەرەوە، هەروەها لە لایەکی تر نەتەوەی کوردی لە هەموو دونیا بەیەکەوە بەستەوە(سورمێ، ٢٠٠٥: ٢٦)، کە لە ماوەیەکی کورتدا کاتژمێرەکانی پەخشکردنی گەیاندە دوازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، کردنەوەی ئەم کەناڵە تەلەفیزیۆنییە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە لەلایەک زمان بە زیادبوونی ژمارەی ئەرکەکانی فراوان دەبێت، تەنانەت بێئەوەی ژمارەی ئاخێوەرانیشی زیاد بن. (کالفی،٢٠١٢: ٢٤٤) لەلایەکی تر هەندێک لە دۆستانی کورد سەرهەڵدانی ئەم تەلەفزیۆنەیان ناولێنا (دەوڵەتی کوردی لە ئاسمان)، چونکە یەکێک لە سوودەکانی ئەم کەناڵانە بەیەکەوە گرێدانی هاوزمانانە لە هەر کوێی جیهان بن، بۆیە زۆری نەخایاند دەوڵەتی تورکیا کەوتە دژایەتی کردنی و لە ڕێکەوتی(٢٢)ی مانگی مارسی ساڵی (١٩٩٩)دایخست، بەڵام جارێکی دیکە هەمان کەناڵ لە ئابی ساڵی(١٩٩٩)بە ناوی میدیا لە برۆکسل دەستی بە پەخشکردن کردەوە.(گۆدەرزی، ٢٠١٣: ٢٦٩– ٢٧١) بەمەش بەهۆی دەرکەوتنی ئەم کەناڵە ئاسمانیانە، جگە لەوەی ڕاگەیاندن وەرچەرخانی بەخۆوە بینی، هەروەها لەلایەکی تریش زمان لە بازنەی جوگرافیاییەکی بەرتەسکی سنووردار چووە دەرەوە، کە هەموو جیهانی گرتەوە و ئەم پەرەسەندنەش کاریگەریی لەسەر زمانی سەردەم و شێوازی دەربڕین لەڕاوبۆچوون و بیروباوەری خەڵکی هێنایەکایەوە.(وەندی، ٢٠١٣: ٢٧) لەلایەکی دیکەشەوە

کەلتووره جیاوازەکانی پێکهاتە و گروپ و نەتەوەکانی هەموو جیهانیشی بەیەکەوە بەستەوە، کە ئەمەش لە یەک کاتدا هەرسێ لایەنی کەلتوور و زمان و ڕاگەیاندن بەرەو پەرەسەندن دەبات، ئەگەر لەم بوارەدا خاوەن ستراتیژێکی پلان بۆ دارێژراوی هەمە لایەن بین.

کەواتە لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین، ئەم بوارە کۆمەڵایەتییە، هەستیار و کاریگەرە، پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، لە ڕێگەی دارشتنی یاسای تایبەت بە سیاسەتی زمان بۆ بواری ڕاگەیاندن بە گشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی. چونکە ئەم ئامرازە وەک چەکێکی دووسەرە، دەتوانێت باش یان خراپ بێت، بەپێی سیاسەتی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی کەناڵە ئاسمانییەکە.

## ٢-٢ : بنەماکانی چالاکبوونی زمان:

کەناڵە ئاسمانییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی سنووری چالاکی زمان بەرفراوان بێت، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی زمان و کارابوونی زمان لە وڵاتدا هەیە، ئەگەر بەباشی زمان بەکاربهێنن، هەروەها ئەگەر بمانەوێت زمانێک لە چالاکی بەردەوامدابێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێویستە ئەم بنەمایانەی تێدا بەرجەستە بێت:

١ – گواستنەوەی زمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

٢ – هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵ بەرانبەر زمانەکەیان.

٣ – گۆڕانکارییەکان لە لایەن بەکارهێنەرانی زمان.

٤- زمانەکان و هەڵوێستی سیاسی حکومەت و دامودەزگاکان، لە نێویشیاندا دامودەزگا فەرمییەکان و بەکارهێنانی زمان تێیدا.

٥ – جۆر و چونیەتیی بەڵگەنامەکان.

٦- چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی بوار و ئامرازە نوێیەکان.

٧ – دابینکردنی ئامرازەکانی فێرکردنی زمانەکە و بنەماکانی.

٨ – ڕێژەی ئاخێوەران لە کۆی دانیشتووان.

٩- ژمارەی ڕەهای ئاخێوەران بەو زمانە.(هارمان، ٢٠٠٦: ١٥٠)

جگە لەمانەش، هەریەک لەو هۆکارانە ڕۆڵی گرنگیان بۆ مانەوە و پارێزگاری لە فرەچەشنی کەلتوور و فرەزمانی لە جیهاندا هەیە، کە لە جیهانی ئەمڕۆدا لە لایەن نەتەوە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت(جامباز، ٢٠١٤: ٧)، هەروەها کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زۆریان لەسەر زمان هەیە، بەتایبەتی ئەگەر خاوەن سیاسەت و پلانی زمان بن، دەتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن، لە پیادەکردنی هەموو ئەو بنەمایانەی کە بۆ چالاکبوونی زمان ئاماژەیان پێکراوە، چونکە دەکرێت ئاراستەی پەیامی ڕاگەیاندن لە خزمەتی ڕۆشنبیرکردنی تاک و دەسەڵات بیت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت، لە پیادەکرن و کارکردن لەسەر ئەم بنەمایانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە. کاتێک باس لە توانا و چالاکی زمان دەکەین مەبەست هەر زمانێکە، کە دەتوانێت وەڵامدانەوەی بۆ نوێسازی لە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت.

### ٢-٢-١ : ئەرکی زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا:

ئەرکەکانی زمان، ئەو ئەرکانەن کە مرۆڤ ڕۆژانە لە ڕێگەی زمانەوە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ناو کۆمەڵدا ئەنجامیان دەدات. ئەو ئەرکانە هێندە ئاڵۆزن[١]، هەروا بە ئاسانی پۆلین ناکرێن، بۆیە لەلایەن زۆر لە زمانەوانان بەشێوەی جیاواز پۆلینکراون، لە ڕاگەیاندنی بینراویشدا، زمان لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی بەدەر نییە، ئەرکەکانی زمان لە ڕاگەیاندنی بینراویشدا، بە شێوەی جۆراوجۆر و بە پۆلینی جیاواز ئەرکەکانی خراونەتە ڕوو، هەندێک لەو پۆلینانە دەخەینە ڕوو:

١ – ئەرکی ڕاگەیاندن: ئەو ئەرکە بریتییە لە پرۆسەی گەیاندنی زانیاری و پێڕاگەیاندنی ڕاستییەکان و گواستنەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

٢ –ئەرکی گوزارشتکردن: گوزارشتکردن لە ڕووی هەستە دەروونیەکان، یان جولاندنی هەست لای ئەوانی دیکە، یان هەڵچوونەکان.

٣ –ئەرکی ئاڕاستەکردن: ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوت و هاندانی بۆ لایەکی دیاریکراو و قۆرخکردنی عەقڵ و سۆز.

٤ –ئەرکی گشتاندن: گشتاندنی لەیەکچووەکان بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو.

[١] محمد مەعروف فەتاح لە کتێبی زمانەوانیدا ئەرکەکانی زمانی بۆ حەوت جۆر دابەشکردووە، لەوانە ( ئەرکی زانیاری و هەواڵگەیاندن، پرسیارکردن ، فەرماندان، جێخۆشکردن، ڕاپەڕاندن، هەستدەربڕین و وروژاندن) (٢٠١١، ٣١)، هەندێک لە زمانەوان ئەرکەکانی زمان بەشێوەیەکی تر پۆلین دەکەن، کە بۆ نۆ ئەرک دابەشی دەکەن، وەکو(ئەرکی هۆکاری /ئامێری، ئەرکی ڕێکخەری، ئەرکی کارلێکەری، ئەرکی کەسی، ئەرکی دۆزینەوەیی، ئەرکی ئەندێشەگەرایی، ئەرکی هێمایی، ئەرکی ڕاگەیاندنی، ئەرکی رازیکردن)(حسێن،٢٠١٦، ١٨٢)

٥ – ئەرکی کەتواری (الواقعية): بەرجەستەکردنی کەتوار و کۆکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ هێما بەشێوازێک کە خەڵکی بتوانن تێیبگەن.(الهيتی، ٢٠٠٧: ٤٦) و (جردات، ٢٠١٣: ٦٤٥)

هەروەها هەندێکی تر لە شارەزایانی ئەم بوارە بە شێوەیەکی تر ئەرکەکانی زمانیان لە ڕاگەیاندنی بینراو دابەشکردوە:

١ – ئەرکی گەیاندن: زمان هۆکارێکە بۆ دەربڕین و گواستنەوەی(زانیاری، زانست، ڕاوبۆچوون، بیر، هەست وسۆز، حەز و ویست و ئارەزوو) لە پرۆسەی پەیوەندی پێویستە پەیوەندی لە نێوان کەسەکان هەبێت، بۆ ئەوەی پەیامە گواستراوەکە لە نێرەرەوە بە باشی بە وەرگر بگات، بۆ گەیشتتن بە ئەنجامەکە و دروستکردنی کاریگەری.

٢ – ئەرکی دروستکردنی پەیوەندی: بەمانای هاوبەشی و پەیوەندیکردن هاتووە و لە هەر پەیوەندییەکیش بەلایەنی کەم دەبێت دوو کەس هەبێت (کەسی نێرەر) و (کەسی وەرگر) و هەروەها دەبێت پەیامێک هەبێت، لەگەڵ نێوەندێک بۆ گواستنەوە کە کاری پەیوەندی لە پێناویدا ئەنجامبدرێت، ئەمەش لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا گرنگە، چونکە گواستنەوەی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بۆ گەیشتن بە مەبەستی گەیاندنەکە، هۆکاری پەیوەندیکردنەکە دەستنیشان دەکات، ئەوەیش ئەنجامدانی کاریگەرییەکەیە، بەواتایەکی تر زمان و پەیوەندی وەک بازنەیەکی گرێدراو تەواوکەری یەکترن، مەبەست لە پەیوەندیکردن گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بیر و هزر و ڕاستی و هەست و سۆز و وێناکردنەکانە، کە بەهۆی پەیوەندیکردنەوە لە نێوان تاکەکان ئەنجام دەدرێت، ئامانجی سەرەکیش لە پرۆسەی پەیوەندیکردن ناردن و گەیاندنی پەیامە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێت(علی، ٢٠١٤: ٢٢٠). تەنانەت زمانیش، لە هەموو بارەکاندا، گرنگترین ئامانجی پەیوەندیکردنە، لە نێوان نێرەر و جەماوەری وەرگر، جا چ بە زمانی قسەکردن بێت یان زمانی نووسین. لە ڕاگەیاندندا پەیوەندی جەماوەرییە، بەهۆی زۆری ژمارەی وەرگرەکان کە لە ڕێگەی ئامرازەکانەوە پەیامەکانیان پێدەگات، ژۆزێڤ تی کلاپێر(Joseph T Klapper) لە پێناسەی پەیوەندیی جەماوەریدا، دەڵێت: ((پێوەندی جەماوەری، بە واتای گەیاندنی زانیاری، هزر و ڕوانگەکانی لە ڕێگەی ئامرازەکانی پێوەندییەوە و وەرگرتنی ئەم زانیارییانەیە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە یەک کاتدا)) (سورخی، ٢٠٠٨: ١٣) هەروەها پەیوەندیکردنەکەش پێیدەوترێت، پەیوەندیی ئامێریی مرۆیی، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدەدرێت، ئەمەش دەچێتە ناو پرۆسەی پەیوەندیکردنەوە.(ابراهيم و الاخرون، ١٩٩٦: ٨٧)

٣- ئەركی بەردەوامی پەیوەندیكردن:  بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، لەیەكگەیشتن یان لێكتێگەیشتن لە نێوان كەسەكاندا، پەیوەندیی نێوان كەسەكان بەردەوام دەكات، ئەگەر تێگەیشتنەكە ڕوونەدات ئەوا پەیوەندییەكەش ڕوونادات و بەردەوام نابێت، چونكە بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییەک پێویستە تێگەیشتن بێتەدی، ئەگەر نا پەیوەندییەكە دروست نابێت(محەمەد، ٢٠١٢: ٥٨)، ئەمەش پەیوەستە بە دووخاڵی سەرەكی، لەوانە:

١- بەكارهێنانی سیستەمێكی هێمایی هاوبەش، كە خەڵک لەسەر بەكارهێنانی هێمای دیاركراو ڕێككەوتوون، كە هەڵگری واتان بۆ شتە دیاركراوەكان.

٢- پەیوەندیكردن، پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕكردنی واتا، تاكەكانی كۆمەڵ بەهۆی ئەو هێمایانەی لەسەری ڕێككەوتوون و ڕاهاتوون، بۆ تێگەیشتنی نێوانیان بیرۆكە و زانیارییەكانیان ئاڵوگۆڕ دەكەن و پەیوەندی دروستدەكەن. (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩: ٢٣)

كەواتە، لە كاتی ئەنجامدانی پەیوەندیكردن بۆ ئەوەی پەیوەندیەكە بەردەوام بێت، پێویستە تێگەیشتن لە هێما زمانییەكان بێتە ئاراوە، ئەو تێگەیشتنەش بێگومان لە ڕێگەی زمانێكی هاوبەش بۆ هاوزمانان دێتەئارا.

جگە لەمانەش، یەكێكی تر لەو ئەركانەی لە ئەستۆی ڕاگەیاندندایە، پاراستن و گەشەپێدان و فراوانكردنی ئەركی زمانە؛ چونكە پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و زمان پەیوەندییەكی كارلێكردن و كارلێكراوە، پەیوەندییە كارلێكردنەكەش لە نێوانیاندا پەیوەندیی گەشەپێدانی زمانە. چونكە ڕاگەیاندنەكان بە هەموو جۆرەكانیەوە لە دروستكردن و داڕشتنی وشەی نوێ و لەبیركردنی هەندێک وشەی تر بەشدارن. توانای ڕاگەیاندن بۆ فێربوون و گەشەكردنی زمان هەر لە بوارێكدا نییە، بەڵكو گونجاوە بۆ هەموو لایەنێكی زمانەوانی، وەک: نووسین، خوێندنەوە، وشەسازی و ڕستەسازی.(ئیبتسام، ٢٠١٣: ٩٥) هەروەها زمانیش لە بنەما سەرەكیەكانی گەشەكردنی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دەژمێردرێت، چونكە لە هەموو جۆرەكانی ڕاگەیاندندا زمان بە هەموو ئاست و لایەنەكانی ڕۆڵی گرنگ لە بەڕێوەبردنیاندا دەگێڕن، واتە ڕاگەیاندن لە هەموو دیاردەكانی تر زیاتر كار بە زمان دەكات، بۆیەش كاریگەرییەكانی لەسەر زمان لە هەموو بوارەكانی تری وەک پەرەپێدان و پاراستنی كەلتووری نەتەوایەتیشدا هەیە.

**٢-٢-٢: کارامەییە زمانییەکانی ڕاگەیاندنکاران:**

کارامەییە زمانییەکان لای ڕاگەیاندنکاران بە چەند خاڵێک دەستنیشان دەکەین، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- مەرجی سەرەکی ڕاگەیاندنکار ئەوەیە، گرنگی بە ڕێزمان و زمانی دایک بدات، زمانی دەوڵەمەند و پاراو بێت، لە ڕووی وشە و ڕستە و دەربڕینەوە، هەروەها لە ڕووی زمانەوانی و ڕستەسازی و دارشتنی وشەوە بە توانا بێت و بتوانێت دەقەکان بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بخاتە ڕوو.( پێندرۆیی، ٢٠١٠: ٣٦) واتە پێویستە خاوەن کارامەیی بیت، لە بەکارهێنانی زمان لە ڕووی دەنگسازی و ڕێزمانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

٢- لە نووسیندا پێویستە ڕاگەیاندنکار ڕەچاوی خاڵبەندی بکات، چونکە بەهۆی خاڵبەندییەوە دەتوانرێت یەک ڕستە بە سێ شێوەی(هەواڵدان، پرسیار، سەرسورمان) بنووسرێت، بایەخی خاڵبەندی لە ڕێنووس کەمتر نییە(Crystal, 2010 :60-61)، چونکە جوانی دەبەخشێتە نووسین و وادەکات خوێنەر دەقەکان بەبێ هەڵەتێگەیشتن بخوێنێتەوە و لە هەڵە پارێزراو بێت. ئەم بایەخە بۆ زۆربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگە، چونکە زمانی نووسین لە زۆربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی کارا ڕۆلی خۆی دەگێرێت.

٣- بەکارنەهینانی وشە کورتکراوەکان.

٤- بەکارنەهێنانی وشە تازە دروستبووەکان بە شێوەی ئەکرۆنیم.

٥- یارینەکردن لەگەڵ فۆرم و شێوەی وشە و پیتەکان. (سەجادی، ٢٠١١: ٤٦)

٦- گۆکردنی پیتەکان لە سازگەکانیانەوە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، تاکو بەڕەوانی بگەنە گوێگر، بۆ وشە و ڕستە و دەستەواژەکانیش بەهەمان شێوە.(ڕەمەزان، ٢٠١٤: ٦٥) هەروەها هەرکاتێک وشە یا وشەگەلێک لە زمانێکی ترەوە وەربگیرێت، دەبێت بخرێتە ژێر سیستەمی دەنگی زمانی خۆماڵی و لە ڕووی دەنگسازیەوە وەکو ئەندامێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. بۆیە ئەو کاتە وشەیێک لە زمانێکی تردا قبووڵ دەکرێت، ئەگەر بێت و ئەو زمانە هەر گۆڕانکارییێک پێویست بێت بەسەر ئەو وشەیەدا بیهێنێت تا خۆی لەگەڵ سیستەمی گشتی ئەو زمانەدا ڕێکبخات. ئەمە یاساییێکی گشتییە کە هەموو زمانەکان دەگرێتەوە(باطنی، ١٣٩٠: ٢٠٨).

٧- ڕیزبەندی دروست و دیارکراو لە ئاخاوتندا، بە شێوەیەک یارمەتیدەر بێت بۆ جێبەجێکردنی مەبەست و ئامانجی ئاخێوەر و گوێگر، وەکو ڕوونکردنەوەی بیرۆکە و قایلکردنی گوێگر، واتە ئەگەر ئاخێوەر کارامە نەبێت لە پێشکەشکردنی بیروبۆچوونەکانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، ناتوانی مەبەستی پەیامەکە بپێکێت.

٨- ڕێزبەندییەکی لۆژیکی بۆ بیروبۆچوونەکان، وێڕای یەکگرتوویی بابەتەکە بە شێوەی پلەبەندی بۆ تێگەیاندنی گوێگران و دەرنەچوون لە بابەتی سەرەکی بۆ بابەتی لاوەکی، چونکە گوێگر لە بابەتە سەرەکییەکە دووردەخاتەوە.

٩- ئاخاوتن بە دەنگێکی پێویست و خێرایی و ئاواز و ڕیتمێکی گونجاو بۆ سروشتی بابەتەکە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاستی وەرگر (ڕەمەزان، ٢٠١٤: ٦٥)، چونکە مرۆڤ ئەگەر بە خێراییکی زیاد لە پێویست قسە بکات، ئەوا وەرگری پەیام تەمومژی بۆ دروستدەبێت و لە پەیامەکە ناگات.

١٠ - دەبێت توانای ئەوەی هەبێت، خۆی لەگەڵ جەماوەردا بگونجێنێت بە گوێرەی ئاستەکانیان، لە ڕووی ڕۆشنبیری و هزری و کۆمەلایەتییەوە، بەتایبەتی هەر کۆمەڵێک زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لێی تێدەگەن و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن و لەگەڵی دەجوڵێنەوە، چونکە ئەو زمانەی کە لەناو چینی کرێکاردا باوە، جیایە لەو زمانەی کە لەناو چینی جوتیار و ڕۆشبیرەکاندا باوە(پێندرۆیی، ٢٠١٠: ٣٦).

١١- زیادەڕۆیی نەکردن لە گوزارشتکردن بۆ واتای پێویست.

١٢- دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی بێزارکەر لە کاتی ئاخاوتن.

١٣- بەکارهێنانی زمانی جەستە بە شێوەیەک، کە بۆ تێگەیاندنی بەرانبەر لە کەناڵە بینراوەکان تەواوکەری ئاخاوتنەکە بێت(ڕەمەزان، ٢٠١٤: ٦٥ — ٦٦).

١٤- بەرژەوەندیی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بپارێزێت، چونکە ڕاگەیاندن بە دەسەلاتی چوارەم ناونراوە و لەم سەردەمی جیهانگەراییەدا بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە، بۆیە دەبێت ڕۆژنامەنووس زۆر بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ پیشەکەیدا بکات و هەمیشە بەرژەوەندیی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بخاتە بەرایی بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی و ئەم بەها و پرەنسیپانە بکاتە ستراتیژ(پێندرۆیی،٢٠١٠: ٣٧).

١٥- ڕاگەیاندنکار پێویستە زۆر گرنگی بە زمان بدات و کەسێکی فرەزمان و فرەزار بێت، چەند زمان بزانێت ئەوەندە گرنگە، هەروەها دەتوانێت، لە ڕێگەی زانینی ئەو زار و زمانانە ئاسۆی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی خۆی فراوانتر بکات.

**٢-٢-٣ : زمانی ڕاگەیاندن:**

زمان لە ڕاگەیاندندا، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی لە بەرجەستەکردنی خۆیدا دەگێڕێت، لەم بوارەدا بە درێژایی مێژوو پەرەیسەندووە، بەردەوام لە هەوڵدا بووە، بۆ هاوتەریب بوونی لەگەڵ هەموو ئەو داهێنانانەی لە ناو ژیانی مرۆڤدا هاتوونەتە ئارا.

زمانی ڕاگەیاندن لەگەڵ جیاوازیی لە جۆرەکانیدا (مەبەست لە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نووسراوە)، لە ڕووی داڕشتن و هەڵبژاردنی وشەدا وا دەخوازێت زمانێکی سادە و بێ گرێ و زیندوو بێت، تاکو زۆرترین خەڵک لە پەیامەکان تێبیگات(سورمێ، ٢٠٠٥: ٧٧)، لەبەرئەوەی ئەو زمانەی کە لە ڕاگەیاندن بەکاردێت بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ ئاڕاستە دەکرێت. هەر لەبەر ئەمەشە دەستەواژە و دەربڕینە داهێنراوەکانی نێو زمانی ڕاگەیاندن خێرا بڵاو دەبنەوە و دەچنە ناو زمانی خەڵک، تەنانەت ئەگەر هەندێکجار ئەو دەستەواژە و دەربڕینانە هیچ بنەمایەکی زانستی و زمانەوانیشیان نەبێت، یان تەنانەت ئەگەر هەڵەش بن، بۆ نموونە زاراوەی(کەرەنتین) بە واتای دابڕاندنی کەسێک، یان ئاژەڵێکی پەتادارە، و دوورخستنەوەیەتی لە خەڵک، نەوەک پەتاکەیان بگوێزرێتەوە بۆ کەسانی تر و بڵاوبێتەوە. یان شوێنێک پەتا و دەردی تێدا دەردەکەوێت، پەرژین دەکرێت تا کەس نزیکی نەکەوێت. وشەی کەرەنتین لە زمانی ئیتالییەوە وەرگیراوە (quaranta giorni) کە بە واتای (چل شەو) دێت. لە شێوەزاری ناوچەی (ڤینیس) لە سەدەی چواردەمدا، لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوون (مردنی ڕەش) بەکار دەهێنرا، وەک زاراوەیێک بۆ ئەو ماوەیەی (کە ٤٠ ڕۆژ بوو) پاپۆڕەکان دوورەپەرێز لە نێو دەریادا ڕادەگیران و نەیاندەهێشت نزیک کەنار بکەونەوە و کەسی لێدابەزێت. دوای ئەو چل ڕۆژە گەر هیچ کەسێک تاعوونی لێ دەرنەکەوتبوایە، ئینجا ڕێگەیان پێدەدرا، بێنە کەنار و دابەزن. ئەمە وەک زاراوەیێکی بواری تەندروستی چووە ناو فەرهەنگی زانستیی جیهانی و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە کەوتە زمانەکانی تر بە واتای (جیاکردنەوە و دابڕاندنی پەتادار) کە واتاکەی زۆر لە واتای(چل شەو) دوورە(History of Quaranttine، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٠/١٠/١٥)[١]،بەڵام بەهۆی

[١] بۆ زیاتر ئاشنابوون لەبارەی مێژووی بەکارهێنانەکانی ئەم وشەیە، سەردانی سایتی (https://www.cdc.gov/quarantine/historyquarantine.html)

بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی فراوان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، وشەکە جێگیر بووە و لە لایەن کەسانی خوێندەوار و نەخوێندەوار بە فراوانی بەکاردەهێنرێت، بەپێچەوانەشەوە هەندێکجار هەندێک وشە لەلایەن کەسانی شارەزا و دامەزراوەی پسپۆرەوە لە ڕێگەی(دارشتن، لێکدان، خوازە، وەرگرتن، وەرگێران)ەوە هەوڵی جێگیرکردن و بڵاوبوونەوەیان دەدرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وەکو پێویست بەکارنایەن، ئەوا لە شوێنی خۆیان دەوەستن و پاش ماوەیەک لە بیر دەچنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو وشە و زاراوانە بنەمای زانستیشیان هەبێت(قادر، ٢٠١٣: ١٨٩)، بۆ نموونە، وشەکانی(دەنگەوەر، دیتنۆک، بیستۆک) کە لەجیاتی وشەکانی (میکرفۆن، تەلەفزیۆن، تەلەفۆن)دانران، بەڵام ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لە ڕاگەیاندنەکان بەکارنەهاتن و خەڵکیش بەکارینەهێنان، بۆیە ڕاگەیاندن بەرپرسیاریەتییەکی گەورە لەئەستۆدەگرێت، چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تاک و کۆمەڵدا هەیە، کاریگەرییەکانیشی ئەو کاتانە بەرجەستە دەبێت، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زمانێک بەکاربهێنن، کە ڕوون و سادە و ساکار بێت، واتە وشەکان و دەربڕینەکانی بەجۆرێک نەبن، کە واتای جیاواز لای وەرگر دروستبکات و لەمپەر و ئاستەنگی بۆ وەرگر دروستبکات(کەرکوکی، ٢٠٠٨: ٢٤)، واتە لە دەربڕینەکاندا، وشە و دەستەواژە و ڕستەی ڕوون و زاراوەی باو بەکاربهێنرێت، ئەگەر پێویست بوو زاراوەیەکی نەناسراوە بەکاربهێنرێت، وشەکە بە ڕستەیەکی کورت ڕوونبکرێتەوە بۆ ئەوەی گوێگر تێبگات،(الشریف و ندا، ٢٠٠٤: ٦٩– ٧٠) ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکە دەبێت ئاگاداری گشت ئاڵوگۆر و وشە نوێیەکانی فەرهەنگی ئەو زمانە بێت، کە کاری پێدەکات، خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بێت. جگە لەمەش وشە و زاراوەکان دووربن لە زاراوەی زانستی یان ئەدەبی، کە تەنیا کەسانی ئاست بەرز لە ڕووی ڕۆشنبیری لێیتێدەگەن، لەبەرئەوەی پڕۆگرامەکان ئاڕاستەی هەموو جەماوەر دەکرێت، نەک تەنیا بۆ کەسانی تایبەتمەند. پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین، کە دەڵێین سادەیی لە زمانی ڕاگەیاندن، مەبەست زمانی قسەکردنی ڕۆژانە و بازار نییە، بەڵکو ئەو زمانەیە کە هەموو خەڵکی لێی تێبگات، و هاوکات لە یاسا و ڕێسا زمانەوانییەکانیش بەدەر نەبێت، واتە سادەیی بۆ ئەوەبێت، هەموو خەڵکی تێبگات، بە جیاوازی پاشخانی ئابووری و زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵاتییان(عومەر، ٢٠١٣: ٢٧). بۆیە ئەو زمانەی لە ڕاگەیاندن بەکاردێت، لە شێوەی نووسین و دەربڕین لە زمانی ئەدەبی و زمانی زانستی جیاوازە، بەجۆرێک کە زمانێک بێت، هەموو هاوزمانان تێبگەن، لەم بارەیەوە هەندێک لە پسپۆران زمانی ڕاگەیاندن بە زمانی ناوەند و هەندێک بە زمانی چوارەم یان جۆری چوارەمی زمان ناویدەنێن. بەشێوەیەک کە لە نێوان زمانی ئەدەبی و زمانی ڕۆژانەی خەڵکی

ئاسایی دایە، واتە شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی جۆرەکانی تری زمانی وەرگرتووە، بەشێوەیەک لە زمانی سادەی خەڵکی سیفەتی ئاسانی و ڕاستەوخۆیی و میللییەکەی وەربگرێت و لە زمانی ئەدەبی لە شێوەی دەربڕین و هونەرییەکەی وەربگرێت و لە زمانی زانستی شێوەی هزری و بابەتییەکەی وەربگرێت. (جواد، ١٩٩٨: ٩) ئەوەی گرنگە، زۆربەی زانایان پێیانوایە، کە زمانی ڕاگەیاندن، پێویستە بە زمانی هاوبەشی نەتەوەیی بێت، کە بە زمانی ستاندارد ناودەبرێت، پێویستە دووربێت لە زار و شێوەزاری ناوچەیی(سورمێ، ٢٠٠٥: ٧٧) چونکە زمانی ڕاگەیاندن بە زمانی ناوچەیی بەهێزنابێت، بەڵکوو لەهەموو بارەکاندا لەڕێگەی زمانی هاوبەش و زمانی ستاندارد بەهێز دەبێت، بەهۆی ئەوەی زمان لەم بوارە بەخێرایی گەورە و فراوان بڵاو دەبێتەوە.(شرف، ١٩٨٣: ٢١١) هەروەها لەلایەکی تریش، وا چاکە ڕاگەیاندن هەست بە کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵی خۆی بکات و لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا لەگەڵیاندا بەشدار بێت، بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ هاوڕایی و گونجان لەگەڵ میللەتەکەدا، ئەمەش وا دەکات کە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکەدا سەرکەوتوو بێت. (پێندرۆیی، ٢٠١٠: ٤٥) بەتایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان بەهۆی بەستانەوەیان بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە بەشێکن لە گەشەی تەکنۆلۆژی سەردەم، لە ڕووی چەمکە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکەیەوە، لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و نیشتیمانی و کەلتووری و ناسنامە ڕۆڵێکی باش دەگێڕن، جگە لەمەش کاریگەرییەکانی ئەم کەناڵانە لەسەر زمان ناشاردرێتەوە، بەتایبەتیش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زمان لە نێو چینەکانی گەل بەگشتی، لەبەرئەوەی زمانی ڕاگەیاندن پاڵنەرێکی باشە بۆ پتەوکردن و بنیاتنانی زمانی هاوبەش، لەم ڕووەوە هەنگاوی فراوانی بە ئاراستەی پێشکەوتن هاوێشتووە، ئامرازەکانیش بەپێی جۆریان ڕۆڵ و کاریگەرییەکانیان جیاوازە، بۆ نموونە ڕادیۆ کە لە جۆری ڕاگەیاندنی بیستراوە، کاریگەریەکەی بۆ فراوانکرنی گەنجینەی زمان لە نێو خەڵکی بەگشتی زۆر گەورەترە لە ڕۆژنامە، بەتایبەتیش بۆ یەکخستنی دەنگ و لێکنزیکردنەوەی دیالێکتەکان(شرف، ١٩٨٣: ٢١٠). هەروەها کاریگەریی کەناڵە ئاسمانیەکان زۆر لەمەش زیاترە، چونکە لەلایەک بینراو بیستراوە و لەلایەکی تر لە هەموو ماڵێکدایە و لەلایەکی تریش لە سنوورێکی جوگرافی بەرفراون هاوزمانان کۆدەکاتەوە. بۆیە بایەخدان بە زمانی ڕاگەیاندن و بەرەوپێشبردنی لەم بوارە گرنگەی سەردەم دەرفەتی دیکە بۆ پەرەسەندنی زمان دەڕەخسێنێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا، پێویستە ڕاگەیاندنکارانیش دەربڕین و گۆکردنی ئاخاوتنەکانیان ڕوون و ڕەوانیی واژە و دوور لەخەوشی دەربڕین بێت، بەجۆرێک ئەو واتایەی ئاراستەی

گوێگری دەکات بە مەبەستی تێگەیاندن و جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراو و ڕوون بێت و ئاخاوتنی گونجاویش پابەندە بە ڕێساکانی وەستان و هێز (سترێس)،چونکە لە کاتی ئاخاوتندا زۆرجار هەندێک بڕگەی وشە درێژتر و بەهێزتر گۆ دەکەن، مەبەست لەو هێزەیە کە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، بەگۆڕینی ئەو هێزە لەو بڕگەیەوە بۆ بڕگەیەکی تری ئەو وشەیە، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، یان دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە. واتە زۆر گرنگە ڕاگەیاندنکار ئاگاداری شوێن و سنووری هێزی سەر بڕگەکانی وشە بێت. بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرنگە ڕاگەیاندنکار لە هەموو وردەکارییەکانی زمان لە ڕووی دەنگسازی و ڕێزمان و واتا و ...هتد شارەزابێت (عەلی، ٢٠١٤: ٧٠)، جگە لەمەش وادەخوازێت ڕاگەیاندنکاران خاوەن زمانێکی دەوڵەمەند و پاراو بن و لە ڕووی زمانەوانی و ڕستەسازی و داڕشتنی وشەوە بە توانابن و بتوانن دەقەکان بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بخەنەڕوو و کاریگەریی لەسەر خوێنەران و بینەران و وەرگر بەجێبهێڵن و هەستیان بجوولێنن(پێندرۆیی، ٢٠١٠: ٣٦). ڕاگەیاندنکاران ئەگەر زمانی ئاسایی ڕۆژانەیان لە نووسینەوەی هەواڵێکدا بەکارهێنا، ئەوە زۆرجار لە تێڕوانینی خۆیانەوە ڕووداوەکان دەبینی و دەگوازێتەوە و ئەم زمانەش بەندە بە بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیا و هزری دەزگاکە، ڕەنگە زۆرجار لەگەڵ ڕووداوەکان جووت نەبێت. چونکە لە بەرژەوەندیی ڕاستی ڕووداوەکان کار ناکات، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی خودیی دەزگاکە دەبێت، لەبەرئەوەی کەناڵەکان زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتێک دەبن بەیەک و ڕاستی ڕووداوەکە بزر دەبێت و تێدەچێت، واتە نووسینەکان بابەتی نین و تێکەڵ بە بیروبۆچوون و تێروانین و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتێک یان لایەنێک یان ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو دەبن، داڕشتنەکەی لە بەرژەوەندیی ئەماندا دەبێت. بەڵام واتای بابەتیتی دروستکردنی زمانێکی بێلایەنە کە تەنیا ڕووداوەکان وەک کامیرایەکی ورد دەگوازێتەوە. بەجۆرێک کە لە زمانی بابەتی بیروبۆچوون و هەست و نەستی نووسەر جێگەی نابێتەوە(فەتاح، ٢٠١٣: ١٢-١٣).

کەواتە، پەیامەکانی زمانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی، بۆ بوارێکی پسپۆڕی زانستی دیاریکراو، چینێک، کۆمەڵێک، گروپێکی دیاریکراو ئاراستە ناکرێت، بۆیە پێویستە زمانێکی سادە و ڕەوان بەکاربێت و لەڕووی فەرهەنگییەوە، وشەی باوی تێدا بەکاربهێنرێت، بە شێوەیەک تا دەکرێت وشەی بیانی و ئاڵۆزی تێدا بەکارنەهێنرێت، هەروەها لەلایەکی تریش، دەخوازێت زمانی ستاندارد پەیڕەوبکرێت، بۆ ئەوەی بێلایەنی خۆی نیشانبدات لە ڕووی زار و شێوەزاری ناوچەیی، هەروەها بۆ ئەوەی لە کاتی گواستنەوەی زانیاری و پەخشکردنی بەرنامەکان هەموو چینەکانی کۆمەڵ بە ئاسانی تێیبگەن، واتە بە

جۆرێک بێت تاکەکانی پێکهاتەی خاوەن زمان لە پەیامەکان تێبگەن و هیچ تەمومژ و ناتێگەیشتنێک لە بابەتەکاندا نەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی تەواوی پێکهاتەی نەتەوە لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتی لەیەکتر نزیکبکاتەوە و ناسنامەی نەتەوەییان بەهێز و پتەوتر بکات.

دەکرێت گرنگترین تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن لە چەند خاڵێکدا چڕبکەینەوە، بە جۆرێک کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەپێی تایبەتمەندییان ڕەچاوی بکەن، بۆ ئەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی زمانییەوە خزمەت بە زمان بکەن، بە شێوەیەک، کە زمان بەرەو گەشەسەندن و پەرەسەندن ببەن و لە هەڕەشە و مەترسی زمانان بیپارێزن.

**٢-٢-٤: تایبەتمەندییە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن:**

زمان وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیام لە ڕاگەیاندنەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم بەکارهێنانە، پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، بەبێ سیاسەت و پلانی زمان نابێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەرێنی لە خزمەتی پەرەسەندنی زماندا بێت، لە چەند خاڵێکدا گرنگترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن دەستنیشان دەکەین:-

**٢-٢-٤-١: سادەیی و ڕەوانی:**

لە پێناو تێگەیشتنێکی زیاتری پەیام، پێویستە ناوەڕۆکی پەیام سادەبێت و بە ڕەوانیش داڕێژرابێت، بۆ ئەوەی وەرگران بە ئاسانی لێی تێبگەن، هەر بۆیە نێرەر سادەترین ئاستی زمان بەکاردەهێنێت، لە پێناو دواندنی وەرگر و تێگەیشتنی پەیامەکەی (کەرکوکی، ٢٠٠٨: ١١) ئەم سیمایە بە سیمای بەرز و نیشانەی هەرە گەورە و دیاری زمانی ڕاگەیاندن دادەنرێت، ئەمەش بۆ سروشتی ئامرازی ڕاگەیاندن لە لایەک و جەماوەرەکەی لە لایەکی تر دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر وشەیەک ڕوون نەبێت بینەر یان گوێگر ناتوانێت بۆی بگەڕێتەوە و پرسیار لە ناڕوونی بکات، هەروەها جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا، لە چین و توێژی جیاوازن، بۆیە پێویستە خۆیان دووربخەنەوە لە وشە و زاراوەی هاوواتا و نامۆ بە زمانی ئاخاوتن و نووسینی کۆمەڵ(الشرف و ندا، ٢٠٠٤: ٣٨). واتە پێویستە زمانی ڕاگەیاندن، کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و پێگە ئەلکترۆنییەکاندا بەکاردێت، بە زمانێکی ساکار و ڕێکوپێک بێت، دووربێت لە وشەی قورس و زاراوەی شاراوە، زمانێک بێت هەڵقوڵاوی زمانەکە خۆی بێت، بەجۆرێک خەڵکی خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیتێبگات(موتابچی، ٢٠١١: ٥٧). پێویستە تا دەکرێت وشەی باو و بڵاو لە

شوێنی وشەی نامۆ و نابڵاودا بەکاربێت، چونکە بەکارهێنانی وشەی نامۆ دەبێتەی هۆی ئەوەی کە جەماوەری وەرگر لە پەیامەکانی ڕاگەیاندن نەگات.

### ٢-٢-٤-٢: هاوچەرخییەتی و تازەگەری:

مەبەست لەم خەسڵەتە ئەوەیە کە وشە، زاراوە، دەستەواژە و پێکهاتەی ڕستەکان لەگەڵ گیانی سەردەم گونجاو بێت و لەگەڵ ئاوازی ڕستەکان هاوڕێک بێت، بە پێچەوانەوەش ڕستەی درێژ و ڕستەی لێکدراو و وشەی بیانی بۆ زمانی ڕاگەیاندن شیاو نین، تەنیا بۆ هەندێک بابەت و باری دیاریکراو نەبێت(الشرف و ندا، ٢٠٠٤: ٣٨). هەروەها پێویستە ئەگەر وشە و زاراوەی پێویست لە زمانی دایک هەبێت، پەنا بۆ زمانی بیانی نەبرێت، هەر چەندە ئەگەر زمان بەپێی پێویستی خۆی وشە و زاراوە لە زمانانی ترەوە بخوازێت ئاساییە و، بگرە سوودبەخشە بۆ زمانەکە و هیچ زیانێک بە زمان ناگەیێنێت(عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ١٣٧)، بەڵام پێویستە بخرێتە ژێر یاسا فۆنۆلۆژیەکانی زمانی دایک، چونکە بەگشتی مەترسیەکانی سەر زمانێک کاتێک سەرهەڵدەدات، کە سیستەمی دەنگی لەناو سیستەمی دەنگی زمانێکی تردا بتوێتەوە و فرێز و ڕستەکانیشی بەشێوەی فرێز و ڕستەکانی زمانێکی تر گۆبکرێن(کالفی، ٢٠١٢: ١٤٥)، واتە تا وشەی زمانی دایک هەبێت نابێت پەنا بۆ وشەی زمانی بیانی ببەین، هەروەها ئەگەر وشەی بیانیشمان بەکارهێنا پێویستە بخرێتە ژێر یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی دایک، بۆ نموونە لە زمانی کوردی کە وشەی (رمضان)مان لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە، هەم لە ڕووی گۆکردن و هەم لە ڕووی شێوە (فۆڕم) وشەکەمان بۆ (ڕەمەزان) گۆریوە، هەروەها وشەی (ثروة)مان بە هەمان شێوە بۆ (سەروەت) گۆڕیوە، ئەمەش بۆ هەموو وشەیەکی تری وەرگیراو ڕاستە، لێرەدا کاریگەریی ڕاگەیاندن دەردەکەوێت لە بەرەوپێشبردنی زمان، بە جۆرێک پێش ئەوەی وشە بیانییەکە بۆ جاری یەکەم بەکاربێنێت و بڵاویبکاتەوە هەوڵبدات وشەی کوردی تایبەت بە بابەتەکە بەکاربێنێت، چونکە دواتر کە وشەکە بڵاوبوویەوە و ڕۆیشت گەڕانەوەی ئاسان نییە، هەر وەک لە وشەی (دیتنۆک و دووچەرخەی ئاسنین) ڕوویدا، ئێستاکە هەرچەند وشەی کوردی دەقاودەقیان بۆ بدۆزینەوە شوێنی وشەی (پایسکل و تەلەفزیۆن) ناگرنەوە.

### ٢-٢-٤-٣: گونجاویی:

مەبەست لە گونجانی زمانە، لەگەڵ جۆری ئامرازی ڕاگەیاندن لە لایەک و ئاستی جەماوەر لەلایەکی تر، بۆ نموونە زمانی ڕادیۆ خاوەن تایبەتمەندییێکە پەیامەکانی تەنیا ئاراستەی ئەندامی بیستن دەکرێت، بۆیە پێویستە لە هەڵبژاردنی وشەکاندا ڕەچاوی ئەو

بابەته بکرێت. هەروەها زمانی ڕۆژنامە بۆ کەسانی خوێندەوارە لە بوارەکانی، وەکو: (کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، پەروەردەیی و ئابووری، ...هتد) ئاڕاستەی چاو دەکرێت، بۆ ئەمانیش بەهەمان شێوە پێویستە گونجاو بێت(الشرف و ندا، ٢٠٠٤: ٣٨). هەروەها کەناڵی ئاسمانی خاوەنی تایبەتمەندی زمانی نووسین و قسەکردن و گەیاندنی نازمانییە، بە هەرسێ لایەن پەیامەکانی ئاڕاستەی جەماوەر دەکات، واتە ئامرازێکی بینراو و بیستراو و نووسراوە.

کەواتە، مەرجی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە و تەنانەت ڕستە و گەورەتر لە ڕستەش ئەوەیە، کە پێویستە لەگەڵ ئاستی جەماوەری وەرگر بگونجێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتن لە نێوانیاندا ڕووبدات و پەیوەندیەکە بەردەوامی هەبێت، هەروەها پێویستە ڕەچاوی لایەنی باری کۆمەڵایەتی و دەروونیش بکرێت.

### ٢-٢-٤-٤: چێژداری و پاراوی:

ئەم تایبەتمەندییە مەبەست لێی ئەوەیە، ڕاگەیاندنکار لە بەکارهێنانی وشەکان توانای گێرانەوە و شیکردنەوە و وسفکردنی بابەتەکانیان بە شێوەیەکی زیندو و بە چێژ و کارامەیی و چێژ بەخشی هەبێت، چونکە جەماوەر هەمیشە بە تامەزرۆییەوە دەڕواننە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان، و لە وشە وشک و دەربڕینە بێزارکەرەکان دووردەکەونەوە.واتە پێویستە ڕاگەیاندنەکان زانیارییەکان بەشێوەیەکی زیاتر کاریگەر پێشکەش بە جەماوەر بکەن و هەستبزوێن بێت(پێندرۆیی، ٢٠١٠: ٣٢).

کەواتە، هەر کەس ئازادە چۆن گوزارشت لەخۆی دەکات، یان زمانی نووسین و شێوازی داڕشتنی چۆنە و لەچ ئاستێکدایە، بۆ ئەوەی ئەم تایبەتمەندییە دەستەبەربکات، بەڵام هیچ کەس لەوە ئازاد نییە لە ڕێساکانی زمان لابدات، یان دەستوورەکانی ڕێنووس و ڕێزمان بشێوێنێت، هەروەکو چۆن هەرکەسێک لە یاساکانی وڵات لابدات یان سەرپێچی بکات، ئەوا دەبێت سزای سەرپێچیەکەی وەربگرێت، هەر بەم شێوەیەش زمان و ڕێنووس و ڕێزمان، کۆمەڵێک ڕێسا و دەستووریان هەیە، پێویستە بە یاسا ڕێکبخرێن، ئەگە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن پابەند نەبێت و لێی لابدات دەچێتە ناو بازنەی سەرپێچیکردنەوە(قادر، ٢٠١٣: ١٧٨– ١٧٩).

### ٢-٢-٤-٥ : زمانی نەتەوە/ ستاندارد:

پێویستە زمان لە ڕاگەیاندندا بە زمانی ستاندارد/ زمانی نەتەوەیی بێت، لەبەرئەوەی زمانی ستاندارد زمانی فەرمی و بنەڕەتییە و بنەمای زمانی پەرلەمان و خوێندن و یاسا و

ڕاگەیاندن و ئەدەب و دامودەزگاکان و...نەتەوەیە، کە زمانێکی نموونەیی و پێوانەیە (لە ڕووی ئاخاوتن و نووسینەوە) دەربڕ و تۆمارکەری کەلتوور و ڕەسەنایەتی و دابونەریت و ...، هەر نەتەوە و کۆمەڵێکە، وەک زمانی هاوبەش، زمانێکی باو و باڵادەستە(حسێن، ٢٠١٦: ١٨٣).

لە ڕاگەیاندندا، شێوەی زمانی ستاندارد، زمانێکە لەسەرجەم جۆرەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و نووسراو و بینراو و خوێنراو بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە هەریەک لەم جۆرانەی ڕاگەیاندن لە بەکارهێنانی زماندا جیاوازن، لە پلەی ستانداردیدا، بۆ نموونە شێوەی زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، لەگەڵ شێوەی زمانی ڕۆژنامەدا جیاوازە، تەنانەت لە تەلەفزیۆن لە بەشی هەواڵ و گوتاری نووسراو پلەی ستانداردیان پەسەندتر و بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ بەرنامە جۆراوجۆرەکانی دیکە(خۆشناو، ٢٠١٣: ٨٦ –٨٧).

ئەم زمانە، یەکێک لە سیفەتە گرنگەکانی ئەوەیە: تاکەکان لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، سیاسیەکان بە زمانی نەتەوە دەیناسێنن(شرف، ١٩٨٣: ٢٥ – ٢٦)، لەبەرئەوەی زمان بەهۆی ڕەوشی پەلهاویشتنی و بڵاوبوونەوەی دەبێتە زمانی هاوبەشی نەتەوە و دەوڵەت(سابیر، ٢٠١٤: ٢٦)، واتە ئەو زمانەی کە لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت، پێویستە پەیامنێران و وەرگرانی تێیبگەن، ئەویش بە بەکارهێنانی دەربڕینێک کە بە لای هیچیانەوە نامۆ نەبێت، بۆ نموونە ئەو کەسەی زمانی تورکی نەزانێت لە کردنەوەی کۆدی ئەو هێمایانەی گوێبیستدەبێت و بەم زمانە داڕێژراون، شکستدێنێت و سەرکەوتوو نابێت، هەروەها بابەتی کردنەوەی هێمای زمانی (کۆد)، هەر تەنیا پەیوەست نییە بە جیاوازی لە هێماکانی نێوان دوو زمانی جیاواز، زۆرجار تێگەیشتن لە نێوان هێما زمانییەکانی زارە جیاوازەکانی زمانێکیشدا ڕوو نادات، بۆ نموونە زاری لوڕی و زاری ناوەڕاست ، یان هەورامی و زاری ناوەڕاست، یان لە نێوان زاری ژووروو و زاری ناوەڕاستدا لە زمانی کوردیدا ، زۆرجار تێگەیشتن ڕوونادات، بەڵام ئەگەر زمانێکی ستاندارد و هاوبەشی باو هەبێت هەموو لایەک لێیتێیدەگەن.

### ٢-٢-٤-٦: زمانی نووسین/ ئەلفبێ و ڕێنووسی یەکگرتوو:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەم بارەیەوە جۆراوجۆرن، بە جۆرێک هەندێکیان تەنیا پشت بە زمانی نووسین دەبەستن، هەندێکی تریان پشت بە زمانی ئاخاوتن دەبەستن، هەروەها هەشیانە، پشت بە زمانی نووسین و ئاخاوتن دەبەستن، لە ئێستادا زمانی نووسین بایەخێکی زۆری لە ڕاگەیاندندا هەیە. ئەلفبێ، کە سیستەمی نووسینی زمانە، بە یەکێک لە گەورەترین

داهێنانەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە دەتوانین هەموو شتێک بەهۆیەوە بنووسین و زۆر لە کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤی پێ ڕێکبخەین) (Crystal, 2010: 109) .

هەر زمانێک خاوەنی ئەلفبێ و ڕێنووسی یەکگرتووی تایبەت بە خۆیەتی، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش پەیڕەوی دەکەن. بەپێچەوانەوەشەوە بەکارهێنانی چەند جۆرێک لە ئەلفبێ و ڕێنووس لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا بەهۆکارێک دادەنرێت، بۆ دوورخستنەوەی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی زمانێکی دیاریکراو لەیەکتری، هەروەها بۆ زمان بە ئاستەنگ دادەنرێت، ئەگەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەک شێواز نووسین بەکارنەهێنن، ئەوا هەمووان دەتوانن تێبگەن، بەڵام ئەگەر هەریەکە شێوازی تایبەت بە خۆی بەکاربێنێت، ئەوا ناتوانین لەیەکتری تێبگەن، زمانی ئینگلیزی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شێوازێکی ڕێنووسی ستانداردی نەبوو، بەڵکو خەڵکی بە چ زارێک قسەیدەکرد، بەو زارەش دەینووسی، لە باشووری بەریتانیا خەڵکی ڕێنووسەکانیان ڕەنگدانەوەی شێوەزاری باشور بوو، خەڵکی باکووریش ڕێنووسەکانیان جیاواز بوو، چونکە ڕەنگدانەوەی شێوەزاری باکووربوو( Crystal، 2010 : 54 ) لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانیشدا، بۆ زمانی کوردی هەمەجۆری لە بەکارهێنانی ئەلفبێ و ڕێنووس بەدیدەکرێت، واتە؛ ڕێنووس و ئەلفبێی یەکگرتوو پەیڕەوناکرێت، جگە لە ڕێنووس و ئەلفبێ، خاڵبەندیش لایەنێکی دیکەی زمانی نووسینە کە نابێت فەرامۆشبکرێت، چونکە یارمەتیی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە نووسینەکە بگات و نووسینەکە لە هەموو ناڕوونی و تەمومژیەک دووردەخاتەوە(عومەر، ٢٠١٣: ٢٦)، هەروەها لە لایەکی تر ئەلفبێ لایەنێکی گرنگی زمان و ناسنامەی کەلتووری پێکدێنێت(سابیر،٢٠١٤: ٧١).

### ٢-٢-٤-٧: کورتبڕی:

ئەم تایبەتمەندییە تایبەتە بە سروشتی سنورداری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەک و سروشتی جەماوەر لەلایەکی دیکە، کە توانای بەدواداچوونی بابەتە درێژدادڕەکانیان نییە، هەرچەندە قەبارەی ڕۆژنامەکان گەورە بێت ژمارەی لاپەرەکانی سنووردارن، بۆیە پێویستە نووسینەکانیش بەپێی قەبارەی ڕۆژنامەکان بێت، هەروەها هەر چەند کاتی بەرنامە زۆر بێت بابەتەکان زۆرترن. واتە پێویستە کورتبڕ بین و زمانیش ئەم توانایەی هەیە، بەبێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ناوەڕۆک هەبێت(عومەر، ٢٠١٣: ٢٥). جگە لەمەش تایبەتمەندیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەندێک جار دەخوازێت، بابەتەکان چڕبن و درێژدادڕی تێدا نەبێت، بۆ نموونە، لە ڕۆژنامەدا مرۆڤ دەکرێت، هەر وەختێک بیەوێت لە ڕووی زمانییەوە

بەسەریدا بچێتەوە، بەڵام ئەمە جیایە لەگەڵ زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کە بەتەنیا یەک جار دەبیسترێت و دووبارە نابیتەوە، ئەگەر تۆمارنەکرێت، کەواتە پێویست دەکات زمانی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ سادە و ئاشکراو کورتبێت، چونکە ئەو ڕستانەی درێژ و ئاڵۆزن چەند بیرێکیان تێدایە، تێگەیشتنیان گرانترە لە ڕستە سادەکان و قورسایی زیاتر دەخاتە سەر یادگە(عبده، ١٩٨٤: ٢٨)، لەبەرئەوەی شیکردنەوەی زانیارییەکان و کردنەوەی کۆدەکان لە ڕستە سادەکان جەماوەری وەرگر کەمتر ماندوو دەکات، ڕستە سادەکان ژمارەی وشەکانی کەمترە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕستەی ئاڵۆز و لێکدراو درێژترن و وشەکانیان زیاترن، بەمەش ئەرکی قسەکەر قورستر دەبێت و کاتی زیاتری پێویستە تا زانیارییەکان شیدەکرێنەوە؛ بۆیە واباشە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی کەناڵی بینراو زیاتر ڕستەی سادە بەکاربهێنن.

**٢-٢-٤-٨: فراوانی:**

مەبەست ئەوەیە ژمارەی وشەکان و یەکە واتاییەکان بۆ زمانی ڕاگەیاندن هەمەجۆر و فراوان بن، تاکو توانای پڕکردنەوەی پێویستیە جۆربەجۆرەکانی هەبێت، لەبەرئەوەی زمانی ڕاگەیاندن خۆی فراوانە و بە هۆی وەرگرتن و وەرگێڕانی وشە و زاراوەی نوێ لە ئاکامی پەیوەندی لەگەڵ کەلتوورە جیاوازە جۆراوجۆرە دەرەکییەکاندا ڕۆژانەش لە فراوانبووندایە(الشرف و ندا، ٢٠٠٤: ٣٩)، چونکە بوارەکانی ڕاگەیاندن هەموو لایەکی ژیانی کۆمەڵایەتی گرتۆتەوە، بە جۆرێک تایبەتمەندییەکانی لە بواری (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، تەندروستی، هونەری، ....هتد) دەگرێتەوە، هەریەک لەم بوارانەش وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها ئەوەش بەدیدەکەین، کەوا کەلتووریش شیاوە بۆ بڵاوبوونەوە و گواستنەوەی لە ناوەندێکی کەلتوورییەوە بۆ ناوەندێکی دیکەی کەلتووری، هەموو ئەوانەش پێویستییان بە فراوانی فەرهەنگی زمانی ڕاگەیاندن هەیە.

**٢-٢-٤-٩: توانای گەشەسەندن:**

زمانی مرۆڤ وەستاو نییە، بەڵکو گۆڕانی زمانی مرۆڤ لە دۆخی ئەمڕۆدا حاشاهەڵنەگرە، ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی زماندا هەیە، لایەنێکیان پەیوەندیی بە هۆی ناوەوەی زمانەوە هەیە، وەکو گۆران لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و، لایەنێکی تریان پەیوەندیی بە وەرگرتنی وشە و زاراوە و کەرەستەی زمانییە لە زمانە خزم و بیانییەکانەوە هەیە(یەعقوبی، ٢٠٠٧: ٧-٨)، ئەمەش سیمایەکی دیاری زمانی ڕاگەیاندنە، بۆ نموونە، ئەگەر گوێ لە بەرنامەییێکی ڕادیۆ لە ساڵانی سییەکانی سەدەی

ڕابردوو بگرین، ئەوا زمانی وەکو زمانی پەنجاکان و شەستەکان نییە و زمانی ئەوانیش لەگەڵ زمانی سەردەمی نەودەکان جیاوازە، هەروەها زمانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەم ساڵانەی دوایشدا تەواو لە هەموو ئەوانی پێشوو باسکران جیاوازترن، ڕاستە گرفت و هەڵەی تێدا دەبینرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی زۆر گەورەی لە دەربڕینی و سەرنجڕاکێشاندا هەیە(الشرف و ندا، ٢٠٠٤: ٣٩)، چونکە زمان هەرگیز و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بە وەستاوی بمێنێتەوە، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردنی لەسەرخۆیە، ڕێژەی گۆڕانەکەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و بەپێی هەلومەرجی زمانەکان دەگۆڕێت(عبدالتواب، ١٩٩٧: ١٠)، بەڵام لەم سەردەمەدا بە هۆی زۆری ژمارە و هەمەجۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، گۆڕان و گەشەی زمانیش لە زمانێک بۆ زمانێکیتر بەپێی ڕێژەی بەکارهێنانیان لەم ئامرازانە جیاوازە.

### ٢-٢-٥ : زمان و ڕەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن:

پرۆسەی گەیاندن مەبەست لێی گواستنەوەی ئەو پەیامەیە کە زانیاری هەڵگرتووە، یان گواستنەوەی هەستێکە بۆ کەسی وەرگر بە هەر مەبەستێک بێت، بێگومان لە پرۆسەی گەیاندندا زمان ئامرازی سەرەکییە، کە وەک ئامرازێک ڕۆڵی گرنگ و کارای بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە نێرەرەوە بۆ وەرگری پەیام هەیە، بەردەوامی پرۆسەکەش بە گەیشتنی زانیارییەکانە بۆ وەرگر، ئەگەر تێگەیشتن لە پەیوەندیکردنەکە دروست نەبێت، واتە گەیاندنەکە دروست نییە، ئەمەش هۆیەکەی مەرج نییە پەیوەست بێت بە وەرگرەوە، چونکە کۆمەڵێک ڕەگەزی بنچینەیی بە هاوبەشی  لە پرۆسەی گەیاندنی پەیامدا بەشدارن، ئەگەر ئاریشە لە هەر ڕەگەزێکدا هەبێت، ئەوا ئاستەنگی بۆ پرۆسەی گەیاندن دروست دەبێت.

### گرنگترین ڕەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن بریتیین لە:

### یەکەم / بەرهەمهێنی بابەتی ڕاگەیاندن (نێرەر):

مەبەست لەم پێکهاتەیە سەرچاوەی پەیامە، کە لایەنی یەکەمە لە کردەی پەیوەندیدا، ئەو لایەنەیە کە پەیامەکە ئامادە دەکات و دەینێرێت بۆ وەرگر، پێویستە بیر و بۆچوون و مەبەست و زانیاریی پێبێت.( کەرکوکی، ٢٠٠٨: ٧)  نێرەر ئەو کۆدانە[1] دەستنیشاندەکات کە لەگەڵ پلە و پایەی وەرگردا دەگونجێت، هەروەها دەبێت شارەزایی زمان و چۆنیەتیی

---

[1] کۆد زاراوەیەکی زانستی هێما و هێمادانانە ،نێرەر واتا و بیرەکەی دەکات بە فۆرم و دەینێرێت بۆ وەرگر، وەرگریش کۆدەکە شیدەکاتەوە و لێکیدەداتەوە،  یەکە زمانییەکانی وەک مۆرفیم و وشە و ڕستە ،...هتد لە هەر زمانێکدا کۆدن.

بەکارهێنانی زمانەکە ببێت، واتە پەیامەکانی لەگەڵ یاساکانی زمانەکە و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانەکە و کۆمەڵەکە بگونجێت و شیاوبێت، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکە لەگەڵ وەرگردا بەردەوام بێت. ئەمەشیان دەشێت کەسێک بێت یان دەزگا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بن، بۆ نموونە کۆمپانیا ڕاگەیاندنکارە گەورەکان، یان ئەو کۆمپانیایانەی کە سنوری کیشوەر، یان نەتەوەیان تێپەراندووە، هەوڵیانداوە بازاری بەکاربەر قۆرخبکەن، کە ئەوانیش چوار دەزگای هەواڵی جیهانین و، ناسراون بە ناوی ڕاگەیاندنە گەورەکان، ئەوانیش دووانیان ئەمریکین، ئەسۆشیەتدپرێس و یونایتد پریس، رۆیتەرزی بەریتانی و فرانس پرێسی فەرەنسی.( جردات، ٢٠١٣: ٦٤٦) کە دەسەڵاتێکی گەورە و فراوانیان لە بەرهەمهێنانی بابەت و هەواڵ بۆ تۆڕەکانی هەواڵی جیهانی هەیە.

**دووەم/ ناوەڕۆکی بابەتی ڕاگەیاندن(پەیام):**

مەبەست لە ناوەڕۆکی بابەتی ڕاگەیاندن، ئەو زانیاری و ڕاوبۆچوون و هەست و ئاڕاستانەیە، کە نێرەر مەبەستیەتی لە ڕێگای هێما دەنگییەکانەوە بە کەسانی دیکەی بگەیێنێت، کە بەشێوەی ئاخاوتن یان نووسین یانیش ئاماژە، یانیش تێکەڵەیەک لە هەموویان بێت، لە ڕێگەی کەناڵی پەیوەندیکردنەوە بۆ وەرگری دەنێرێت(الشجیری، ٢٠٠٢: ١١٥)، بۆ گەیشتنی پەیامەکەش پێویستە ئەو هێما و کۆدانە لەلایەن وەرگر و نێرەرەوە توانای تێگەیشتنیان هەبێت، هەروەها بۆ ئەمەش پێویستە نێرەر لە کاتی داڕشتنی پەیامدا ڕەچاوی کەلتوور و داب و نەریت و پێگە و باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی جەماوەری وەرگر بکات(دزەیی، ٢٠١٤: ٥٠)، جگە لەمەش ناوەڕۆکی بابەتی ڕاگەیاندن، بەرزترین جۆری قۆرخکارییە و ترسناکترینیشیانە لەسەر وەرگر، بوارێکی زۆر فراوان لە زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەگرێتەوە، یان ئەوەی کە دەکرێت لە دوو ڕەهەندا کۆبکرێنەوە، یەکەمیان: پەیوەندیی بە ئاڕاستەکان و بەها و جۆرەکانی ڕەفتارە، دووەمیان: پەیوەندیی بە جۆرەکانی ڕێکخستن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانە. ترسناکی ناوەڕۆک یان پەیام لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەندێک جار لەوەدا حەشاردراوە، کە لە سەرچاوەیەک، یان بەرهەمهێنەرێکی ڕۆژئاوایی دەنێردرێت بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم، مەترسیەکەشی بۆ سەر زمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە زمانە بڵاوەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی ..هتد، پەیامەکانیان ئاراستە دەکەن(جردات، ٢٠١٣: ٦٤٦)، یان ئەگەر بێت و بە زار و شێوەزارە ناوچەییەکان پەیامەکانیان ئاراستە بکەن.

جگەلەمانەش، سێ هۆکاری تری گرنگ، کاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیاندنەوە هەیە، کە بریتین لە:

١- جۆر و ناوەرۆکی ڕاگەیاندن: ئایا ئەو دەقەی بۆ کام جۆری ڕاگەیاندنە، بینراو، بیستراو، یان نووسراو؟ چونکە هەر جۆرێکیان شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیاوازن لە یەکتری.

٢- ڕێسا و یاسا زمانییەکان (بەهەموو ئاستەکانەوە): ئەم ڕێسا و تایبەتمەندییە، فۆرم و واتا و چەمکی وشە و گرێ و ڕستەکان دەگرێتەوە، کە هەر زمانە و خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، کە هەر لادانێک لە یاسا و ڕێساکان کاریگەرییان لەسەر واتا و تێگەیشتن هەیە، دەقیش بە کۆمەڵێک وشە و ڕستەی واتادار دەوترێت، کە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراون.

٣- وەرگر: کۆمەڵە کەسانێکی پەرش و بڵاو و نەناسراون، لە گروپ و توێژ و تەمەنی جیاجیای کۆمەڵن، ئەو گروپانە لە بواری کۆمەڵایەتییدا جیاوازن، سەرباری ئەوەش لە یەک خاڵدا هاوبەشن، ئەویش پەیوەندیی دروستکردنە لەگەڵ بەرنامەکاندا(جراد، ٢٠١٣: ٢٨).

**سێیەم/ جەماوەری وەرگر:**

وەرگر ئەو کەسەیە کە پەیامی ئاراستە دەکرێت و وەریدەگرێت، دواتر هێماکان دەکاتەوە و هەوڵدەدات درک بە واتاکان بکات، ئەو کاتە نێرەر لە گەیاندنی پەیام بە وەرگر سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر وەرگر لە پەیامەکە گەیشتبێت. واتە، پێویستە وەرگری پەیام توانای تێگەیشتنی ئەو هێما زمانیانەی هەبێت، کە بیرۆکەکانی پێداڕێژراوە. ئەمەش پێویستی بەسێ قۆناغ هەیە بۆ ئەوەی وەرگر بتوانێت هێماکان هەڵوەشێنێتەوە و شییانبکاتەوە، ئەوانیش، لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی وشەکان، گونجاندنی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا گوتراوە، هەروەها زانیاری کەسی دەکرێت زانیاری لە بارەی دامەزراوە و دەزگای ڕاگەیاندن وکەلتووری بێت(دزەیی، ٢٠٠٩: ٤٠). جەماوەری وەرگر ئەو شتانە وەردەگرێت، کە لەلایەن نێرەرەوە ئاراستەی دەکرێت، بەدەر لە وروژان لەگەڵی یان پەیوەندی و نەبوونی پەیوەندی بە مانای فراوانی، کە لە پێڕاگەیاندنی پەیام تێدەپەڕێت بۆ ئەرکی فێرکردن و فێربوون و خۆشگوزەرانی و هێنانەوەی زانیاری و گفتوگۆ و بەستانی کۆنگرە لە دوورەوە. لەبەرئەوە دۆخەکە وا دەخوازێت هەمواری بنەڕەتی لەسەر ئاستی چەقی وەرگر لە ڕووی بەرهەمهێنانی بابەتی ڕاگەیاندندا بێت، کە توانای کێبڕکێی هەبێت، لە ڕووی ڕێکخستنی، یان

شێوازی بەڕێوەبردن و تۆمارکردن، ئەگەر نا وەرگر دەکەوێتە بەرانبەر تاکە دەرفەت، کە ئەویش وەرگرتنی کەلتووری دەرەکییە. (جردات، ۲۰۱۳: ٦٤٦)


**چوارەم/ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن:**

ئەمەیان تایبەتە بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، کە بە ڕێگەیەوە ناوەرۆکە ڕاگەیاندنکارییەکان ئەنجامدەدرێت، بازنەی بەیەک گەیاندنی نێرەر و وەرگرە لە پرۆسەکەدا، لەگەڵ ئەوەی جۆراوجۆرە، ئەو پێکهاتەیە لە پێکهێنانی جۆری بەکاربردن هاوکاریدەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو(کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی و ڕادیۆ) ڕۆڵێکی سەرەکی بگێرن، لە دوای ئەوان ڕۆژنامە و گۆڤار و پۆستەری پیشەیی و کتێب و کاسێت و ڤیدیۆ و دەزگای هەواڵ و تۆری نێودەوڵەتی زانیاری دێت، لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت، توانای لە گەشەسەندن و ڕاکێشانی خێرای هەیە، هەروەها کاریگەریی گەورەی لەسەر خەڵک هەیە.(جردات، ۲۰۱۳: ٦٤٦) ئەمەش بەهۆی خێرایی لە بڵاوبوونەوە و بڕینی سنوورێکی بەرفراوانی جوگرافیای وڵاتان لەیەک کاتدا.

**پێنجەم/ پێکهاتەی کاریگەرییەکان:**

ئەم پێکهاتەیە پەیوەندیی بە کاریگەرییەکانەوە هەیە، مەبەست لە وشەی کاریگەریی چاندنی بەها، یان بیروباوەڕ، یاخود زانیارییە لەلایەن نێرەرەوە بۆ سەر ئاوەزی جەماوەری وەرگر(الحضیف، ۲۰۱۰: ؟) کە پەیامەکە دروستی دەکات، گوێگر پێوەرە بۆ زانینی ئاستی کاریگەریی پەیامەکە، چونکە پێویستە پەیامەکە کاریگەریی خۆی لەسەر وەرگر بنوێنێت، لێکتێگەیشتن دروستبکات، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی هێماکان، دوای گەیشتنی پەیامەکە، بەڵام ئەگەر هێماکان نەناسراوبن ئەوا پەیامەکە ئامانجەکەی ناپێکێت لە ڕێگەی ئەو ناوەڕۆکە کەلتووری و کۆمەڵایەتیەی ڕاگەیاندنەکە دەیگوازێتەوە، بەتایبەتی بۆ گەلانی جیهانی سێیەم لە جەماوەری وەرگر، لە ڕێگەی ڕێکلامی بازرگانی و بابەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندی، جا چ بڵاوکراوەبێت، لە ڕۆژنامە، یان لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن پەخشکرابێت.(جردات، ۲۰۱۳: ٦٤٧) کاریگەرییەکانیش هەمەلایەنن، لەبەرئەوەی ئامرازەکان پەیامەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتییە، بۆ نموونە لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کەلتووری، ...هتد.

دەکرێت لەم هێڵکاریەدا نموونەی ڕەگەزەکانی ڕاگەیاندن ڕوون بکەینەوە[١]:




**هێڵکاری ژمارە (١)**

لەم هێڵکاریەدا کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی گواستنەوەی پەیامی نێرەر وەک هۆکارێک دادەنرێن بۆ کاریگەری دانان لەسەر جەماوەری وەرگر، بە جۆرێک کاریگەرییەکە بەپێی جۆری ئامرازەکە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکە جیاوازبێت، بۆ نموونە ئامرازی تەلەفیزیۆن کە بە شێوەی بینراو و بیستراو بەرنامەکانی پەخشدەکرێن، کاریگەریی زیاترە، چونکە لە ڕێگەی چاوەوە کە هەستیارترین هەستەکانی مرۆڤە وێنە و ڕووداوەکان دەگوازێتەوە، لە ڕێگەی بینینەوە وێنەکان بە مێشکی مرۆڤ دەگەیێنێت، لە یادگەی مرۆڤ عەمباریان دەکات(عەزیز، ٢٠٠٤: ٦٨)، بەڵام ڕەنگە ئەم کاریگەرییە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کەمتر بێت، چونکە لەلایەک ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ هەموو ماڵێک ناچن، بەشێکی کەمتر لە هاووڵاتیان بۆ خوێندنەوەی دەستیان پێدەگات، لە لایەکی تر لە ڕێگەی خوێندنەوە کاریگەرییەکان کەمترن، لەبەرئەوەی وێنەی ڕووداوەکان بەرجەستە نین، هەستەوەرەکان کەمتر تێیدا بەشدارن.

کەناڵە ئاسمانییەکان هێزی سەرنجڕاکێشانی بینەریان بەدیهێناوە، دەشکرێت، لە بواری گواستنەوەی زانیارییەکاندا لە پێشەوەی ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردنی جەماوەریشدان، هەروەها زۆرترین کاریگەری و ڕۆڵی ڕازیکردنی وەرگریان هەیە، لەبەرئەوەی خاوەن تایبەتمەندیی دەنگ و ڕەنگن و هەموو بنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی (خوێندراو و بیستراو و بینراو) لە یەک چوارچێوەدا کۆدەکەنەوە و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی خێرایی و گشتگیری و ڕووبەری بەرفراوانی بڵاوبوونەوەن لە میانی مانگە دەستکردەکانەوە. (وەندی، ٢٠١٣: ٤٢) ئەو کاریگەرییەش ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە گرووپێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش دوای وەرگرتنی پەیامی پرۆسەی پەیوەندییکردنەکە و تێگەیشتنی، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکەش ئامانجەکانی بپێکێت، پێویستە، تاکەکانی کۆمەڵ گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریاندا ڕووبدات(جراد، ٢٠١٣: ١٨). واتە، بۆ ئەوەی کردەی گەیاندن ئامانجی خۆی بپێکێت و کاریگەرییەکانی بەجێبهێڵێت، پێویست بەوە دەکات، ئەم ڕەگەزانەی پێکهاتەی گەیاندنیان لەسەر بنیاتنراوە، وەک (نێرەری پەیام، وەرگری پەیام، ئامرازی ڕاگەیاندن، بوونی زمانی هاوبەش لە نێوان نێرەر و وەرگر،

[١] ئەم هێلکارییە نموونەییەکە لە ڕاگەیاندن کە پێی دەگووترێت ، نموونەی هاڕۆڵد لاسۆیل ، بەدەستکارییەوە لە (کەرکوکی ، ٢٠٠٨: ٣٠) وەرگیراوە.

پەیام، ژینگەی زمانیی ) دەستەبەر بکرێن، کاریگەرییەکەش بەپێی ئەو ئامانجەی سیاسەتی کەناڵەکە هەوڵی بۆ دەدات، دەشێت کاریگەرییەکانی لەسەر وەرگری پەیام ئەرێنی، یان نەرێنی بێت.

کەواتە، گۆڕینی هەڵویست و ئاراستەکان بریتیین لە دیارترین شێوازەکانی کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئامانجیش لێی گۆڕینی هەڵویستی (وەرگر)ەکانە بەرانبەر بە پرسێکی دیاریکراو یان بەهایەک، یاخود ڕەفتارێکی دیاریکراو، ئەمیش لەسەر بنەمای ئەو پەیامەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاڕاستەی وەرگرەکان دەکرێت(محمدامین، ٢٠١٧: ٤٥). بەمەش دەشێت ڕاگەیاندن وەک ناوەندێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی ئەو ئاراستە نەرێنیانە بەکاربێت، کە دژ بە ئاسایشی نەتەوەیین و دەبنە مایەی پەرتەوازەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەی یەک زمانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زارەناوچەییەکان و باڵادەستکردنی زمان و کەلتووری بیانی. لەبەرئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی خێرا لە دوو ڕێگەوە کاردەکەنە سەر گۆڕانی زمان:

١- کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنمان هەیە، بۆ نموونە: لە ڕووی دەربڕین، دەنگسازی، ڕێزمان(وشەسازی ، ڕستەسازی)، واتا.

٢- بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی لەسەر زمان دروستدەکات، بە تایبەتی لە ڕووی فراوان بوونی ئەرکەکانی، لە ڕووی فراونبوونی فەرهەنگی وشە و زاراوەوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاردێن. (عەلی، ٢٠٠٥: ٦٩)

### شەشەم/ ژاوەژاو:[1]

ژاوەژاو بریتییە لە بوونی هەر کۆسپێک کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەیاندنی (پەیام) لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر)، بە شێوەیەکی گشتی، ژاوەژاو بە دوو جۆر دەردەکەوێت، جۆرێکیان، ژاوەژاوی تەکنیکییە و پەیوەندیی بە خودی ئامرازی ڕاگەیاندنەکەوە هەیە، بە هۆی کەموکوڕی لە دەنگی (نێرەر)، یاخود بەهۆی لاوازی هەستی بیستن یاخود بینینی (وەرگر) دروستدەبێت، جۆری دووەمیان، لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی زمان دێتەکایەوە، کە پێیدەوترێت ژاوەژاوی زمانیی یان واتایی(عەلی، ٢٠٠٥: ٦٦)، پەیوەندیی بە ئاستی تێگەیشتنی (وەرگر)ەوە هەیە بۆ ئەو پەیامەی کە لە ڕاگەیاندنەوە پێشکەشدەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی، ئەرکی ژاوەژاو دروستکردنی بەربەستە لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی

[1] ئەم ڕەگەزە توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن بەم دواییانە وەک ڕەگەزێکی دیکەی پرۆسەی ڕاگەیاندن زیادیانکردووە.

پەیوەندیدا، تاوەکو ژاوەژاو زیاتر بێت، هێندە کاریگەریی ڕاگەیاندن کەمتر دەبێت، بە پێچەوانەوەش، چەندی ژاوەژاو کەمتر بێت، هێندەش کاریگەریی ڕاگەیاندن زیاتر دەبێت (محمدامین، ٢٠١٧: ٣٧)، هەروەها بەکارنەهێنانی زمانی هاوبەش و بەکارهێنانی زار و شێوەزاری ناوچەیی، هەندێک جار دەبنە بەربەست لەبەردەم تێگەیشتنی پەیامەکانی ڕاگەیاندن، یان بەکارهێنانی وشەی نامۆ و بیانی لای هەندێک لە جەماوەری وەرگری پەیامەکانی ڕاگەیاندن بەربەستن لە تێگەیشتنی پەیام، کە ئەمانەش بە بەشێک لە ژاوەژاو دادەنرێن و دەچنە چوارچێوەی ژاوەژاوی زمانیی.

بە شێوەیەکی گشتی ژاوەژاو لە پرۆسەی گەیاندندا دەبێتە هۆی ڕوونەدانی پرۆسەی پەیوەندی و لەیەکتر گەیشتن، جگە لەو هۆکارانەی لەسەرەوە خستمانەڕوو، چەند هۆکارێکی تریش هەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی ژاوەژاو، لەوانە:

١- گرفتە دەرونییەکان، بەهۆی کەم توانایی لە ئامادەکردنی پەیام و ناڕوونی تێیدا، بەهۆی شلەژاوی باری دەروونی و شەرم و ترس دروستدەبێت، یان هەندێک جار بە هەڵە وەرگرتنی پەیام و یان خراپ گوێگرتنی لە پەیام لەلایەن وەرگر، یان بەهۆی هەبوونی پێشینە و بیرکردنەوەی وەرگر لە بەرامبەر خودی نێرەر.

٢- گرفتی فیزیایی، بوونی دوورییەکی زۆر لەنێوان نێرەر و وەرگردا و دەنگە دەنگ، ڕوناکیی نەگونجاو، نە بوونی کەشێکی لەبار، کە هەندێک جار کاردەکەنە سەر سەرنەکەوتنی پرۆسەی گەیاندن. جگە لەمانە ئەو فریکوێنسەی (لەرەلەرەی) ڕادیۆ، یان تەلەفزیۆنەکەی لەسەر پەخشدەکرێت، زۆر جار دەبێتە هۆی ژاوەژاوە.( فەرهادی، ٢٠١١: ٥٣)

٣- گرفتی کەلتووری، بنەما کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نێرەرو وەرگر یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندییە، واتە نەبوونی زانیاری کەلتووری هۆکارە بۆ تێنەگەیشتن لە پەیام (عەبدوڵا، ٢٠١٥: ٣٥- ٣٦).

**٢-٣: زمان و خۆبەندی (ئینتما):**

خۆبەندی لەبەرانبەر وشەی (Belongingness) لە زمانی ئینگلیزی و (انتماء) لە زمانی عەرەبیدا دەوەستێت، کە بە واتای پەیوەستبوون و خۆگونجاندن و بڕوابوون بە بابەتێک کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو خۆبەندییان لەلادا بۆی دروستدەبێت.(احمد، ٢٠١٢: ٦٦)

توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی خۆبەندی بە پێویستیەکی گرنگی مرۆڤایەتی دادەنێن، لەبەرئەوەی لە نێوان مرۆڤ و خۆبەندی پەیوەندییەکی پێکەوەیی هەیە، خۆبەندی دیاردەییەکی مرۆڤایەتییە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ خۆی، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بێ ئەوانی دیکە، ڕوو بەڕووی ئاریشە و ئاستەنگ و کارەساتە سروشتییەکان ببێتەوە، هەروەها مرۆڤ هەر بەهۆی خۆبەندیەوە ڕۆڵ و بوونی خۆی لە کۆمەڵدا بوونیاد دەنێت.(الشعراوی، ٢٠٠٨: ٤٠) خۆبەندی تاک بۆ کۆمەڵ لە ئەنجامی ئارەزووی تاکە بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمەڵ، هەروەها کۆمەڵ، کە خۆبەندی تێدا هەبێت، قەوارەیەکی گەورە و بەهێزی تێدا دروست دەبێت، تاک شانازی پێوە دەکات و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ دروست دەکات.( مبارک، ٢٠٠٤: ٢٣) دیارترین و بەرچاوترین ئاستی خۆبەندی تاک بۆ کۆمەڵگە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەدیدەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی وابەستەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگە بە کەلتووری هاوبەش، کە زمان توخمی سەرەکییە تیایدا(حسین، ٢٠١٤: ٨٧) واتە زمان هۆکاری بەهێزکردنی هەستی خۆبەندییە بۆ نەتەوە، هۆی یەکخستنی تاکەکانە و هۆی پەیوەست بوونی کۆمەڵە بە نیشتمان. فەیلەسوف و بیرمەندانی ئەڵمانی یەکەم کەسبوون، کە لە کۆتایی سەدەی(١٨ز)باسی پەیوەندیی نێوان زمان و هەستکردن بە خۆبەندی بۆ گروپێکی دیاریکراوی کۆمەڵیان کرد، کە جەختیان لەسەر دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بە هۆی زمانەوە کرد، تێبینی ئەوەیان کرد کە هەر گەلێک سەر بە گروپێکی زمانین(علی و عەبدولا، ٢٠١١: ٣٤).

هەروەها ناسنامە، هۆکارێکە بۆ چەسپاندن و بەرچاوخستنی خۆبەندی لەلای تاک و کۆمەڵگە، زمانی دایک ئەو زمانە ڕەسەن و بنچینەییە، کە منداڵ لەسەرەتاکانی تەمەنیدا وەریدەگرێت، دەبێت لە نێو ئەو ژینگەیەی تێیدا لە دایک بووە و ئەو ناوەندەی کە خۆبەندیی زمانی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی بۆ هەیە. بەباشترین شێوە قسەی پێدەکات و زۆرجار بنەمایەکە بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی تاک و لە نێو پێکهاتەکەی پێی دەناسرێتەوە.

کاتێک فەرمانبەران لە وڵاتێکی ئەفریقیایدا، کە کەوتبنە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە، بە زمانی فەڕەنسی لە نێوان خۆیاندا قسە بکەن، هەر چەندە زمانی دایکیان هەیە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە دەیانەوێت ڕەچاوی نموونەیەکی ڕۆژئاوایی بکەن، لە تاکەکانی کۆمەڵگای خۆیان جیاوازبن، کە گوایە خوێندویانە و هەڵگری بڕوانامەن. بەڵام ئەگەر یەکێک لەو گروپە، کە هەمان مەرجی تێدایە، رازی نەبێت بە زمانی فەڕەنسی بدوێت و بە زمانی دایک قسە

بكات، ئەمە پەیامێکە، مەبەستی ڕەتکردنەوەی زمانی ئیمپریالیزمە و بەڵگەی خۆبەندی دەگەیێنیت.(کالفي، ۲۰۰۸: ۱۳۹)

لە کاتێکدا ڕاگەیاندنەکان بەهۆی بەرنامە هەمەجۆرەکانیان دەتوانن لە ڕێگەی ڕۆشنبیرکردن و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان، گەشە بە هەستی پەیوەستبوون و لاگیری نەتەوەیی و نیشتمانیی وەرگرەکانی پەیام بدەن، سەربارى يارمەتيدانی کۆمەڵگەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. واتە، ڕاگەیاندن وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگەکەی بە تاکەکان دەناسێنێت، واتە لەم ڕێگەیەوە، ڕاگەیاندن بە گواستنەوەی ئەو دابونەریت و بەها و شارەزاییانەی کە لە ڕابردووی کۆمەڵدا بوونی هەبووە و گەیاندنی بە نەوەی دواتر، پارێزگاری لە پێگە و ڕەسەنایەتی زمان و ناسنامەی خودی کۆمەڵکەی دەکات، بێئەوەی هیچ جۆرە لە ناوچوونێکی کەلتووری بێتە ئاراوە(محمدامين، ۲۰۱۷: ٤١).

لەلایەکی تریش، ڕاگەیاندن بە تایبەتی(کەناڵەکانی ئاسمانیی) پێویستە لە ڕێی دەستورێکی نوێ و هاوچەرخ یان یاسایەکی تایبەت بە زمان، خۆبەندی نەتەوەیی هاوبەش و هاوکەلتووری و هاوئامانجی لە نێو کۆمەڵدا بەهێز بکات، کە ئەمەش وا دەکات ڕەنگدانەوەی لەسەر کەلتوور و زمان هەبێت، بەشێوەیەک، کە زارپەرستی و کەلتووری ناوچەیی باڵادەست نەبێت(سابیر، ۲۰۱٤: ۳۸).

**۲-۳-۱ : سوودەکانی خۆبەندی:**

بنیاتنانی هەستی خۆبەندی لەلای تاکەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی، چەند سوودێک بە نەتەوە دەگەیێنێت، لەوانە:

۱ - ناسنامە(Identity) : خۆبەندی هەوڵ بۆ پاراستنی ناسنامە دەدات، لە بەرانبەریشدا ناسنامە بەڵگەیە لەسەر بوونی خۆبەندی، بەم شێوەیە ڕەفتاری تاک بە هەبوونی ناسنامە دەردەکەوێت، بەمەش خۆبەندی خۆی دەردەبڕێت.

۲ -پێکەوەیی(collectivsm): خۆبەندی جەخت لەسەر ئارەزووی پەیوەندیی بە کۆمەڵ دەکاتەوە، تاک لە تەنیایی دەردەهێنێت و بە ئامانجی گشتی دەبەستێتەوە، ئەوەی کۆمەڵ هەوڵی بۆ دەدات.

٣ –دڵسۆزی (Loyalty) : دلسۆزی کرۆکی پابەندبوونە بە خۆبەندی، پشتیوانی لە ناسنامەی خود دەکات و تیشک دەخاتە سەر دڵسۆزی و پشتگیری تاک بۆ کۆمەڵ و سەرەڕای ئەوەی خۆبەندی نیشان دەدات، لە هەمانکاتدا دڵسۆزی گوزارشت لە بەرپرسیاریەێتی دوولایەنە و پارێزگاری تەواوەتی لێ دەکات.

٤ –پابەندبوون(Obligatio): ڕێکخستن و پێوانەی کۆمەڵایەتی، جەخت لە خۆگونجاندن و هاوئاهەنگی و کۆدەنگی دەکاتەوە، هەروەها فشارێکی کارا بۆ پابەندبوون بە پێوانە و یاسا و ڕێسای کۆمەڵ و ڕەزامەندیی دەربڕین بۆ هێنانەدی و کۆدەنگی و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی دەکات.

٥– هاوسۆزی(Affiliation): واتە پێویستی چونەپاڵ (کۆمەڵ، خێزان، هاوڕێ، …تاد)،گرنگترین و بنچینەیترین پاڵنەری مرۆڤە لە پێکهێنانی پەیوەندییەکان و پەیوەندیی دۆستایەتیدا، ئاماژەیە بۆ قەبارەی سۆز لە نێوان تاکەکان و ئارەزووی خۆشەویستی و نەرمی نواندن و ڕێزگرتنی یەکتر بە ئامانجی یەکبوونی کۆمەڵ(الشعراوي، ٢٠١١: ٤٢– ٥٥).

جگە لەمانەش، خۆبەندی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی ڕەهەندێکی فراوانتری هەیە، چونکە تەنیا خۆبەندی نییە، بۆ خێزان و خێڵ و نەژاد، بەڵکو لە هەمانکاتدا خۆبەندی بۆ زمان و کەلتوور و بەرژەوەندیی هاوبەش و مێژوو و جوگرافیای هاوبەش، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەیەکەوە بەستنەوەی نەتەوە و پارێزگاری لە یەکگرتوویی زمان و کەلتوور و جوگرافیا و مێژووی هاوبەشی نەتەوە دەکات.

**ئەو هۆیانەی کاریگەرییان لەسەر خۆبەندی هەیە:**

کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان لە بەهێزکردن و لاوازکردنی خۆبەندی بۆ زمانی نەتەوەیی هەیە، بۆ نموونە هۆکاری (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، دەروونی،…تاد) هەریەک لەم هۆکارانە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان لە بەهێزکردن و لاوازکردنی خۆبەندی زمانی نەتەوایەتی بگێرن، بۆ نموونە لە هۆکاری سیاسی ئەگەر بێت و سیستەمی سیاسی وڵات، بڕوای بە زمانی نەتەوەیی هەبێت و یاسا و ڕێسا و پلانی زمانی تۆکمەی بۆ خزمەتکردنی دانابێت، ئەوا تاکەکانیشی هەستی خۆبەندی بۆ زمانەکەیان زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەش ڕاستە، واتە ئەگەر سیستەمی سیاسی لە خزمەتی زمانی بیانی بێت، وەک جێگرەوەیەک بۆ زمانی دایک ئەوا هەستی خۆبەندی بۆ زمانی نەتەوەیی لاواز دەبێت. ئەمە بۆ هەموو بوارەکانی دیکەش ڕاستە، بێگومان ڕاگەیاندنەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە(بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان)

ڕۆڵی دیار و کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردن و لاوازکردنی خۆبەندی نەتەوەیی لەڕێگەی پەخشکردنی بەرنامەکانیان هەیە، ئەمەش بەپێی ئەو سیاسەتەی کەناڵە ڕاگەیاندنەکە پیادەی دەکات، بەهێزبوونی خۆبەندی نەتەوەیی لێکەوتەی دەبێت بۆ پارێزگاریکردن لە زمان و کەلتوور و سامانی نەتەوەیی کە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا تاکەکانی قوربانی لە پێناویدا دەدەن(حمایل، ٢٠١١: ٤٢- ٤٨).

### ٢-٣-٢: جیهانگەرایی(Globalization) و ونبوونی ناسنامەی زمان:

جیهانگەرایی کۆمەڵێک پرۆسە و میکانیزم و تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنییە، کە جیهان و گەل و نەتەوەکان بەرەو ئاوێتەبوون و یەکبوون و بەریەککەوتن دەبات، لە ڕووی یەکخستنی کەلتوور و بازار و سەرمایە لەیەک کۆمەڵی جیهانیدا(قانع، ٢٠٠١: ٢٢). لە زمانی کوردیدا وشەی جیهانگەرایی لە بەرانبەر وشەی(Globalization) ی زمانی ئینگلیزی دەوەستێت، کە بنچینەکەی بۆ وشەی(Global)دەگەڕێتەوە، کە بەواتای گشتگیری شتێک و بەرفراوانی بازنەکەیەتی، کە هەموو شتێک دەگریتەوە، لە زمانی عەرەبیشدا (العولمە)ی بۆ بەکاردێت، بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن، جیهان وەکو گوندێکی بچووکی لێهاتووە. هەر وەک (مارشاڵ ماکلۆهان) کە لە تیۆردارێژە بەرابیەکانی جیهانگیرییە، پەیوەندیی دروستکرد لە نێوان ڕۆڵی ڕاگەیاندن و چەمکە تایبەتیەکەی خۆی بۆ جیهانگیری، واتە( گوندی جیهانی)، ئەمەش کەتوارێکی جیهانی نوێیە، هەموو کۆمەڵەکانی گرتۆتەوە، کاریگەری گەورەی لەسەر بوار و کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هەیە، کاریگەرییەکانیشی بۆ هەموو کۆمەڵەکان هاوتا نییە، واتە لە کۆمەڵیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەک جیاوازە، بەپێی ئاستی پێشکەوتنی شارستانیەتەکان. زمانیش وەک ناسنامەی گەلان لەم کاریگەرییە بێ بەش نییە، چونکە جیهانگەرایی خۆی بریتییە لە پرۆسەی پەیوەندیی تاک و کۆمەڵگە لە ئاستێکی جیهانیدا(محمدی، ١٣٩١: ٢٠)، بێگومان پەیوەندییش بەهۆی زمانێکی هاوبەش ئەنجامدەدرێت، بەمەش جیهانگەرایی فشارێکی زۆر لەسەر زمانەکانی جیهان دروستدەکات، لەبەرئەوەی زمانە سەرەکی و باڵادەستەکانی(ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئیسپانی، ماندەراین(چینی) ) لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ...هتد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندیکردن وەکو زمانێکی جیهانی[1] بەکاردەهێنرێن، ئەمەش وایکردووە کاریگەری لەسەر زمانانی جیهان دروست بکەن و ڕەنگە هەندێک زمان لاواز

[1] زمانی جیهانی ئەو زمانەیە کە بەشێوەیەکی فراوان لەدەرەوەی سنووری وڵاتدا بڵاوبۆتەوە ،کە زمانێکە زۆر کەس یان زۆر لە وڵاتان وەک زمانی یەکەم یان دووەم یان وەک زمانی بیانی بەکاریدەهێنن و، زمانێکە لەسەر ئاستی جیهان بە فراوانی لە بازرگانی و سیاسی ...هتد بەکار دێت ، وەک زمانەکانی (ئینگلیزی ،فەرەنسی ، رووسی ،..هتد).

بکەن(حاجی، ٢٠١٠: ٣٥-٣٦)، لەبەرئەوەی جیهانگەرایی سنوری نێوان وڵاتان و نەتەوەکانی تێکشکاندوە و نەیهێشتووە، بەتایبەتی لە ڕێگەی تۆرەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و ڕاگەیاندن، کە ئەمەش وایکردووە، کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەلتووری و ژیانی کۆمەڵەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دروستبکات، ڕۆژ بە ڕۆژ ناسنامەی کەلتووری لاوازتربێت و بیانگۆڕێت(حسین، ٢٠١٤: ٨٦)، تەنانەت کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەسەر زمان بە جۆرێکە وای لە هەندێک لە تاکەکانی مرۆڤ کردووە، لە زمانی دایک دووربکەونەوە. دەشێت ئەمەش ئامانجێک بێت بۆ پەیڕەوکردنی یەکزمانی لە داهاتوودا، هەرچەندە ئەم هەوڵانە شکستخواردون، کە زمانی مرۆڤایەتی بەرەو یەکزمانی بروات، چونکە زمانەکانی تری وەکو فەڕەنسی و ماندەراین و ...هتد لەم بوارە لە ململانێدان لەگەڵ زمانی ئینگلیزی و جێ پەنجەشیان دیارە، بۆیە ئەستەمە هەموو زمانەکانی جیهان بکەونە ژێر کاریگەریی یەک زمان، بەڵام کاریگەرییان بۆ سەر هەندێک زمان دەبێت، بە تایبەتی ئەو زمانانەی کە پێکهاتەی خاوەن زمان گرنگی و بایەخ بە زمانی نەتەوەیی نادات و پەراوێزی دەخات، بەجۆرێک کە لە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژی بەکارینەهێنێت، کاریگەریی زیاتری لەسەر دەبێت، مەترسی لاوازبوون و توانەوەی لەسەر زیاتر دەبێت، بۆیە هەندێک لە کۆمەڵەکان لەسەردەمی جیهانگەرایی بەرەنگاری مەترسیەکی گەورە بوونەتەوە، کە هەموو لایەنێکی گرتۆتەوە هەر لە (زمان، ئاین، کەلتوور، لایەنی کۆمەڵایەتی) ئەمەش دوای گەشەسەندنی بەرفراوانی تەکنەلۆژیا لە بواری پەیوەندی و ڕاگەیاندن و بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی کەناڵی ئاسمانی و بەهۆی پێشکەوتنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە ئەمانە هەموو ئامرازن بۆ پەرەسەندنی دیاردەی جیهانگەرایی، ئەم مەترسیەش بە هۆکاری جیاواز بەسەرماندا سەپێنراوە، هەندێکیان بە دەستی خۆمانە وەکوو ئەوەی کە زمانێکی بیانی لە جیاتی زمانی نەتەوەیی بەکاربهێنن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ناسنامەکەمان هەیە، چونکە لەم ڕێگایە لایەنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی بیانی بۆ ناو کەلتووری نەتەوەیمان دزە دەکات، ئەمەش وا دەکات کەلتوور و شارستانییەتی بیانی بە سەرسورهێنەر و پێشکەوتوو و پیرۆزتر سەیر بکرێت لە بەرانبەردا کەلتوور و فۆلکلۆری خۆماڵی و ڕەسەن بە سووک و لاواز سەیر بکرێت. ئەمەش لە زماندا و لە کاتی ئاخاوتن زۆر بە زەقی هەستی پێدەکرێت، بەشێوەیەکی بەرچاو وشەی بیانی بەکار دەهێنن بۆ خۆدەرخستن و شانازیکردن بە کاریگەربوونیان بە زمانی بیانی. کاریگەربوون بە زمانی بیانی لە سەردەمی جیهانگەراییدا تەنها لە خوێندن بە زمانە بیانییەکان بەدەرنەکەوتووە، بەڵکوو بڵاوبوونەوەی کەلتووری بیانی لە زۆر لایەنی ترەوە

دەبێت، کە ئەم کاریگەرییەی لەسەر تاکەکان نەخشاندووە، تەنانەت ئەگەر زمانەکەش نەزانێت، کاتێک گوێ لە گۆرانی بیانی دەگرێت، هەر چەندە لێیتێناگات یان تەنیا بۆ لاساییکردنەوە لەسەر شێوازی بیانی هەڵسوکەوت دەکات. هەڵبەتە ئامرازی ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، ئەمەش مانای ئەمە دەگەیەنێت کە کاریگەریی زمانی بیانی لەسەر ونبوونی ناسنامە پشتگوێ نەخەین(کۆلماس، ٢٠٠٩: ١٤)، چونکە هەر وەک "سامۆئیل پ. هەنینتگتەن" لە بیردۆزەکەیدا پێشبینیکردوە، کە مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکەم ڕووبەڕووی شەڕی کەلتوری دەبێتەوە(ناوخۆش، ٢٠١٢:١٠)، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی مامەڵە لەگەڵ زمانە بیانییەکان دەکەن، بەشێوەیەکی باش ئامادەبکرێن، تاکو بتوانن ڕووبەڕووی ئەم شەڕە کەلتووریە ببنەوە، کە زمان توخمێکی سەرەکی و لایەنێکی گرنگی شەڕەکەیە، تاکوو نەتوانن کاریگەری خراپ لەسەر زمانی نەتەوەیی بکەن، بەڵکوو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ زمانی بیانی مامەڵە دەکەن، کاریگەری ئەرێنی لەسەر زمان دروستبکەن.

هەبوونی دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی بە زمانە سەرەکییەکانی جیهان، کە بوونەتە سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە، بە زمانە بڵاوەکانی جیهانی وەکو (ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئیسپانی، چینی، روسی) بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر زمانی ڕەسەنی نەتەوەکانی دیکە دروستبکەن، بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ناسنامە لەم سەردەمەدا بووەتە قوربانی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیانەی کە دەرکەوتوون، کە هەموو ناوەندێکی بەهێز هەوڵدەدات، هەمووان بەدوایبکەون و لەسەر ڕێبازی ئەوان برۆن، ئێستاش ناوەندی بەهێز بە دەستی ڕۆژئاوایە بەهۆی جیهانگەرایی، هەروەها هەندێک هەوڵدەدەن بەرگری بکەن لە ناسنامەکانیان لە میانەی بەرپەرچدانەوەیەکی پێچەوانەوە، بەدەستگرتن بە ڕەسەنایەتی و دوورکەوتنەوە لەوەی کە ڕۆژئاوا بەرهەمی دەهێنێت لە ناوچەی بەکارهێنانەوە بۆ ناوچەی داهێنان، بەڵام ئەو داخرانە بەسەر خود و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر بەو واتایە نایێت وەک ئەوەی (حەسەن حەنەفی) پێیدەڵێت ڕاستکردنەوەی هەڵە بەهەڵە ڕاستی دروست نابێت، بەڵکو دەبێت دووبارە بنیاتنانەوەی شوێنەوار و جێماوی کۆنی سەرەکی بۆ ڕۆشنبیریی نیشتیمانی بکرێت، بە جۆرێک بەربەستەکانی لابدات و هۆکارەکانی پێشکەوتنی جێگیر بکات، ئەمەش لەڕێگای نوێکردنەوەی زمانەکەیدا دەبێت لە زمانێکی داخراوەوە بۆ زمانێکی کراوە، هەروەها پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندیەکان، بەواتای داخران و چاولێکەری و دەستگرتن بەخود و دوورخستنەوەی ئەویتر و ترس لە ڕۆژگار نایێت،

بەڵکو سەرەتا گرینگیدان بە (الأنا- من) پێش (الآخر- ئەویتر) و بەنێزیک پێش دوور، بە شوێنەوار و جێماو پێش هاتوو.(برهومه، ۲۰۱۲: ؟)

کەواتە، کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەسەر زمان، دوولایەنەیە، بەجۆرێک، کە لەلایەک هەندێک لە زمانەکانی کردۆتە زمانی نێودەوڵەتی و جیهانی، ئەمەش زەمینە بۆ خستنەڕووی ناسنامەی نەتەوەکە لە ژینگەیەکی جیهانی خۆش دەکات(حسین، ۲۰۱٤: ۸۸)، لەلایەکی تر ئەو کۆمەڵگایانەی شەڕی بەکارهێنان و گەشەپێدانی زمانی نەتەوەیی ناکەن، چالاکییە زمانییەکانی زمانی نەتەوەییان بەرتەسکبۆتەوە، لە چوارچێوەی زمانی ئاخاوتنی ماڵ و شەقام و گەرەک...هتد، جگە لە تێخزاندنی چەندین وشە و زاراوەی زمانە باڵا دەستە جیهانییەکان بۆ نێو زمانە ناوچییەکان، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە لە لایەکی تریش جیهانگەرایی بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و جیهانی کە زۆربەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانیان لە گۆڕەپانێکی سیاسی هاوبەشدا کۆکردۆتەوە و هەستی وابەستەبوونی بە کۆمەڵگەیەکی جیهانی دروستکردووە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی فرەزمانی و فرەچەشنی کەلتووری گەلان و دوورخستنەوەیان لە هەڕەشەی مردن و لەناوچوون، وەک نموونەی ڕێکخراوی یونسکۆ کە لە(۱۷/تشرینی یەکەمی ۱۹۹۹) بڕیاریدا، ڕۆژی ۲۱ی شوباتی هەموو ساڵێک ببێتە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، بۆ پارێزگاری لە فرەزمانی لە جیهاندا(جامباز، ۲۰۱٤: ۱۰٤).

### ۲-۳-۳: زمان لە نێوان ڕاگەیاندن و جیهانگەراییدا:

تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی بە گرنگترین ئامرازی بە جیهانیبوونی دادەنرێت، هەروەها بە گرنگترین هۆکاری پەرەسەندنیشی دادەنرێت، چونکە بە هۆی شاشەیەکی بچووکەوە لە توانایدایە لە میانی ئامێری جڵەوگیرکردنەوە بە هەموو جیهان هاتوچۆ بکات و شوێنێکی بچووک لەسەر زەوی نەمێنێت، کە پەخشی کەناڵەکانی ئاسمانی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە پێنەگات، توانیویەتی وەک ئامرازێکی جەماوەری بەربڵاو ڕۆڵی بەرچاوی لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکاندا هەبێت، کە هاوکات بوونەتە هۆی پارێزگاری لە ناسنامەی تاک و کۆمەڵ بەجۆرێک کە خوێندەوار و نەخوێندەوار بەرنامەکانی ببینن(وەندی، ۲۰۱۳: ۱۷۱). ئەمەش بەشێکە لە پیشەسازی کەلتووری کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کەرستە کەلتووریەکان، کاتێک باسی پیشەسازی کەلتووری دەکرێت، مەبەست لێی ئەوەیە کەرەستەکان و خزمەتگوزارییەکانی وەک چاپ و بڵاوکردنەوەی بابەتە کەلتورییەکان و کەرەستەکانی مۆسیقا و بەرهەمهێنانی فلیم و کارەکانی ڕاگەیاندن بەرفراوانترین، گرنگترین

پیشەسازی کەلتووریش بریتیین لە چاپ و بڵاوکراوەکان و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، ئەم کەرەستە کەلتوورییانە خزمەتی ناساندن و بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی زمانی نەتەوەیی دەکەن.(حسین، ٢٠١٤: ٣٥- ٣٦) بەمەرجێک ئەگەر خاوەنی پلانێکی زمانی دروست و سیاسەتێکی تۆکمە و ڕوون بن، چونکە جیهانگەرایی و زمانی نەتەوە دوو شتی دژ بەیەکن، لەگەڵ یەکتریدا لە بەریەکەوتن و ململانێدان.

ئەمرۆ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و دەسکەوتەکانی توانیویانە بیر و هزری ژیانی هەموو تاکێک بە تایبەتی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی بتەنن، هیچ میللەت و نەتەوەیەک ناتوانێت لە کۆت و بەندی تەکنەلۆژیا و بەتایبەتی جیهانگەرایی رزگاری بێت و بە دابڕاوی بژیت، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵ، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی جیهانگەرایی زمانە، بەهۆیەوە لە ژێر ئەو کاریگەرییە زمان گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، چونکە ئەم تەکنەلۆژیایە پێویستی بە فێربوونی زمانی بیانی هەیە، بە تایبەتیش زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی لەم بوارەدا زاڵە، دەیەوێت خۆی بەسەر فەرهەنگی زمانەکاندا بسەپێنێت، بەتایبەتی بەهۆی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە لە سەرەتای دەرکەوتنی باڵادەستی زمانی ئینگلیزی بەڕێژەی(٩٥٪) بوو، بەڵام بەرە بەرە بەرەو کەمبونەوە ڕۆیشت، تا لە ساڵی(٢٠٠١) گەیشتە(٨٠٪)، بێگومان ئەمەش بەهۆی کێبرکێ و ململانێی زمانەکانی تر(خالید، ٢٠١٠: ١٢٩). دیارە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی دایک هەیە، چونکە دەبینین زمانی ئینگلیزی بۆتە سەرچاوەیەک بۆ هاندان و تێگەیشتنی نێوان نەتەوەکانی جیهان، بۆتە زمانێکی هاوبەشی جیهانی، دەیەوێت خۆی بەسەر کەلتووری هەموو وڵاتاندا بسەپێنێت.(برزۆ و محەمەد، ٢٠١٩: ١٠) خۆ ئەگەر بگووترێت با مرۆڤ دوور لەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە بژیت، ئەوا بێگوومان خۆمان دەخەڵەتێنین، چونکە ئەمە لەژێر دەسەڵاتی هیچ کۆمەڵ و دەوڵەتێکدا نییە، چونکە ئەمرۆ جیهان دێیەکی بچووکە و تەکنەلۆژیا حوکومڕانی دەکات، زمانی ئینگلیزیش کە زمانی سەرەکی ئەو تەکنەلۆژیایە، لە ناو زۆر لە میللەتاندا شان بەشانی زمانی دایک منداڵ فێری دەبێت، بەڵکو لە ناو هەندێک لە میللەتاندا شوێنی بە زمانی دایک لەق کردووە، ئەمەش بۆ سەر زمان هەڕەشەیەکی گەورەیە، ئەم کەتوارە پێویستی بە ڕێگەچارەی زانستی هەیە، کە خۆی لە سیاسەتی زماندا دەبینێتەوە(حەمید و رەزا، ٢٠١٣: ١١١)، چونکە یەکێک لە کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەم سەردەمەدا، دروستکردنی مەترسییە بۆ سەر زمانی نەتەوەیی، بۆیە پێویستە گرنگی بە زمانی کوردی بدەین، پەراوێزی نەخەین، هاوتەریب لەگەڵ زمانی ئینگلیزی گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت.

هەموو کۆمەڵێک پێویستیی بە ڕاگەیاندن هەیە، چونکە بەهۆیەوە ڕۆژانە هەواڵ و زانیاری و بەرنامە چێژبەخشەکانی میوانیماڵەکانە، بۆیە ئەو وڵاتانەی کەناڵی تەلەفزیۆنیان هەیە، لە بەکارهێنانی زمانی بیانیدا بەهەڵەدا ڕۆیشتوون، پێویستە پێداچوونەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیەیان بکەن، چونکە بەم کارەیان بەشداربوونە لە دروستکردنی ململانێی زمانی و بڵاوکردنەوەی زمانی بیانی و بەرزکردنەوەی، کاریگەریی دروستکردووە لەسەر ناسنامە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە، هەروەها ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین کاریگەریی ناڕاستەوخۆی ڕاگەیاندنە، بە شێوازە جیاوازەکانی، بەجۆرێک، کە دەبینین زمان بە شێوەزاری کۆمەڵایەتی بڵاودەکەنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی پێگەیشتنی نەوەیەکی نوێ دوور لە زمانی ستاندارد بەهۆی هۆکاری دەروونی خراپ کە لە سینەیان پەیدابووە، بەرانبەر بە زمانی ستاندارد. لەبەرئەوەیە، کە دەبینین ئاخاوتن بە شێوەزاری میللی و بازاری لە پێشەوە دێت و زۆر بڵاوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیامێکە دژ بە زمانی ستاندارد. بەمەش تاکەکان کاتێک دەچنە قوتابخانە فێری زمانی ستاندارد دەبن، پاشان کە دێنە دەرەوە گوێ لە ڕاگەیاندنەکان دەگرن بە زمانێک دەدوێن زۆر دوورە لەوەی خوێندویەتی ئەمەش دەبێتە هۆی لەتبوون لە کەسایەتی زمانی، چونکە ئەمە بنەمای دووانەیی نەرێنیی بەهێز دەکات(کۆلماس، ٢٠٠٩: ١١-١٢) ئەرکی کۆمەڵایەتی بۆ زمان لەوەدایە کە ژمارەیەک لە تاکەکان لە نێو کۆمەڵەیەکی تایبەت کۆ دەکاتەوە و یەکیان دەخات، ئەگەرچی ئێمە دەبینین کەوا هۆکاری دیکەی وەکوو  ئاین و کەلتوور و شوێن و ڕەگەز دەبنە هۆی هەمان ئەنجام، بەڵام هەر زمانە مانا یاخود ڕەهەندێکی ئەوتۆ دەبەخشێتە ئەو هۆکارانەی کەوا لە سەرجەم کۆمەڵەکانی دیکە جیایان دەکاتەوە، بۆیە لە میانەی زمانەوە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان دروشم و جێبەجێکردن و بیروباوەڕە ئاینییە جوراوجۆرەکانیان ناسیوە، هەروەها ئەو کۆمەڵگانە بەشێوازی جۆراوجۆری زمان پەیوەندییان بەیەکترکردووە، بە شێوازی جۆراوجۆریش خزمایەتییان ناسیوە، خۆیان گونجاندوە و لەگەڵ ئەو شوێنە جوگرافیەی کەوا تیایدا دەژین.

هەرچەندە مەترسی تاک کەلتووری جیهانی لە ئارادا نیە، وا نابیندرێت کە ڕۆژێک لەڕۆژان بەدی بکرێت، چونکە کەلتوور تایبەتە بەشێوازی ژیان و کۆی گشتی بەهاو کەرەستەکانی بەرجەستە و دەرجەستەی گروپێکی دیاریکراو(گیدنز، ١٣٨٥: ٧٨٥)، هەروەها هەر نەتەوەیەک شێوازی تایبەتی ژیانی خۆی هەیە، کە جیایە لە شێوازی ژیانی نەتەوەیەکی تر، بۆیە ئەوەی هەیە، فرەکەلتوورییە لە جیهاندا، هەر یەکەیان بە شێوەیەکی خۆڕسک کار دەکەن، بەتێکەڵبوونێک، بەویستی خاوەنەکەی و بە پارێزگاریکردن لە قەوارە و بنەماکانی

تایبەت بە خۆیان. لەو کەلتوورانەش ڕەنگە هەبێت بەرەو داخران و چوونەوەیەک بچێت، هەشیانە لە کۆششە لەپێناو بەربڵاوی و فراوان بوون، هەندێک جار ڕەنگە کەلتوور هەبێت بچێتەوە یەک و بەرەو توانەوە و لەناوچوون بچێت، هەشیانە لە بەر بڵاوبووندایە(الجابري، ١٩٩٨: ١٤)، بۆیە ئەرکی ڕاگەیاندنە، بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان، پەخشەکانیان سەرتاسەری بێت و هەموو جیهان بگرێتەوە، ڕۆڵی خۆیان ببینن، لە گەشەپێدان و پاراستنی کەلتور و زمانی نەتەوەیی بۆ پارێزگاری لە فرەزمانی و هەمەچەشنی کەلتووری لە جیهاندا.

### ٢-٤: زمانی ڕاگەیاندن و ئایدیۆلۆژیا:

وشەی ئایدیۆلۆژیا وشەیەکی بیانییە چۆتە ناو زۆربەی زمانە زیندووەکان، بنەڕەتەکەی بۆ زمانی فەڕەنسی دەگەڕێتەوە، کە بە مانای زانستی بیروباوەڕەکان دێت(عروی، ٢٠١٦: ٩) فەیلەسوفی فەڕەنسی "ئەنتۆان دێستەت ترەیسی" (Antoine Destutt Tracy) یەکەمین کەس بوو، چەمکی ئایدیۆلۆژیای بە مانای زانستی بیر بەکارهێنا(وەلی، ٢٠٢٠: ؟).

چەمکی ئایدیۆلۆژیا، ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوە لە هزر و ماناکان دەکات، هەروەها توێژینەوە لەو یاسایانەی لە کاتی پەیوەندییدا هزرەکان دەجولێنێت دەکات، ئینجا بەدوای بنەچەی ئەو هزرانە و سیمبول و هێماکانیان لە زمان و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەگەڕێت(رمزی، ١٩٩١: ٢٠ – ٢٣)، واتە ئایدیۆلۆژیا لە بواری کۆمەڵایەتی و دەروونییدا ڕۆڵی دیاری هەیە و تێکەڵی دونیای چالاکی گروپ و تاکەکەسی دەبێت، بەمەش ئایدیۆلۆژیا لەو مانایە دەرچوو و بووە بە سیستەمێکی هزری و سۆزداری بۆ هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر جیهان و کۆمەڵ و مرۆڤ، زیاتریش بووە بە گوزارشتێک لە هەڵوێستی سیاسی، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی بیری مارکسیزم لە ئەڵمانیا، چەمکی ئایدۆلۆژیا کەوتە بەرایی گوتاری سیاسی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا(سورخی، ٢٠١٣: ١٨).

بەم جۆرەش دەبینین، چەمکی ئایدیۆلۆژیا تاکوو ئێستا بە چەندین واتا و چەمکی جیاواز بەکارهێنراوە، بەجۆرێک لە قۆناغی یەکەمدا چەمکی ئایدیۆلۆژیا بە واتایەکی سروشتی، واتە وەک چەمکێکی بێلایەن، کە بنەما و هەڵوێستێکی سیاسی تایبەتی نەبووە بەکارهێنراوە، لەم قۆناغەدا ئایدیۆلۆژیا وەک توخمێک کە بەردەوام لە خستنەکاری بیروباوەڕ و بەرنامەی سیاسیدا ئامادەیە و ئاماژەی پێکراوە(عروي، ٢٠١٦: ٧- ١٤). بەڵام لەم چوارچێوەیەدا، واتە لەم دەربڕین و لێکدانەوە سروشتییە، هیچکات ئاماژە بە ناوەڕوک و ئامانجی ئایدیۆلۆژیا نەکراوە، بەو واتایەی، کە باس لەوە نەکراوە ئاخۆ ئەم ئایدیۆلۆژیایە

ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەفتارییە، واتە دەیەوێت گۆڕانکاری بێنێتەدی، یان ئایدیۆلۆژیایەکە دەیەوێت بەر بە گۆڕانکاری بگرێت و بنەما کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی بەرایی خۆیاندا ڕابگرێت. لێکدانەوەی سروشتی ئایدیۆلۆژیا زیاتر لە شێوازی چەمکێکی بێلایەندا بەکار هێنراوە، بەڵام پاش ئەم لێکدانەوەیە، لێکدانەوەیەکی سیاسی بۆ ئایدیۆلۆژیا دێتە ئاراوە. لەم لێکدانەوەیەشدا، کە زیاتر پێی ئاشناین، چەمکی ئایدیۆلۆژیا بە مانای سیستەمێکی تیۆری و فیکری و باوەڕییە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ بەرنامە یان پێکهاتەیەکی سیاسی لە پێوەندیدایە، ئەم لێکدانەوەیەش بەو شێوەیەیە کە وەک زانیاری (information) و ڕێپیشاندەر لە ئایدیۆلۆژیا دەڕوانێت، کە ڕێبەرایەتی ڕێباز و بزووتنەوە سیاسییەکان لە جووڵانەوەکانیاندا دەکات. ئەم لێکدانەوە سیاسییە بۆ چەمکی ئایدیۆلۆژیا لێکدانەوەیەکی بێلایەن نییە. ئەم لێکدانەوەیە لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا کاردەکات و هەڵوێست وەردەگرێت لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئایدیۆلۆژیایەکە، ئایدیۆلۆژیایەکی خوازیاری بەدیهێنانی گۆڕانکاری و شۆڕشە یان ئایدیۆلۆژیایەکە دەیەوێت بارودۆخی هەنووکەیی ڕابگرێت. لەم تێگەیشتنەدا بڕیارێکی بەهایی دەدرێت و برەوی پێدەدرێت، چوارچێوەی تایبەتی ئەم حوکمەش لە لایەن گوتاری فەلسەفی و سیاسی هاوچەرخەوە دیاریکراوە، بەو واتایەی کە ئەم چوارچێوەیە چوارچێوەیەکی مێژووییە تێیدا فیکر یان بزاڤێکی سیاسی لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات و بەرەو خاڵێکی دیکە دەڕوات و لەم پروسەیەدا شوێنکەوتووی هەندێک ڕێسای وەک پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و بە تایبەتی مێژووییە. ئەوە شیکردنەوەی سیاسییە بۆ چەمکی ئایدیۆلۆژیا لە چوارچێوەی گوتاری هاوچەرخدا، کە تایبەتمەندییەکی سیاسی بە چەمکی ئایدیۆلۆژیا دەبەخشێت(وەلی، ۲۰۲۰: ؟).

ئایدیۆلۆژیای سیاسی ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر شێوازی ژیانی ئەوانەی پەیرەوی دەکەن دەبێت، چونکە ئایدیۆلۆژیا هەرگیز چەکەرە ناکات ئەگەر فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی نەبێت بە پێشینە و زەمینەیەکی هزری و تیۆری بۆ نەڕەخسێنی، لەم ڕوانگەیەشەوە سەرکردایەتیی لێهاتوو دەتوانێت فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی بکات بە ئایدیۆلۆژیایەکی بزوێنەر، ئەویش بە دابەزاندنی پرینسیپ و بنەماکانی بۆ ئاستی ژیانی جەماوەر.(میران، ۲۰۱۲: ۱۰۰) لە ئێستادا هیچ زانیارییەک نییە بتوانێت بە تەواوی لە ئایدیۆلۆژیا بەدەر بێت.

پارتە سیاسیەکان لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانیاندا خزمەتی ئایدیۆلۆژیای سیاسی حزبەکانیان دەکەن، چونکە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنداریەتیان دەگەڕێتەوە بۆ پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها لە

ڕاگەیاندندا زمان کە دەخرێتە ئەرکەوە، بۆ ئەوەیە ئامانج و سیاسەتی کەناڵە ڕاگەیاندنەکە جێبەجێبکرێت، بۆیە خاوەنی ڕۆنانی تایبەتن و لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەدا  بە دوای زمانێکی کاریگەردا دەگەڕێن، بەمەش زمانە بەکارهێنراوەکە لە ڕاگەیاندندا مەبەستدار دەبێت و بەپێی هەڵوێست دەگۆڕێت. بۆیە گوتاری سیاسی کەناڵەکان بە ئایدیۆلۆژیاوە پابەندە، هەر لایەنێکی سیاسی کاتێک گوتار دادەڕێژیت، هەوڵدەدات بە پێی ئەو ئایدیۆلۆژیایە دابڕێژێت، کە لایەنە سیاسیەکە هەیەتی و مەبەستیەتی و نابێت بیر و هزری گووتارەکە بە تەواوی پێچەوانەی هزر و بیری ئەو لایەنە سیاسیە، یان پارتە بیت. ئەمەش ئەوە دەگەێنیت، کە گوتاری سیاسی ڕەنگدانەوەی بیر و ئایدیۆلۆژیای ئەو لایەنە دەکات، کە گووتاری دارشتووە.( دزەیی و سلیڤانەیی، ٢٠١٣: ٥٢)

بەمەش، حکومەت و پارتە سیاسییەکان بۆ گەیاندن و گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیا و بیروبۆچوونی خۆیان، گەورەترین کەڵکیان لە کەناڵە ئاسمانییەکان وەرگرتووە، هەروەها ئەم کەناڵانە هەوڵدەدەن، ڕای گشتی هاوولاتیانیان بە شێوەیەک ئاڕاستە بکەن، کە لە بەرژەوەندیی خۆیان بشکێتەوە، تەنانەت ئەم تەلەفزیۆنانە زۆربەی بەرنامە پەروەردەیی و زانیاری و هەواڵەکانیشیان لە پێناوی بەرژەوەندیی ئایدیۆلۆژیاکەیان پەخشدەکەن( عەزیز، ٢٠٠٤: ٦٩). تیۆری پاسەوانی دەرگا جەخت لەسەر چۆنیەتیی هەڵبژاردنی بابەتەکانی ڕاگەیاندن و بیروباوەڕەکان دەکات، کە یەکێکە لە تیۆرە کۆنەکانی مێژووی لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بەجۆرێک کە لە ڕوانگە و گۆشەنیگا هزری و پاشخانی ئایدیۆلۆژییانەوە هەنگاو هەڵدەهێنێت(سلێمان، ٢٠١٩: ١٩). واتە ئەم بۆچوونە وەستانە لەبەر دەرگای جەماوەر و تێپەڕاندنی هەندێک بابەتی ڕاگەیاندنی دیاریکراو بۆیان و ڕێگەگرتن لە هەندێکی دیکە، ئەو زانیارییانەی دەرفەتی ئەوەیان دەبێت، کە لە میانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا تێپەڕن، کارێکن دەیان کەس لە ڕاگەیاندنکاران (دەرگاوانەکان) بەشداری لە دروستکردنیاندا دەکەن ئەو کەسانەی توانای بەرزەفتکردنی لێشاوی زانیارییان هەیە، بە پاسەوانی سیستەمێکی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابووری ناسراون، ئەمەش بەهۆی پابەند بوونیان لە ڕووی ئایدیۆلۆژیا، یان ئەو دەزگای ڕاگەیاندنەی کاری تێدا دەکەن(طلعت، ٢٠٠٣: ٥٦).

جگەلەمەش، تەنانەت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەگەر زمانی ئاسایی ڕۆژانەشیان لە نووسینیەوەی هەواڵێکدا بەکارهێنا، ئەوە لە تێڕوانینی خۆیانەوە ڕووداوەکان دەبینن و دەگوازنەوە، ئەم زمانە بەندە بە بیروبۆچوون و هزری دەزگاکە، ڕەنگە زۆربەی جار لەگەڵ ڕووداوەکان جووت نەبێت. چونکە لە بەرژەوەندیی ڕاستی ڕووداوەکان کار ناکات، بەڵکو بۆ

بەرژەوەندیی خودی دەزگاکە دەبێت، چونکە دەزگاکە زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتێک دەبێتە یەک و ڕاستی ڕووداوەکە بزر دەبێت و تێدەچێت، واتە نووسینەکان بابەتی نین، تێکەڵ بە بیروبۆچوون و تێروانین بۆ دەسەڵاتێک دەنووسێت، کە ئەو دەزگایانەی دەسەڵات دەنوێنێت و لە بەرژەوەندی ئەماندا دەبێت، لە کاتێکدا واتای بابەتیەتی دروستکردنی زمانێکی بێلایەنە، کە تەنیا ڕووداوەکان وەک کامیرایەکی ورد دەیانگوازێتەوە، بیروبۆچوون و هەست و نەستی نووسەر جێگەی نابێتەوە(فەتاح، ٢٠١٣: ١٢-١٣).

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زۆربەیان دوورن لەوەی بە بابەتییانە و بێلایەنانە باسی ڕووداوەکان بکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە خزمەتی ئامانجی سیاسی حزبەکانیان ئامادە و سازکراون، چ لە میانی هەواڵ بێت، یان زانیاری، یاخود دیمەن(وەندی، ٢٠١٣: ٢٨٤) هەندێک دەزگای ڕاگەیاندن ئەوەندەی وابەستەی پێوەنگی ئایدیۆلۆژیی و خاوەنداریەتیی و میزاجی سەرنووسەر، یان بەرپرسی یەکەمی دەزگان، ئەوەندە بایەخ بە لایەنی بڵاوکردنەوە و ناوەرۆکی بابەتەکە نادەن، بەهۆی ئەوەی زمانحالی حزبێکن، یان خاوەنداریەتییان دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی و سەرمایەدارێک (عومەر، ٢٠١٣: ٢٤) زۆر ئەستەمە بتوانین، بۆچوونێکی دیاریکراو دەستەبەر بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرجەم لایەنەکانی پەیوەندی نێوان زمان و ئایدۆلۆژیا، لێرەدا مەبەست لە کێشەی بۆچوونی دیاریکراو بۆ نموونە، کێشەی نێوان بۆچوونی دەروونناسان و کۆمەڵناسانە بۆ شیکاری نێوان زمان و مرۆڤ، کێشەی نێوان ڕەچاوکردنی زمان وەک بابەتێکی تاکەکەسی و موڵکی تاکەکەس و داهێنانی تاکەکەسی و زمان وەک بابەتێکی جیهانی و موڵکی ئەو کۆمەڵگایەی تێدا بەکاردەهێنرێت، وەک ئەنتوان مایلیە(Antonie meillet) یەکێک بوو لە گەورە زمانەوانەکانی فەڕەنسا و هۆشیارییەکی زۆری لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵدا هەبوو (کالفی، ٢٠١٢: ١٠).

زۆربەی زمانەکان ڕەهەند و لایەن و مۆرکی ئایدیۆلۆژیایان تێدایە، لەوانەیە زمانی کوردی یەکێک بێت لەو زمانانەی، کە زیاتر لە هەر زمانێکی تر ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی تێدا بەرجەستە بووبێتەوە، لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد لە ڕابردوودا و بەتایبەت لەسەد ساڵی ڕابردوودا بەسەر چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی جیاجیادا دابەشبووە و بەحوکمی ئەوەی خاوەنی چەندین حیزب و بزوتنەوە و کۆمەڵ و ڕێکخراوی سیاسی جیاجیا و تەنانەت هەندێک ڕێبازی ئایینیی جیاوازیش بووە، کەواتە ئاساییە زمانی کوردی نەک هەر لایەنی ئایدیۆلۆژیکی زەق بۆتەوە، بەڵکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامیشدایە لەگەڵ چەندین گووتاری ئایدیۆلۆژی جیاجیادا، ئەو گوتارانە تەنانەت تا ئیمرۆکەش هەستی پێدەکرێت.

زمانی کوردی بەم چەشنە بۆتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیەکان. هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە زمانەکانی تریش دەبینرێت، بەڵام زمانی کوردی بەهۆی گەشەنەکردنی لە دەوڵەتی نەتەوەدا و بەهۆی لە ئارادا نەبوونی زمانییێکی فەرمی یان ئەو ناوەندە پەروەردەیی و زانستییانەی، کە پەیڕەوی زمانێکی ستانداردی سەرتاسەری بکەن. بۆیە لایەن و تایبەتمەندیی ئایدیۆلۆژیکی بە تەواوی تێدا بەرجەستە بۆتەوە. بە سەرنجدان لە ڕاگەیاندنەکان و بەتایبەتیش کەناڵەکانی تەلەفزیۆن زۆر بە ئاشکرا ئەم بابەتە بەرجەستە دەکەیت. کەواتە زمانی کوردی لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە خاوەن ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژیکییە.(سوجادی، ٢٠١١: ٤٧– ٤٨) سادەترین ڕێگە بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیا و زمانی کوردی ئاوڕدانەوەیە لە هەندێک وشە بۆ نموونە ئەگەرچی هەردوو زاراوەی "پێشمەرگە" و " گەریلا" خاوەنی یەک واتان، بەڵام وەک دەزانرێت ئەم دوو دەستەواژەیە سەر بە دوو ئایدیۆلۆژیای جیاوازن، کە لێرەدا دوو حزبی جیاواز یان دوو بیروباوەری جیاواز بۆ یەک مەبەست بەکاریدەهێنن. زیاتر لەمەش ئەگەر نموونەیەکی تر لەنێو هەرێمی کوردستان بهێنینەوە، زاراوەی "خوێندکار" لەگەڵ "قوتابی" و "فێرخواز" هەر سێ زاراوەکە یەک واتایان هەیە، بەڵام لە لایەن دوو حزبی جیاواز لە هەرێمی کوردستان کە زاراوەی یەکەمیان لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و زاراوەی دووەمیان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و زاراوەی سێیەمیان لەلایەن کەسانێک کە خۆیان بە بێلایەن نیشاندەدەن بەکاردەهێنرێن. ڕاگەیاندنەکان لەکاتی ناوهێنانی ئەم چینە دیاریکراوەی کۆمەڵگا بەپێی نزیکایەتیان لە حزبەکان ڕەچاوی بەکارهێنانی ئەم زاراوانە دەکەن. (هەمان سەرچاوە: ٤٩– ٥٠) یان بۆ ڕازیکردنی هەردوو لایەن هەردوو زاراوە بەیەکەوە بەکاردەهێنرێن، هەروەک لە نووسراوە فەرمیەکانی دامەزراوە کارگێرییەکاندا بەدیدەکرێت.

ئەگەر سەیری ئەم وشانەش بکەین، کە لە کەناڵە ئاسمانییەکان، ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەون، بەپێی جیاوازی ئایدیۆلۆژیای سیاسی کەناڵەکان، وەک وشەی هاوواتا لەبەرانبەر یەکتریدا بەکاردەهێنرێن، وەک وشەکانی(ژن، بۆردومانی ئاسمانی، باکوری عێراق، بەرزبوونەوەی نرخ، بەرهەڵستکار، تورکەکانی چیا، پاشەکشەکردن، شەهید، هەرەس، کەنداوی عەرەبی،... هتد) کە لە بەرانبەریاندا وشەکانی (ئافرەت، خانمان، خوشکان، کردەی ئاسمانی، هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان، جولانەوەی نرخ، بیری جیاواز، کوردی تورکیا، کشانەوە، کوژراو، نسکۆ، کەنداوی فارس،...تاد) (دزەیی وسلڤانەیی، ٢٠١٣: ١٠٢– ١٠٥) تەنانەت لە شێوازی نووسین و بەکارهێنانی جۆری ئەلفبێی و زار و شێوەزارەکانیشدا ئەم جیاوازییە لە کەناڵە ئاسمانییەکان هەستی پێ دەکرێت.

سەبارەت بە دیاردەی لایەنگیری ئایدیۆلۆژی تەنیا لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی زۆرجار تۆمەتبار دەکرێن، کە بابەتی نین و لایەنگیرن، لایەنگیری لە ڕاگەیاندندا بە چەند ڕێگایەک ئەنجامدەدرێت، کە لە ڕێگەی وشە و ڕستەی کاریگەر نێرەری پەیام هەست و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت، هەروەک لە(شەڕی ئازادی عێراق)دا ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی وەک: (ئەلجەزیرە، ئەلعەرەبیە، ئەبوزەبی، ...هتد) لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان، لایەنگیری ڕژێمی عێراقیان دەکرد، بۆیە شەڕەکەیان ناونابوو (شەڕی دەست بەسەرداگرتن). (دزەیی و سلڤانەیی، ٢٠١٣: ٩٩– ١٠٠)

ئەگەر نموونەیەکی تر لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان بهێنینەوە، و باسی ڕێنووس بکەین لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بۆ نموونە، چۆنیەتی نووسینی ناوی "محمد" لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا. تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی کوردستان و کوردسات و ڕووداو دەنووسن "محەمەد" کەچی کەناڵی سپێدە و پەیام دەنووسن "موحەمەد". شێوە نووسینی "موحەمەد" سیمایەکی ئایدیۆلۆژیە، ئەو کەناڵانە خاوەنی پەیڕەو و پرۆگرامێکی ئیسلامین و هەر بۆیەش هەوڵدەدەن ڕێنووسە کوردییەکە بە تەواوەتی و دەقاو دەق وەک دەربڕینە عەرەبییەکە وابێت.

کەواتە، بەپشت بەستن بەم هەمەجۆرییەی زمانی راگەیاندن لە کوردستان، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە لە پشت زمانی راگەیاندنی کوردستان بڕیاری راگەیاندن هەیە، کە ئەویش زیاتر بڕیارێکی ئایدیۆلۆژی سیاسییە نەک پیشەیی، هەر بۆیە ئەو جۆرە زمانە لە راگەیاندنی کوردستاندا جۆرێک لە لایەندارێی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ خۆیدا دروستکردووە، کە هەم راگەیاندنی حزبە حوکمڕانەکان و هەم راگەیاندنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، هەم راگەیاندنی ئەهلیش ناتوانن دان بەو راستیەدا نەنێن، کە هیچیان خاوەن زمانێکی پیشەیی نین لەبواری راگەیاندندا، مەبەست لەوەی، کە زمانەکە پیشەیی بێت، واتە زمان وەکوو ئایدیۆلۆژیا بەکارنەهێنرێت، تەنانەت راگەیاندنی ئەهلییش، نەیتوانیووە لەسەر بنەمای پیشەیی لە بواری زمانی ڕاگەیاندندا کاربکات، بۆیە هەمیشە راگەیاندنی لایەندار زمانێکی لایەندار کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایە، زیاتریش ئامانجی سیاسیی هەڵدەگرێت، لایەندارییەکەشی لەچەند ڕوویێکەوە دیار دەکەوێت، بۆ نموونە: لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەدا، کە لەسەرەوە چەند نموونەیەک خرانەڕوو (عوسمان، ٢٠٢٠: ١). تەنانەت لە ڕووی هەڵبژاردنی زار و شێوەزاریشدا کاریگەری ئایدیۆلۆژیای حزبەکانیان لەسەرە و لە هەموو لایەنە زمانییەکانی تریش ڕەنگی داوەتەوە، بەپێی ئایدیۆلۆژیای سیاسی حزبەکانیان پەیامەکانیان، ئاراستەی جەماوەری

وەرگر دەکەن، بە ئامانجی گۆرینی بیر و هزری جەماوەر، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان.

## ٣- چوارچێوەی تیۆری لەبارەی سیاسەت و پلانی زمانی:

### ٣-١: سیاسەت و سیاسەتی زمانی (چەمک و تیۆر و تێڕوانین):

#### ٣-١- ١: سیاسەت (چەمک و پێناسە):

بۆ زانینی چەمکی سیاسەتی زمانی، سەرەتا باسی زاراوەی سیاسەت دەکەین، دواتر بەهۆی تێگەیشتنمان لە چەمکی سیاسەت بە واتا و مەبەست و ئامانجی چەمکی (سیاسەتی زمانی) دەگەین، بۆیە لە دوای ئەوەی چەمکی سیاسەت دەخەینە ڕوو، بە وردی تیشک دەخەینە سەر پێناسە و تێروانینی زانایان و زمانەوانانی کۆمەڵایەتی لە بارەی سیاسەتی زمانی.

سیاسەت، زاراوەیەکی باوی ناو کۆمەڵگەیە، لە ژیانی ڕۆژانەماندا لە زۆر بوار و زانستی جۆراوجۆر بەکاردێت، بە جۆرێک کە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، کاریگەریی لەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەیە.(تۆفیق، ٢٠٠٧: ٤٩) سیاسەت چەمکێکە شان بەشانی وشەی دەوڵەت و حکومەت و پارتە سیاسیەکان بەکاردێت، بۆ نموونە سیاسەتی ئەمریکا، سیاسەتی بەریتانیا،...هتد، یان سیاسەتی فیسار پارتی سیاسی، هەروەها ئەم زاراوەیە لە بوارەکانی دیکەی زانستیش بەکاردێت، وەک، سیاسەتی زمانی، سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی ڕاگەیاندن، سیاسەتی تەندروستی، سیاسەتی فێرکردن...،هتد. بەمەش دەردەکەوێت کە زاراوەی سیاسەت چەمکێکی باوی ناو کایەکانی ژیانە، ئامانجیشی باشترکردنی هەر بوارێکە لە ڕێگەی پلاندانان و بەدواداچوون و بەخۆداچوونەوە. (جامباز، ٢٠١٤: ٨٠)

زۆربەی فەرهەنگە کۆنەکانی زمانی عەرەبی لەسەر ئەوە کۆکن کە وشەی (السياسة) لە زمانی عەرەبیدا لە کاری(ساس يسوس)ەوە هاتووە، کە کەرەسە سەرەکیەکەی (سوس)ەیە، چاوگەکەی لە زمانی عەرەبیدا (السياسة)یە، سياسة الدواب: لەسەری دروستبوو، ساس القوم: ڕاوێژیان کرد و تەگبیریان کرد و کارەکەیان گرتەدەست، سیاسەت لە زمانی عەرەبیدا بە واتای چاککردن و ڕێنیشاندانی مرۆڤەکانە بۆ ڕێگەیەکی پەیڕەوی. (النوي، ٢٠١٢: ١١)

لە فەرهەنگی "لسان العرب"[1]یشدا هاتووە: سیاسەت لە ڕووی ڕەگ و ڕیشەی زمانیەوە لە کرداری(ساس یسوس) وەرگیراوە، ساس القوم: واتە سەرمەشقی قەومەکەی کرد. (سوس الرجل أمور الناس): ئەگەر کاری ئەوانی گرتە دەست( ابن المنظور، ١٩٩٩: ١٣٣)، واتە (سیاسەت) بە واتا زمانییەکەی بە واتای سەرمەشقی و سەرکردایەتی کردن، یان واتای ئەنجامدانی کارێک دەدات.

فەرهەنگە نوێیەکان زاراوەی سیاسەت بۆ وشەی (politics) دەگەڕێننەوە، کە لە وشەی (polis) داتاشراوە، کە بە (دەوڵەت- شار (شاری دەوڵەت) City-state) دەگوترا، کە لای یۆنانیەکان شار بریتیبووە لە (کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو)(فارس نەوڕۆلی، ٢٠٢٠: ٤٤٣)، دواتر ئەم وشەیە پەرەیسەند و بوو بە زاراوەیەک بۆ هونەری کارگێڕی و حوکمکردنی دەوڵەت چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە بەکارهات(دزەیی وسلڤانەیی، ٢٠١٣: ١٥) هەروەها لەمەش زیاتر، چەمکی سیاسەت لە چەمکی بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی کاروبارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتیشەوە پەرەی سەند بۆ تۆێژینەوەی کاروبارەکانی دەوڵەت لە ڕووی دەستوور و ڕژێم و یاساوە(دربال، ٢٠١٤: ٣٢٥). چەمکی سیاسەت ئێستا بۆتە بەشێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لێیجیاناکرێتەوە و ناسراوە بە (زانستی سیاسەت)(الخزرجي، ٢٠٠٤: ٢٤).

گرنگیدان بەم بوارە زانستییە بۆ پاش جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، لەو کاتەوەی زانایانی بواری سیاسەت لە پاڵ گرنگیدان بە بنەما کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ، بە شێوەیەکی تایبەتیش گرنگیاندا بە سیاسەتی گشتی و جۆرەکانی، ناوەڕۆک و چۆنیەتیی ئامادەکردن و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن(مجید ساڵح، ٢٠١٦: ٥٧). بە هۆی گرنگی و بایەخی ئەم بوارە زانستییە، لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تیشکی زیاتری خراوەتەسەر، بۆیەش سەبارەت بە پێناسەی چەمکی سیاسەت بە گشتی هاوشێوەی زۆربەی زانستەکانی دیکە، چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بەپێی ڕەهەند و تێڕوانینی جیاواز لەلایەن بیرمەندان و زانایانی ئەم بوارە خراونەتە ڕوو، کە بە گوێرەی کەس و تێڕوانینەکان، پێناسەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، واتە وەکوو زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، زاراوەی سیاسەتیش، فرە پێناسەیە، هەندێک لەو پێناسانەی، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکەماندا یەکانگیرن، یان ناوەڕکەکەیان پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەمان، دەخەینەڕوو:

[1] لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەدوای پێناس و مانای ئەم زاراوەیەدا گەڕام، تەنیا مانای وشەی سیاسەت بە وشەی ڕامیاری لێکدراوەتەوە، و هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تری لەبارەوە نەدراوە. بڕوانە، (فەرهەنگی خاڵ و هەمبانە بۆرینە و هەرەزە...هتد)

- "کاریل فردریک" سیاسەت پێناسە دەکات و، دەڵێت: ((بەرنامەیەکی کاری پێشنیازکراوە، بۆ کەسێک، یاخود کۆمەڵێک، یانیش حکومەتێک، لە چوارچێوەی ژینگەیەکی دیاریکراو بۆ ڕوونکردنەوەی هەلە بە ئامانجگیراوەکان و ئەو سنوورانەی کە نیازی تێپەڕاندنیان هەیە، بە مەبەستی گەیشتن بە  ئامانجێک یاخود بەدیهێنانی مەرامێک)).

- "ڕێشارد هۆفێربرت" یش سیاسەت پێناسە دەکات و، دەڵێت: ((کۆمەڵێک بڕیارە کە کۆمەڵە کەسێکی ناسراو دەریدەکەن، بە ئامانجی بەدیهێنانی مەرامێکی گشتی)).

- "جیمس ئەندرسن"، پێیوایە، کە سیاسەت: ((بریتییە لە بەرنامەی کارێکی ئامانجدار کە تاکەکەس یاخود کۆمەڵ جێبەجێی دەکەن، بۆ بەرگرتن لە کێشەیەک یاخود بەرنگاربوونەوەی دۆزێک یان بابەتێک)).

- "سامر کامل محمد خزرجي" لە پێناسەیەکی تردا دەڵێت: ((سیاسەت چالاکییەکە، کە ژیانی گشتی ڕێکدەخات و ئاسایشیان بۆ دابین دەکات، لەگەڵ هاوسەنگ ڕاگرتنی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ)). (٢٠٠٤: ٢٧-٢٨)

- هەروەها"بلال دربال" لە توێژینەوەکەیدا، تێڕوانینی وایە کە: ((سیاسەت بریتییە لە ڕێکخستنی کارەکانی تاک و کۆمەڵگە، لە سەر بنەمای یاسای کار و چاکەکاری)). (دربال ، ٢٠١٥: ٢٠٩- ٢١٠).

کەواتە، پێناسەکان بە گشتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە سیاسەت جێگەی بایەخێکی گرنگی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەیە، بەرنامەی کارێکی ئامانجدارە، ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا لە ئەستۆدەگرێت، بە جۆرێک لە لایەک دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، بەهۆی دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، لەلایەکی تریش بە هۆی سیستەمێکی چەسپێنراو لەسەر بنەمای بڕیارگەلی یاسایی و دەستووری ئامانجدار و مەبەستدار هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگە دەدات، بەهۆی ناچارکردنی کۆمەڵگە لە پابەندبوون پێوەی، لە ڕێگەی  ئەو دەسەڵاتەی بە کۆمەڵە یاسایەک، کە بارودۆخ بە مەبەستی چاکسازی بۆ ژیانێکی باشتر لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەسەریدا سەپاندونن.

لەو پێناسانەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت، کە سیاسەت، بریتییە لە هەر هەوڵێکی تاکەکەسی، ڕێکخراوەیی، یان دەسەڵاتی باڵای وڵات، کە لە ڕێگەی کۆمەڵە یاسایەکدا لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراودا بە مەبەستی چاکسازیی ژیانێکی باشتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا سەپاندویانن.

هەروەها پێناسەکان ئەوەش دەردەخەن کە زانستی سیاسەت بەپێی گەشە و گۆڕانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی لە گۆڕاندایە و بەپێی جۆری سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتیش سیاسەتی گشتی وڵات لە زۆربەی بوارەکاندا گۆڕانی بەسەردادێت.

یەکێک لەو چەمکە بنەڕەتیانەی کە پێویستە لێرەدا بیزانین، جیاوازیی نێوان وشەی (Policy)و(Politics) ـە، جیاوازیی نێوان ئەم دوو وشەیەش بۆ توێژەرانی ئەم جۆرە توێژینەوانە گرنگن، لەبەرئەوەی هەر دوو چەمک لە ناوەڕۆکدا جیاوازن لە ئەرک و ئامانجیاندا. لە زمانی کوردیدا سەختە بتوانین، جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین، سەختییەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت تەنیا وشەی (سیاسەت) بەرانبەر هەردوو وشەکە بەکارهاتووە، لەکاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازییان زۆرە. سیاسەت (Policy) بەشێکە لە سیستمی حکومی و دەشکرێت بە بەشێک لە بەرنامەڕێژی دابنرێت، بەڵام (Politics) بەمانای زانست یان هونەری دەسەڵات یان حکومەت دێت، بەتایبەتی حکومکردنی قەوارەیەکی سیاسی وەک گەلێک. بە واتایەکی دیکە، زاراوەی (policy) تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکیە سیاسییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە ئەنجامدەدرێت. بەڵام زاراوەی (politics ) ئاماژەیە بۆ چالاکییە سیاسیەکان جا لەلایەن حکومەتەوە ئەنجامدرابن، یان لەلایەن پارت و گروپ و هاوڵاتیانەوە ئەنجامدرابن (فارس نەورۆڵی، ٢٠٢٠: ٤٧٤).

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیدا پێناسەی وشەی (Policy) کراوە بەوەی، بریتییە لە پلانێکی کاری گشتگیر کەوا هەموو ئامانجە گشتییەکان لەخۆ دەگرێت. بریتیشە لە ئاڕاستەیەک یان کارێک حکومەت، یان کەسانێک، یان کەرتێکی کار، یان هەر حیزبێک پێشنیازی دەکات، لەکاتێکدا (Politics) ئاماژە بۆ دەسەڵات یان ژیانی گشتی دەکات، هەروەها (Politics) تایبەتە بە حکومەت و چالاکییەکان، زاراوەیەکە ئاماژە بۆ پرۆسەی ڕێکخستن دەکات، هەر وەک چۆن ئاماژەیشە بۆ تیۆری دەسەڵات و بەڕێوەبردنی حیزبە سیاسییەکان کە حکومەت بەڕێوەدەبەن، کە هەر هەمووی پەیوەستە بە چەند سیاسەتێکی دیاریکراوەوە. کەواتە دەتوانین وەسفی (Policy) بەوە بکەین کە بریتییە لە بنەما.

تەنیا حیزبە سیاسییەکان بە چەند سیاسەتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نین، بەڵکو هەموو تاکەکان سیاسەتی (policies) تایبەت بەخۆیان هەیە. زۆربەی کۆمپانیاکان سیاسەتی دیاریکراو تایبەت بە خۆیان پەیڕەو دەکەن. هەروەها دەکرێت وەسفی (Policy) بەوە بکەین، بریتییە لە پەیوەستبوون، یان ڕوونکردنەوەی نیەتەکانە لەڕێگەی ئەو (policy) یانەی کەسەکان یان ڕێکخراو و حیزبەکان هەیانە. بەڵام(Politics) بە زانست یان هونەری دەسەڵات و حکومەت پێناسە بکەین.(Oxford, 2009: 340) ئەوەی ئێمە لەم تێزە تاوتۆی دەکەین زیاتر پەیوەستە بە وشەی سیاسەت بە مانای (policy )هەروەک لەسەرەوە ماناکەی هاتووە.

زیاتر لەمەش، دوای تێگەیشتنمان لە چەمکی زانستی سیاسەت بە گشتی، کە چووە نێو زۆربەی بوارەکانی ژیان، زمانیش وەک یەکێک لە گرنگترین بوارە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی ناسنامەی گەل و نەتەوەکان، لە ئەمڕۆدا بۆتە جێگەی بایەخی دەسەڵاتدارانی سیاسی لە زۆربەی وڵاتاندا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە  نەتەوە و گەلان، هەمیشە حەزی ئەوەیان هەیە، کە زمانی ڕەسەنی خۆیان پێگە و پایەی زمانی فەرمی لە دەوڵەتدا پێبدرێت، لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان بەگشتی فرەزمان و فرەزارن، ئەمەش پێویستیی بە ڕێکخستن هەیە، و بۆ ڕێکخستنی ئەم فرەییەش، زمانیش پێویستیی بە (سیاسەت) دەبێت، بۆیە چەمکێکی تازە دێتە پێشەوە بە ناوی (سیاسەتی زمانی)، لێرەدا پێویستە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین، کە چەمکی سیاسەتی زمانی  خۆی چییە؟ و سیاسەتی زمانی چ پەیوەندیی بە سیاسەتی گشتی هەیە؟

**٣-١-٢: سیاسەتی زمانیی: چەمک و پێناسە:**

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە نەتەوە و گەلانی جیاواز پێکهاتوون، هەریەک لەو گەل و نەتەوانەش خاوەنی زمان و زار و شێوەزاری جیاجیان، لە هەموو سەردەمێکدا، ڕێکخستنی ئەم فرەییە لە زار و زماندا، لای دەسەڵاتی سیاسی وڵات و زمانەوانان جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بووە، چونکە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە پلانی ئێستا و داهاتووی دادەنێت، هەروەها دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مێژوو  بۆ زانینی چۆنیەتیی ژیان و کەلتووری نەوەکانی پێشوو.

سیاسەتی زمانی هەوڵێکە بۆ پاراستنی زمان و گەشەپێدانی، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵ بۆ دروست بەکارهێنانی زمان ئاڕاستە دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی فراوانکردنی ئەرکی زمان و بەکارهێنانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەگشتی. سیاسەتی زمانی بابەتێکی گشتگیر و فرە ڕەهەندە، بوارەکانی زمانەوانی و شارستانی و ناسنامە و سیاسەت و

ئابووری دەگرێتەوە، (الفهري، ٢٠١٣: ١٨٥) بایەخ بە ڕێکخستنی زمان لە چوارچێوەی یاسا و دەستووری وڵات و هەرێمەکان دەدات، بە شێوەیەک پلان بۆ زمانێکی دیارکراو لە کۆمەڵی فرەزمانی دادەڕێژێت، بە جۆرێک ئەو زمانە هەڵبژێردراوە بە هێزی یاسا بە زمانی فەرمی وڵات دەستنیشاندەکات (عزوز وخاين، ٢٠١٤: ٦٣). بەمەش یاسای زمان دەبێت بە قەوارەیەک کە سیاسەتی زمانی تێدا دەپارێزرێت. ئەو زمانە فەرمییەی کە دەستنیشان دەکرێت، وێنە و ناسنامەیەکی یاسایی بە وڵاتەکە، یان هەرێمەکە دەبەخشێت، ئەم زمانە لە کۆمەڵی تاکزمانیدا زمانی نەتەوەییە، لە کۆمەڵی جووتزمانی و فرەزمانیدا زمانێکی نیشتمانییە، لە پەرلەمان و دادگا و خوێندن و ڕاگەیاندندا بەکاردێت، و لە زۆربەی ڕووەکاندا لەگەڵ زمانی ستاندارد یەکدەگرێتەوە (ناوخۆش، ٢٠١٠: ٢٤– ٢٥). چونکە هەر بەهۆی سیاسەتی زمانەوە کار لەسەر هەڵاوێرکردنی زارێک یان زمانێک وەکو زمانێکی ستاندارد/ فەرمی دەکرێت، هەروەها کاریش لەسەر جێبەجێکردن و بەجێهێنانەکانی ئەو زمانە دەکرێت (مەحوی و جلال، ٢٠١٤: ٢).

هیچ وڵاتێک نییە لە ڕووی پێکهاتەوە لە یەک گروپ یان نەتەوە پێکهاتبێت، قەدەری زۆربەی وڵاتان فرە زمانییە، هەروەها هیچ زمانێکیش نییە، لە یەک زار پێکهاتبێت، هەموو زمانەکانی جیهان لە چەند زارێک پێکهاتوون، بۆیە زۆربەی وڵاتان خاوەنی سیاسەتی زمانین، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە پشتیوانی لە زمانێک یان چەند زمانێک بکەن، یان کۆسپ بخەنە بەردەم گەشەسەندنی زمانێک، یان زمانەکانی ژێردەست(جامباز، ٢٠١٤: ٧). هەروەها دەشێت سەرجەم زمانەکان پایە و ئەرکیان پێبدرێت و مافی بەکارهێنانی زمانی دایکیان هەبێت، بە شێوەیەک کە پارێزگاری لە هاوسەنگیی نێوان سەرجەم زمانەکان بکرێت، بە ئامانجی گەشەپێدانی زمانی سەرجەم پێکهاتەکان، بێگومان بۆ ڕەخساندنی ئەم هاوسەنگیەش، جۆری پێکهاتەی ژینگە زمانیەکە کاریگەری دەبێت.

زۆربەی وڵاتان ژمارەیەکی کەم لەو زمانانەی کە لە ناو وڵاتدا هەن، لە مامەڵە فەرمییەکاندا بەکاریاندەهێنن، بە جۆرێک زۆربەی وڵاتان زمانێک یان دوو زمان وەک زمانی فەرمی دانپێدادەنێن، بۆ نموونە لە وڵاتی هیندستاندا کە زیاتر لە (٣٥٠) زمان هەن، تەنیا دوو زمان لە ئاستی زمانی فەرمیدا بەکاردەهێنرێن، ئەوانیش هیندی و ئینگلیزین. لە تەواوی جیهاندا هەر تەنیا چەند سەد زمانێک فەرمین. (کەمریَ و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧: ١٠٥)

جا ئەگەر هەر نەتەوەیەک لە ژێر هەژموونی دەوڵەتی داگیرکەردا بێت، ئەوا سیاسەتی زمانی نەتەوەی باڵادەست، کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوەی بندەستدا

جێدەهێڵێت، بەرەو سیستی و لاوازی دەبات، لەبەرئەوەی چالاکییە زمانییەکانی سنووردار دەکات. بۆ نموونە وڵاتی فەرەنسا، زمانی فەرەنسی بە زۆر بەسەر گەلانی(جەزایر، مەغریب، تونس)دا سەپاند، تا ئیمڕۆش کارتێکردنی زمانی فەرەنسییان بە ئاشکرا پێیوە دیارە.(عەزیز،٢٠٠٥:٣٦-٣٧)

سیاسەتی زمانی وەک وەڵامدەرەوەیەک بۆ کێشەی وڵاتان، کە دێتە بەردەم گەشەی زمان هاتە ئارا، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەربەخۆییان بۆ دەگەڕێتەوە، و لە ژێر چینگی داگیرکاری ڕزگاریان دەبێت. هەرچەندە، سیاسەت و پلانی زمانی تەنیا وابەستە نییە بە گەشەی زمان، یان بە دۆخی زمان لە دوای سەربەخۆیی، بەڵکوو پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، وەک، کێشەی ناسنامە و کەلتوور و ئابووری و گەشە، ئەمەش کێشەی زۆربەی وڵاتانە. (كالفي، ٢٠٠٩: ١٤) لەگەڵ ئەوەشدا، کە سیاسەتی زمان پەیوەستە بە دەوڵەتەوە، بەڵام گریمانەی ئەوەشی لێدەکرێت، کە سیاسەتی زمان، سنوور ببەزێنێت و تایبەت بێت بە کۆمەڵێک یان گروپێکی دیاریکراوی لە دەوڵەت بچووکتر، کە لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی دیکەدا دەژین. مەبەستمان لە دەوڵەت بچووکتر ئەوەیە، کە پارتێکی سیاسی، یان ڕێکخراوێک، یان پەیمانگەیەکی تایبەت بە بواری زمانەوانی، دەتوانێت خاوەن سیاسەتی زمانی بێت، هەروەکوو (پارتی سەوز)ی کۆماری ئیرلەندا خاوەنی سیاسەتی زمانی تایبەتە (جامباز، ٢٠١١: ٣١٥- ٣٢٦). ئەمەش بە مەرجێک دەوڵەت خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی بێت لە حوکمڕانیدا، دەرفەتی یەکسان لە بەڕێوەبردنی فرەزمانی بۆ هەموو پێکهاتە و گروپ و کۆمەڵەکان لە چوارچێوەی وڵاتدا بڕەخسێنێت.

هەروەها پێویستە پێش هەموو کەس سەرکردەکان لە وڵاتاندا، سیاسەتی زمانی پیادە بکەن و بەپێی ئەو بڕیار و مادە دەستووری و یاساییانەی دایدەڕێژن ڕەفتار لەگەڵ زماندا بکەن(كوبر، ٢٠٠٦: ١٦٤).

سیاسەتی زمانی بە لقێک لە زانستی سیاسەتی گشتی دادەنرێت، سیاسەتی گشتی کۆمەڵێک لقی لێدەبێتەوە، لەوانە (سیاسەتی ئابوری، سیاسەتی ڕۆشنبیری، سیاسەتی زمانی، سیاسەتی ڕاگەیاندن،... هتد ) (الصيفی، ٢٠١٥: ٢٥) بەڵام ئەوەی چەمکی سیاسەتی زمانی لە سیاسەتی گشتی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە سیاسەتی زمانی کار لەسەر خودی زمان نەک سیاسەت دەکات، بە جۆرێک کە کەلتوورێکی نوێ دەخولقێنێت، پرسی زمانی نەتەوە بە یاسا و دەستوور بە پەیڕەو ڕێکدەخات(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥)، هەر وەک "ا. دیڤید" پێناسەی دەکات، کە دەڵێت: ((سیاسەتی زمانی، بریتییە لە ڕفتار و کۆمەڵێک لەو کارلێکردنانەی کەوا لەمیانەیاندا کارە فەرمییەکان و بڕیارگەلی پابەندکراو دادەڕێژرێن و لە پێناو بەرژەوەندی

کۆمەڵدا جێبەجێدەکرێن)).(کوبر، ٢٠٠٦: ١٦٤). ئەمەش دواجار زمان لە ڕەوشی پەلهاویشتن و بڵاوبوونەوەیدا، بەرەو زمانی هاوبەشی نەتەوە و دەوڵەت دەبات. (سابیر، ٢٠١٤: ٢٦)

"علی القاسمی" یش پێناسەی (سیاسەتی زمانی)ی کردووە، دەڵێت:(( سیاسەتی زمانی چالاکییەکە دەوڵەت پشتی پێ دەبەستێت و پلانێکی لێوە بەرهەم دێنێت، کە ئەنجوومەنی یاسادانان پەسەندی دەکات))(کساس، ٢٠١٢: ٣٤٤) ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی زمانە، لە ڕێگەی پێدانی پێگەی یاسایی و دەستووری بۆ ڕێکخستنی زمانەکان لە نێو کۆمەڵدا، بەهۆی بە فەرمی ناساندنی، بە ئامانجی پاراستن و گەشەپێدانی، هەروەها هەندێکجاریش بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی زمانێک یان هەندێک زمان لە ژینگە زمانییەکەیدا.

هەروەها "کاپڵان و بالدوف"(kaplan and baldauf) لەبارەی پێناسەی سیاسەتی زمانی دەڵێن: ((سیاسەتی زمانی بریتیە لە چەند بیرۆکەیەک، یاسایەک، ڕێکخەرێک، دەستورێک و جێبەجێکردنێک، بەمەبەستی بەدەستهێنانی گۆڕان لە زمانی پلان بۆ دانراو لە کۆمەڵگەکاندا)) (Johnson, 2013: 4) هەموو ئەو پێناسانە، ئەو ڕاستیە دەردەخەن، کە سیاسەتی زمانی قۆناغێکی تیۆرییە، لە ڕێگەیەوە کەتواری کۆمەڵایەتی و زمان بە یەکترییەوە دەبەسترێنەوە، کە لە پاشاندا دەبێتە هۆکاری گرتنەبەری چەند ڕێکارێک، بۆ نموونە: دیاریکردنی زمانی فێربوون، کارگێڕی، ڕاگەیاندن، ...،چەندانی تر.(بورنان، ٢٠٠٩: ١٦٢ )کە ئەمەش پەیوەستی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دەوڵەت و حوکمرانی و فەرمانڕەوایی کراوە، کە لە ڕێگەیەوە زمانی وڵات دیاردەکرێت، بە تایبەتیش هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات، کە لە دواییشدا دەستوور و یاساکانی وڵات و دامەزراوەکان بەو زمانە دەنووسرێنەوە(عزوز، ٢٠١٢: ٧٠).

هەروەها "گرین" وای بۆ دەچێت، چەمکی سیاسەتی زمانی لە پلاندانان فراوانترە و بە هەوڵێکی ڕێکخراو و سیستەماتیک و لۆژیکی لە ئاستی کۆمەڵ دەزانێت، ئەم هەوڵەش لەلایەن ڕێکخراوە فەرمییەکانی کۆمەڵەوە هەنگاوی بۆ دەنرێت.(داوری، ١٣٩٩: ١٣)

لە میانەی ئەم پێناسانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سیاسەتی زمانی لەلایەن دەوڵەتەوە بەگوێرەی سیستەمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی حوکمڕان دادەڕێژرێت.

ئەمەش وا دەکات، بەپێی پێکهاتەکان لە ڕووی زمانیی و نەتەوەیی لە وڵاتاندا، پێگەی یاسایی زمانەکان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازبێت، هەروەها لە وڵاتێکی

فیدراڵی بۆ وڵاتێکی دیکە فیدراڵیش جیاواز بێت، بۆ نموونە، لە زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا جیاوازی هەیە، لە نێوان:

١- زمانی فەرمی سەرانسەری یان زمانە فەرمییە سەرانسەرییەکان.

٢- زمانی فەرمی هەرێمەکان.

٣- زمانی کەمایەتییەکان لە نێو هەرێمەکاندا.

واتە، سیاسەتی زمان لەم وڵاتانەدا لە دەستووری ناوەندی وڵاتاندا جێگیر دەکرێت، بەڵام هەر چەندە لە وڵاتێک ژمارەی زمانەکان زۆرتربن، ئەگەری بە فەرمی ناساندنی هەموو ئەو زمانانە لەسەر ئاستی ناوەند یان سەرتاسەری کەمتر دەبێت. لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی لە کاتی جێبەجێکردنیدا ئەو بابەتە سەخت و کێشەدار دەبێت. بە نموونە لە وڵاتی بەلجیکا و سویسرا و کەنەدا بەهۆی کێشەی لەبارەی پێکهاتی دانیشتوانیان زۆربەی زمانەکان لە ئاستی فیدراڵیدا یەکسانن. (زادە، ٢٠١١: ٨٢) واتە، لە کاتی داڕشتنی مادده و بڕگە یاساییەکان بۆ سیاسەتی زمان لە هەر وڵاتێکدا پێگە و پێکهاتەی دانیشتوانیش بەپێی ڕێژەی دابەشبوونی جوگرافی پێکهاتەکان لە وڵاتدا، ڕۆڵی کاریگەری لەسەر داڕشتنی سیاسەتە زمانییەکە دەبێت.

هەروەها "هارۆڵد ف. سکیفمان" (Harold F.Schoiffman) لەبارەی سیاسەتی زمانی دەڵێت: ((سیاسەتی زمانی بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەو و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیە، ڕەنگە کۆمەڵە توخمێکی ڕاست و ڕێک لە ڕەوشی زماندا لەخۆبگرێت، لەوانە (لە بواری دادوەری، یاسایی، کارگێری، دەستوری یان زمانی فەرمی). ئاخۆ ئەم سیاسەتە نوسراوێکی دروست و ڕوونی هەیە. بەگشتی سیاسەتەکە وەک دەقێکی کەلتوری دەوەستێتە سەر چەند توخمێکی تری وەکو سیستەمی باوەڕ، ڕەفتار و ئەفسانە. ئاوێتەی هەموو ئەمانەی کە باسمانکرد بۆ زمانی شارستانیەت دەگەڕێتەوە، کە پێکەوەیەکە لە بیروباوڕ، بەها، ڕوانین، ڕەفتار، بیرۆکەیەکی نەسەلمێنراو، ڕەخنەی ئاینی، یاخود بیروباوڕی تری کەلتوری کە ئاخێوەرانی زمانێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن)). ( Johnson, 2013: 4 )

بێگومان پێناسەی بیرمەندان و زانایان بۆ سیاسەتی زمانیش بە گوێرەی ڕێباز و ئاڕاستەی بیرکردنەوەیان گۆڕانی بەسەردا دێت،"لویس جان کالفی" لە پێناسەیەکی تردا دەڵێت: ((سیاسەتی زمانی بە پوختەی ئەو بژاردە هۆشیاریانە دەگوترێت کە لە بواری

پەیوەندییەکان گیراونەتەبەر، لە نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بە دیاریکراویش لە نێوان زمان و ژیان لە نیشتیماندا)).(کالفي، ٢٠٠٨: ٢٢١)

لە میانەی وردبوونەوەش لەم پێناسەیەدا، سەرنجدەدەین، کە "لویس جان کالفی" لە میانەی ئەم پێناسەیەدا، باسی لە بڕیاردان لە بارەی کۆمەڵێک لە بژاردەی پێشکەشکراو کردووە، کە لەوانەیە شیاوی جێبەجێکردن بن یان نەبن، بەڵام لە پێناسەکەیدا ئەو پرسیارانەی وەڵام نەداتەوە، کێ بڕیاری جێبەجێکردنی ئەو بژاردە هۆشیارانە دەدات؟ ئەی کێن ئەوانەی ئەو بژاردانەی کە شیاوی جێبەجێکردنن جیادەکاتەوە لەوانەی کە شیاوی جێبەجێکردن نین؟ ئەگەر دامەزراوەیەک بێت دەبێت سروشتی چۆن بێت؟ ئەگەریش تاکەکەس بن، ناسنامەیان چییە؟

لەلایەکی تر لە پێناسەکەدا ئاماژەی بەوەکردووە کە بڕیارەکان بە شێوازێکی هۆشیارانە دەدرێن، نەوەک بە شێوازێکی هەڕەمەکی، هەروەها بابەتی سیاسەتی زمانی وەکو بناغەیەک لە پەیوەندیی زمان بە ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش لە پەیوەندیی زمان بە نیشتماندا ئەژماردەکات. ئا لێرەدا پێناسەکە کورت و پوخت دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی درێژە بە وردەکاری لە سروشتی ئەم پەیوەندیەی نێوان زمانەکە یاخود زمانەکان لەلایەک و لە نێوان ژیانی کۆمەڵایەتیش لەلایەکی ترەوە بکات، کە ئایا پەیوەندییەکی پێکەوە ژیانە یاخود ململانێ و کێبرکێیە؟ (دربال، ٢٠١٤: ٣٢٦)

لەمیانەی خستنە ڕووی چەمکی (سیاسەتی زمانی) لەلایەن کۆزمانەوانان، دەردەکەوێت، کە پێناسەی سیاسەتی زمانی لە نێوان توێژەراندا بە چەندین دەربڕین و تێڕوانینی جیاواز پێناسە کراوە، بەڵام هەموویان لە ناوەڕۆکێکی گشتیدا کۆک و هاوڕان. لە میانەی چوونە بنج و بنەوانی چەمکی(سیاسەتی زمانی) لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی خستمانە ڕوو، دەتوانێن چەمکی (سیاسەتی زمانی) لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:

١- سیاسەتی زمانی بەشێکە لەسەرجەم بوارەکانی دیکەی وەکوو (سیاسەتی ڕۆشنبیری و ئابووری،...هتد) لێیان جیاناکرێتەوە، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو بوارێکی فرە پسپۆڕییە، ئەویش بەهۆی پەیوەندیی بە زانستەکانی پەروەردە و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافیا و زمانە کۆمەڵایەتییەکان و هی دیکەش( Johnson, 2013: 9 ). بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوەی کە زمان بەهای ڕۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەروەری خۆی هەیە، لەسەر ئاستی تاکەکەس و دەوڵەت و نێودەوڵەتی و جیهانی، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئامرازێکی پەیوەندیکردن و هێمای ناسنامەشە.

٢- سەرکردەکان و دەسەڵاتداران ئەوانەن کەوا پەیڕەوی سیاسەتی زمانی لە وڵاتدا دەکەن و کەرەستەکانی دادەڕێژن، و ئەم سیاسەتە مەبەستی خۆی ناپێکێت، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە ڕێز لەو دەقە بگیرێت، کە لە نێو دەستوور و یاساکاندا هاتووە، کە بریتییە لەوەی زمانی فەرمی لە وڵاتدا دیاریکراوە، هەروەها پابەندبوونی پیاوانی سیاسەت و دەسەڵات کە بەزمانی ستاندەر بئاخڤن، ئەمەش بۆ ئەوەی هانی خەڵکانی تریش بدەن بۆ ئەوەی ڕێز لە زمانەکەیان بگرن و متمانەی پێبکەن و لایەنگیری و پشتگیری لە کەلەپورەکەی بکەن. هەر کاتێک کۆمەڵ پێشوازی لەو بڕیارانەکرد و جێبەجێکرد، ئەو کاتە ئەو سیاسەتە زمانییە سەرکەوتووە.

٣- بڕیارەکان لە یاسا و دەستوورەکاندا بە شێوەی هوشیارانە و ئاگایانە دەدرێن، واتە دوورە لە بڕیاری هەڕەمەکی.

٤- ئەم یاسا و بڕیارانەی لە بارەی زمانەوە دەدرێن، بە گوێرەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و شێوەی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە وڵاتدا دەردەچێت.

٥- سیاسەتی زمانی ڕێکخستنی دۆخی زمانە بە شێوەیەکی فەرمی و ڕاگەیەنراو، لەڕێگەیەوە زمانی وڵات و زمانی فەرمی هاونیشتیمانیان دیاردەکرێت.

٦- سیاسەتی زمانی ئامانجی دەستەبەرکردنی پێگەیەکە بۆ زمانێکی دیاریکراو، تاوەکو هەموو کێشە و دیاردە زمانەوانییەکان بگرێتە خۆی، پەیوەست بە بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵدا.

کەواتە، سیاسەتی زمانی: بریتییە لە داڕشتنی بنەماکانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زمان یان زمانەکان، لە ڕێگەی پێدانی پێگەیەکی دەستووری و یاسایی لە وڵاتدا، بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا، بەپێی جۆری سیستەمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژی سیاسی دەسەڵات لە وڵاتدا، پێگەی زمانەکانیش دەگۆڕێت.

**٣-١-٣: سەرهەڵدانی چەمکی (سیاسەتی زمانی):**

زاراوەی زانستی سیاسەتی زمانی، بە بەراورد بە دیاردە زمانییەکە، زاراوەیەکی تازەیە، لەبەرئەوەی ئەو دیاردەیەی کە سیاسەتی زمانی کاری لەسەر دەکات، لە نێو کۆمەڵەکان دیاردەیەکی کۆنە، ئەگەرچی بەو شێوە زانستییەی ئێستاش نەبووبێت، بەڵام وەکو دیاردەیەک، بە فەرمی ناساندنی زمانێک و باڵادەستکردنی زۆر لە کۆنەوە هەبووە، بۆ نموونە گریکەکان دوو هەزار ساڵ پێش زایین ئەوانەی بە گریکی قسەیان نەدەکرد ناویان

نابوون (بەربەر) کە بە واتای (قیرەی باڵندە) دەهات، هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە هەموو ئەوروپادا جگە لە زمانی لاتینی کە زمانی فەرمی بووە، ڕێگە بە هیچ زمانێکی تر نەدەدرا، لە کلێسە و خوێندن و نووسین بەکاربێت (سەعید، ٢٠١٣: ٨٨). واتە، دەستوەردانی مرۆڤ لە بارودۆخی زمان لە ژینگەی زمانیدا و هەوڵەکانی مرۆڤ لە دانانی یاسا بۆ بەکارهێنانی زمانەکان، هەوڵگەلێکن لە کۆندا هەبووە، و نکۆڵیان لێناکرێت، هەر وەکو چۆن هەڵبژاردنی زمانێک لە نێو زمانەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەوا بۆ ڕاپیکردنی کاروبارەکانی وڵات کارێکە بە درێژایی مێژوو دووبارە دەبێتەوە، هەر بۆ نموونە، لە ساڵی(١٨٦٧ز)ەوە دوو زمان (ئینگلیزی و فەڕەنسی) لە پەرلەمانی وڵاتی کەنەدا بەکاردەهێنرێت و یاسای زمانە فەرمیەکانیان لە ساڵی (١٩١٠ز)ەوە دەرچووە(جامباز، ٢٠٠٧: ١٣) واتە، کۆنی ئەو سیاسەتە و دەستوەردان لە زماندا بەقەد کۆنیی دیاردەی فرەزمانییە، بەڵام هەموو ئەو دەستوەردانانە لە بزاڤی زمانیدا وەنەبێت لەسەر بناغەی تیۆری و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بیناکرابن، کە توێژینەوەی پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵگەوە بکەن و ئاشکرای بکەن، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕێگەی بڕیارە سیاسیەکانەوە هاتبن، هەروەها زۆر لەم دەستوەردانانە لەلایەن پسپۆڕانی کۆزمانەوانی ئەنجام نەدراون(کالفي، ٢٠٠٩: ٧) هەر بۆیەش زۆر جار بۆتە هۆکاری ململانێی و ناتەبایی لە نێو کۆمەڵگەکاندا.

سەرهەڵدانی زاراوەکە و زانستەکە وەکو لقێکی زمانەوانی، ماوەی چەند ساڵێکە لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە دەستپێکردووە، لەلایەن کۆمەڵێک لە لێکۆڵەرانی بواری کۆزمانەوانی، ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە، ئەمەش لەو کاتەوەی کەوا دەستەواژەی (پلانی زمانی) وەکو بەشێک لە بابەتەکانی "زمانەوانیی کارەکی" لە ساڵی (١٩٥٩ز) لەسەر دەستی زمانەوانی ئەمریکی "ئینار هۆگن" سەریهەڵدا( Ferguson, 2006: 1 ) و لە ساڵی (١٩٦٨ز) "فیشمان و فەرگەسۆن و داس گوبتا" کتێبێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە باسی دۆزەکانی زمانەوانییان لە نێو وڵاتانی تازە گەشەکردوودا دەکرد، دواتریش هەریەکە لە "جیۆتریندا داس گوبتا" (Jyotirindra Das Gupta ) و"بیجورن جرنود" ( Bjorn jernaud) و"جون ڕۆبن" (Joan Rubin) و "جیشوا فیشمان" (Joshua Fishman) لە"هاوای"کۆبوونەوە، بە مەبەستی سەرنج خستنەسەر سروشتی پلانی زمانی، هەروەها لە سەر هەمان بابەت لە (٧ تا ١٠ی مارسی ١٩٦٩ز)بە ئامادەبوونی هەریەکە لە(ئەنسرۆپۆلۆژی و زمانەوانان و زانایانی کۆمەڵناس و ئابووریناسەکان) کۆبوونەوەیەک ڕێکخرابوو، کە تیایدا سەرجەم ئەو کەسایەتیانە دەستیان بەکارکردن لە بواری سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی کرد، ئەنجامی ئەم کۆبوونەیە دەرکردنی کتێبێک بوو بە ناونیشانی (ئایا دەکرێت زمان پلانی هەبێت؟).

(کالفي، ۲۰۰۹: ۸- ۹) کە تیایدا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە زمانیش پێویستی بە ڕێکخستن هەیە.

"لۆ بیانکۆ"(Lo Bianco) باوەڕیوایە، کە دەرکەوتنی زاراوەی سیاسەتی زمانی وەک چەمکێک لە زمانەوانی کۆمەڵایەتییدا بە کاریگەری گەشەی زانستی سیاسەت لە ڕۆژئاوادا بووە، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بابەتەکانی ئەم زانستە زیاتر بەرەو زانستی و ئەکادیمیەت هەنگاوی هاویشت و بە کەتواری سیاسی بەسترایەوە(المحمود، ۲۰۱۸: ۱۱۱).

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی زاراوەی سیاسەتی زمانی، زاراوەگەلی دیکەش دەرکەوتن کەوا کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەن، لەسەرووی هەموویانەوە زاراوەی (پلانی زمانی)یە، کە زۆرجار بە هەڵە لەگەڵ زاراوەی سیاسەتی زمانی لە شوێنی یەکتر بەکاردەهێنرێن(Baldouf and Kaplan, 1997: 14)، لە ئەمڕۆدا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، ئەگەرچی ئەم زاراوەیە یەکەمین زاراوە نییە، کەوا باسی ئەم چالاکییەی کردبێت، بۆ نموونە، زاراوەی (ئەندازەی زمان) یەکەمین زاراوەیە کە لە نێو ئەدەبیاتی توێژینەوەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بەکارهاتووە، لەکاتی باسکردنی چالاکییەکانی پلاندانانی زمانەوە، چونکە ئەم زاراوەیە لە زاراوەی سیاسەتی زمانی زیاتر دووبارە بووەتەوە،هەروەها هەریەکە لە زاراوەکانی(پەرەسەندنی زمان)، (گەشەسەندنی زمان)، یاخود زاراوەی(ڕێکخستنی زمان)یش بەهەمان شێوە زۆرترین بەکارهێنانیان لەم بوارەدا هەیە(کوبر، ۲۰۰٦: ٦۷).

هەر بۆیە دەکرێت، بە شێوەی ڕیزبەندیی مێژوویی سەرهەڵدانی زاراوەی (سیاسەتی زمانی) لە نێو زمانە جۆراوجۆرەکاندا دیاربخەین، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

- لە زمانی ئینگلیزیدا، لە ساڵی (۱۹۷۰ز) لەلایەن "فیشمان "ەوە، زاراوەی سیاسەتی زمان لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی(Sociolinguistics) بەکاریهێناوە.

- لە زمانی ئیسپانیشدا، لە ساڵی (۱۹۷٥ز) لە لایەن "رفاییل نیولس"، بە زاراوەی (Estrutura Sociol y politica linguistica, Valencia) سەریهەڵداوە.

- لە زمانی ئەڵمانیشدا، لە ساڵی (۱۹۸۱ز) لەلایەن "هلموت فلوک" بە زاراوەی ( Spach and Spracht theorie )سەری هەڵداوە.

– له زمانی فەرەنسیشدا، له ساڵی (١٩٨١ز) به زاراوەی سیاسەتی زمانی ((en) Politik) سەریهەڵداوه. (کالفي، ٢٠٠٩: ١٠)

هەروەها هەندێک جاریش زاراوەی سیاسەتی زمانی وەکوو هاوواتای زاراوەی (پلانی زمانی)و(بەرێوەبردنی زمان) له کیوبێیک بەکارهاتووه، هەروەها هاوواتای (پێوانەکاری) له کەتەلۆنیا بەکارهاتووه(دربال، ٢٠١٤: ٣٢٧).

هەر وەکوو دیاره، ئەم زاراوەیه له ماوەی چەند ساڵێکدا له زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بڵاوبۆتەوه. ناونانی زانستەکەش بەپێی شوێنەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووه. ئەمەش ئەو ڕاستیه دەسەلمێنێت، که زاراوەی سیاسەتی زمانی لەگەڵ زاراوەگەلێکی دیکه بەیەکەوه سەریانهەڵداوه و به نێو یەکتریدا چوونه. واته هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی زاراوەی سیاسەتی زمانی، چەندین زاراوەی هاوواتای هەر دوو چەمکی سیاسەت و پلانی زمانی سەریان هەڵداوه، لەوانەش: (ڕێکخستنی زمانەوانی، بەڕێوەبردنی زمان، ئەندازەی زمان، ئامادەکاری زمان و ...هتد). هەموو ئەمانەش هەر زمانیک که دایدەڕێژێت، له پێناوی خزمەتی زمانی نەتەوه و پاراستنیەتی له کاریگەریی زمانەکانی بیانی، بەڵام هەریەکه له کۆزمانەوانەکان بەپێی قوتابخانەکانی و سروشتی کۆمەڵگه و گرفت و دەرهاویشتەکانی چەمکەکانیش جیاوازیان تێکەوت. زاراوەکان به ڕێگەیەکی تەومومژاوی بەکارهێنران، هەندێک جار وەکوو زاراوەی هاوواتا دەیانبینن، وەکوو بەڵگه و مانا بۆ تاکه شتێک دەیانهێننەوه.

ئەوەی گرنگه زاراوەکانی ئەم بواره به گشتی، واته زاراوەی (گەشەکردنی زمان، پلانی زمانی، سیاسەتی زمانی،... ئەوانی دیکەش) هەموویان به واتای گەڕان و توێژینەوه له پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی زمان، ئەوەی که له ئاستی نەتەوەدا دێته ئاراوه و هەندێک جار له ئاستی هەرێمایەتی و نێودەولەتیش دەترازێت.(فەرەج، ٢٠٠٧: ١٩٩)، بەڵام بەهۆی ئەو پێشکەوتنه خێرایانەی بواری زمانەوانی بەگشتی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بەخۆیەوه بینیووه و بەهۆی بەرفراوانبوونی لقەکانی، زاراوەکه ئێستا جێگیر بووه، له لای زمانەوانەکان به شێوەیەکی بەرفراوان توێژینەوه لەم بواره لەسەر ئاستی وڵاتان به گشتی و کوردستانیش به تایبەتی ئەنجامدراون.

### ٣-١-٤: پەیوەندیی سیاسەتی زمانی به زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

توێژەران له بواری زانستی زمان زۆر توێژینەوەیان ئەنجامداوه، هەتا ئەمڕۆش بەردەوامییان هەیه، به تایبەتی لەم سەردەمەدا تیشکیان خستۆته سەر ئەو لایەنانەی

پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەردەخەن، لەبەرئەوەی زمان گرنگییەکی زۆری لە کۆمەڵدا هەیە و ئاوێنەی هەموو بیرکردنەوەیەکە لە کۆمەڵدا، یەکێک لەم بوارە نوێیانەش(سیاسەتی زمانی)ە.

زمانەوانیی کارەکی لقێکی زانستی زمانەوانییە و پەیوەندیی بە بەکارەکیکردنی تیۆرەکانی زمانەوانی و میتۆدەکان و دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی کێشەکانی زمانەوە هەیە، کە لە هەندێک شوێنی دەربڕیندا دەردەکەوێت (Crystal, 2003: 29). ئەو زانستە نوێیەش، لقێکە لە کۆزمانەوانیی، کە ئەویش لقێکە لە زمانەوانیی کارەکی، بۆ ئاماژەدان بە هەموو دەستوەردانێک بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانەوانییە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی زارە جوگرافیەکان دەدات و لە چۆنیەتیی گەیشتن بە زمانێکی هاوبەشی نیشتمانی دەکۆڵێتەوە(کالفي، ٢٠٠٨: ٢٢٠- ٢٢٣) هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی فرەزمانی و دیاریکردنی ئەو زمانانەی پێویستە لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا بەکاربهێنرێن لە ئەستۆ دەگرێت.(دمياطي، ٢٠١٧: ١١٠) ئەمانەش وا دەکەن زمانەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا بڕۆن، هەروەها هەموو زمانەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئایندەیەکی گەشەسەندوو و پەرەسەندوویان لە کۆمەڵ فرەزمانەکاندا هەبێت، جگە لەمەش زمان لە هەژموونی زمانە بیانییەکان دەپارێزێت.

کۆزمانەوانی، کە خۆشی لقێکی نوێی زانستی زمانە، زانایانی کۆمەڵناسی و زمانەوانانی کۆکردەوە، ئەوانەی گرنگی بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن.(هدسون، ١٩٩٠: ١٢- ١٥)

زیاتر لەمەش، بە شێوەیەکی گشتی کۆزمانەوانان لە هەموو لایەنەکانی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێن، لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی، کە لە نێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی زمان، یان زاردا هەیە دەکات، هەوڵی ئەوە دەدات، کە تێمان گەیێنێت چۆن خەڵکی دەتوانن سوود لە سامانی زمان وەربگرن، بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵدا دەیبینێت(فەتاح، ٢٠١٠: ١٣٩).

بە تایبەتی دوای ئەوەی زانستی کۆمەڵناسی لە لای "ئیمیل دۆرکهایم"دا و زانستی زمان لە لای "فێردیناند دی سۆسێر"دا بوون بە زانستی سەربەخۆ، ئەمە وایکرد چیتر وەک بابەتێکی لاوەکی لە چوارچیوەی زانستی دیکەدا لە زمان نەکۆڵرێتەوە، بەڵکوو گرنگی بەو پەیوەندییە درا، کە لە نێوان ئەو دوو زانستەدا هەیە. کە ئەمەش وایکرد کۆزمانەوانی لەگەڵ دەرکەوتنی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لە پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵگەوە

بکۆڵێتەوە، بە تایبەتی لە دوو لایەنەوە لە ڕەفتاری مرۆڤی کۆڵییەوە: لایەنێکیان لە زمان بەکارهێنان لە نێو کۆمەڵدا، و لایەنی دووەمیان: بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕەوشتە. (هەمان سەرچاوە: ١٣٨) و لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا"تۆماس لۆکمان" بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی چەندین توێژینەوەی لەم بوارەوە ئەنجامدا(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٦٨). هەروەها هەر لەم بوارەشدا زمانەوانانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ڕووی تیورییەوە کارێکی زۆریان کردووە، ئەو زمانەوانانەی لەم بوارەدا ناوبانگیان هەبێت، "ئینار هاوگن"(Einar Haugen 1906-1994) و"چارڵز.ئا.فێرگەسۆن"(Charles A.Ferguson 1921-1998) بەتایبەتی "فێرگەسۆن" بەرهەمەکانی لە بواری پلانی زماندا جێگەیەکی دیاریان هەیە(شاکەلی، ٢٠١١: ١٠٣).

ئەو تازەگەریەی کە ئەم بوارە لە کۆزمانەوانی هێنایەکایەوە، بریتی بوو لە گرنگیدانێکی زۆر و درککردنێکی قووڵ بەوەی لە توانایدا هەیە، زۆرێک لەشتە لێڵ و ناڕوونەکانی سروشتی زمان و سروشتی کۆمەڵ ئاشکرا بکات(هدسون، ١٩٩٠: ١٢)یەکێک لەو بابەتانەی زۆر گرنگییان پێدەدا و جەختیان دەخستە سەر، جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە دەسەڵاتیان بە سەر جووڵەی زمانەوە هەیە، لە کاتی کارلێککردن و هەماهەنگیکردنی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، بە ئامانجی بەرهەمداری لە کاتی وێناکردنی سیاسەتی زمانیدا، تا لە کۆتاییدا ئەم سیاسەتە زمانییە هەم زانستی و هەم کردەیی بێت، واتە لێرەدا زمانەوانان خۆیان لە بەردەم زانستێکی نوێدا دۆزیەوە، کە پەیڕەو و بابەتی خۆی هەیە، ئەویش بریتییە لە(سیاسەتی زمان) (خۆشناو، ٢٠١٨: ٧)، کە لە زمانی ئینگلیزیدا(Language policy) بۆ بەکاردێت، لە زمانی عەرەبیشدا بۆ (السياسة اللغوية) وەرگێڕدراوە، کە بە واتای ئەوە دێت، کە پەیوەندی لە نێوان سیاسەت و زماندا هەیە، چەند ئامرازێک هەیە و جووڵەی پێدەکات، هەروەها "لویس جان کالفی" سەرنجیداوە کەوا پەرەسەندنی کۆزمانەوانی پەیوەستبووە بە پەرەسەندنی سیاسەتی زمانی، هەروەها بەهێزبوونی ئەم زانستە لە ئەنجامی گرنگیپێدانی بووە بە سیاسەتی زمانی(كالفي،٢٠٠٩: ٣١). جا بۆ زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان زمان و سیاسەتی بە کۆمەڵ، پێویستە دوای خستنەڕووی واتا و مەبەستی چەمکی (سیاسەتی زمانی)، بە پێی توانا ئەم بەشە لە تێزەکەمان تایبەت بکەین بە دیاریکردنی بنچینەی تیۆرەکانی سیاسەتی زمانی و ئامانج و قۆناغ و بنەما و ئاراستەکانی و جۆرەکانی سیاسەتی زمانی. لەلایەکی دیکەشەوە هەڵوەستە لەسەر دیاریکردنی چەمکی پلانی زمانیی و ئامانج و کردارەکان و لایەنە جێبەجێکاریەکانی دەکەین، و پەیوەندیی سیاسەتی زمانی بە پلانی زمانی روون دەکەینەوە.

### ٣-٢-١: ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی

سیاسەتی زمانی لە بازنەی نەتەوەییدا ئامانجی بەرزکردنەوەی پایە وپێگەی زمانە، چونکە زمان ناونیشانە بۆ ناسنامە و خۆبەندی(ئینتیما)، ئەم سیاسەتە ئامانجی پاراستنی زمانی پلان بۆ دارێژراوە و بە ئامرازێکی پێویست بۆ پێشکەوتن و بەرزبوونەوە و گەشەسەندنی بەردەوام و هاوڕێیەتی کردنی گیانی سەردەم دادەنرێت، لە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیادا لە کۆمەڵی مەعریفەدا، بۆ بەهێزکردنی هۆشیاری زمانیی بەوەی کە زمان لە ژیانی تاکەکەسی و نەتەوەدا گرنگی هەیە، سیاسەتی زمانی بۆ هەر زمانێک بە گرنگ دەزانرێت، ئەمەش بۆ سووربوون لەسەر پێشخستنی زمان لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا(السید، ٢٠١٣: ٦٩)هەروەها بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە کۆمەڵگەکانی مرۆیی بەخۆیانەوە دەبینن و تا دێت گرنگیدان بە سیاسەتی زمانی و ڕێکخستنی زمان لە وڵاتاندا زیاتر دەبێت.

لەلایەکی تر سیاسەتی زمانی مەبەستیەتی چارەسەریی کێشەی کردەی پەیوەندی و لێکگەیشتن لە نێو کۆمەڵدا بکات. چارەسەرکردنەکەش لە ڕێگەی شیکردنەوە و ڕێکخستنی زمانەوە دەبێت(مەحوی و جلال، ٢٠١ ٤: ١٤٥) ڕێکخستنەکەشی بەهۆی ئەوەی لە دەستووری وڵاتدا جەختی لەسەر دەکرێت، دواتریش بە چەندین مادده و بڕگە لە یاساکاندا جێگیر دەکرێت، لە هەندێک وڵاتدا جگە لە جێگیرکردنی لە دەستوور و یاساکاندا، یاسای تایبەت بە زمانپارێزیش دەردەکەن(جامباز، ٢٠١٤: ١٢)، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ڕێکخستنی زماندا، گەشە بە کەلتووری هاوبەش و پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەستی هاوڵاتیبوون و گرێدانی پێکهاتەی خاوەن زمان دەدرێت، چونکە زمان گرنگترین توخمی کەلتوورییە و ناسنامەی نەتەوەکانە.

جگە لەمانەش، سیاسەتی زمانی ئامانجی دیاریکردنی پێگەی زمانە بیانییەکانە لە سیستەمی خوێندن و ڕاگەیاندن و فێرکردن و سەرجەم کایەکانی دیکەدا (برزۆ، ٢٠١٦: ٩) ئامانجیشی دیاریکردنی پێگەی زمانی دایک و پێگەی زمانەکانی دیکەیە، کە لە وڵاتدا خاوەنی کەلتووری تایبەتن. هەروەها دیاریکردنی هەڵوێست وەرگرتن لە شێوەزارەکانی ناوخۆیی و کردنیان بە زمانی فەرمی، هاوکات گرنگیدان بە بەهێزکردنی کردەی وەرگێڕان لە زمانی نەتەوە بۆ زمانەکانی دیکە و لە زمانەکانی بیانی بۆ زمانی نەتەوە و بە هێزکردنی زمان لە کۆمپیوتەر و ئامرازە سەردەمییەکان بۆ چوونە نێو کۆمەڵگەی مەعریفەوە، هەروەها زیندوکردنەوەی کەلەپور و ئەوەی کە شیاوی ژیانە و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوە و ناساندنی

و دەرکردنی ئەو یاسایانەی کەوا پارێزگاری لە زمان دەکەن و لە گاڵتەپێکردن دەیپارێزن(السید، ٢٠١٣: ٧٠).

کەواتە، ئامانجی سیاسەتی زمانی ڕێکخستنی زمان و گەشەپێدانیەتی، هەروەها وێناکردنیەتی، بە تایبەتیش ئەگەر زمانەکە زمانێکی نەتەوەیی بێت، هەر بۆیە دەوڵەت بریتییە لەو لایەنەی کە حوکم دەکات و بڕیاری سیاسی دەگرێتەبەر و وێنای سیاسەتە زمانییەکە دەکات. بەمەش سیاسەتی زمانی ئامانجی دەبێتە پارێزگاریکردن لە زمانی نەتەوە، بەهۆی ئەو بایەخە زۆرەی لە ڕووی سیاسیەوە هەیەتی، هەروەک سەرکردەی ڤێتنامی "هۆشی مینە" دەڵێت: ((سەکەوتنمان بەسەر دوژمنانی وڵات بەندە بە گەڕانەوەمان بۆ کەلتووری نەتەوەیی و زمانی دایک، هەروەها  لە وەسیەتنامەکەیدا کە بۆ ڤێتنامییەکان نووسیبووی، دەڵێت: پارێزگاری لە پاکمانەوەی زمانەکەتان بکەن وەک: پارێزگاریکردن لە چاوتان، لە بەکارهێنانی زمانی بیانی وریابن و لە شوێنی هەر وشەیەکی بیانی وشەیەکی ڤێتنامی بەکاربێنن))(دزەیی و سلیڤانەیی، ٢٠١٣: ١٩٤).

کەواتە، زمان لە ئەمڕۆدا بۆتە یەکێک لەو بوارانەی، کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی باڵای وڵات بایەخی پێدەدرێت، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی، کە پێکهاتەی دانیشتوانیان لە نەتەوەی جیا جیا پێکهاتوون، یان لەو وڵاتانەی، کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هەژموونی جیهانگەرایی و داگیرکاری وڵاتان، سیاسەتی زمانیی توانیویەتی بەهۆی ئەو ئامانجانەی کە هەیەتی، کاریگەرییەکان کەم بکاتەوە بۆ ئەو زمانانەی، کە خاوەنی سیاسەتی زمانین و پەیڕەوی بڕگە و بەندەکانی ئەو سیاسەتە دەکەن. بۆ زانینی ئەو ئامانجانەی سیاسەتی زمانی دەیانگرێتەخۆ، "میشال زکریا"، بە چەند خاڵێک گرنگترینیان دەخاتە ڕوو، کە چڕیان دەکاتەوە، لە:

١ –دانانی پێوەر بۆ نووسینی دروست و قسەی باش.

٢ – گونجاندنی زمان وەکوو هۆکارێکی گوزارشتکردن بۆ ئەو نەتەوەی کە بەکاریدەهێنێت.

٣ – بەهێزکردنی توانای زمان بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازی داهێنانی هزری و زانستی.

٤ – لە یەکترگەیشتن لە نێوان کۆمەڵە زمانییە جۆربەجۆرەکان لە نێو یەک وڵاتدا بەهێز بکات.

٥ – هەڵبژاردنی زمانی فێرکردن.

٦ – وەرگێڕانی کارە ئەدەبیەکان.

٧ – دامەزراندنی زمانێکی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانستی.

٨- کۆت و بەندە دانراوەکان لەناو هەندێک لە کۆمەڵەکاندا لەسەر زمان بەکارهێناندا.

٩- پێشبرکێ لە نێوان شێوەزارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی شێوەزارێک بۆ پلەی زمانی فەرمی.

١٠- پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندیی وڵات و بەرژەوەندیی تاکەکان لە بواری زمانیدا(زکریا، ١٩٩٣: ١١).

بەمەش دەردەکەوێت ئامانجی سەرەکی لە دارشتنی سیاسەتی زمانی بۆ زمانی نەتەوە ئەوەیە، کە زمان بەرێکوپێکی لە هەموو لایەنێکی ژیان بەکاربهێنرێت، لە پێناوی دەستگرتن بە ناسنامەی نەتەوە، کە زمان توخمی سەرەکییەتی و بۆ پاراستنی لە هەڕەشە و فشارەکانی زمانە باڵا دەستەکان، کە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و کاریگەریەکانی جیهانگەرایی خستۆیانەتە سەر چەندین زمان.

بە تێڕامان لەوەی کە لەپێشدا باسکرا، دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین، کەوا ئامانجی سیاسەتی زمانی ئەوەیە، کە کار لەسەر یەکێک لەم دوو تەوەرەیە بکات، ئەوانیش :

١ –کاریگەریکردنە سەر زمان یاخود کاریگەریکردنە سەر زمانەکان.

٢- کاریگەریکردنە سەر زمانیش کاردەکاتە سەر ڕێنووس، یان فەرهەنگ یاخود جۆرەکانی شێوەزار، ئەوکاتەش زۆر پێویستی بەوە دەبێت کەوا ڕێنووسێک بۆ زمانێکی نەنووسراو دابهێنیت یاخود ئەلفبێیەکەی ئاسان بکات، یاخود تەواوی زمانەکە بگۆڕێت، هەروەک چۆن پێویستی زۆریشی بەوە دەبێت کەوا یەکەگەلێکی فەرهەنگیی نوێ دابهێنێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی وشەسازی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی لایەنەکانی ژیانی سیاسی و زانستی...هتد لە هەمان کاتدا لەوانەیە شێوەزارێک لە شێوەزارەکان بەرزبێتەوە بۆ بەرزترین ئاستی زمانی نیشتمانی، ئەو کاتەش پێویستی بە پاڵاوتن و یەکخستن دەبێت، بۆ ئەوەی لە هەموو سوچێکی نیشتماندا بەکاربهێنرێت(کالفي، ٢٠٠٦: ١١٢- ١١٧).

هەرچەندە لە مێژووی زمانەوانیدا لەم بارەیەوە ئاماژە بە دوو کتێب یان دوو بۆچوونی دژ بەیەک دەکرێن، کە لە بواری سیاسەت و پلانی زمانیدا خراونەتە ڕوو، کە هەر دوو بۆچوونەکەش دژ بە یەکترین، یەکێکیان کتێبی(لە کۆڵ زمانەکەتان ببنەوە) کە بەرهەمی "ڕابرت هاڵ"ە، کە لە ساڵی(١٩٥٠ز) دا لە ئەمریکا بڵاو بوویەوە، و ڕەخنەی لە خولیای

دروستنووسین و گوتن گرت و پێیوابوو کە زمان دەبێت لێیگەڕێن بۆ خۆی هەرچۆنێک هەڵکەوت بگۆڕێت و بە هەر لایەکدا ڕۆیشت بەری لێنەگیرێت، بەڵام بۆچوونی دووەمیان، کە ڕێک دژی ئەو بۆچوونەیە، کتێبی "جاشوا فیشمان" ە کە بە ناونیشانی ( لە کۆڵ زمانەکەتان مەبنەوە) لە چاپی ساڵی (٢٠٠٦ز) دا بەرپەرچی بۆ چوونی "ڕابرت هاڵ" ە. (پوور، ٢٠١٥: ٥٥) لەم سەردەمی جیهانگەرایی و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیایی ڕاگەیاندنەدا، بەبێ هەبوونی سیاسەت و پلانێکی زمانی تۆکمە ناتوانین ڕووبەڕووی شەری زمان ببینەوە، کە لەلایەن هەندێک لە زمانان بە شێوەیەکی فراوان بەرنامەڕێژی بۆ کراوە. لەبەرئەوەی سیاسەتی زمان ئامانجی ڕۆشنکردنی ئایندەی زمانە، بەهۆی پەرەپێدان و پێشخستن و پاراستنی سیمای زمان، ئەویش لە ڕێگەی دانپێدانان و چەسپاندنی لە نێو دەستوور و دەقە یاساییەکاندا، و یەکخستنی وشە و زاراوەکانی زمانەکە و پاراستنیان لە لەناوچوون، هەروەها ڕاهێنانی بەکارهێنەرانی زمانە لەسەر شانازیکردن بە زمانەکەیانەوە(محمد، ٢٠١٦: ٤٦).

### ٣-٢-٢: بنەما بنچینەییەکان بۆ دانان و شیکردنەوەی سیاسەتی زمانی:

چەند بنەمایەکی بنچینەیی هەن، کە شیاوی ئەوەن لێکۆلەڕان و پسپۆڕانی سیاسەتی زمانی لە کاتی دانانی سیاسەتێکی زمانی نوێ، یاخود بۆ شیکردنەوەی سیاسەتێکی زمانی کە لە ئارادایە ڕەچاویان بکەن. دەکرێت ئەم بنەما بنچینەیانە لە شەش خاڵدا پوخت بکەینەوە:

یەکەم: سەرچاوەی بڕیاری سیاسەتە زمانییەکە، مەبەست لایەنی دەرکردنی سیاسەتە زمانیەکەیە، کە بە نیشانەیەک دادەنرێت بۆ هێزی سیاسەتە زمانییەکە، هەروەها بۆ سروشتی و سیفەتە دانپێدانراوەکانی لە نێو قەوارەیەکی نیشتمانی دیاریکراودا.

دووەم: بە ئامانجگیراوەکان، هەموو سیاسەتێکی زمانیی چینێکی دیاریکراو بە ئامانجدەگرێت یاخود دۆخێکی زمانی لە نێو ڕەوتێکی دیاریکراو دەکاتە ئامانج، هەروەها ناسینی چین و توێژە بە ئامانجگیراوەکە و تایبەتمەندییەکانی یارمەتیدەر دەبێت لە بیناکردنی سیاسەتێکی کارادا، هەروەک چۆن یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو سیاسەتەی کە هەیە(المحمود، ٢٠١٨: ١١٣).

سێیەم: ئامانجی سیاسەتە زمانییەکە، لەو ئامانجانەوە دەست بە دەرچوون دەکات، کەوا دەیەوێت بەدییانبهێنێت، پاشانیش هەر دەبێت دیدگایەکی ڕۆشنیش بۆ دیاریکردنی چەند ئامانجێکی ورد بۆ سیاسەتە زمانییەکە هەبێت.

چوارەم: کردارەکان، سیاسەتی زمانی بەوە دەناسرێت کەوا چەند ئاڕاستەکردنێک بینا دەکات، و هەروەها چەند چوارچێوەیەکی سەرەکی دادەنێت کە لە میانەیاندا کردار و جێبەجێکردنەکان و دەستپێشخەریەکان(پلانی زمانی) دەردەچن، ئەمەش بە مەبەستی وێناکردنی سیاسەتە زمانیەکە لەسەر زەمینی کەتواردا دەبێت. هەروەها یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی دانانی سیاسەتی زمانی و هەڵسەنگاندنی، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پلانی زمانیی هاوڕێ لەگەڵ سیاسەتە زمانییەکە، کە ئامانجەکەی گۆڕینی سیاسەتە زمانییەکەیە بۆ جێبەجێکردنێکی کرداری(المحمود، ٢٠١٨: ١١٣).

پێنجەم: بیروباوەڕەکان(ئایدیۆلۆژیاکان)،هەموو سیاسەتێکی زمانی لەسەر چەند بیروباوەڕێک یاخود لەسەر چەند ئایدیۆلۆژیایەک بینادەکرێت، هەروەها یەکێک لە لایەنە سەرەکیەکانیش درککردنی ئەو بیروباوەڕانەیە کەوا سیاسەتە زمانییەکە ئاراستە دەکەن. چونکە بە ئەرێنی و نەرێنی یارمەتیدەر دەبێت لە پیادەکردنی سیاسەتە زمانیەکەدا.

شەشەم: ڕەوتی مێژوویی و کۆمەڵگەیی، هەموو سیاسەتێکی زمانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و ژینگەیەکی زمانی دیاریکراو دەکاتە ئامانج، واتە، تێگەیشتنی تەواو لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی و هەروەها ئەو هێزەی کەوا حوکمی کۆمەڵگەکە دەکات و پەیوەندیی بە سیاسەتە زمانیەکەوە هەیە، ئەمە سەرباری هوشیاربوون بە ڕەوتی مێژوویی کۆن و ئێستای و هەبوونی پەیوەندییان بە یەکتر و هەروەها پەیوەندیی هەبوونی سیاسەتی زمانییەکە پێیانەوە(المحمود، ٢٠١٨: ١١٣– ١١٤).

### ٣-٢-٣ : جۆرەکانی سیاسەتی زمانی:

لە بیناکردنی تیۆری سیاسەتی زمانی ڕەچاوی چەندین بنەمای سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵ دەکرێت، کە یارمەتیدەردەبن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ورد و ئاڕاستەکراو سیاسەتی زمانەکە دیاریبکرێت، کەواتە دیارکردنی بابەتی تیۆری سیاسەتی زمانیی ڕاستەڕێ نابێت ئەگەر لێکۆڵینی هەڵبژاردنە زمانەوانییەکان لە نێو کۆمەڵدا نەکرێت، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵی فرەزماندا، سیاسەتی زمان لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە کاری لەسەر دەکرێت، ڕەهەندێکیان خزمەتکردنی زمانی سەردەست و پشتیوانیکردن و گەشەپێدان و بوژانەوەی زمانە و ڕەهەندێکی دیکەیان لاوازکردن و کۆسپ و تەگەڕەخستنە پێش گەشەکردنی زمانی بن دەستە، بەمەبەستی سڕینەوە و پاوانکردنی زمانی ژێر دەست یان بەرتەسکردنەوەی چالاکییە زمانییەکانی زمانی بن دەست(محمد، ٢٠١٦: ٤٧).

کەواتە، ئەگەر کۆمەڵ لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان تاکەکان دامەزرابێت، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر زمانیش دەبێت و کاریگەریەکەی لەسەر زمانی نووسین و ئاخاوتنیشدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای نایەکسانی و جیاوازیی چینایەتی دامەزرابێت، ئەوا لە زمان و ئاخاوتنی کۆمەڵدا ئەو جیاوازی و نایەکسانییە ڕەنگدەداتەوە، لێرەوە بنەمای زمان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ، واتە ناتوانین وێنای هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و هیچ کۆمەڵە و گروپێک بەبێ زمان بکەین، چونکە زمان بەرهەمی تاکەکەس نییە، بەڵکو بەرهەمی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٦٩).

وڵاتان بەپێی توانا چاو دەبڕنە سەر ڕەنگرێژکردنی فەلسەفەیەکی زمانی جێگیر و نموونەیی،کە لەگەڵ بارودۆخی زمانی ئەم وڵاتانەدا بگونجێت، ئەم فەلسەفەیەش دەستوەردانێکی سیاسی پێویستە کە کاروبارەکان بەپێی بیروڕای دەوڵەتەکە بەڕێوەببات، ئەمەش بەپێی ڕەچاوکردنی شوێن وکات و پێویستییەکان و ئاراستەکانی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری، بۆ ڕونکردنەوەی جۆرەکانی سیاسەتی زمانی و دەستوەردانی وڵاتان لە نێو بارودۆخی زمانیدا لەسەر ئاستی سیاسی و جێبەجێکاریدا، جۆرەکانی سیاسەتی زمانی بەپێی ئاراستە جیاوازەکان یاخود بەپێی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان لە سیستەمی حکومڕانی وڵاتاندا دەخەینەڕوو، کە بەپێی جیاوازیی پێکهاتەی مرۆیی کۆمەڵی زمانییەوە کاریان لەسەر کراوە، واتە بەگوێرەی پێکهاتەی ئەتنیکی و ڕەوشی زمان تێدا، ئایدیۆلۆژیایەک پەسەند دەکرێت، بەپێی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان، جۆرەکانی سیاسەتی زمانی، بریتیین لە:

### ٣-٢-٣-١: ئایدیۆلۆژیای تواندنەوەی زمان (Assimilation Ideology linguistic ):

کۆمەڵێک زاراوە لە زمانی کوردیدا بۆ ئەم جۆرە لە سیاسەتی زمانی بەکاردێت، وەکوو(سیاسەتی تاکزمانی، سیاسەتی پاوانکردن، سیاسەتی گرتنەخۆ)، ئەم سیاسەتە بە دیارکراوی بەسەر بەکارهێنانێکی پرۆگرام ئامێز بۆ کۆمەڵێک لە هۆکارەکاندا دەبرێت، کە مەبەستەکەی پەلەکردنە لە پەراوێزخستنی کەمینەیەکی خاوەن زمانی یاخود سڕینەوەی بەیەکجاری. سیاسەتی تواندنەوە پەنا دەباتە بەر چەند هۆکارێکی دەستوەردانی توند بەرەو دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی، کارەکە لە هەندێک باری توندڕەوییدا دەگاتە ڕادەی چەوساندنەوەی گشتگیر و کۆمەڵکوژی، هەندێک جاریش چەند کارێکی ڕووکەشانە پەیرەو دەکات، کە بە زۆری مایەی قبولکردنن، وەکو ئەوەی کە دەوڵەت لە دەقە یاساییە بنچینیەکانیدا باسی بنەمای یەکسانی لە مافە زمانییەکان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە کەتواردا پەنا دەباتە بەر هەندێک کردار کە لە ڕووی پرۆگرامەوە تەواو پێچەوانەی ئەم مافانەیە لە

ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە. دیارترین ئەو وڵاتانەشی کەوا لە سیاسەتە زمانیەکانیاندا ئەم سیاسەتی تواندنەوەی زمان پەیڕەو دەکەن تورکیا و بەڕازیل و ئەڤغانستان و پاکستانە(الصیفي، ٢٠١٥: ٤١- ٤٢)ئەمەش زۆر جار هەنگاو بەرەو شەڕی زمان لە ژینگەی زمانی دەهاوێژێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەدا دەسەپێنرێت، بەمەش سنووری چالاکییە زمانییەکانی زمانی ژێر دەست بەرتەسکدەکرێتەوە، واتە کێشەکە لەوەدا سەر هەڵدەدات، کە زمانێک لە نێو زمانەکان دەکرێت بە زمانی پەروەردە، ڕاگەیاندن یان کارگێری.(حسین، ٢٠١٤: ٧٤) واتە، زۆر جار هەندێک لە پیادەکەرانی ئەم سیاسەتە، سیاسەتی لە ناوبردنی زمانی کەمینەکان پەیڕەو دەکەن، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا منداڵیان لە زمانی دایکی خێزانە ئەمەریکیە ڕەسەنەکان دوور دەخستنەوە و دەیانناردن بۆ ئەو قوتانخانانەی کە بەشی ناوخۆییان هەیە، لەوێش ناچاربوون فێری زمانی ئینگلیزی بن، لەمەوە منداڵانی چەندین پێکهاتەی زمان جیاواز کۆکرانەوە و ئینگلیزی بوو بە تاکە زمانی ئاخاوتنیان و زمانی دایکیان هەرەسی هێنا.(کەمرێ و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧: ١٠٣) واتە، ئەم تیورە پشتی بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی بەستووە نەک بە زانست، ئەو ئایدیۆلۆژیایە ئارەزووی بە فەرمیکردنی زمانێک دەکات، بۆ ئەوەی هەموو نەتەوە بکات بەیەک دەست و یەک زمان. واتە، ئایدیۆلۆژیا زمانییەکە بایەخ  بە ململانێی دەسەڵات و بێدەسەڵات، سەرکوتگەریی و سەرکوتکراویی، یان زمانکوژیی و زمان گەشاندنەوە دەدات(پوور، ٢٠١٥: ٦٣).

کەواتە، بە گوێرەی ئەم جۆرە سیاسەتە، تاکەکانی کۆمەڵ بێ جیاوازی لە ڕەگەز و زمان و ئایین، پێویستە زمانی دەسەڵات فێربن و بەو زمانە بنووسن و هەر بەم  زمانە لە ڕاگەیاندن و دامودەزگاکاندا بدوێن. ئەم تیۆرە بۆنی فاشیزم و شۆفینزمی زمانی لێ دێت.(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥٤) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری سیستەمی حکومڕانی وڵات، کە لەسەر بنەمای دیموکراسی سیستەمەکەیان دانەڕێژراوە، بەڵکوو سیستەمی دیکتاتۆری پیادەکراوە، بۆیە تەنیا تاکزمانی پەیڕەو دەکرێت و زمانی گەلانی ژێردەست چالاکییەکانی بەرتەسکدەکرێنەوە و لە هەندێک کایەی سەرەکی وەکوو خوێندن و ڕاگەیاندن قەدەغە دەکرێت.(عەزیز، ٢٠٠٥: ١٢٧) واتە لە ڕێگەی دانپێدانان بە تاکە زمانێکی فەرمیی لە وڵاتێکی فرەزماندا، دیمەنەکانی فرەچەشنەی زمان لە سنوور و ژینگەی کۆمەڵایەتی زمان چالاکییە زمانییەکانی زمانی ژێردەست تەسکدەکرێنەوە، هەروەها ئەم سیاسەتە ڕێگەنادات بەوەی ئەم فرەچەشنەیە هێڵەکانی پێشەوەی دیمەنی فەرمیی گشتی داگیربکات، بە ئامانجی کوشتنی زمانی کەمینە. ئەمەش بارێکی ڕەگەزپەرستی زمانی خاوەن دەسەڵات نیشاندەدات.

### ٣-٢-٣-٢: ئایدیۆلۆژیای فرەزمانی (Linguistic pluralism Ideology):

ئەم تیۆرە تەواو پێچەوانەی تاک زمان و تواندنەوەی زمانییە. ئەم تیۆرە دان بە فرەزمانی دادەنێت، دان بە هەبوونی زیاتر لە زمانێک دادەنێت لەناو یەک کۆمەڵدا(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥٥) واتە، ئەم تیۆرە لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە بارێکی یاسایی یەکسان ببەخشێتە زمانە گەورە و بنەڕەتیەکان لە نێو کۆمەڵدا، بەجۆرێک کە یاسای تایبەتیان بۆ بەکارهێنانی زمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ دەردەچوێنێت(جامباز، ٢٠٠٧: ١٣) ئەمەش لەوڵاتێکدا پەیرەو دەکرێت کە زیاتر لە کەلەپورێکی هاوبەشی تێدا بێت و هەر یەکەش لەمانە لە ڕووی زمان و ئایین و جوگرافیا و کۆمەڵایەتیی تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت، و لەباری لەم شێوەیەدا دەبێت زیاتر هەوڵی هێنانەدی تەنیا یەکێک لە ئامانجەکان بدرێت و چاکترین بژاردەش دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ناوەندییە، کە خۆی بەهۆی زمانێکەوە بگەیێنێتە خەڵکەکە و لە هەمان کاتیشدا سەربەستیەکی تەواو بە کەمایەتییە زمانییەکانی تریش بدرێت، واتە شان بە شانی زمانێکی نیشتمانی و میری هەندێکجار دوو، یان زیاتر لە دوو زمان دانیپێدابنرێت، واتە، دان بەزمانێک یان چەند زمانێکی ناوچەییدا بنرێت و پایەی زمانی میری و ناوچەییان پێبدرێت، لەو ناوچانەدا، کە خەڵکەکە بەڕێژەی زۆرینە بەکاریدەهێنن(فەتاح، ٢٠١٠: ١٥٨) بەمەش دەوڵەت خۆی لە ململانێی نێوان زمان و زارەکان دەپارێزێت، هەر وەک یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی سیاسەتی زمانیش چارەسەرکردنی گرفتی زمانەکان و ڕێکخستنی فرە زمانییە، نەک دروستکردنی بەریەکەوتن و کێشەی کۆمەڵایەتیی و چینایەتی لە کۆمەڵدا.

هەرچەندە، هەتا لە وڵاتێک زمانەکان زۆرتربن، ئەگەری بە فەرمی ناساندنی هەموو ئەو زمانانە لەسەر ئاستی ناوەند یان سەرتاسەری کەمترە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی لە ژینگە زمانییەکەدا جێبەجێکردنی کارێکی سەخت و کێشەدارە، بەڵام لەبەرئەوەی زمان توخمێکی گرنگی کەلتوورە، پێویستە لەوڵاتدا لە دوو ئاستدا سەیر بکرێت: ئاستی ناوەند و ئاستی هەرێمی، لە ئاستی ناوەندیدا وەکوو باوە لە بەکارهێنانی زمانەکاندا چەشنێک بەرانبەری ڕەچاو دەکرێت، بەبێ سەرنجدان لە ڕێژەی قسەپێکەرانی هەر کام لە زمانەکان لە ئاستی سەرانسەریدا، ئەگەر گەلێک یان هەرێمێک پێگەیەکی یاسایی پێکهێنەر یان دامەزرێنەری فیدڕالیی هەبێت، ئەوا زمانی گەل یان هەرێمەکە لە ئاستی ناوەندیدا پێگەی یاسایی زمانی فەرمی هەیە.(زادە، ٢٠١١: ٨٢) بەمەش هەلی گەشەی زمانی بۆ پێکهاتەی خاوەن زمانی کەمینەش لە پێگە جوگرافیەکەی زیاتر فەراهەم دەبێت، لەبەرئەوەی بوارەکانی

بەکارهێنانی فراوان دەبێت، هەروەها کاریگەریشی لەسەر سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیی و بەیەکەوە ژیانی گەلان و نەتەوە جیاوازەکان لەچوارچیوەی وڵاتدا دەبێت.

### ٣-٢-٣-٣:ئایدیۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی(Vernacularization ideology):

هەڵبژاردنی زارێکی زمانی نەتەوە و کردنی بە زمانی فەرمی وڵات کرۆکی ئەم سیاسەتەیە. ئەم سیاسەتە جەخت لەسەر زیندووکردنەوەی زمانی نەتەوە دەکات، هەروەها هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات لە زارێکی زمانی نەتەوە بە پەسەند دەزانێت، واتە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە زمان و نەتەوە هاوتان، هەروەها زمانی فەرمی حکومەت، ناسنامەی نەتەوەیە.(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥٦-٥٧) چونکە هەڵاوێرکردنی زارێک، و بنیاتنانی زمانی نەتەوە وادەکات، زمان تەنیا لە چوارچیوەی زمانی ئاخاوتن نەمێنێتەوە، بەڵکوو هەنگاو بۆ زمانی زانست و نووسین وکارگێری و ڕاگەیاندن...هتد، بهاوێژێت، ئەمەش بۆ پاراستنی نەتەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت، و بەسەرەتای سەردەمێکی نوێی سیاسی و کەلتووری دادەنرێت، چونکە زمان چالاکییە زمانییەکانی فراوان دەبێت و بەهۆیەوە کەلتوورێکی هاوبەشی نەتەوە، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی نیشاندەدات. سەرەنجام لێکتێگەیشتن و هەستی هاوزمانی، هاوکەلتووری، هاوخاکی و هاوچارەنووسی لە نێو ئەندامانی نەتەوەکەدا، کە سەر بە زاری جیاوازن پێکدێت(سابیر، ٢٠١٤: ١٨)، هەروەها هەندێکجار زمانەکان بە هۆی هاندانی زارەکانیان لە ناوچوونە، یان پارچە پارچە بوونە، بۆ نموونە، زمانی سێربووکەروات زمانی هەموو یۆگسلافییەکان بوو، کە لە چەند نەتەوەیەک پێکهاتبوون، وەک(سیرب، کەروات، بۆسنی مۆنتینیگرینی)، بەڵام دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆیی لە نێوانیاندا ڕوویدا، هەر یەک لەو پێکهاتانە بەشێوەیەکی ناسروشتی کەوتنە هاندانی زارەکانیان، لە ئەنجامدا زمانەکە لەبەریەک هەڵوەشایەوە، بەمەش مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوە لە وڵاتدا زیاتر دەبێت(محەمەد، ٢٠١٦: ٤٧). بە پێچەوانەوەش، ئەگەر هەر نەتەوەیەک خاوەن زمانی ستاندارد و هاوبەشی نەتەوەیی خۆی بێت، خۆی بە ئەندام لەو گروپە زمانییە بزانێت، باوەڕ و متمانە و هێز و دەسەڵات بە زمان و نەتەوەی خاوەن زمانەکە دەبەخشێت.

### ٣-٢-٣-٤: ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان:

سیاسەتی دەستوەرنەدان لەسەر بناغەی بنەمای گوێنەدان بە هەقیقەتی هەمەچەشنەیی زمانی دەوەستێت، (واتە خۆشاردنەوە لە هەقیقەتی بوونی کۆمەڵە زمانییە هەمەچەشنەکان). سیاسەتی خۆشاردنەوە و گوێنەدان لەسەر بناغەی وەلانانی دۆزی فرەیی

زمانەکان دەوستێت بۆ ئەوەی تەرازووی هێزەکان بە پێی کەتوار کارلێکبکەن، لەم حالەتەشدا کارەکە پەیوەندیی دەبێت بە تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە و پلانێکی ستراتیژی لە نێوەڕۆکدا تیایدا تەرازووی هێز بە هێزی کەتوار لار دەبێتەوە بۆ سوودی زمانی زاڵبوو. ئەم سیاسەتە لە ڕووی بنەماوە نە لەسەر دەقە فەرمیەکان و نە لەسەر دەقە نووسراوەکان ناوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم(دەستوەرنەدانە) بەرانبەر کۆمەڵی فرەزمان هەندێک لە حکومەتەکان قەدەغە ناکات لەوەی هەندێک ڕوونکردنەوە بدەن، یاخود بەپێی پیادەکردنی کارگێڕییەکان کاربکەن، ئەمەش بە دەرکردنی چەند سیستەمێک و بۆنەیەکەیەوە دەبێت کە پەیوەندییان بە بابەتی فرەزمانییەوە هەیە، هەروەها کارەکە لە هەندێک حاڵەتدا دەگاتە ئەوەی چەند بەندێک بۆ دەقە دەستووریەکە زیاد بکرێن کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەبێت، بە شێوەیەکی گشتی حکومەتەکان بەرەو سیاسەتی دەستوەرنەدان هەنگاو دەنێن، کە ناچێتە شوێنی حوکم لە نێو کومەڵە زمانیەکاندا، هەر بەوە وازدەهێنی کەوا پشتگیری هەندێک لە ئامرازەکانی یاسادانان بکات. هەروەها بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ سیاسەتە زمانیەکانی وەکوو دەستوەرنەدان لە بارودۆخی زمانی گشتی، پرەنسیپەکانی(هەڵبژاردنی ئازادانە و لێبووردن و قبووڵکردنی جیاوازییەکان و ...هتد) بەکاردەهێنن، و هەندێک لە حکومەتەکان تێکەڵەیەکی سیاسی لەم بارەیەوە بەکاردەهێنن، نموونەش بۆ ئەمە کۆکردنەوەی نێوان دەستوەرنەدان و سیاسەتێکی دیکەیە، یاخود سیاسەتێکی تێکەڵاو پەیڕەو دەکات کە دەستوەردان و دەستوەرنەدان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، لەو وڵاتانەی کە ئەم جۆرە سیاسەتە پیادە دەکەن: (نەمسا و ئەلمانیا، ساحل العاج، کوبا، سەنیگال، ژاپۆن و، هی دیکەش هەن)( الصيفي، ٢٠١٥: ٤٣)

### ٣-٢-٣-٥: ئایدیۆلۆژیای زمانی نانەتەوەیی(Internationalization Ideology):

بنەمای ئەم سیاسەتە تەواو هاودژە لەگەڵ هەرسێ ئایدیۆلۆژیاکەی دیکە، بە تایبەتی ئایدیۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوە بۆ زمانی فەرمی، بەگوێرەی ئەم تیۆرە حکومەت لە وڵاتدا زمانێکی نانەتەوەیی بە زمانی فەرمی وڵات پەسەند دەکات. هەڵنەبژاردنی زمانی نەتەوە لەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە: کاریگەریی زمانی ئایینی، داگیرکاری، شارستانی...هتد.هەروەها دواکەوتوویی کەلتووری گەلی ژێر دەستە، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی فەرمی (هیند و فلیپین و سینگافورا).(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥٨) ئەمەش زۆر جار لە ئاکامی بە کەم سەیرکردنی زمانی نەتەوە بە بیانووی ئەوەی کە زمانی زانست نییە، یاخود بەهۆی ئەوەی هیچ بایەخێکی نییە لە بازاڕی کار بۆ دەسکەوتنی هەلی کار، و یان بە هۆی فرەزاری و بوونی ململانێی نێوان زارو زارۆچکەکانی زمانەکەیە. ڕەنگە هەندێک جاریش هۆکارەکەی ئەوەبێت کە فەرمانڕەواکان دەیانەوێت بە کەمترین تێچوو لە

ڕووی کات و داراییەوە بگەنە گەلانی پێشکەوتوو، نموونەی وڵاتی هیند و سەنگاپوورە، نموونەیەکی بەرچاون لە گەشتنەوە بە گەلانی پێشکەوتوو، ڕەنگە یەکێک لە هۆکاری پێشکەوتنی ئەو دوو وڵاتە ئەوەبێت کە زمانی فەرمیان ئینگلیزیە، ئەوەش هەڵبەت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئاسانترین شێوە بگاتە نوێترین سەرچاوەی زانستی، بەپێچەوانەوە ئەگەر وانەبوایە ڕەنگە پێویستی بەوە دەبوو کە سەرچاوە زانستیەکان وەربگێڕنە سەر زمانی خۆیان بۆ ئەوەی بەهرەمەندبن، ئەوەش هەڵبەت پێویستی بە کاتە، کە لەلایەک وا دەکات زانیارییەکان درەنگ بگات و لەلایەکی تر پێویستی بە داراییە، کە ڕەنگە فەراهەم نەبێت، و هەندێک کاتیتر پێویستی بە کەس و دەزگای پسپۆری و کارامەیە بۆ وەرگێڕان، کە ڕەنگە لە هەموو کاتێک و هەموو بوارێکی تایبەتمەندی دەستنەکەوێت، ئەو بابەتە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر زمانی نەتەوە هەیە، بەڵام لە لایەکی تر ئاشتی لە وڵات بەرقەرار دەکات بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە فرەزمانن، چونکە هەر زمانێک لەوانەیە خۆی لەپێشتر بزانێت بۆ ئەوەی بە زمانی فەرمی بناسرێت و هەموو کات ئاسانیش نییە کە هەموو زمانەکان لە وڵات یان هەموو شێوەزارەکان بە فەرمی بناسرێن، چونکە دەرهاویشتەی خراپی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها دارایش دەبێت. لێرەدا پێویستە سیاسەتی زمانی نەتەوە ڕۆڵی خۆی لە بەرەوپێشچوونی زماندا ببینێت.

### ٣-٢-٣- ٦: سیاسەتی زمانی جیهانگەرایی(Language internationalization policies):

ئەم سیاسەتە، سەپاندنی زمانێکی سروشتی نەتەوەیەک یان وڵاتێک، وەک زمانێکی جیهانی، بەسەر کۆمەڵێک لە زمانی نەتەوە و گەلانی دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی پیادە دەکات، بەمەش سیاسەتی زمانی سنووری وڵات تێدەپەڕێنێت، لەو کاتانە سیاسەتی زمانی پەیوەست دەبێت بە کۆبوونەوەی وڵاتان و ڕێکەوتنیان، وەکوو ئەوەی لە دۆخی وڵاتانی فرانکفۆنی پیادەدەکرێت (کالفي، ٢٠٠٩: ١٥)، کە ئەمەش لایەنی نەرێنی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی باڵادەستبوونی هزری و کەلتووری لەلایەن ئەو زمانەوە بەسەر زمانی نەتەوەیی پێکهاتەکاندا. (یەعقوبی، ٢٠٠٧: ١١١)، ئەمەش کاتێک جێبەجێدەکرێت، کە دەوڵەتێک پیادەی دەسەڵاتەکەی لەدەرەوەی سنوورە سیاسیەکەی خۆیەوە دەکات. وەکو نەریتیشە ئەمە هێزێکی داگیرکەرانەی ڕابردووە، کە لە ڕووی زمانییەوە بەرز و باڵایی بە زمانەکە دەدات. ئەم جۆرە سیاسەتە تەنیا بۆ زمانێک کەوا بەربڵاوە بەدیدێت و بەشێوەیەکی کرداریش پایەیەکی گەورەی بە دەستهێناوە، ئەو وڵاتانەی کە ئەم جۆرە سیاسەتە پیادە دەکەن، بریتین لە: ئەڵمانیا، فەرەنسا، وڵاتەیەکگرتوەکان، بەریتانیا، پورتوگال. بۆ نموونە ئێمە مێژووی داگیرکاریی فەرەنسایی دەخەینە ڕوو کەوا داگیرکاری کەلتووری کردۆتە شێوازێک لە

شێوازەکانی تەفروتوناکردنی کەلتووری، بەتایبەتیش زمان. کە لە هەندێک وڵاتی داگیرکراودا لە ئەفریقیادا پەیڕەویکردووە، هەروەها لە هەندێک لە دوورگەکانیش، ئەویش لە پێناو هێنانەدی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە(الصیفي، ٢٠١٥: ٥٢) هەروەها زمانی ئینگلیزیش بەهۆی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی لە بواری زانست، هونەر، ئینتەرنێت، ڕاگەیاندن پێکیهێناوە، گەمارۆی زۆربەی زمانەکانی جیهانی داوە. ئەم سیاسەتە وای لە هەندێک گەل و نەتەوە کردووە، کە نەوەکانیان وردە وردە لە زمانی دایکیان دوورکەونەوە، بەهۆی نەبوونی سیاسەتی زمانی لە ژینگە زمانیەکەیاندا یان بەهۆی کەمتەرخەمی لە پیادەکردنی بەند و بڕگە یاساییەکان لەبارەی زمانی فەرمی و نیشتمانی لەلایەن ئەو نەتەوانە.

**٣-٢-٣-٧:سیاسەتی زمانی کەرتی ( سێکتەری) (Languege policy sector) :**

سیاسەتی کەرتی بەپێی پێناسەکەی لەسەر تاکە دیمەنێکی زمانی، هەندێک جاریش لەسەر دوو دیمەن یاخود زیاتر کورت هەڵدێت، کە خۆی لە پەیڕەوکردنی پلانگەلێکی یاسادانانی تایبەت لە یەک بواردا یاخود لە دوو بواردا یانیش سێ بواردا دەنوێنێت، کە لە زمانی کەمینەکان یاخود کۆچەرەکان بەکاردێت. هەروەها ئەم بنەمایە بە شێوەیەکی تایبەتی لە بواری فێرکردندا جێبەجێدەکرێت، لەوانەش هەندێک لەو سیاسەتانە پەیوەندییان بە لایەنی دیکەی وەکو ڕاگەیاندنی گشتی و چاودێری تەندروستی یاخود ناونانی شوێنە جوگرافیاکانەوە هەبێت. هەروەها سیاسەتی کەرتی ئەو کاتەش جێبەجێدەکرێت، کەوا مەبەستەکە دەبێتە ملکەچپێکردنی ئاڵۆزی هەموو گرفتێک لە کاتی سەرهەڵدانیدا.

لە کۆتایشدا کاتێک ئەم ڕەوتە بە ئاکام دەگات، ئامانجەکەی دەبێتە بەدیهێنانی بارودۆخێکی یاسایی جیاوازی ناوازە. هەروەها ئەو وڵاتانەی کەوا سیاسەتی کەرتی پەیڕەو دەکەن، بریتین لە: دانیمارک و یۆنان و نەمسا و پۆڵەندا و مەشیگان و هی دیکە. بۆ ئەم جۆرە سیاسەتەش نموونەی ویلایەتی مەشیگانی ئەمریکایی دەخەینە ڕوو، لەم ویلایەتەدا زمانی ئینگلیزی بەدەسەڵاتی یاسا نەچەسپاوە، بەڵام ئەم زمانە بە شێوەیەکی ڕانەگەیەنراو سیفەتی فەرمی وەرگرتووە، ئەویش لە میانەی پیادەکردنی کرداریەوە. ئەم زمانە بە حوکمی کەتوار پایەی زمانی فەرمی پێ براوە، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەم ویلایەتە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن کە(٩١٪)ی پێکهیناوە، یاساکان لەهەندێک کەرتەکانی ئەم ویلایەتەدا مامەڵەکردن بە زمانی ئینگلیزییان پێویست کردووە، بە تایبەتی لە کەرتی فێرکردن و تەندروستیدا (هدى الصيفي، ٢٠١٥: ٤٦).

بەمەش، هەندێک جار بەکارهێنانی زمانی کەمینە سنوردار دەبێت و زمانی کەمینە لە سیستەمی سیاسی، دەزگا و فەرمانگەکان و خوێندندا بەکارنایەت، بەڵکو تەنیا لە باری نافەرمی وەکو هێمایەک بۆ ئەمەک و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، ئەمەش وا دەکات کە کەمینە هەرچی پێناسی کارکردنی زمانی باڵادەست هەیە بزانێت و بەکاربهێنێت، کە هەڵبەتە لە زمانەکەی خۆیدا نییە یان پێی نازانێت، جگە لەوەش بارە ئابووریە کۆمەڵایەتییەکە تاکەکانی مرۆڤ ناچار دەکات کە دووزمان بن بۆ ئەوەی چالاک بن لە ژیاندا بۆ نموونە بۆ دەسکەوتنی کار و پیشە. دوو زمان زانین بە قۆناغی یەکەم دەژمێردرێت لە پرۆسەی زمان لەدەستدان، ئەمەش لە ماوەیەکی درێژخایەندا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قسەپێکەرانی زمانی کەمینە و ئەمەش بە واتای مردنی زمان، یان زمان گۆڕینەوە و وازهێنان لە زمان دێت.(عەلی، ٢٠٠٦: ٢٢٩) بێگومان کە زمانیش لەناوچوو، ناسنامەی نەتەوەش توخمێکی سەرەکی کەلتوورەکەی لە دەستدەدات، کە بۆ هەندێک نەتەوە تاکە ئەدگارە کە پێی لەنەتەوەکانی دیکە جیادەکرێتەوە.

زیاتر لەمانەش، پێویستە بزانین، کە ئەو کاتە گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەوجۆرە سیاسەتانەی خستمانەڕوو مسۆگەر دەبێت، ئەگەر بێت و پلانێکی گشتگیر و هەمەلایەن و تۆکمە بۆجێبەجێکردنی دابنرێت، واتە ئەگەر سیاسەتی زمان پلان بۆ جێبەجێکردنی دانەڕێژرێت، هیچ نرخ و بەهایەکی نابێت.

هەروەها زانای بواری زمان "پوون"(poon ) کە لە سیاسەتی زمان و پلانی زمانیدا توێژینەوەی هەیە، ئەم چوار جۆرەی بۆ سیاسەتی زمانیی داناوە:

١- سیاسەتی زمانیی ئاسایی بە ڕێبەرێتی حکومەت کە لە پلاندانانی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت و مامەڵە لەگەڵ پلاندانانی دەقدا(corpus planning ) دەکات، واتە گرنگی بە پێکهاتەی زمان لە ڕووی دروستە و فۆرم و واتای وشە و شێوە دەربڕاوەکان و داڕشتەی واتا.. مەبەست پێی کارکردنە بۆ دانانی گەنجینە و بانکی زمانیی بۆ وڵات و نەتەوە.

٢- سیاسەتی زمانیی بە ڕێبەرێتی حکومەت لە نەبوونی پڵاندانانی زمانیدا، مامەڵە لەگەڵ پلاندانانی وەرگرتندا دەکات، بەوەی چۆنێتی فێرکردن بە زمان، کام زمان دەبێت زمانی فێرکردن بێت و کار لەسەر جیاکردنەوەی فێرکردنی زمان و زمانی فێرکردن دەکات.

٣- سیاسەتی زمانیی بە ڕێبەرێتی حکومەت لە نەبوونی پڵاندانانی زمانیدا، مامەڵە لەگەڵ پلاندانانی دەقەدا دەکات.

٤- سیاسەتی زمانی بە ڕێبەریتی ناحكومی مامەڵە لەگەڵ پلاندانانی دەقدا دەكاتقڵە نەبوونی پلاندانانی زمانیدا. (Poon,2000, p125)

هەروەها لەم جۆرانەی سیاسەتی زمانی كە خستمانە ڕوو، دەكرێت دوو جۆری دیكە لە سیاسەتی زمانی لە یەكتری جیابكەینەوە، بەم شێوەیە:

**١- سیاسەتی زمانی بۆ دەرەوەی ژینگەی زمانی:**

ئەم جۆرەیان پەیوەستە بە بڵاوكردنەوەی زمان لە دەرەوەی ژێنگەی زمانیی، واتە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای زمانیدا، زمانەكان هەوڵی بڵاوكردنەوەی زمانیان دەدەن، هەروەک ئەوەی وڵاتی فەرەنسا لە ولاتانی فرانكفۆنی بۆ زمانی فەڕەنسی پیادەی دەكات (كالفي، ٢٠٠٩: ١٥) ، هەروەها وڵاتی شانشینی یەكگرتووی بەریتانیاش بۆ زمانی ئینگلیزی بە هەمان شێوە ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی بەڕیتانی بۆ هەمان مەبەست دامەزراندووە.

**٢- سیاسەتی زمانی بۆ ناوخۆی ژینگەی زمانی:**

ئەم جۆرە لە سیاسەتی زمانی كار لەسەر هەموو لایەنەكانی زمان لە ڕەهەندی زمانەوانی و ڕەهەندی نازمانی دەكات، وەک هەڵاوێركردنی زارێكی زمان، بۆ ئەوەی پایەی زمانی ستانداردی پێبدرێت. واتە، كار لەسەر بونیادی زمان و پەرەسەندنی زمان دەكات، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی زمانی لە ناوخۆی ژینگەی زمانەكەدا لە چوارچیوەی وڵاتێكی دیاریكراودا، هەروەها بە فەرمیكردنی زمانێک یان چەند زمانێک لە ناوخۆی وڵاتێكیشدا هەمیسان بەشێكە لە سیاسەتی زمانی ناوخۆیی.

**٣-٣: سیاسەتی زمانی و ئاستەكانی دەستوەردان لە زماندا:**

وڵاتان بۆ ئەوەی هەڵاوێردی زمانێک یان زارێک لە وڵاتێكی دیاریكراودا بكەن، دەستوەردان لە سنوور و بوارەكانی بەكارهێنانی زمانان دەكەن، بۆ ئەوەی زمانێک یان چەند زمانێک وەكوو زمانی فەرمی و نیشتمانی لەسەر ئاستی وڵاتدا دەستنیشانبكەن، لە چەند ئاستێكدا كاریان لەسەر دەكەن، لە خوارەوە ئاستەكان دەسنیشاندەكەین:

١- ئاستی ئەلفبێ(Writing system): لەم ئاستەدا، كار لەسەر ئەوە دەكرێت، كە ئەلفبێ بۆ زمانێكی زارەكی دابهێنرێت، یان ئەو زمانی نووسینەی بەكاریدەهێنێت دەیگۆرێت، یان كار لەسەر گۆڕینی ئەلفبێدا دەكات.

٢- ئاستی فەرهەنگ(Dictionaries for Indigenous): لەم ئاستەدا، کار لەسەر فەرهەنگی وشەی زمانەکە دەکرێت، واتە ئەم ئاستە بەندە بە داهێنانی وشەی نوێ یان چەند یەکەیەکی زمانی نوێی فەرهەنگی بەشێوەی(داڕشتن یان وەرگرتن) واتە گوزارشکردن لە ماناکان بە زمانی نەتەوە، کە پێشتر بەزمانی بیانی بووە.

٣- ئاستی زار و شێوەزارەکان: ئەو زمانەی بە ئاستی زمانی نیشتمانی دەگات، چەند زار و شێوەزارێکی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، شێوەیان بەپێی جوگرافیایان جیاوازە، ئەمەش وا پێویست دەکات هەڵاوێردی یەکێک لە زار و شێوەزارەکان بکات، و یان شێوەیەکی تازە لە نێو زارە جیاوازەکان دابهێنێت(قرقور، ٢٠١٨: ٢٩).

واتە، سیاسەتی زمانی، دەستوەردانە لە بنیادی زمان لە ناوەخۆیدا، هەروەها دەستوەردانیشە لە پەیوەندیی نێوان زمانەکان، بە جۆرێک دەستوەردان لە بەڕێوەبردنی فرەزمانیدا دەکات، کە هەڵاوێردی زمانێک لە نێو زمانەکاندا، وەک زمانی نیشتمانی دەکات، یان پەیڕەوی فرەزمانی لە ناوچەیەکدا دەکات، یان دەسنیشانی بەکارهێنانی زمانی لە بوارەکانی فێرکردن، ڕاگەیاندن، ...هتد دەکات. ئەم دەستوەردانەش پێگەی زمانە نیشتمانییەکە لە بەرانبەر زمانەکانی دیکەدا بەرزدەکاتەوە(کالفی، ٢٠٠٨: ٢٢٣).

سیاسەتی زمانی جگە لەو پرسانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە لایەنی زمانەوانی هەیە، لێکۆڵینەوە لە چەند پرسێکی دیکەشدا دەکات، لەوانە:

١- لێکۆڵینەوەیەکی وردی بارودۆخی زمانی دەکات، لە ڕووی زمانەوانی و نازمانەوانی لە کۆمەڵگەیەکی زمانی دیاریکراودا.

٢- دانانی بۆچوون و بنەماکانی ڕێکخستنی فرەزمانی بە پشتبەستن بە داتای لێکۆڵینەوەیەکی ورد.

٣- بڕیاردان لە لایەن (دامەزراوە یاسایی و جێبەجێکارەکان لە وڵاتدا، یان ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەولەتییەکان).

٤- جێبەجێکردنی نەخشەی ڕێکخستنی زمانی بە پشتبەستن بە بەفەرمیکردنی هۆکارەکانی بەردەست و پێشوەخت.

٥- هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ دەستکەوتەکان(برزۆ، ٢٠١٦: ١٨).

**٣-٣-١: زمان لە یاسا و دەستووری وڵاتاندا:**

زمانانی جیهان بەشێوەیەکی گشتی لە یاسا و دەستووری وڵاتاندا، پێگەیان بۆ دیاریدەکرێت، بە پێی پایەی زمانەکان سنوور و بوارەکانی بەکارهێنانی لە کۆمەڵی زمانیدا دەستنیشاندەکرێت، بە گشتی لە دەستووری وڵاتاندا چەند جۆرێک ئاماژەیان پێکراوە، بەم شێوەیە:

١- زمانی نیشتمانی: ئەو زمانەیە، کە هاوڵاتیانی وڵاتێک تەنیا زمانێک بەکاردەهێنن، وەکو (زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا و زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا و بەریتانیا و ئوستراليا). دەبێتە هێمای ناسنامەی نیشتمانی بۆ بەشێکی گرنگ لە دانیشتوانی و بە شێوەیەکی فراوان لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا لە ناوچەیەکی فراوانی وڵاتدا بەکاردەهێنرێت.

٢- زمانی فەرمی(ڕەسمی): ئەو زمانەیە کە لە دەستووری زۆربەی وڵاتاندا دانیپێدانراوە، کە زمانێک، یان چەند زمانێک لە وڵاتە فرەنەتەوە و فرەزمانەکاندا لە دەستووردا جێگیر دەکرێن، وەک زمانی فەرمی دانیان پێدادەنرێت. وەکو (وڵاتی کەنەدا، وڵاتی هیند، ...هتد)، دەبێت زمانێکی هاوبەش و ستانداردبێت (کالفي، ٢٠٠٩: ٤٠).

٣- زمانە خۆجێییەکان یان ناوچەییەکان: ئەو زمانانەن، کە لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن، وەکوو یاسای زمانە خۆجێیەکانی ژمارە (٧٤) لە ساڵی (١٩٣١ز) کە لە عێراقدا بۆ زمانی کوردی دەرچووە، کە زۆر جار بە ناوی زمانی کەمینەکان ناودەنرێن(جامباز، ٢٠٠٧: ٣-٤).

٤- زمانی میریی هاوبەش: بەو زمانە دەوترێت کە شان بەشانی زمانێکی تری فەرمی و نیشتمانی بەکاربێت، وەک فەڕەنسی و ئینگلیزی لە کامیرۆن و ئینگلیزی و ئوردوو لە هیند.

٥- زمانی هاندراو: ئەو زمانەیە کە هەرچەندە پلەی فەرمی و نیشتمانی و ناوچەیی نییە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەلکی لێوەردەگرن و لە دیدار و چاوپێکەوتن و هەندێک بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆندا بەکاریدەهێنن.

٦- زمانی قەدەغەکراو: ئەو زمانەیە کە میری دانی پێدانانێت و حەزناکات بەکاربێت و هەوڵی ئەوەش دەدات نەهێڵێت قسەی پێبکرێت بە تایبەتی لە شوێنە گشتیەکاندا وەک زمانی کوردی لە تورکیا (فەتاح، ٢٠١٠: ١٥٨- ١٥٩).

ئەم جۆرە پۆلینانە بۆ زمانان لە دەستوور و یاساکانی وڵاتاندا بەدیدەکرێن، بەڵام مەرج نییە لە دەستووری هەموو وڵاتاندا سەرجەم ئەم پۆلینانە ئاماژەیان پێکرابن، بە جۆرێک لە هەندێکیان ڕەنگە تەنیا زمانە فەرمیەکان دەستنیشانکرابن، یان نیشتمانی و فەرمی و هەندێک جار تەنیا ئاماژە بە زمانێکی دەوڵەتی دەکرێت، بەبێ ناوهێنانی هیچ یەکێک لەم پۆلینانەی سەرەوە، بۆ نموونە لە ماددەی(٢) لە دەستووری (٤)ی فەڕەنسادا، ئەم دەقە هاتووە: (زمانی کۆماریی بریتییە لە زمانی فەڕەنسی) بەبێ ئەوەی دیاربکات، کە زمانی فەرمییە یان نیشتمانییە، بێگومان ئامانجی زۆربەی وڵاتان لەم ئاماژەکردنانە بە زمانان لە نێو دەستووری وڵاتەکانیاندا بۆ ڕێکخستنی فرەزمانییە لە ژینگەی زمانیدا(کالفي، ٢٠٠٩: ٧١) پێویستە بزانین، کە هەموو ئەم جۆرە زمانانەی ئاماژەیان پێکراوە، لە ڕووی یاسایی و ئەرکپێدانەوە لە پایە و پێگەیاندا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بە پێچەوانەوە لە ڕووی زمانییەوە هیچ زمانێک لە زمانێکی تر باشترنییە، هەموو زمانەکان دەتوانن ئەرکی خۆیان لە ژینگەی زمانیدا جێبەجێی بکەن، ئەگەر لە بوارە جۆراوجۆرەکان دەرفەتی بەکارهێنانیان بۆ فەراهەمبکرێت.

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی هەندێک لە وڵاتان هەندێک جار بە پێی جۆری سیستەمی حکومڕانییان، ڕەنگرێژی ئەم پۆلینانە لە دەستووی وڵاتانیاندا دەکەن. واتە ئەم پۆلینانە بە جۆری سیستەمی حکومڕانی پەیوەست دەبن، کە دەسەڵاتداران لە وڵاتدا پەیڕەوی دەکەن، بەشێوەیەک ئەگەر سیستەمی حوکمڕانییان لەسەر بنەمای دیموکراسی بێت، ئەوا مافی زمانی بۆ سەرجەم زمانانی پێکهاتەکان لە دەستوورەکەیاندا جێگیر دەکەن، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەمای دیکتاتۆری بێت، مافی زمانی نەتەوەی سەردەست جێگیر دەکات و سنووری چالاکییە زمانیەکانی زمانانی دیکەش بەرتەسک دەکاتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت، وڵاتان لەسەر بنەمای دەستووری وڵاتەکانیاندا، بۆ چوار جۆر پۆلین بکرێن، بەم شێوەیە:

١- ئەو وڵاتانەی لە دەستووری وڵاتەکانیاندا ئاماژە بە زمانی فەرمی نەکراوە، بەڵام تابلۆی نووسین و مامەڵەی هاوڵاتیان لە دامودەزگاکانی حکومەت بە دوو زمانە، وەکو وڵاتی ئەمریکا کە لە دەستورەکەیدا باسی زمانی فەرمی نەکراوە، بەڵام لە چوار ویلایەتدا(کالیفۆرنیا، فلۆریدا، نیومەکسیکۆ، ئەریزۆنا)کە ژمارەیەکی زۆر قسەپێکەری زمانی

ئیسپانی هەن، بە هەر دوو (زمانی ئینگلیزی و زمانی ئیسپانی) دەنووسرێن، و نووسراوە فەرمیەکانیشان بە دوو زمان دەنووسرێن.

٢- لە دەستووری وڵاتیاندا دان بە یەک زمان و یەک نەتەوە دادەنێن و ئاماژە بەهەبوونی زمانی نەتەوەکانی دیکە ناکەن، بەڵکو نکوڵی لە بوونیشیان دەکەن بۆ نموونە( تورکیا، سووریا).

٣- لە دەستووریاندا تاکە زمانێک وەکوو زمانی سەرەکی و فەرمی دانپێدادەنێن، و زمانەکانی دیکەش وەک زمانی ناوچەیی و لاوەکی ڕێگەپێدراون، وەکوو لە دەستووری کۆماری ئێراندا هاتووە، زمان و خەتی نووسینی فەرمی و هاوبەشی ئێران زمانی فارسییە، بەڵگەنامە و نووسراو و دەقە فەرمییەکان، دەبێت بەم زمانە و نووسینە بێت. بەڵام سوود وەرگرتن لە زمانی ناوچەیی و نەتەوەییەکانیش لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی جەماوەری لەتەک زمانی فارسی ئازادە.

٤- ئەو وڵاتانەی لە دەستووری وڵاتیاندا زمانەکان ماددەیان بۆ تەرخانکراوە، کە هەر هەموو زمانەکان یەکسانن، بۆ نموونە لەسەرتاسەری هیندستان دوو زمان فەرمی دانپێدانراوە، بەڵام لە ویلایەتەکانیاندا (٢٢) زمانی فەرمی لە دەستووری(وڵاتی هیند)دا دانپێدانراوە(جامباز، ٢٠١٤: ٦٢).

کەواتە، دەستووری وڵاتان و یاسای زمان لەوڵاتاندا جیاوازن، ئەم جیاوازیەش لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سیستەمی حکومرانی وڵاتان جیاوازە، ئەمەش دەریدەخات، کە بایەخی زمان لای هەندێک وڵات لە هەندێک وڵاتی تر زیاترە، هەروەها ئەو ڕاستیەش دەردەخات کە پیادەکردنی بنەماکانی مافی پێکهات و نەتەوەکان لە بەکارهێنانی زمان جیاوازە، کە ئەمەش وا دەکات پێگەی زمانان بەگوێرەی سیستەمی حوکمڕانی وڵاتان بگۆڕێت.

هەروەها زمان بۆتە بابەتی یاسا، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم ڕاستیەش، دەوڵەتان بە بەردەوام دەستوەردانیان لە بواری زماندا کردووە، ئەم دەستوەردانەش لە کەتواردا پەیوەستە بە چۆنیەتیی ڕەفتارکردن و بەکارهێنانی زمانان و چۆنیەتیی بەرگریکردن لە زمان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لێرەدا جیاوازی لە نێوان چەندین وێناکردنی یاسای زماندا بکرێت، کە بریتیین لە:

١- ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە بەکارهێنانی زمان لەلای خەڵکیەوە هەیە، بەوەی ئاماژە بەو زمانە دەکەن کەوا پێویستە قسەیان پێبکرێت، لەم شوێنە یاخود لە شوێنی دیکەدا و هەروەها لەم کاتەی ژیان یاخود کاتێکی دیکە، بۆ نموونە وەکوو دیاریکردنی زمانی نیشتمانی بۆ وڵاتێک یاخود دیاریکردنی زمانەکانی کارکردن لە نێو یەکێک لە دامەزراوەکان.

٢- ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە شێوازی زمانەوە هەیە، ئەوانەی کەوا بۆ نموونە نووسین یاخود وشەکان، لە نێو چەند لیستێکی وشەکانەوە دیاردەکەن.

٣- ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە بەرگریکردن و پاراستنی زمانەکانەوە هەیە، جا چ پەیوەندی بە بەرزتر کردنەوەیان هەبێت، بۆ نموونە ببن بە زمانی جیهانی یاخود پەیوەندی بە پاسەوانیی کردنیان هەبێت، وەکوو پاسەوانی ژینگە.(کالفي، ٢٠٠٩: ٦٥- ٦٦)

سەرەڕای ئەمانەش، زۆر جۆر پۆلینکردنی دیکە بۆ یاسای زمانەکان هەن، بە جۆرێک کە لەساڵی(١٩٩٧ز) بڵاوکراوەیەک بە ناوی(کۆمەڵە یاساکانی زمان لە جیهاندا) لە شەش بەرگدا لەلایەن چاپخانەی زانکۆی (لاڤاڵ) بڵاوکرایەوە، کە تیایدا (٤٧٠) یاسای زمانی لە خۆگرتووە، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٨ز)یش ماڵپەڕی ئەنتەرنێت سیاسەتی زمانی لە (٣٤٥) ویلایەت، هەرێم و ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە (١٩٤) وڵاتی سەربەخۆ خستەڕوو.(جامباز، ٢٠١٤: ٧-٨) بێگومان ئەمەش دەریدەخات کە یاسای زمان لە ئەمڕۆدا جێگەی بایەخی زۆربەی وڵاتانە، و پێویستە هەر وڵاتێکیش بەپێی تایبەتمەندیی خۆی لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوان و زمانەکانیان جۆری یاسا زمانییەکە دیاری بکات.

بێگوومان ئەم یاسایانەش کاتێک کاریگەریی ئەرێنیان بۆ سەر زمان دەبێت، ئەگەر هاتوو لە کەتواردا لە هەموو کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەکوو پەروەردە و ڕاگەیاندن و ...هتد، پلانڕێژی بۆ بکرێت و بخریتە بواری جێبەجێکردن، کە ئەمەش وا دەکات بڵاوببێتەوە لە نێو خەڵکیش.

هەروەها پێویستە بەردەوام لەلایەن دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ ڕادەی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی برگە و ماددەکانی هەبێت، بێگوومان بۆ ئەمەش جۆری داڕشتنی یاساکانیش ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەیە، بەجۆرێک ئەگەر پێبژاردنی دارایی لەسەر سەرپێچیکاران هەبێت، یان هاندان و پاداشت هەبێت، بۆ ئەوانەی بە باشی پیادەی دەکەن، یاساکان زیاتر جێگای خۆیان دەگرن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەمانەوێت بە یاسا ڕێگری لە گەشە و گۆڕانی سروشتی زمانان بکەین.

لەبەرئەوەی یاسا ناتوانێت ڕێگری لە گەشە و گۆڕانی سروشتی زماناندا بکات و بیوەستێنێت، هەروەکوو چۆن یاسا ناتوانێت ڕێگری لە سوتانی باڵەخانەیەک بکات، بەڵام دەتوانێت ڕێگری لە مرۆڤ بکات لەوەی ئاگر لە باڵەخانە بەربدات.(کالفي، ٢٠٠٩: ٦٤)

### ٣-٣-٢: کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی:

هەبوونی سیاسەتی زمان پێویستیی بە ژینگەیەک هەیە، کە لە پەیوەندیی زمانی و نازمانی پێکهاتبێت، هەروەها لێکۆڵینەوەی سیاسەتی زمانی وابەستەیە بە سروشتی ژینگەی زمانی و نازمانی، چونکە سیاسەتی زمانی گرنگی بە زمانەکانی دەوروبەری خۆی و ئەرکەکانی و ئاستەکانی دەدات، هەروەها گرنگی بە ژمارەی ئەو کەسانەی، کە بەم زمانە قسە دەکەن، لەگەڵ جۆری ناسنامەکانیان دەدات، و گرنگیش بە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی پەیوەندار دەدات.(غالیم،٢٠١٣: ٣١٨- ٣١٩) چونکە زمان وێنەیەکە بۆ ژیانی کولتووری و شارستانی کۆمەڵگە، کاتێک ئەو وێنە کەلتووری و شارستانییە پێش دەکەوێت، ئەوسا زمانیش لەگەڵیدا پێشدەکەوێت، کاتێکیش کۆمەڵگە تێکدەچێت، زمانیش لەگەڵیدا تێکدەچێت، کەواتە زمان لەم ڕەهەندەدا، پابەندە بە سروشتی ئەو ڕەوتە کەلتووری و شارستانیەی تیایدا سەریهەڵداوە، ئەمە جگە لەوەی دیاردەکانی ڕەنگدانەوەی سیستەمی فیکری سیاسی و ئابوورییە(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٦٨- ٢٦٩).


بەم پێیەش تیۆری"سیاسەتی زمانی" و ماددە بنچینەییەکانی لە پوختەی کارلێکی نێوان ئەم چوار کۆڵەگەیە پێکدێت:

١- بوونی کۆمەڵگەیەک.

٢- بوونی زمانێک یاخود چەند زمانێک، کە تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکەوە قسەی پێبکەن.

٣- بوونی وڵات یان هەرێمێک کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی تێدا بژی.

٤- بوونی  دەسەڵاتێک  لەم وڵاتە یان هەرێمە کە توانای بڕیاردان و جێبەجێکردنی هەبێت.




**هێڵکاری (٢): شێوەی کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی**

هەر یەک لەو بنچینانە، (وڵات، دەسەڵات، کۆمەڵ، زمان) کە گرێدراوەی یەکترین، هەموویان بنەمان بۆ دارشتنی سیاسەتێکی زمانی تۆکمە، کە بە نەبوونی هەریەک لەم بنچینانە، لە ژینگە زمانیەکەدا، ئاستەنگی بۆ دارشتن و جێگیرکردنی سیاسەتە زمانیەکە دروستدەبێت. هەروەها هەریەک لەم بنچینانەش توخمی سەرەکین بۆ ناسنامەی کەلتووری هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، بۆ نموونە هەر ولاتێک پێناس و ناسنامەیە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە وڵاتدا، کە ناسنامەی وڵاتنامە بە هاوڵاتیانی دەبەخشێت، هەروەها زمانیش ناسنامەیە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و هیچ کۆمەڵگەیەک نییە بەبێ زمان و زمانی بێ کۆمەڵیش بوونی نییە، سەبارەت بە دەسەڵاتێش هۆکارە بۆ مانەوەی وڵات و زمان و کۆمەڵ، لەبەرئەوەی هەرکات نەتەوەیەکی خاوەن دەسەڵاتی بەهێزت هەبێت، لە ڕووی (سیاسی و ئابووری و سەربازی و ڕۆشنبیری و زانستی،....هتد)، ئەوکاتە زمانێکی بەهێز و وڵاتێکی خاوەن سەروەریت دەبێت، هاوکات کۆمەڵگەیەکی ئارام و گەشەسەندوشت لە هەموو بوارێکدا دەبێت، کە دواجار کاریگەریی ئەرێنی بۆ گەشەی زمان دەبێت، هەموو ئەمانەش وادەکەن، زمانێکی نیشتمانی و گەشەسەندو و بڵاو و پاراو بێتە ئارا، پێچەوانەکەشی ڕاستە، چونکە ئەگەر دەسەڵاتێک نەبێت، بۆ جێبەجێکردنی یاسا و بەند و بڕگەکانی سیاسەتە زمانییەکە، ئەوا سیاسەتە زمانییەکە وەکوو مەرەکەبی سەر کاغەز دەبێت و هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنی ناگێرێت(تۆفیق، ٢٠٠٧:

٢٦). واتە دەسەڵاتی بەهێز دەتوانییێت چۆنی بوویێت، ڕەوشی زمان بەو ئاڕاستەیە ببات. تەنانەت دەتوانێت زمانێکی مردوو زیندوو بکاتەوە و پێگەی زمانی باڵای لە ڕووی یاسایی و دەستووری پێبدات. بۆ نموونە، (زمانی عیبری) کە زمانێکی سەر بە خێزانە زمانی سامییە، لە سەدەی دووەمی پێش زاییندا زمانێکی مردوبوو، بەڵام لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا وەک زمانێکی گشتی بەرکار زیندوکراوەتەوە. ئێستاش وەک یەکێک لە دوو زمانە فەرمییەکەی ناو ئیسرائیل بەکاردەهێنرێت(کەمرێ و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧: ٩٠) ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دەسەڵاتێکی بەهێزی لە پشتەوە بووە و پێگەیەکی جوگرافی هەیە، هەروەها زمانێکی تۆمارکراوی نێو نووسین و کتێبەکان بوو.

سەرەڕای ئەمەش، هەریەک لەم بنچینە بنەڕەتیانە، کە لە هێڵکاریەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، لە پێناسەکردنی نەتەوەشدا، وەک بنەما بۆ پێناسەکردنی نەتەوە پشتیپێ دەبەسترێت، کە هەمیشە نەتەوەکان بۆ بەدەستهێنانی یان پاراستنی بۆ ئەوەی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە یەکسان سەیر بکرێن، هەوڵی بۆ دەدەن. بۆ نموونە، پاوڵستۆن(paulston) لە پێناسەی نەتەوەدا، ئاماژە بە چەند خاڵێکی هاوبەش دەکات، لەوانە:

١- بوونی گروپێکی کۆمەڵایەتی کە لە نێویاندا هەست بە یەکبوونێکی بەهێز لە نێو تاکەکانی کۆمەڵی هاونەتەوە بکرێت.

٢- هەوڵدان بۆ بوونی دەسەڵاتێک بۆ مافی خۆبەرێوەبردن.

٣- بوونی سنوورێکی جوگرافی، کە خۆی لە بوونی هەرێمێک یان وڵاتێکدا دەبینێتەوە.(عەلی، ٢٠٠٦: ٢٣٨)

کەواتە، هەموو نەتەوەکان، بە تایبەتی لە وڵاتە فرەنەتەوەکاندا، لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، هەوڵ بۆ دەستبەرکردنی مافی زمانی خۆیان دەدەن، و لە کاتی دارشتنی سیاسەتی زمانی، لە نێو مادده و برگەکانی یاسا و دەستووری وڵاتدا، مافە زمانیەکانیان جێگیردەکەن، کە ئەمەش وا دەکات مافی زمان و کەلتووری پێکهات و نەتەوەکان پارێزراوبێت، واتە سیاسەتی زمانی هۆکارە بۆ مانەوەی زمانەکان بە زیندوویەتی و گەشەپێدانی.

زیاتر لەمەش، زمان هۆکارێکی سەرەکییە لە دروستکردنی نیشتیمانەکان، هەروەها هۆکارێکی سەرەکییە بۆ یەکخستنی تاکەکان و پابەندکردنیان بە کۆمەڵەکانی نیشتمان. زمان هەستی نیشتمانپەروەری و سۆزی نەتەوایەتی بەهێز دەکات و هۆکارێکە بۆ دروستکردنی ڕوحی هاوکاری لە نێوان هاونیشتمانیان، هاوکات تاک بە باب و باپیران و داب و نەریت و

کەلەپووری دەبەستێتەوە، و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ گەشەدان بەسەرجەم بوارەکانی ژیان، بەوپێیەی بوار و دەرفەت بۆ گەشەی تاکەکانی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکان دەڕەخسێنێت، بەڵام وەک چۆن دەکرێت زمان هۆکاری یەکخستن بێ، بە هەمان شێوە دەشێت هۆکارێک بێت بۆ دابەشکاری و بەش بەش کردنی تاکەکانی کۆمەڵ، چونکە دەتوانێ هاونیشتیمانیانی وڵاتێک بۆ سەر چەند زمانێک دابەش بکات(زکریا، ١٩٩٣: ١٣ )

هەر لەبەرئەمەشە، ئەو کەسانەی بڕیارە سیاسیەکان دادەڕێژن، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە سیاسەتی زمانەوە هەیە، کارەکانیان ڕاست و ڕێک نابێت لەم ڕووەوە تەنیا بە دەستگرتن بە سەرجەم پێکهاتەکانی نەتەوە لە ژینگەی زمانیدا نەبێت.

**٣-٣-٣: قۆناغەکانی دانانی سیاسەتی زمانی:**

سیاسەتی زمانی لە کاتی هەڵبژاردنی زمانە فەرمییەکاندا چەند بنەمایەک بەهەند وەردەگرێت، وەکوو: (بناغەی مێژوویی و کلتووری و ئەرکی))، دوای ئەمەش ئینجا بڕیارە فەرمییەکە دێت، ئەمەش دوای ئەوەی لە هەنگاوی بەرەوپێشچوون و بڵاوبوونەوەیدا، بنچینەی هاوبەشی پێکەوەهەڵکردن و هاوئاهەنگی نەتەوەیی دادەڕێژێت و ڕەوایی فەرمیبوون و ستانداردبوونی خۆی دەسەلمێنێت، ئەمەش وا لە هەندێک وڵات دەکات، بە بڕیاری دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو یاسایانەی دادەڕێژرێن، پێگەی زمانەکان و بەکارهێنانەکانیان دیاری بکەن(سابیر، ٢٠١٤: ٢٣)، هەتا دەگاتە دیاریکردنی دامەزراوە سەرپشککراوەکان بۆ پلاندانان و جێبەجێکردن، بەمەش دەتوانین سیاسەتی زمانی وەک سیستەمێکی یەکتر تەواوکەر ببینین لەگەڵ پلانی زماندا.

ئەوەی کە چەمکی سیاسەتی زمانی دەیگرێتەخۆ، لێرەدا لە چەند خاڵێکدا قۆناغەکانی دانانی دیاریدەکەین:

١- کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ژمارەی زمانەکان و شیکردنەوەیان لە ڕووی ژمارەی زار و شێوەزارەکانیان، دیاریکردنی ژمارەی قسەپێکەرانیان و سنووری جوگرافی هەریەک لە زار و زمانەکان، هەروەها دیاریکردنی ژێرخانی بوارەکانی بەکارهێنانی هەریەک لە زار و زمانەکان بۆ ئەوەی ڕەنگڕێژی سیاسەتە زمانیەکەی لەسەر بکرێت.

٢- قۆناغی درککردن بە کێشە لە زماندا، لەم قۆناغەدا دەستنیشانی کێشەی زمانێک بۆ ئەوەی لە هەر بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکار بێت، درکی پێدەکرێت، کە گرفت بۆ دەوڵەت و دەسەڵات دروست دەکات.(کالفي، ٢٠٠٨: ٢٢٠)

٣- قۆناغی هەڵبژاردن: لەم قۆناغەدا، ئەگەر وڵات فرەزمان بێت، زمانێك یان چەند زمانێك هەڵدەبژێرێت، هەروەها  ئەگەر وڵات تاك زمانی بێت، زارێك لە نێو زارەكانی زمانەكەدا، بە زمانی فەرمی و ستاندارد هەڵدەبژێرێت، ئەم هەڵبژاردنەش پێویستە تەنیا پشت بە هەڵوێستی سیاسی نەبەستێت.

٤-  قۆناغی دەركردنی بڕیارێكی سیاسی سەپاو، ئەمەش بەهۆی پشتبەستن بەو دەقانەوە دەبێت، كە لە دەستووری وڵاتدا هاتوون، كە بریتییە لەوەی زمانی فەرمی لەسەرجەم جومگەكانی ژیاندا بەكاردێت، بڕیارە سیاسیەكەی لەلایەن دەسەڵاتی باڵای وڵاتەوە دراوە، ئەو بڕیارەی ئەوە دەسەپێنێت دەبێت زمانی نیشتمانی سیفەتی فەرمی وەربگرێت لەسەرجەم بوارە زیندەگییەكانی وڵات(بازرگانی، فێركردن، ڕاگەیاندن، مامەڵە كەسیەكان)(السید، ٢٠١٣: ٦٦). بەڵام پێویستە بڕیارە سیاسییەكە ڕەوایەتی تێدابێت و لەگەڵ كەتواری ژینگە زمانییەكەدا بگونجێت، بۆ ئەوەی لەلایەن تاكەكانی كۆمەڵگەوە ڕووبەڕووی ڕەتكردنەوە نەبێت و بەرهەڵستی لە جێبەجێكردنیدا نەكرێت، لەبەرئەوەی ئەگەر سیاسەتە زمانییەكە بەم شێوەیە دانەڕێژرێت، بەو ئامانجە ناگات كە پلانی بۆ دانراوە.

٥-  قۆناغی یاسادانان: بریتییە لەو یاسا و ڕێسایانەی كەوا ئەنجوومەنی یاسادانان لە وڵاتدا دایان دەنێت، هەروەها ئەو پۆستەرانەشی كەوا ڕاڤەیان دەكات، و ئەو یاسا و ڕێنماییانەش كەوا لە دامەزراوە و بەڕێوەبەرایەتیەكانی دەوڵەتەوە دەردەچن. یاسادانانەكانی زمانیش لە ژمارەیەك لە وڵاتە هاوچەرخەكان چەند شێوەیەك وەردەگرن، لەوانە دەركردنی (یاساكانی زمان) لە دەوڵەتدا یاخود یاساكانی زمان لە هەرێمێكی دیاریكراودا.(حجازی ، ٢٠٠٨: ٣٩)

٦- قۆناغی جێبەجێكردن: ئەمە لە میانەی دەستەی باڵاوە دەبێت، لەسەرجەم وڵاتاندا، دەبێتە سەرچاوە(مرجع)یێك بۆ جێبەجێكردنی سیاسەتی زمانی، پلاندانانەكە لە دوتوێی ستراتیژیەتەكان و بەرنامە گونجاوەكان دەگرێتە دەست بۆ بارودۆخەكان لە وڵاتدا، هەروەها چاودێری دەستەی جێبەجێكردنی سیاسەتەكە لەسەر ئاستی كەتواردا دەكات.(الضبیب،٢٠١٢: ١٨٢ – ١٩٧)

واتە، ئەمەیان پەیوەندیی بە بوارەكانی بەكارهێنانی زمانە ستانداردە فەرمییەكەوە هەیە، كە بۆ یەكەمجار لە دامەرزراوە فەرمییەكاندا بەكاردێت، واتە لە(پەرلەمان، دادگا، خوێندن، ڕاگەیاندن، ...هتد) جێبەجێدەكرێت(عەلی، ٢٠٠٦: ٢٣٦)، بۆیە كاتێك دەوڵەتێك یان هەرێمێك كە تازە سەربەخۆیی وەردەگرێت، پێویستە ئەم قۆناغانە پیادە بكات، بۆ ئەوەی زەمینەی هەڵبژاردنی زمانێكی فەرمی بۆ قەوارە سەربەخۆكەی بڕەخسێنێت، كە دواتر لە

دەستووری وڵاتدا جێگیری بکات و یاسای تایبەت بۆ جێبەجێکردنی دەربکات، ئەمەش ئەو کاتە جێگیر دەبێت، کە پلانێکی زمانی تۆکمەی بەدوادا بێت، و ئەم زمانە لە بوارەکانی(پەروەردە، کارگێری، ڕاگەیاندن، ...هتد) بخاتە بواری بەکارهێنان، واتە بڕیارەکە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە هیچ سوودێک بە گەشەی زمانەکە ناگەیێنێت.

جگە لەمانەش، لەبەرئەوەی سیاسەتی زمان ڕەهەندی زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریشی هەیە، لە کاتی داڕشتنی سیاسەتە زمانییەکە پێویستە ڕەچاوی ئەو ڕەهەندانەش بکرێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانرێت سیاسەتە زمانییەکە بە ئاسانی بخرێتە بواری جێبەجێکردن و هیچ بەربەست و لەمپەرێکی بۆ دروست نەبێت، چونکە سیاسەتی زمان بۆ کۆمەڵ دادەنرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی تاکەکانی کۆمەڵ هیچ سوودێک ناگەیێنێت، هەروەها بەبێ دەستەبەرکردنی بودجە و دارایی پێویست سیاسەتە زمانییەکە تەنیا وەک مەرەکەبی سەرکاغەز دەمێنێتەوە. واتە، سیاسەتی زمانی بەبێ بوونی دارایی پێویست جێبەجێکردنی ئەستەمە و دابینکردنی بوودجەی پێویست ئەرکێکی لە پێشینەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردن و سەرخستنی سیاسەتە زمانییەکەیە، هەروەها نیشانەی بایەخپێدانی حکومەت و دامەزراوەکانیشە بە زمان و سیاسەتەکەی.

**٣-٣-٤: بوارەکانی سیاسەتی زمانی:**

لە هەر کۆمەڵێکدا، بە فەرمیکردنی زمان بەرهەمی بەکارهێنانی زمانە، لە زمانی نووسین و خوێندنەوە و قسەکردندا، بە تایبەتی لە شوێنی فەرمی وەکوو قوتابخانە و پەرلەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بەفەرمیکردنی زارێک لە زارەکانی زمان وەکو زمانێکی ستاندارد، پەیوەندیی نێوان زارەکان دەگۆڕێت و دەسەڵات دەدات بەو زارەی کە بەفەرمی دەکرێت، هەروەها پەیوەندیی زمانەکە لەگەڵ زمانەکانی دیکەش دەگۆڕێت.(پوور، ٢٠١٥: ٨٣- ٨٤) بەمەش بوارەکانی بەکارهێنانی زمان لە بوارە جیاجیاکان فراوانتر دەبن، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی زمانەکە لە ڕووی پێگەی یاسایی و دەستووری بەهێز دەبێت، ئەمانەش وا دەکەن، یاساکانی زمان بارودۆخی زمانی فەرمی لە نێو کۆمەڵێک بواردا دیاربکەن، لەوانە:

١- بواری ڕاگەیاندن: لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو و خوێنراو و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان، زمانی فەرمی پەیرەو بکرێت، جا کارەکە چ پەیوەندی بە هەواڵ و

زانیارییەوە هەبێت، یاخود پەیوەندی بە ڕێگاکانی ڕیکلامکردنەوە هەبێت، بە تایبەتی لە کەناڵە سەرتاسەرییەکان.

٢- بواری پەروەردە و فێرکردن: تیایدا پایەی زمانی فەرمی و نیشتمانی و پایەی زمانەکانی دیکە لە نێو کەرتی فێرکردندا لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵادا دیاردەکرێن.

٣- کارگێڕی و دادوەری: زمانی فەرمی لە نێو مامەڵەکانی فەرمانگە حکومییەکان و نامەگۆڕینەوەکانیدا لەسەرجەم دامەرزاروەکانی کارگێری و دادوەرییەکان پیادە دەکات.

٤- بواری ئابووری و بازرگانی: کەلوپەلە هاوردە و نێردراوەکان، بۆندە بازرگانییەکان، مامەڵە ئابورییەکان، دراو، پول و ڕەسمە ئابوری و داراییەکان، باج و ڕسوماتەکان، تابلۆی ئوتومبێلەکان، ... هتد، زمانی فەرمی تێدا بەکاربهێنرێت.

٥- بازاڕ و شوێنی کار: زمانی فەرمی  لەسەر تابلۆی شوێنی کار و بازار و شەقام و دوکان و قوتابخانە و نەخۆشخانە ئەهلیی و نێودەوڵەتیەکان و لە جاڕدان و پڕوپاگەندەکان، کە بۆ کاڵاکان دەکرێن بەکاربهێنرێت.

٦ -  مامەڵە یاساییەکان: سەرجەم گرێبەست و ڕێککەوتنەکان بە زمانی فەرمی بەڕێوەبچن، جا چ گرێبەستەکانی کار یاخود گرێبەستە بازرگانییەکان بن.(الضبیب، ٢٠١٢: ١٩٧ – ١٩٨)

نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو دەسەڵاتی دادوەری دیاریکردنی مافە زمانییەکان بۆ کەمینە و لایەنەکانی جێبەجێکردن و دیاریکردنی دەسەڵاتی تایبەت بە پلانی زمان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنەکە دەگرێتە دەست(حجازی، ٢٠٠٨: ٣٩).

جگە لەمانەش، بەکارهێنانی زمان لە بواری ڕاگەیاندندا، لە هەموو بوارەکانی تر گرنگترە، لەبەرئەوەی باشتر کەتواری خۆی بەرجەستە دەکات؛ چونکە تاکە سەرچاوەی سەرەکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زمانە. هەر بۆیە یەکێک لەو بوارانەی کە لە سیاسەتی زمانیدا پێویستە بایەخی پێبدرێت، بەکارهێنانی زمانە لە ڕاگەیاندندا. هەر لەبەرئەوەشە لەم سەردەمەدا لێکۆڵینەوە لە زمانی ڕاگەیاندن بۆتە جێگای بایەخی زمانەوانەکان بۆ لێکۆڵینەوەکانیان، بەو ئامانجەی بتوانن بە باشترین شێوە شیکردنەوە و وەسفی کەرەستە زمانییەکان لە کەتواردا بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی ببنە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڵە زمانییانەی، بەردەوام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا دووبارە دەکرێنەوە.

### ٣-٣-٥: سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا:

سیاسەتی زمانی بە ڕادەیەکی زۆر وەک کردارێکی هەستپێکراو لە وڵاتاندا، وەک سەرەتاییترین قۆناغەکانی جێبەجێکردن بۆ بواری پەروەردە ئاراستە دەکرا، بەڵام دواتر هەندێک لە زمانەوانان درکیان بە گرنگی و کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر پلانی زمانی کرد(Meiringer, 2009:16). ئەمەش دوای ئەوەی دەرکەوت، ڕاگەیاندن کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە، و کەلتوور و ژیانی کۆمەڵەکان بەخێرایی دەگۆڕێت، بەهۆی ئەو ناوەرۆکەی لە پەیامەکانیاندا، پێشکەشی تاکەکانی کۆمەڵی دەکەن، کە لەگەڵیدا زمانی کۆمەڵکەش دەگۆڕێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە توخمی نوێی کەلتووری بە هۆی ڕاگەیاندنەوە هاتۆتەوە نێو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵەوە، کە بوونەتە هۆی ئەوەی چەندین کەرەستەی زمانی نوێ جێگای کەرەسەی زمانی ڕەسەن بگرنەوە، هەروەها کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنیش لە ڕووی دەربڕین، ڕێزمان(وشەسازی و ڕستەسازی) و واتادا هەیە.(عەلی، ٢٠٠٥: ٦٨)

کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵ و زانیاری و زنجیرە دراما و بەرنامە هەمەجۆرەکانیان، بەهۆی سەیرکردنیان لەلایەن زۆربەی چین و توێژەکان لە خوێندەوار و نەخوێندەوار لە نێو کۆمەڵدا، کاریگەریی زۆر لەسەر بینەرانی لە ڕووی زمان و کەلتوور جێدەهێڵن، ئینجا ئەگەر بێت و پشت بە وشەی فەرهەنگی و ڕێزمانی زمانی ستاندارد ببەستێت، کاریگەریەکەی ئەرێنی دەبێت، بەپێچەوانەش کاریگەری نەرێنی دەبێت(تۆفیق، ٢٠٠٧: ٤٥) بۆیە پێویستە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، بەشێکی بەرچاوی سیاسەتی زمانی بۆ کەلتوور و زمان لە ڕاگەیاندندا تەرخان بکات. بەمەش دەشێت ئەم کەناڵە تەلەفیزیۆنیانە ڕۆڵی گرنگ بۆ بەرەوپێشبردنی ستانداردکردنی زمان ببینن، ئەگەر خاوەنی سیاسەتێکی زمانی دروست بن.

لە سەرەتای ساڵانی دەرکەوتنی سیاسەت و پلانی زمانی، ئاماژە بۆ گرنگی بواری ڕاگەیاندن کرا، کە کاریگەریی بە رادەیەکی زۆر گەورەتر لە بوارەکانی تر لەسەر پلانی زمانیدا هەیە، ئەمەش دانپێدانرا، بەتایبەتی کە بە پێی پێشکەوتنی زمانەوانی، دەرکەوت ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەری بەرچاوی لەسەر پێشکەوتنی زماندا هەبێت، کە ئامرازێکی گرنگی دیکەی بەکارهێنانی زمانە. بۆیە ئەم بوارە شایەنی لێکۆڵینەوەی زیاترە، و ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەری زۆری لەسەر پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامەشدا هەبێت.( Kaplan and Baldauf, 2003: 93)

سیاسەتی زمانی لە وڵاتی فەرەنسا بۆ زمانی فەڕەنسی لە ڕاگەیاندندا دانراوە، بەجۆریک بە یاسا ڕێوشوێنی پێویست بۆ پارێزگاریکردن لە زمانی فەڕەنسی لە کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی زمانی ئینگلیزی گیراوەتەبەر، ئەویش بە دەرکردنی یاسایەک، کە پێویستە کەناڵەکانی تەلفزیۆنی ئاسمانی پێوەپیابەند بن، تیایدا هاتووە، پەخشی بەرنامەکانیان نابێت لە ٣٠٪ ی زیاتری بە زمانی بیانی بیت. (عبدالحفیظ، ٢٠٠٥: ٩٣) ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە وڵاتان درکیان بە گرنگی و کاریگەریی بواری ڕاگەیاندن کردوە و هەستیان بە مەترسیەکانی سەر زمان لە ڕاگەیاندندا کردووە، ئەگەر زمان خاوەنی سیاسەتی زمانی نەبێت. ڕاگەیاندن هاوشێوەی قوتابخانە و خێزان ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەیە، بە هۆی ئەو ئەرکەی لە ئاڕاستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ لەخۆی دەگرێت، بەو پێیەی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ نابنە قوتابی، یاخود دەرفەتی چوونە قوتابخانەی بۆ نارەخسێت، یان ناتوانن لە خوێندن بەردەوام بن، بۆیە، ئەرکی پێکهێنان و ئاڕاستەکردنی هەڵوێستی تاکەکان دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵ و لە نێویشیاندا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە ئەم ئەرکی پێکهێنانی هەڵوێست و ئاراستەکردنی تاکەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.(محمدامین، ٢٠١٧: ٤٣). هەر بۆیە لە یاسای زمانی هەندێک لە وڵاتاندا ئاماژە بە بەکارهێنانی زمان لە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو خوێندراو کراوە، کە پێویستە لە پەخشە سەرتاسەرییەکانی وڵاتدا زمانی ستاندارد بەکاربهێنرێت و هەر ناوچەیەکیش بۆ پەخشە تایبەتییەکان لە ناوچەکانیاندا ئازاد کراون بە زمانە ناوچەییە فەرمییەکانی دیکە پەخشەکانیان بڵاوبکەنەوە، ئامانجیشیان لەم کارە، پەرەپێدانی تێکگەیشتن و ڕاهاتنە لەسەر زمانی فەرمی و نەتەوەیی لە نێوان گشت بەشە جیاجیاکان لە وڵاتدا، هەروەها بۆ ئاسانکاری و بایەخدان بەو کەسانەی بیانین و دانیشتووی ئەو وڵاتەن، بۆ وەرگێران و فێربوونیان بە ئاسانی(جامباز، ٢٠٠٧: ٨٨ – ٨٩).

هەر بۆیە، حکومەتی وڵاتانیش بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی ستاندارد/ فەرمی، چەند هۆکارێک فەراهەم دەکەن، وەک تەلەفیزیۆن، سینەما، قوتابخانە...هتد، چونکە قوتابخانە بە تەنیا بە شێوەیەکی ناتەواو ڕۆڵی خۆی جێبەجێ دەکات، ئەگەر ڕاگەیاندن پاڵپشتی نەکات، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆرجاران ژمارەیەک لە مامۆستایان بە شێوەزارەکانی خۆیان وانە دەڵێنەوە.(کالفي، ٢٠٠٩:٨٠)

زیاتر لەمەش، هەر هەرێمێک تەلەفزیۆن و ڕادیۆی تایبەتی خۆی هەیە، کە بە زمانە ناوچەییەکان بەرنامە هەمەڕەنگەکان، دەنگوباس وبەڵگەنامەکان و هەواڵ و زنجیرەکان بە زمانی ستاندارد پەخش دەکەن.(جامباز، ٢٠٠٧: ١١١) ئەمەش بەهۆی ئەو بەهایەی زمان لە

یەکخستنی قسەپێکەرانیدا هەیەتی و لە دەستنیشانکردنی سەربەخۆیی و جیاوازی نەتەوە و زمانەکانیان هەیەتی(عەلی، ٢٠٠٦: ٢٣٥)واتە، ڕاگەیاندن لە بری هەڵوەشاندنەوە و پارچەپارچەکردنی زمانی کۆمەڵ، دەشێت پەیامەکانی بە ئاراستەی پتەوکردنی بنیادی زمانی ستانداردی کۆمەڵ بێت، هەروەها پەیامەکانی بە ئاراستەی بەهێزکردنی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی نێوان تاک و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵی لێبێتەئارا.

کەواتە، ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەیدا وەک چەکێکی دووسەر وایە، دەتوانرێت بە شێوازێکی گونجاوی ئەرێنی، تاکەکانی کۆمەڵگە ئاراستە بکات و بەهۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە بەرەو زمانی فەرمی و ستاندارد ببات، هەروەها توانای یەکخستنی ڕێزەکانی نەتەوە و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و بەهێزکردنی خۆبەندی بۆ زمان و کەلتووری نەتەوەیی هەیە، لە ڕێگەی بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و یەکخستنی تواناکان و دروستکردنی گیانی پێکەوەژیان و هاریکاری و دەستگیرۆیی یەکتر و هۆشیارکردنەوە و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە لەم لایەنەوە، بە پێچەوانەوەش ئەگەر خاوەنی سیاسەت و پلانی زمانی نەتەوەیی و کەلتووری نەتەوەیی نەبێت و هەوڵی پارچەپارچەکردن و لێکهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە ببینێت، بەهۆی نانەوەی ململانێ لە نێوان زار و زمانە ناوچییەکان و تێکدانی پەیوەندیی نێوان چین و توێژ و پێکهاتەکانی ئەوا ڕۆڵەکەی نەرێنی دەبێت(وەرتی، ٢٠٠٨ : ٢٤)

کەواتە، ڕاگەیاندن بەراورد لەگەڵ دامەزراوە و شێوازەکانی دیکەی گۆڕینی ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵ، بە یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانی گۆڕینی ئاراستەکان لە قەڵەم دەدرێت، هەڵبەت ئەم کاریگەرییەی ڕاگەیاندن بەراورد لەگەڵ شێواز و دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵ بۆ گۆڕینی ئاراستەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، وەک:

١ - هەموو کەسێک ناڕوات بۆ قوتابخانە، یان هەموو کەسێک لەیەک کاتدا ناڕوات بۆ قوتابخانە.

٢- بواری پەروەردە دەسەلاتی نییە، پشتگیری لە بڵاوکردنەوەی زمانێک لە کەرتەکانی دیکەی حکومەت بکات، بەلام ڕاگەیاندن دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت( Kaplan and Baldauf, 2003: 6)

٢ - ڕاگەیاندن لە هەموو کاتێکدا (ڕۆژ، شەو، کەشی سارد، یاخود گەرم) پەیامەکانی ئاراستەی جەماوەر دەکات.

٣ - ڕاگەیاندن بەراورد بە قوتابخانە و دامەزراوە کارگێریەکان،...هتد، دەتوانێت لە گەڵێک شوێنی جیاوازدا پەیامی خۆی پەخشبکات، وەک (ماڵ، ئۆتۆمبیل، شوێنە گشتیەکان، ...هتد)

٤- ڕاگەیاندن دەتوانێت بە چەندین جۆر پەیامی بۆ جەماوەری وەرگر بخاتەڕوو، وەک (پەیامی نووسراو لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)، (پەیامی بیستراو لە ڕێگەی ڕادیۆکان)، (پەیامی بینراو لە ڕێگەی تەلەفیزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان)(محمدامین، ٢٠١٧: ٥٥).

٥- ڕاگەیاندن بەربەست و ئاستەنگیەکانی نێوان وڵاتان و هەرێمەکانی بۆ گەیاندنی پەیامەکانی تێکشکاندووە و سنووری جوگرافیای وڵاتانی تا ڕادەیەک لەم ڕووەوە کاڵ کردۆتەوە.

گرنگترین ئەم ڕێگایانەش کە ڕاگەیاندن دەتوانی لە ڕێگەیەوە کاریگەری بخاتە سەر، بەهێزکردنی هەستی لاگیری تاکەکانی کۆمەڵ بۆ زمان، نەتەوە و کەلتووری نەتەوەیی، بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی پێشکەشکردنی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بە هوشیاری نەتەوەییەوە، دەتوانن ئاستی مەعریفی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ناسین و شارەزابوون لە (مێژوو، خۆشەویستی نیشتمان، زمانی نەتەوەیی، کەلتووری کۆمەڵگە،...هتد) بەهێز بکەن. بەمەش هەستی خۆبەندی بۆ زمانی نەتەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ تۆکمەتر دەبێت. واتە، ڕاگەیاندن گرنگە باس لە سەرکەوتنەکان بکات، کە چۆن بە ڕێگەی یەکێتی نەتەوە و تەبایی نێوان تاکەکان بەدەستهاتوون، هەروەها گرنگیشە باسی شکستەکانیش بکات، کە بەهۆی پەرتەوازەیی و پارچە پارچە بوون هاتوونەتە ئاراوە کە ئەمەیان پشکی شێری بەردەکەوێ.

٢- بەرنامەی تایبەت بە پەرەپێدان و بەهێزکردنی هەستی خۆبەندی و خۆشەویستی تاکەکان بۆ زمان و نەتەوە و کەلتوری نەتەوەیی، بە شێوەی جێگیر و هەفتانە پێشکەش بکرێن.

٣- بۆنە نەتەوەیی و جیهانییەکانی، وەکو(ڕۆژی زمانی دایک، ڕۆژی ئاڵا، رۆژی جلوبەرگی نەتەوەیی، نەورۆز، ... هتد)، ساڵانە بەرنامەی تایبەتییان بۆ ئامادەبکرێت، چونکە لەم بوارەدا هەرچەند بەرنامەکان بەردەوامییان هەبێت و جەختیان لەسەر بکرێتەوە، هەستی خۆبەندی بۆ زمانی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمان زیاتر دەبێت، بەڵام پێویستە لە بەرنامەکانیاندا پشت بە کەسانی پسۆڕ و شارەزا ببەستن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی بابەتەکان بخەنە ڕوو.

٣- هەندێک جار لاوازبوونی هەستی خۆبەندی بۆ زمان دەخرێتەپاڵ نەبوون و نەڕەخساندنی هەلی کار لە بازاڕی کار لەلایەن کۆمپانیاکان بۆ قسەپێکەرانی زمانی دایک، زمانی نەتەوەیی بە کەم بایەخ و بێسوود و بێپێز دەناسێن، بە پێچەوانەشەوە زمانی بیانی بە زمانی بەرز و بەهادار وەسف دەکەن، ڕاگەیاندنەکان لەکاتی جاردان ئەم بۆچوونە زەق دەکەنەوە.

دوای ئەوەی لە چەند تەوەرێکدا زۆربەی لایەنە تیۆرییەکانی سیاسەتی زمانی خرانەڕوو، پێویستە لە تەوەرەکانی داهاتوو بپەڕینەوە بۆ لایەنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سیاسەتی زمانی بە شێوەیەکی کرداری کە چەمکی پلاندانان دەگرێتەوە، کە بێگومان هەر بڕیارێک ئەگەر نەخرێتە بواری جێبەجێکردن، ئەوا بڕیارەکان هیچ نرخ و بەهایەکیان نابێت.

**٣-٤: پلانی زمانی: چەمک و پێناسە:**

پلاندانان تەنیا پەیوەست بە بوار و زانستێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو گرێدراوی زۆربەی کایەکانی ژیانە، لە زۆربەی زانست و بوارە جیاوازەکاندا پەیڕەو دەکرێت، و لە هەر بوار و زانستێکدا سنووری بەکارهێنانی چەمکێکی دیاریکراو دەگەیێنێت، بۆیە پێش ئەوەی پێناسەی "پلانی زمان" بکەین، گرنگە سەرەتا مانا و چەمکی "پلان" لە لای پسپۆران و لە نێو فەرهەنگەکانی زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیدا بخەینە ڕوو، پاشان پێناسە و چەمکی "پلانی زمان" ڕوون بکەینەوە.

لە فەرهەنگی"هەمبانە بۆرینە"دا، کە فەرهەنگێکی کوردی فارسییە، هاتووە، پلان بە واتای: ((گەڵاڵەکار، کەین و بەین)) دێت. (هەژار، ١٣٨١: ١١١) لەم فەرهەنگەدا هیچ پێناسەیەک بۆ زاراوەی پلان نەکراوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ماناکەی، بەڵکوو تەنیا بە دوو وشە مانای زاراوەکەی لێکداوەتەوە، ئەمەش چەمکی پلان ڕوونناکاتەوە، بەڵام کاتێک لە فەرهەنگی "هەرەزە" دەگەڕێین، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، سەبارەت بە پلان دەڵێت: ((ڕێوشوێن، کەینوبەین، نەخشە، بەرنامە. پلاندانان: بە مانای گرتنەبەری ڕێوشوێن، بەرنامەڕێژی، نەخشەدانان، ڕەنگڕشتن. واتە، بۆ ئەوەی کاروبارەکانی وڵات باش بەڕێوەبچن پێویستە پلاندانان هەبێت))(ڕۆستایی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٢: ٦٠)، لەم فەرهەنگەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چەند وشەیەک بەرانبەر چەمکی پلاندانان بەکاردەهێنرێت و یەک واتایان پێدەدات، ئەمەش وادەگەیێنێت کە وشەکان هاوواتان، لەوانە: (ڕێوشوێن، کەینوبەین، نەخشە، بەرنامە)، بەڵام کاتێک بیر لە واتای ئەم وشانە دەکەینەوە، دەبینین بەشێوەیەکی تەواو هاوواتا نین. ئەم فەرهەنگەش پێناسەی "پلان"ی نەکردووە بەڕادەی ئەوەی کە نموونەی بۆ هێناوەتەوە، هەرچۆنێک بێت، ڕەنگە خوێندنەوەی فەرهەنگەکانی تر شتی زیاترمان پێبدەن، بۆ

ئەم مەبەستە گەڕاینەوە بۆ فەرهەنگی (اساس البلاغة)، کە فەرهەنگێکی عەرەبی عەرەبییە، کە تیایدا هاتووە: ((خطط: واتە هێڵ، هێڵ کە لە نێو کتێبێکدا دەکێشرێت، کتێبێکی هێڵکاریکراو، یان دەڵێن ئەمە پلانی فلانە، پلانیانە، یان فلان هاتوو و پلانێکی لە ژێرسەردایە، لە ڕەوانبێژیشدا هاتووە: فلان پلانگەلێکی ڕەوشتەکان بینا دەکات و پابەندی هێڵەکە بووە، واتە پابەندی پلانەکە بووە. پلان واتە: ڕێگە، یان بەرنامەڕێژی.))(الزمخشري، ١٩٩٨: ٢٥٦) لەم فەرهەنگەدا پێناسەیەکی کورت و پوختی پلان کراوە، کە لە کۆتایی دەقەکەدا هاتووە، کە دەڵێت: "پلان واتە، ڕێگە یان بەرنامەڕێژی".

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیشدا هاتووە، پلان بە واتای ((ڕێکخستن بۆ ئەنجامدانی کارێک، کە پێشوەخت ڕەچاو کراوە. یان مانای نەخشەی وردی بینایەک، شارۆچکەیەک، شەقامێک، یان وێنەکێشانی وردی ئامێرێک، باڵەخانەیەک، هەروەها مانای نیشاندانی هێڵکاری شتێک دەدات، کە چۆن ڕێکدەخرێت.))(Oxford, 2009, 334)

دوای سەرەنجدان لە واتای وشەی "پلان" لە چەند فەرهەنگێکدا، دەردەکەوێت، کە مانای زاراوەی پلان لە فەرهەنگەکاندا لە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیدا لە واتادا هاوبەشن، کە واتاکەی بریتییە لە دانانی نەخشە و بەرنامە و پەیڕەوێک بۆ هەر کارێک، هەروەها ئاماژە دەدات بە واتای ئەو بەرنامەڕێژی و نەخشەکێشانەی کەوا مرۆڤ لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ و دامەزراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و گەڵاڵەکراو دەیدات.

زاراوەی پلان (plan) ئێستا زاراوەیەکی باوی سەر زاری تاک و کۆمەل و دامەزراوە فەرمی و نافەرمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مرۆییە، بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت. تاکەکەس و دامەزراوەی فەرمی و ڕێکخراوەکان هەر کات لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان پشتیێ ببەستن بە کەسان و دامەزراوەی سەرکەوتوو ناودەبرێن، ئەمەش لەبەرئەوەیە بە ڕێگەیەکی دروست و ڕێکخراو بە ئامانجەکانیان دەگەن، بە پێچەوانەوەش ئەو کەسانە، یان ئەو دامەزراوانەی لە ئەرکەکانیان شکستخواردون بە کەسانی بێپلان ناودەبرێن. بۆیە هەموو کەس و دامەزراوەیەک بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی پێویستی بە پلان دانان هەیە، هاوکات پلاندانانیش پێویستی بە بەرچاو ڕوونی و لێکدانەوەی هەموو گریمانەکان هەیە. کۆمەڵ و وڵات و نەتەوە لە هەر بوارێکدا، خاوەنی کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراون، پێویستە بۆ هەر بوارێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا خاوەنی پلان بن.

له زمانی کوردیدا، جگه له زاراوەی پلان زاراوەی "نەخشە"ش لەبەرانبەر ئەم زاراوە زانستییە بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەلایەن زۆربەی زمانەوانانی کورد و خەڵکیش وشەی "پلان" زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، یەکێک لە هۆکارەکانیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە زمانی کوردیدا، وشەی "نەخشە" وشەیەکی فرەواتایە، بۆ وشەی "خريطه" ش کە لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، زاراوەی"نەخشە" بەکاردەهێنرێت، هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە، لە زمانی کوردیدا زاراوەیەکی هاوواتای زاراوەی پلانی ئینگلیزیمان نییە؛ بۆیە بە ناچاری وەکو زۆربەی زمانەوانان زاراوەی "پلان"مان بە پەسەندتر زانیوە، بۆ ئەوەی لەم تێزەدا بەکاریبهێنین.

سەبارەت بە پێناسەی پلان لەلای شارەزایانی ئەو بوارە، هاوشێوەی زۆربەی زاراوە زانستییەکانی دیکە، کۆمەڵێک پێناسەی جیاواز بۆ ئەم زاراوەیە کراوە، و پێناسەیەکی دیاریکراو بەدی ناکرێت، کەوا پسپۆرەکان لە بارەی پلانەوە هاوڕابن لەسەری، بۆیە پێناسەکانی هەمەچەشنن، هەندێک لەو پێناسانەی کە ناوەڕۆکەکانیان پەیوەستن بە ئاراستەی توێژینەوەکە، دەیانخەینە ڕوو:

- "ئینار هۆگن" لە کۆبوونەوەیەکدا لە "لۆس ئەنجلس" لە ساڵی (١٩٦٤ز) پێناسەی چەمکی پلاندانانی خستە ڕوو، دەڵێت: (( پلاندانان، چالاکییەکی مرۆییە و لە پێویستبوون بە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ گرفتێک سەرچاوە دەگرێت، دەکرێت بەشێوەیەکی تایبەتی و نافەرمی بێت، بەڵام دەشکرێت بەرنامە ئامێز و هۆشیارانەبێت، هەروەها دەکرێت هەوڵ و کۆششێک بێت و کەسە پەیوەندیدارەکان بەڕێوەی ببەن و فەرمی بێت. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام بدرێت، بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، بە چەند پلانێکی کرداری جێگرەوە و چەند بڕیاردانێک و دەستپێشخەری بۆ جێبەجێکردنیان، هەنگاو دەنێت))(كالفي، ٢٠٠٩: ١٦)

- پلان، شێوازێکی زانستی و کارەکییە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی ئامانجەکان بەو ئامرازانەی کە بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانە بەکاردێن.

- پلان، نەخشەڕێگەیەک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیار و سیاسەتەکان دیاریدەکات و لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی نەخشە بۆ داڕێرێژڕاو و پلانی دیاریکراوەوە کۆنترۆڵی ڕووداوەکان دەکات (الناصر، ٢٠٠٣: ٣٢).

زمانیش، وەک هەر بوارێکی دیکەی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتیی، پێویستی بە پلاندانان هەیە، هەر وەک لە کتێبی **تیۆری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی و جێبەجێکردنەکانی لە نێو نەتەوەکانی تازە گەشەکردوودا** (Sociolinguistic Theory and Developing Nations) کە

لەلایەن چەند نووسەرێکی پسپۆری بواری کۆمەڵناسی، زمانەوانی، مێژوویی و زانستی سیاسی ئامادە کرابوو، لە بارەی کێشەی زمان لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا، لە کتێبەکەیاندا پرسیارێکیان وروژاند، ئایا زمان پێویستی بە پلاندانان هەیە؟ لە وەڵامی پرسیارەکەدا گەیشتنە ئەو بڕوایەی، کە پلاندانان بۆ زمان کارێکی ئەستەم نییە، و زمانیش پێویستی بە پلاندانان هەیە(المحمود و آخرون، ٢٠١٨: ٩٦)

هەر بۆیە لە ئەمڕۆدا، پلانی زمانی وەک زاروەیەکی زانستی نوێ هاتۆتە نێو کایەی زانستی زمان، کە لە زمانی کوردیدا لەلایەن زۆربەی زمانەوانان زاراوەی "پلانی زمانی" و لە زمانی عەرەبیدا "التخطيط اللغوي" و لە زمانی ئینگلیزیشدا"Language planning"ی بۆ بەکاردەهێنرێت، زانستێکی نوێیە، بەراورد بە مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمان، سەر بە زمانەوانی کۆمەڵایەتییە، کە لقێکی زمانەوانی کارەکییە، یەکەمجار لە کۆتاییەکانی ساڵی(١٩٥٠ز) هاتۆتە نێو کایەی زانستی زمان و زاراوەکە لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی لەلایەن "ئینار هوگن(Einar Haugen) "ی زمانەوانی ئەمریکی بەڕەچەڵەک نەرویجی بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٩٥٩ز)دا هاتۆتە ناو کایەی زانستی زمان، و یەکەمین دەقی نووسراو لەم بارەیەوە توێژینەوەیەکی ناوبراو بوو لە بارەی ڕەوشی زمان لە وڵاتی(نەرویج)دا(Ferguson, 2006:1) کە توێژینەوەکەی بەناونیشانی (پلانی زمانی پێوانەیی لە نەرویجی نوێدا) بوو، تیایدا یەکخستنی زمانی پێوانەیی لە نەرویج دا خستبووە ڕوو. (حسانی، ؟، ٥) لە دوای "ئینار هۆگن" فیرگەسۆنیش لە ساڵی (١٩٥٩ز) لە بارەی "جووتزمانی" توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە، لەوکاتەوە بە شێوەیەکی فراوان لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا دەستی پێکردوە(كالفي، ٢٠٠٩: ١٣)، هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ناوەند و دەزگا و دامەزراوە و ئەنجومەن و ئەکادیمیا و لێژنەی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی فەرمی دەوڵەتی و نیمچە دەوڵەتی کاریان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پلاندانانی زمانی دەستپێکردوە(یەعقووبی، ٢٠٠٧: ١٥٥)، ئەمەش لەبەرئەوەی زمان لە ڕووی سیاسیەوە هەموو کات جێگەی بایەخی وڵاتان بووە، و زمانیش وەک سروشتی خۆی هەمیشە بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی، پێویستی بە پاڵپشتی سیاسی و ئابووری هەیە، بۆ ئەوەی هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی گەشەسەندو و پەرەسەندوبێت.

هەر بۆیە، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، زۆربەی حکومەتەکانی وڵاتان کەوتنەخۆ بۆ کارکردن لەسەر پلاندانان بۆ زمان لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی درکیان بە گرنگی بابەتەکە کرد، هەروەها حکومەت توانای جێبەجێکردنی پلانی زمانی لە

چوارچێوەی سنووریکی فراون و گشتگیردا هەیە، هەروەها توانای بڕیاردان و سەپاندن و جێگیرکردنی پلانیشی هەیە( Kaplan and Baldouf, 1997: 5).

یەکێک لە بابەتەکانی پلانی زمانی، کارکردنە لەسەر بەکارهێنانی زمان و ئەو ئەرکانەی لە نێو کۆمەڵدا بەشێوەیەکی فەرمی پێیدەسپێردرێت، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی فرەزمان و فرەزارن، ئەمەش بە ئامانجی چارەسەری کێشەکانی کردەی پەیوەندی و لە یەکگەیشتن لە نێو کۆمەڵدا، کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمان و ڕێکخستنی زمانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە(مەحوی و جلال، ٢٠١٤: ٢) هەر بۆیەش کوپەر (cooper)و بالْدۆف (baldouf) پێیانوابوو، کە پلانی زمانی، گرنگە لە دەوروبەی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەبچێت و ڕەچاوی هۆکارە کۆمەڵایەتییە زمانییەکان بکرێت(سورخی، ٢٠١٤: ٨) واتە، پلانی زمانی گرنگی بە دیراسەکردنی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگە و ئاستی کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەدات، هەروەها گرنکی بە ڕێکخستنی زمان و زارەکان دەدات، کێشە زمانەوانییەکانی وەک دروستبوونی وشەکان و نوێکردنەوە و یەکخستنی زاراوە دەگرێتە ئەستۆ، هاوکات گرنگی بە کێشە نازمانەوانییەکانیش دەدات(المحمود و آخرون، ٢٠١٨: ١٠١)

زمانەوانان بۆ پلانی زمانی کۆمەڵێک پێناسەیان خستۆتە ڕوو، لەوانە:

- "میشال زکریا" لە کتێبەکەیدا "دۆزەکانی زمانەوانی کارەکی" پێناسەی "ئێنارهوگن"ی هێناوەتەوە، کە دەڵێت: ((پلانی زمان، چالاکییەکە، ڕێنووس و ڕێزمان و فەرهەنگەلێکی نموونەیی ئامادە دەکات، بۆ ئاراستەکردنی نووسەران و قسەکەران لە کۆمەڵگەیەکی زمانیی فرەچەشندا))(زکریا، ١٩٩٣: ١٠)

- "جاشوا فیشمان" یش لە ساڵەکانی سەرەتای سەرهەڵدانیدا، پێناسەی پلانی زمانی کردووە، دەڵێت: ((پلانی زمانی، بە بەدواداچونی چارەسەرکردنێکی ڕێکوپێک بۆ کێشەکانی زمان پێناسە کراوە، بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئاستی نەتەوەییدا.)) (Fishman, 1974: 79)

- هەروەها "ڕوبین" پلانی زمانی وەکو گۆڕانکارییەکی بە ئەنقەستی زمان لێکدەداتەوە، و ئەم گۆڕانکارییانەش دەکرێت لە سیستەمی ئاخاوتن و ڕێزمانیدا بێت(داوەری، ١٣٩٩: ١٣).

- هەروەها "براین وینستین" پێناسەی پلانی زمانی کردوە، دەڵێت: ((پلانی زمانی، بریتییە لە هەوڵێکی بەردەوام و ماوەدرێژی بە ئاگایانە، بە مەبەستی گۆرینی ئەرکی زمان لە کۆمەڵدا، بەئامانجی چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەندیکردن بە پاڵپشتی و ڕێگەپێدانی دەسەڵات لە وڵاتدا.))(Weinstein, 1980: 56)

- "سەلام ناوخۆش"یش لە کتێبی "زمانی سیاسەت و سیاسەتی زماندا" پێناسەی پلانی زمانی کردووە، دەڵێت: ((هەوڵێکی سیاسی دروستە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی کۆمەلایەتی دروستدەبێت و هەوڵدەدات ڕەوشی خودی زمان لە وڵاتدا بگۆڕێت و چالاکییەکی حکومییە بۆ هەڵبژاردن و پەرەپێدانی زمانی فەرمی لە هەردوو شێوازی زمان: نووسین و ئاخاوتن.)) (ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥١ )

- یاخود پلانی زمانی: ((بریتییە لەو دەستکاریەی کە لە پێکهات و بەکارهێنانی زماندا دەکرێت، لەلایەن دەوڵەتەوە یان ڕێکخراوێکی سەر بە دەوڵەتەوە)). (عەلی وعەبدوللا، ٢٠١١: ٤٩)

- "دیڤد کریستاڵ" لە فەرهەنگە زمانەوانیەکەیدا، لەبارەی پلانی زمانی، دەڵێت: ((ئەم زاراوەیە لە زمانەوانیدا هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵ دەدات، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە زمان و زارە جۆراوجۆرەکان و پێشخستنی سیاسەتی زمان.)) (Crystal, 2003: 258)

- هەرچی"لویس جان کالفی" یە بەوە پێناسەی پلانی زمانی دەکات، کەوا (گەڕانە بەدوای هۆکارە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی و دانانی ئەم هۆکارانە لە شوێنی جێبەجێکردندا.) (٢٠٠٨: ٢٢٠)

- "علی ئەلقاسمی" یش پێناسەی پلانی زمان دەکات، و دەڵێت: (پلانی زمانی، جێبەجێکردنی ئەو یاسا زمانەوانیانەیە کەوا دەوڵەت دایاندەڕێژێت، و پەیوەندییەکی یەکانگیری لەگەڵ سیاسەتی زماندا هەیە، هەروەک چۆن چالاکییەکی فەرمیشە، کەوا دەوڵەت پشتیپێدەبەستێت و پلانێکی لێبەرهەمدێنێت بۆ ڕێکخستنی دیمەنی زمان لە وڵاتدا.))(القاسمي، ٢٠٠٦: ٣٦)

- لە ڕوانگەی "کوپەر"(cooper)ەوە، پلانی زمانی، ((هەر جۆرە هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ شوێن دانان لەسەر ڕەوشی زمانی ئەوانی دیکە لە ئاستی فێربوون، ڕۆنان، یان ئەرکپێدان بە کۆدە زمانییەکانیان)).( سورخی، ٢٠١٤: ٢٠ لە cooper, 1985: 45 وەریگرتووە)

بە تێگەیشتنمان لەو پێناسانەی کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان لە ڕەهەندێکەوە پێناسەی پلانی زمانی کردووە، بۆ نموونە هەندێکیان لە ڕەهەندی سیاسیەوە سەیریان کردووە، هەندێکی تریان لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و هەندێکی تریش لە ڕەهەندی زمانەوانییەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییانەش، زۆربەی پێناسەکان لە بەشێک لە ناوەڕۆکەکانیاندا لە یەکترییەوە نزیکن و لە بنەمادا هاوبەشن، بە جۆرێک کە لە

پێناسەکانیاندا جەخت دەکەن، کە پلانی زمانی لەگەڵ سیاسەتی زمانی دوو چالاکی تەواوکەری یەکترین، بەشێوەیەک کە پلانی زمانی شوێنکەوتەی سیاسەتی زمانیە، هەروەها وایدادەنێن، کە پلانی زمانی چالاکییەکی دەستوەردانی مرۆڤە، لە زمان یان زمانەکان، بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێک کە لەلایەن دەزگاکانی یاسادانانەوە ڕەنگرێژکراوە، وەک پێویستییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمان یان زمانان لە ژینگەی زمانیدا، واتە، پلانی زمان  بە قۆناغی پیادەکردنی سیاسەتی زمانی دادەنێن. هەروەک لە پێشتردا باسی سیاسەتی زمانیمان کرد، سیاسەتی زمانی پەیوەستە بە دانپێدانانی زمان لە ڕووی یاساییەوە، پێویستییەکی گرنگی هەموو وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، بۆ ئەوەی گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی پەیوەندیکردن لە چوارچێوەی وڵاتێک یان هەرێمێک بە هۆی یاساوە چارەسەربکرێن، هەروەها بۆ ئەوەی هاوبەشی لە نێوان ئاخێوەرانی زمانێک بنیاتبنێت، ئەگەر ئەو نەتەوەیە بایەخ و گرنگی بۆ زمانی نەتەوەیی دابنێت و بە پایەیەکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەکەی بزانێت.

هەر چەندە پلانی زمانی وەنەبێت تەنیا لەسەر ئەو کۆششە فەرمییانە کورت هەڵبێت کەوا لایەنە پەیوەندارەکان لە چوارچێوەی نیشتماندا ئەنجامیدەدەن، بەڵکوو ئەو کۆششانەش دەگرێتەوە کەوا کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەنجامی دەدەن، کاتێکیش هەوڵ و کۆششی هەردوو لایەنی فەرمی و مەدەنی دەبنە تەواوکەری یەکتر ئەوا سوودی هەڵساندنەوە و پەرەپێدانی زمان لە ڕێگەی پلانی زمانی بەدیدێت.(السید، ٢٠١٣: ٧١) واتە، ئەم بابەتە لە هەوڵە تاکەکەسییەکانیش بە دەرنییە، بەجۆرێک دەکرێت زمانەوانان، توێژەرانی بواری کەلتوور، سیاسەت، کۆمەڵناسی، نووسەران و کەسانی ڕۆشنبیر و خاوەن هەستی نەتەوایەتیش ڕۆڵی تێدا ببینن، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندیی بە ناسنامە و ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە.

کەواتە، کە پلانی زمانی چینەکانی کۆمەڵ بە گشتی بەشداری تێدادەکەن لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی دەوڵەت، بە جۆرێک کە دەشێت پابەندبوون و هاندانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە هەبێت. هەروەک لە فەرهەنگی زمانەوانی نوێش ئاماژەی پێدراوە، کە: (( پلانی زمانی، چالاکییەکە ئاماژە بە کارێکی ڕێکخراو لەسەر ئاستی فەرمێتی یاخود تایبەتی دەدات، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا دەدات)).(دمیاطي، ٢٠١٧: ١٠٩) واتە، دەکرێت لەلایەک لایەنە حکومی و فەرمییەکان ڕۆڵیان لە داڕشتن و جێگیرکردنی هەبێت، بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنەکانی دیکەی چینەکانی کۆمەڵ، لەلایەکی دیکەش پێویستە لایەنەکانی دیکەی کەرتی تایبەت و نافەرمیش پاڵپشتی

بکەن و لەلای خۆیانەوە پیادەیبکەن و هانی خەڵکی بدەن لە جێبەجێکردنیدا، بە تایبەتیش لێرەدا ئەو کەس و لایەنانەی کە خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندنن(بەهەموو جۆرەکانییەوە) دەتوانن هاوکارێکی باش بن لە پیادەکردن و هاندانەکانیان بۆ پلانە زمانییەکە، چونکە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگترین شوێنن، کە زمان تیایدا بەفراوانی بەکاردەهێنرێت، و کەتواری زمانی تێدا بەرجەستە دەبێت.

بێگومان دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین، کە ئەوەی خاوەنی دەسەلات و توانایە تەنیا دەوڵەتە کەوا دەتوانێت چاودێری پلانەکە بکات و بیخاتە بواری جێبەجێکردن لە بوارە فەرمییەکاندا(کالفي، ٢٠٠٩: ١٥). دەتوانێت سزای پێبژاردنی دارایی، یان هەر جۆرە سزایەکی دیکە بۆ هەر جۆرە پێشێلکردن و سەرپێچیەک بەرانبەر جێبەجێنەکردنەکان دابنێت.

هەر یەک لە کابلان (kablen) و بالدۆف(baldouf) یش جەختدەکەنەوە، لەوەی پلانی زمانی هۆی گۆڕانکارییە لە زماندا، بە ئامانجی دروستکردنی گۆڕینێکی ئەرێنی ئامانجدار لە بەکارهێنانی زمان، یان ڕاگرتنی گۆڕانکارییەکی نەرێنی کە ئەگەری دروستبوونی هەبێت. هەروەها بەوەش گوزارشتی لێدەکەن کە هەوڵێکی بەگەڕخراوە لە لایەن هەندێک کەسەوە، لە پێناو چاککردنی ڕەفتاری زمانی لە هەر کۆمەڵێک و بە هەر هۆکارێکبێت، لەوانەش پارێزگاری لە کەلتووری کۆمەڵگە شارستانییەتەکەی لە ڕێگەی چاککردنی زمانەکەی، دەشکرێت ئەم هەوڵە لە سەر ئاستی گشتی یان تاکەکەسی بێت(البريدي، ٢٠١٣: ٧).

کەواتە، پلانی زمانی  هەوڵ و چالاکییەکی فرەڕەهەندی مرۆییە، کە ڕەهەندی زمانەوانی و سیاسی و کەلتوری و ئابووری هەیە، جێبەجێکردنیشی تەنیا لە ئەستۆی دەسەلاتداران نییە، بەلکو هەموو تاکەکەسێک و دامودەزگا و ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی و تایبەتی بەرپرسیاریەتییان دەکەوێتە ئەستۆ، پێویستی بە  کات و بودجەی پێویست هەیە.

هەروەها بۆ پێناسەی "پلانی زمانی" دەڵێین: بریتییە لە کردارێکی مرۆیی، لەلایەک سوود لە یاسا و دەستووری وڵات و لەلایەکی دیکەش سوود لە توانا ماددی و مرۆییەکان وەردەگرێت، لە پێناو گۆڕینی دۆخی زمانی نەتەوەیی و بۆ بە دیهێنانی کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ خزمەتی زمانی نەتەوەیی و پیادەکردنی بە فەرمیکردنی زمان.

**٣-٤-١: ئەرکی پلانی زمانی:**

دوای ئەوەی پێناسەکانی پلانی زمانمان خستە ڕوو، دەکرێت ئەرکی پلانی زمانی لێهەڵبهێنجین، کە لە چەند خاڵێکدا پوختیان دەکەین، کە بریتیین لە:

١- گەڕانە بەدوای هۆکارە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانێک، لە ڕێگەی دەستەبەرکردن و خستنەگەڕی ئامراز و پێویستیەکانی.

٢- پلانی زمانی ئەو گرفتانەی کەوا ڕووبەڕووی زمان دەبنەوە، ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوە، جا ئەو گرفتانە چ زمانەوانی یاخود گرفتگەلێکی نازمانەوانی بن.)) (عرباوي، ٢٠١٢: ٤٣١)

٣- پلانی زمانی، هەوڵ بۆ گۆرینی شێوە و بەکارهێنانی زمان لە ژینگەی زمانیدا دەدات.( Spolsky, 1998: 66)

٤- پلانی زمان، ئەرکی چاکسازیی زمان لە ڕووی پاکسازی یاخود نوێکردنەوە یانیش پێوانەکاری، کە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی– کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و هەوڵدەدات ڕەوشی زمان لە وڵاتدا بگۆڕێت.

٥- پلانی زمانی، لەبەرئەوەی زمان و نەتەوە بەهاوتای یەکتر دەبینێت، لەم ڕوانگەوە ئەرکی پاراستنی زمانی نەتەوە دەگرێتە ئەستۆ(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥١).

٦ – پەرەپێدانی زمانێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، ئەو هەوڵە هەردوو شێوازی زمان: نووسین و ئاخاوتن دەگرێتەوە، واتە دارشتنی یاسا و ڕێساکانی ڕێنووس و سیستەمی نووسین، نوێکردنەوە و یەکخستنی بەرنامەکەی دەگرێتەوە.

٧- پلانی زمانی ئەرکی دابەشکردنی ئەرکەکان لە نێوان زمانەکانی کۆمەڵ فرەزمانەکان و گەراندنەوەی مافە زمانییەکان بۆ خودی زمانەکان دەگرێتەوە.(عزوز، ٢٠١٢: ٦٣)

٨- پلانی زمانی بەوپێیەی گرێدراوی کۆمەڵێک ڕەهەندی نازمانییە، وەکوو ڕەهەندی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و دەروونی ....هتد، و هەر یەک لەو ڕەهەندانەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. ئەرکی پلانی زمانی ئەوەیە، کە بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتیی زمانان دابڕێژرێت(عەلی و عەبدوللا، ٢٠١١: ٤٩).

کەواتە، پلانی زمانی، بەگشتی ئەرکەکانی کرداری مرۆیین، هەوڵ بۆ گۆڕینی دۆخی زمانی نەتەوەیی بەرەو گەشەسەندن لە هەموو ئاستەکانیدا دەدەن، و گرنگی بە هەردوو لایەنی زمانەوانی و نازمانەوانی دەدات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان لە کایە و بوارە

جۆراوجۆرەکاندا، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی لە هەڕەشە و فشارەکانی جیهانگەرایی و زمانە باڵادەستەکان، کە ئەمەش زۆرجار بە جێگیرکردنی پێگەی زمان لە دەستوور و یاساکاندا گرێدراوە.

### ٣-٤-٢: سودەکانی پلانی زمانی:

پلانی زمانی چەندین سودی هەیە، لەوانە:

١- پلانی زمانی دەتوانێت، سودێکی زۆری بۆ کۆمەڵ هەبێت، تا ڕادەیەک هاوچەشنی زمانەوانی بهێنێتە ئاراوە.

٢- پلانی زمانی لەو ڕووەوەی کە ئامرازێکی پەیوەندیکردنی هاوبەش دەهێنێتە ئاراوە، هەروەها دەتوانێت گەورەترین یەکسانی لە بەشداربووان بە دەستبهێنێت.

٣- پلانی زمانی لە فراوانکردنی بەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراودا، کە دەتوانێت هەستی نەتەوەیی بونیادبنێت، بەم شێوەیەش یەکێتی سیاسەتی وڵات بەهێزتر دەکات.

٤- هەوڵ بۆ هێنانەدی مەرامەکانی سیاسەتی زمان دەدات، وەک، فراوانکردنی فێربوون و فێرکردنی زمانی نەتەوەیی، هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و ئاسایشی زمان(برزۆ، ٢٠٢٠: ٣٢).

### ٣-٤-٣: ئامانجەکانی پلانی زمان:

ئامانجەکانی پلانی زمانی و چالاکییەکانی بەپێی پێداویستییەکانی هەر زمانێک و پێویستیەکانی کۆمەڵەکەی دەگۆڕێن. لێکۆڵەرانیش بیروڕایان لە دیاریکردنی ئامانجەکانی پلانی زماندا جیاوازە، بۆ نموونە، تۆلیفسن( Tollefson) هەوڵیدا ئامانجی پلانی زمانی لە ئامانجێکی گشتیدا چڕبکاتەوە، کە ڕایوابوو پلانی زمانی چاکسازی لە کێشەکانی زمان لە نێو کۆمەڵدا دەکاتە ئامانج و ئەم ئامانجەی بە ئامانجێکی سەرەکی و گشتگیری گشت چالاکی و جێبەجێکردنێکی پلانی زمانی دادەنا، لە کاتێکدا (K.Gadelli) ڕایوایە کە ئەمرۆ خەڵکی ناتوانن وەکو پێشتر پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر ببەستن، هەر بۆیە ئامانج لە پلانی زمان، بریتییە لە ئاسانکاری پەیوەندی بەستن لەسەر سێ ئاستدا: (ناوەخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی) واتە، ئامانج لە کرداری پلانی زمان لەلای (K.Gadelli) بریتییە لە ئاسانکاری بۆ پەیوەندیکردن(المحمود، ٢٠١٨: ١٠٣) هەرچەندە مەرج نییە ئامانجی پلانی زمانی تەنیا بۆ چاکسازی زمانی و ڕێکخستنی فرەزمانی و چارەسەرکردنی کردەی پەیوەندیی نێوان

تاکەکانی کۆمەڵ بێت، بەڵکو ڕەنگە هەندێک جار پلانی زمان بۆ بەرتەسکردنەوەی چالاکییە زمانییەکانی زمانێکی کەمینە بێت بە ئامانجی تواندنەوە و لەناوبردنی. واتە، مەرج نییە، کە هەموو پلانێکی زمانی ئامانجی گەشەپێدان و پاراستنی زمان بێت، بەڵکو دەکرێت بۆ بەرگرتن لە گەشە و پەرەسەندنی زمانێکیش دابڕێژرێت، بە تایبەتی لە وڵاتە فرەزمانەکاندا، کە سیستەمی فەرمانڕەواییان دیکتاتۆری بێت و سیاسەتە زمانییەکەیان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای تواندنەوەی زمانی کەمینەکان بنیاتنرابێت.

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە پلانی زمانی قۆناغی کردەیی سیاسەتی زمانە، سیاسەتی زمانی قۆناغی پێش پلانی زمانیە، بەمەش ئامانجی پلانی زمانی لە چوارچێوەی سیاسەتە زمانییەکە دادەڕێژرێت، کەواتە ئامانجی پلانە زمانییەکە لە سیاسەتە زمانییەکەوە سەرچاوە دەگرێت(کالفي، ٢٠٠٨: ٢٢٠).

کەواتە، بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی زمانی بەسەرکەوتووانە تەنیا بە پشت بەستن بە شیکردنەوەیەکی قووڵی لایەنە زمانەوانییەکە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە شیکردنەوەی ورد و تەواوی بارە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکە هەیە و هەرگیز بەبێ شیکردنەوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بە ئامانجەکانی ناگات، لەبەرئەوەی پلانی زمانی بۆ هەموو ئەو لایەنانە بە کەڵکە و ڕۆڵیان تێدا دەبینێت، کە پەیوەندیی بە لایەنی زمانەوانی یان لایەنەکانی دیکەی نازمانەوانی هەبێت(فەتاح، ٢٠١٠: ١٥٤).

ئەمەش دەریدەخات، کە ئامانجی پلانی زمانی تەنیا یەک ئامانج نییە، بەڵکوو چەندین ئامانجی گشتگیرو هەمەلایەن لە ڕووی زمانییەوە دەگرێتەخۆی، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە لایەنە زمانییەکانەوە هەیە، و هەندێکیشیان پەیوەندییان بە لایەنی دیکەی، وەکوو(کۆمەڵایەتیی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری...هتد)هەیە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بە سەر زمانانەوە هەیە.

بۆیە ئامانجی گشتی لە پلانی زمانیدا بەشداریکردنە لە چارەسەرکردنی گرفتە زمانی و نازمانییەکان، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە فرەزمان یان فرەزاربن گرنگییەکەی زیاتر دەردەکەوێت، بە تایبەتیش ئەو گرفتانەی کەوا تووشی مرۆڤ دەبن وەک تاکێک و تووشی گەلان و وڵاتان دەبن وەکو کۆمەڵی مرۆڤایەتی، واتە بۆ پڕۆژەیەکی هۆشیاری و بە ئاگاوەی مرۆڤ دانراوە، و ئامانجی سەرەکیش لەو هەوڵە چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیی گفتوگۆکردن و لە یەکتر گەیشتنە(communication) (مەحویی، ٢٠١٦: ٥٧) بۆ ئەمەش ناکرێت، تەنیا پشت بە پەرەسەندنی سروشتیانەی زمان ببەسترێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو

گرفتە زمانییانەی کەوا وڵاتەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، ئەوەش بەهۆی خێرایی گۆڕانکارییەکان و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاوە بە تایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان و ئەنتەرنێت، کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی زمانەوانی لە نێو زماناندا، بەتایبەتیش دیاردەی کاریگەریی دانانی زمانە باڵادەست و بڵاوەکان لەسەر زمانانی دیکە، وەک تێخزاندنی چەندین وشە و دەستەواژە و زاراوە بۆ نێو ئەو زمانانە، هەروەها گواستنەوەی کەلتووری نەتەوەکانیشیان لایەنێکی دیکەی ئەو کاریگەرییانەن، سەرەڕای ئەمانەش، ڕەواجدان بە بەکارهێنانی زار و شێوەزاری ناوچەیی لە ڕاگەیاندنەکاندا لایەنێکی دیکەی نەرێنییە، ئەمانەش دەریدەخەن، کە ئامانجی پەیوەندیکردن بە تەنیا بەس نیە بۆ ئەوەی کرداری پلانی زمانی بیکاتە ئامانج، بەڵکو جێگیرکردنی پایەی زمان و پاراستنی شکۆی زمانی دایک وەک ناسنامەی نەتەوەیی ئامانجێکی دیکەی پلانی زمانییە بۆ بیناکردنی نەتەوە و ئاسایشی زمان، هەر لەبەرئەوەشە وڵاتان هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرکردنی گرفتە زمانەوانییەکان دەدەن، لە ڕێگەی پلانێکی زمانی تۆکمەوە.

بۆیە دەکرێت، بە هەڵێنجان لەو پێشەکییەی لەبارەی ئامانجەکانی پلانی زمانی خستمانە ڕوو، ئامانجە ستراتیژیەکانی پلانی زمان لە چەند خاڵێکدا بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

- پاککردنەوەی زمان لە وشە و دەستەواژەی بیانی کەوا هاتوونەتە نێو زمانەکە.

- پەرەپێدان بە وشە و دەستەواژەکان بۆ بوارە زانستیەکان هەروەها زمان بۆ کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ ساز و ئامادە دەکات.

- بەشداریکردن لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری لە بارەی خۆبەندی بۆ زمان لە لایەن ئەوانەی کە قسەی پێدەکەن، هەروەها ئاشناکردنیان بە گرنگیەکەی و وابەستەکردنی ئەم زمانە بە کەلتوورو ناسنامەوە.

- بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردن لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکان لە کاتی خوێندن بە زمانی دایک.

- پارێزگاریکردن لە فرەزمانی و کەلتووری لە ناوخۆی وڵاتێکدا، نەوەک ئەم هەمە چەشنەییە بکرێتە هۆکارێک بۆ لێکترازان و ململانێ، بەڵکو بکرێتە ئامرازێک بۆ هەماهەنگ بوون و ئاڵوگۆڕکردن و سوودمەندبوون.

- پیادەکردنی ڕێگەی ئاسانکاری لە گەیاندنی ماددە زمانیەکە و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی زمانەوانی کە ڕەسەنایەتی و هاوچەرخی بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بە هیوای دروستکردنی نەوەیەک کە توانایان هەبێت بە باشی لە کەلەپووری زمانەوانی بگەن.

- بڵاوکردنەوەی زمان لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵگای زمانی.

- نوێکردنەوەی فەرهەنگی زمان، داهێنانی وشەی نوێ یاخود واتای نوێ بەخشین بە وشەی کۆن.

- یەکگرتوویی لە ڕووی زاراوەییەوە.

- سادەکردنی شێوازی نووسین و ئاخاوتن. بەکارهێنانی زمانی دایک لە بواری زمانی زانست و زانیاری و گوتار و ئاخاوتن، هەروەها ئەرکی زمانی حکومەت و سیاسەت و ڕاگەیاندنی پێبسپێردرێت.

- پلانی زمانی بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و هەستی نەتەوایەتی و هاوڵاتیبوون و هێنانەکایەی کەلەپووری هاوبەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

- زیندوکردنەوە یان هەڵبژاردنی یەکێک لە زمانە خۆمالیەکان وەکو زمانی فەرمی.

- بوژاندنەوەی زمان، بە شێوەیەک زمانی فەرمی بتوانێت وەڵامدەرەوەی هەموو پێویستییەکانی زانستی و هونەری سەردەم بێت. (عەلی و عەبدوڵلا، ٢٠١١: ٤٩)

- دانانی پێوەرگەلێک بۆ نووسینی دروست،و چاکسازیکردن لە زمانی نووسین و بابەتە گرێدراوەکان پێوەی.

- چارەسەرکردنی کۆت و بەندە دانراوەکانی سەر بەکارهێنانی زمان.

- کێبرکێی نێوان شێوەزارەکان و پەرەدان بە شێوەزارێک تا پلەی زمانی فەرمی. (زکریا، ١٩٩٣: ١١)

واتە، ئامانجەکانی پلانی زمانی بریتیین لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کەوا دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەرامگەلێک کەوا پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە دەریان دەکات، هەروەها گەرەنتی ئامانجە ستراتیژیەتەکانیش بۆ گوزارشتکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەلایەن کەسەکانەوە دەکات، بە کەسانی ئاسایی و دەسەڵاتدارەوە لە کەرت و بوارە

جۆراوجۆرەکان، لێرەشدا پلانی زمانی لەلایەک ڕەهەندی سیاسی و لەلایەکی تریش ڕەهەندی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی دەبێت.

**٣-٤-٤: تایبەتمەندییەکانی پلانی زمانی:**

بیرۆکەی پلانی زمانی لەسەر بناغەی ڕێکخستن دەوەستێت، هەروەها بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیش جیا دەکرێتەوە، گرنگترینیان:

١- سەرپەرشتیکردنی ئایندەی زمان و پێشبینیکردنی ئاڕاستەکانی، ئەویش بە بەکارهێنانی دەرهاویشتەکانی ئێستا و ڕابردوو.

٢- ئەو شێوازە زانستییەیە کە هۆکارەکان و نموونە ئابووری و ئامارکارییەکان بەکاردەهێنێت. (فەراهەمکردنی ئامار و داتا وردەکان).

٣ -کۆمەڵێک نەخشەی متمانەپێکراو و ئاراستەکراو بە کۆمەڵێک لە بڕیار و ڕێو شوێنەکان کەوا دەستەبەری بەدیهێنانی ئامانجە نووسراوەکان دەکەن.

٤ -هەڵبژاردن لە نێوان جێگرەوەکان کە ڕێگە بە دوورخستنەوەی کەموکورییەکانی نێوان ئامانج و هۆکارەکان دەدات.

٥ -ئامادەکردنی سەرچاوە سروشتی و مرۆیی و هونەرییەکان و بەکارهێنانیان تا ئەوپەڕی توانا.

٦ -پەیوەستبوون بە کەتوار و گشتگیربوون و هارمۆنێتی و بەردەوامبوون.(الجوهري، ١٩٨٦: ٨٧)

**٣-٤- ٥: قۆناغەکانی دانانی پلانی زمانی:**

بێگومان باسکردنی مەسەلەی پلانی زمانی و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانی زمانی بە مانای دەرچوونە لە قۆناغی هەڵبژاردنی زمان و بڕیارە سیاسییەکان بەرەو گواستنەوە بۆ قۆناغی بەدیهێنان و جێبەجێکردن، ئەوەش لە کاتێکدا ستراتیژەکانی پلانی زمانی و بڕیارەکانی سیاسەتی زمانی دەکرێن بە کەتواری کرداری، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی زمان. ستراتیژەکانیش، جیاوازدەبن بە جیاوازی ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی، مەبەستیشمان لە چەمکی ستراتیژ، واتای (ڕێگەکان و پلانە جێبەجێکاریەکان) دەگەیەنێت. جێبەجێکردنی پلانی زمانیش بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لە

دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی پلاندانانی زمانی پشت بە چەند نموونەیەک لە پلان بەستراوە، بۆ نموونە(هۆگن)بە زۆری پشتی بە شێوازی (هەربرت سیمۆن) بەستووە، کە چوار قۆناغ لەیەکتری جیادەکاتەوە، لەوانە، قۆناغی:

١ - دیاریکردنی گرفتەکان.

٢ - وێناکردنی چارەسەرە شیاوەکان.

٣ - هەڵبژاردنی یەکێک لە چارەسەرەکان.

٤ - ڕاستکردنەوەی چارەسەرە هەڵبژێردراوەکە.

لێرەدا (هۆگن) قۆناغە جیاوازەکانی پلانی زمانی وەکو بەڕێوەبردنێکی بڕیار شیدەکاتەوە، کە بریتین لە : گرفتەکان، خاوەن بڕیارەکان، جێگرەوەکان، ڕاستکردنەوە، جێبەجێکردن. (کالفي، ٢٠٠٩: ١٦- ١٧)

هەرچی (ڕابین)ە بە هەمان شێوەی زمانەوان (هۆگن) بۆ دانانی پلانی زمانی، چوار قۆناغی دیاریکردوە، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی جیاواز، بەم شێوەیە:

١ - کۆکردنەوەی زانیاری

٢ - پلاندانان

٣ - جێبەجێکردن

٤ - هەڵسەنگاندنی ئەنجام (کاردانەوەکان) (یەعقووبی، ٢٠٠٧: ١٥٧)

دەکرێت ئەم قۆناغانەی(هۆگن) و (ڕابین) ئاماژەیان پێداون، لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا شیبانبکەینەوە، کە دەکرێت وەک گرنگترین ڕەگەزی سەرەکی بۆ پلاندانانی زمانی دابنرێن، بەم شێوەیە:

**١- هەبوونی زانیاری و دەستنیشانکردنی کێشە:**

بێگومان بەبێ زانیاری ناتوانرێت پلان دابنرێت، واتە سەرەتا پێویستە زانیاری تەواو لەبارەی زمان و زار و شێوەزارەکان لە ژینگە زمانییەکەدا کۆبکەینەوە و ژمارەی قسەپێکەران و سنووری جوگرافی هەریەک لەمانەش بزانرێت(الصیفی، ٢٠١٥: ٢٨) و پێویستە زانیاری سەبارەت بە سیاسەتی زمانی لە ژینگە زمانییەکەشدا هەبێت و گرنگە زانیاری

لەبارەی توانا ماددی و مرۆییەکانیش لەبەردەستبێت، کە توانا مادییەکان هەموو ئەو پێویستییانە دەگرێتەوە، کە بۆ خزمەتی زمان گرنگن، وەک، دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ چاپکردن و وەرگێرانی کتێب و دامەزراندنی کەناڵی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و دەرکردنی گۆڤار ورۆژنامە و ...هتد(خالید، ٢٠١٠: ٨١) لە توانا مرۆییەکانیش وەک، هەبوونی کەسانی پسپۆر لە بواری زمانەوانی، شارەزایانی بواری یاسا و دەستوور، هەروەها کەسانی شارەزا لە بواری کۆمەڵایەتی...هتد، و کەسانی ڕۆشنبیر و سیاسی، کە شارەزان لە بواری زمانەوانی و بایەخی پێدەدەن. پاش هەبوونی زانیاری، لە هەردوو لایەنی زمانەوانی و نازمانەوانی دەستنیشانی کێشە زمانییەکان دەکرێن، بە تایبەتی کە زۆربەی کێشەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە شکستێکی ڕێژەیی لە پەیوەندیکردن (communication) و تێگەیشتن ڕوودەدات، نسکۆی تەواو لە پەیوەندیەکە دروست دەبێت، کاتێک قسەپێکەران پشت بە چەند زار و شێوەزاری هەمان زمان دەبەستن، یان کاتێک قسەپێکەران لە زمانی جیاوازبن(مەحویی، ٢٠١٦: ٥٧) هەروەها لە نەبوونی زمانی نووسینی یەکگرتوو، یان زۆر بەکارهێنانی وشەی بیانی و نامۆ ...هتد.

### ٢ -خستنەڕووی چەند ڕێگە چارەسەرێک:

لەم قۆناغەدا، لە کاتی دانانی پلانە زمانییەکەدا ئامانجە گشتییەکان و ئەرکە لە پێشینەکانی پلانە زمانییەکە دیاریدەکرێن(جهیدە، ٢٠١٨: ٤٠) و ڕێگەکانی گەیشتن پێیان و ئاراستەکردنی هەموو توانا مرۆیی و مادییەکانی بەردەست بۆ هێنانەدییان لە ماوەی دیاریکراوی پلانەکە دەخرێنە ڕوو، وەک ڕێگە چارەسەرێک بۆ گرفتە زمانییەکان، و بۆ هەر لایەنێکی کێشەی زمان چەند بژاردەیەک و ڕێگەچارەسەرێک دیاریدەکرێن.

کەواتە، لە خستنە ڕووی ڕێگا چارەسەرەکان پێشینە بۆ بابەتە هەستیار و گرنگەکانە، کە ڕوو بەڕووی زمان، یان زمانەکانی کۆمەڵ بوونەتەوە، بۆ هەر یەک لەو گرفتانە چەند ڕێگا چارەسەرێک دەخرێنە ڕوو، مەرجی سەرەکی ڕێگە چارەسەرەکان ئەوەیە کە لەگەڵ کەتواری ژینگە زمانییەکەدا بگوونجێن.

### ٣- هەڵبژاردنی یەکێک لە ڕێگەچارەسەرەکان:

ئەم قۆناغە لە پلاندانانی زمانی بە قۆناغی بڕیاردان دادەنرێت، کە پەیوەستە بە بڕیاری سیاسی، کە لەلایەن دەسەڵاتی باڵای وڵات بڕیاری لێدەدرێت(خالید،٢٠١٠: ٨٠) واتە، بڕیاردانەکە لەلایەن کەسانی خاوەن بڕیار دەبێت، مەبەست لە خاوەن بڕیار، ئەوانەن کە

بڕیار به دەستن بۆ سەرپەرشتی و چاودێریکردن دۆخی زمان، که زۆربەی جاران دەوڵەته، بەڵام پێویسته ئەوەش بزانین، ئەو کەسانەی، که کار لەسەر پلانی زمانی دەکەن، بۆ تاوتوێکردنی قۆناغی بریاردانەکه، دەکرێن به دوو پۆل، پۆلێکیان ئەوانەن، که زمانەوانن و پۆلێکی تریشیان ئەوانەن، که کەسانی سیاسی و نیشتمانین(کالفي، ٢٠٠٩: ١٧) هەر دوو لایەن بەیەکەوە، زمانەوانان و سیاسییەکان، له هەردوو لایەنی زمانی و نازمانی بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشه زمانییەکان دەگەڕێن و به پێی کەتواری ژینگەی زمانی بڕیاری لێدەدەن، ئەوسا پلانه زمانییەکه سەرکەوتووتر دەبێت و لەکاتی جێبەجێکردنی ئاستەنگەکانی بەردەمی کەمتر دەبێت.

### ٤ – هەڵسەنگاندنی چارەسەری هەڵبژێردراو:

هەڵسەنگاندنی ڕێگه چارەسەره جۆراوجۆرەکان بەوە دەبێت، که له ڕێگه دۆزینەوەی شێوازی زمانی دیاریکراو به مەبەستی سنووردارکردنی ئەوەی که دەتوانێت دەستتێوەردانی تێدا بکات. پێویسته بزانین پێوەر هەیە، واته، پێوانەسازی زمان، ڕێنووسی یەکگرتوو، یاساکانی خاڵبەندی،..هتد، دواجار پێویسته پێوانەسازی بابەتیانه دابینبکرێت، چونکه زمان ئەوکاته کاریگەره که ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنان.

پلانی زمانی پێویسته ڕەچاوی ئەوەبکات له بەرانبەر هەلۆمەرجه گۆڕاوەکاندا هەرەس نەهێنێت و بەئاسانی پلانی جێگرەوەی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر ئەگەرێکدا بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان، بۆیه هەر پلانێکی زمان بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت دەبێت پێشبینی بۆ ئەگەرەکانی سەرنەکەوتنی دابنرێت بۆ ئەوەی له تێکچوون و سەرنەکەوتنی وەلابنرێت و پلانی جێگرەوه شوێنی بگرێتەوە(سالح، ٢٠١٦: ١١٤).

### ٥ –جێبەجێکردنی بڕیار:

ئەم قۆناغەش پەیوەسته به قۆناغی جێبەجێکردنی بڕیارەکان، واته زمینەسازکردن بۆ ئەوەی به شێوەیەکی ڕێکوپێک بڕیارەکان جێبەجێبکرێن(خالید،٢٠١٠:٨١) بێگومان جێبەجێکردنی بڕیارەکانیش به پلەی یەکەم دەکەوێته ئەستۆی بەکارهێنەرانی زمان له ژینگەی زمانیدا، پێش هەموو کەسێکیش خاوەن بڕیارەکان، هەر ئەوانیش پێویسته چارەسەره هەڵبژێردراوەکه پەسەند بکەن، واته، زمانه هەڵبژاردراوەکه بەکاربهێنن، لەم ڕوانگەوە، هیچ تاکێک یان دەسەڵاتێک بۆی نییه ڕەتیبکاتەوە. حکومەتیش چاودێری سیستەمی قوتابخانه و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوه کارگێرییەکان...هتد دەکات، و

ستراتیژیەتێکی نمونەییان بۆ فەراهەم دەکات لە ئەنجامدانی چاکسازی زمانی هەلبژێردراو(کالفي، ٢٠٠٩: ١٨). هەروەها لە کاتی جێبەجێکردنی پلانی زمانی زۆر گرنگە هەماهەنگی لە نێوان هەموو کەرت و دەزگا و وەزارەت و فەرمانگەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی خوێندن ...هتد هەبێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و لەسەرتاسەری وڵات بە گشتی و بەتەواوی پلانە زمانیەکە جێبەجێبکرێت.

**٦- هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ پلانە زمانییەکە:**

لەم قۆناغەدا، دەردەکەوێت کە پڕۆسەی پلانی زمانی پڕۆسەیەکی بەردەوامە و بە دانانی پلانە زمانییەکە کۆتایی نایەت و لەسەر بناغەی هەڵسەنگاندنی پلانە زمانییەکە، پلانی دیکەی بەدوادا دێت. هەرچەندە هەموو پلانێکی زمانی لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا دادەڕێژرێت و دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنی پلانە زمانییەکە بەپێی هەڵومەرج و جۆری ئامانجەکان دەگۆڕێت؛ لەوانەیە چوارچێوەی کاتی پلانەکە(٥)ساڵ بخایەنێت.

ئەم قۆناغەش ئەوە دەگەیێنێت، کە لە کاتی جێبەجێکردنی پلانە زمانییەکەدا و لە پاش جێبەجێکردنیشیدا پێویستە چاودێریبکرێت و کەموکوڕی و ئاستەنگییەکانی بەردەمی بدۆزرێتەوە و چارەسەری گونجاویشی بۆ دابنرێت.(البریدي،١٩:٢٠١٤) هەروەها پێویستە بەردەوام کاریگەرییەکەی بپێورێت و هەرکات هەست بە لاوازی کرا، چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، واتە پلانی زمانی پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، لەبەرئەوەی بەهۆی بەدواداچوون بۆ پلانی زمانی چەند ئامانجێک بەدەستدەهێنرێت، لەوانە:

١ – بۆ ئەوەی پلانە زمانییەکە وەکو خۆی جێبەجێبکرێت.

٢- بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگی و لەمپەرەکانی کە دێنە پێش پلانە زمانیەکە بە زوویی ڕێگەچارەسەری گوونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

٣- بۆ ئەوەی کاریگەریی پلانە زمانییەکە لە هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانە زمانییەکەدا بزانرێت.

کەواتە، پلانی زمانی کارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی دۆخی زمان بە چەندین قۆناغی یەک لەدوای یەکدا تێدەپەڕێت، و بە چەند ڕێگەیەکی جیاوازی لێکۆڵراو کار لەسەر چاکسازیی زمان دەکات، بە ئامانجی گەشەسەندن وپەرەسەندنی. بێگومان ئەمەش بەپێی پێویستی وڵاتەکان و کۆمەڵگەکانیان دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی دۆخی زمان لە

هەر وڵاتێکدا جیاوازە، بۆیەش دەبێت گرفتی زمان لە کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکان دیاریبکەین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە بارەوە بکەین، هەروەها دەبێت ئامانجەکانیش دیاریبکەین و چارەسەریەکانیش هەڵبژێرین و بیانخەینە ڕوو. واتە، پێویستە بارودۆخەکانی دەوروبەری زمانەکە ڕەچاوبکرێت، لە ڕووی(سیاسی، ئابووری، ئایدیۆلۆژی و زانستی)، چونکە هەموو ئەو لایەنانە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان، لەسەر ڕێژەی سوودمەندی پلانە جێبەجێکارییەکە هەیە.

جگە لەمانەش، پرۆسەی پلانی زمانی پرۆسەیەکی هەمەلایەن و گشتگیرە و بە تەنیا بۆ لایەنی زمانەوانی نییە، بەڵکو لایەنەکانی دیکەی وەک (سیاسی و ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی،...هتد) دەگرێتەوە و تەنیا بوارێک ناگرێتەوە، بەڵکو (پەروەردە، ڕاگەیاندن، کارگێری،...هتد) دەگرێتەوە. واتە، پلاندانان بۆ زمان پەیوەستە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها گرێدراوی کۆمەڵێک ڕەهەندی جیا جیای وەک سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتییە. ئەمەش دەریدەخات کە پلانی زمانی پێویستی بە هەماهەنگی تەواو لە نێوان هەموو کەرت و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە چوارچێوەی وڵاتدا هەیە.

**٣-٥: جۆرەکانی پلانی زمانی:**

دوای ئەوەی سیاسەتی زمانی لە دەستوور و یاساکان لە وڵاتدا جێگیر دەکرێت، پلانی زمانیش وەک هەنگاوی تەواوکەریی ئەو بوارەیە، کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتی و نا دەوڵەتی دادەڕێژرێت، بۆ ئەوەی سیاسەتە زمانییەکە لە ژینگەی زمانیدا بخرێتە بواری جێبەجێکردن، بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە پلانەکە بە پێی جۆری سیاسەتە زمانییەکە ڕەنگڕێژی بۆ بکرێت، بۆیە لەلای زمانەوانانی کۆمەڵایەتی بۆ چەند جۆرێک دابەشکراوە، بە جۆرێک کە بە درێژایی مێژووی دەرکەوتنی ئەم زانستە، جۆرەکانیشی قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک کە لەسەرەتای دەرکەوتنیدا لە ساڵی(١٩٥٩ز) تەنیا ئاماژە بە دوو جۆریان کرابوون، لەوانە (پلانی پایە و پلانی دەق)، (Kaplan and Baldouf, 1997:50) دواتر لە ساڵی ( ١٩٨٩) لە لایەن "کۆپەر" ئاماژە بە جۆری سێیەم (پلانی وەرگرتنی زمانەوانی)یش کرا، و ئێستا هەندێک لە زمانەوانان جۆرەکانی پلانی زمانی بۆ پێنج جۆری جیاواز دابەشدەکەن(المحمود و الاخرون، ٢٠١٨: ١٠٠) بەم شێوەیە:

### ٣-٥-١: پلانی پایەی زمان:

ئەم جۆرە پلانە، لە زمانی کوردیدا، چەند زاراوەیەکی بۆ بەکاردەهێنرێت، وەکوو (پلانی دۆخ، پلانی پێگە، پلانی پایە، پلانی باروحالەت)، کە لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (تخطيط وضع اللغة) و لە زمانی ئینگلیزیدا (status planning) بۆ بەکاردەهێنرێت. ئەم پلانە پەیوەندیی بە دەستوەردان لە ئەرکەکانی زمان و پایە و پێگەی زمان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، پەیوەندیی نێوان زمانەکانی دیکەش دیاردەکات(کالفي، ٢٠٠٩: ٢٣) واتە، ئەم جۆرە پلانە، مامەڵە لەگەڵ بەها و پێگەی زمانێک و بە تایبەتیی پەیوەندیی ئەو زمانە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دەکات و خۆی بە لایەنی کۆمەڵایەتیی وسیاسی هەڵاوێرکردنی زمانێکەوە خەریک دەکات، هەروەها خۆی بە هەڵسوکەوتی زمان، ڕاو بۆچوونەکان، تایبەتیمەندییەکانی زمان و ناسنامەی نەتەوەییەوە سەرقاڵ دەکات و هەوڵ بۆ بەکارهێنانی جیهانیی/ نێودەوڵەتیی و بڵاوبوونەوەی زمان دەدات(مەحویی، ٢٠١٦: ٥٧). لە هەڵبژاردنی بەرایی زمانێک دەکۆڵێتەوە و زمانێک دەردەخات، و گۆڕینی ئەرکی زمانێک یان شێوەی زمانێک و مافی خەڵکی لە بەکارهێنانی ئەو زمانە دیاریدەکات(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥٢). هەروەک "کۆپەر" یش لەبارەی ئەم پلانەوە، پێوایە، پلانی پایە و شکۆ ئەو کۆششە بە ئەنقەستانەن کە مەبەست لێیان کاریگەری دروستکردنە لەسەر زمان و دیاریکردنی ئەرکەکانی زمان یان زمانانە لە کۆمەڵگەدا(کوبر، ٢٠٠٦:١٨٥) چونکە؛ زمان ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵ دەیگێرێت، بەپێی جیاوازی بوارەکانی بەکارهێنانی و ئەو ئەرکەی پێدەسپێردرێت پێگە و پایەی جیاوازی دەبێت.

زیاتر لەمەش، پلانی پایەی زمان، لێکۆڵینەوە لە کەتواری زمان یان زمانەکان لە کۆمەڵدا دەکات، و پێشبینیەکانی بۆ داهاتووی زمان لە ڕوانگەی کەتوار و گۆڕاوە بەرچاوەکاندا دەخاتە ڕوو و هەوڵ بۆ کاریگەری دانان لەسەر داهاتووی زمان دەدات، بە ئاراستەی ئەوەی کە دەیەوێت چۆن بێت پلانرێژی بۆ دەکات.( المحمود و الاخرون، ٢٠١٨: ١٠٠) هەروەها ئەمجۆرە پلانە لەو جۆرە وڵاتانە بەکاردێت، کە هاووڵاتییەکانی هەست بەوە دەکەن، کە خاوەنی کەلەپوورێکی هاوبەشن و زمانێکی ناوکۆیان هەیە، ئەو زمانە هاوبەشە دەکرێتە زمانی میری و نیشتمانی لە وڵاتدا و بەمەش هەر دوو ئامانجە نەتەوەیی و کارگێرییەکان دێنێتەدی(فەتاح، ٢٠١٠: ١٥٧).

کەواتە، لەم ڕێگەیەوە دەوڵەت لە ڕووی سیاسیەوە دان بە زمانێک یان زیاتر لە زمانێک دەنێت بۆ پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، هەروەها بۆ کاروباری کارگێریش

زمانێک یان زیاتر لە زمانێک هەڵدەبژێرێت بۆ بەکارهێنانی لە کایە جۆراوجۆرەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا(Kaplan and Baldouf,1997: 30)، هەر چەندە هەڵبژاردنی زمانێک و دانپێدانانی زمانێک لە نێو کۆمەڵە زمانێک کارێکی ئاسان نییە، ڕەنگە هەندێک جار ئاژاوە و نائارامی لە نێوان پێکهاتەکاندا بەدوای خۆیدا بهێنێت، بە تایبەتی ئەگەر شارەزایی و زانیاری تەواو لە بارەی پێکهاتی کۆمەلایەتی لە ژینگەی زمانی لەبەردەست نەبێت و بنەما و پێوەرەکانی پلانی زمانی تێدا ڕەچاونەکرێت.

"تۆڕی چادۆنسۆن" (Chaudenson) ئامرازێکی پێوانی بۆ پایە و بەکارهێنانەکانی زمان دانا، ڕێچکەیەکی پێوانەکردنی ئالۆزی داهێناوە، کەوا ئەم دەروازانەی بۆ پلانی پایە بەهەند وەرگرت: (فەرمیبوونی زمان، بەکارهێنانەکانی لە دامەزراوەکاندا (institutionnalises)، پەروەردە، هۆکارەکانی پەیوەندییکردنی جەماوەری، کەرتی تایبەتی)دا (کالفي، ٢٠٠٩: ٤٣)، کەواتە پێویستە لەسەر حکومەت بۆ پەرەپێدان و جێگیرکردنی زمانی هەڵبژێردراو، جگە لە بەکارهێنانی لە کارگێری و پەروەردەدا، هەوڵی بڵاوکردنەوەی زمانە دانپێدانراوەکە، لە ڕێگەی دەرکردنی ڕۆژنامە، گۆڤار و بڵاوکردنەوەی کتێبی زانستی و ئەدەبی هەمەجۆر، بەکارهێنانی زمانەکە لە  تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن بە فراوانی بدات. بەمەش زمانەکە لە ماوەیەکی کورتدا بەشێوەیەکی گشتگیر و لە سنوورێکی جوگرافی فراواندا بڵاو دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، ئەم پلانە، سنووری جوگرافی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکەش دیاردەکات، کە ئایا لەسەرتاسەری وڵات فەرمییە؟ یان تەنیا لە هەرێمێکدا؟ ئایا سنووری بەکارهێنانی کوێ دەگرێتەوە؟ هەروەها ئەو بوارانەی، کە تیایدا بەکاردەهێنرێت دیاری دەکات، ئایا لەکام بواردا فەرمییە؟ بواری خوێندن، کارگێری، یاسادانان، ڕاگەیاندن یان لە هەموو بوارەکان زمانیدا فەرمییە، بۆ نموونە وڵاتی سویسرا لە ساڵی(٢٠١٠ز)دا لە سیاسەتی زمانی خۆیدا ئەوەی جێگیرکرد، کە چوار زمان فەرمین، لەوانە: (زمانی فەڕەنسی، ئیتاڵی، ئەڵمانی، و ڕۆمانشی)، بەڵام لە کاتی داڕشتنی پلانی پایەی زمانیدا، سنووری بەکارهێنانی هەر یەک لەو زمانانەی دیاریکرد، بەوەی کە هەموو نووسراو و بەڵگەنامە فەرمییەکان تەنیا بە هەرسێ زمانی(ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی) لەسەریان دەنووسرێت، بەڵام زمانی ڕۆمانشی تەنیا بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەرێمەی کە قسەپێکەرانی ڕۆمانشی تێیدا نیشتەجێن فەرمییە(المحمود و الاخرون، ٢٠١٨: ١٠٠)

بە شێوەیەکی گشتی، ئەم جۆرە پلانە، چەند بیرۆکەیەک دەوروژێنێت کە مەبەست لە هەریەکەیان دروستکردنی پایەی زمانە، لەوانە:

١- قەدەغەکردنی زمان لە کۆمەڵ و بەکارنەهێنانی لە بواری پەروەردە و ڕاگەیاندن و کارگێری و کایەکانی دیکەدا، دەبێتە هۆی لاوازبوونی زمان و بەرەو تواندنەوەی دەبات.

٢- لە ڕووی سیاسییەوە، ئەم پلانە جەخت لەسەر سەربەخۆیی نەتەوە دەکات، هەر کاتێک نەتەوەیەک لە کۆمەڵگە تەنها کەمایەتییەکی نەتەوەیی بێت و زمانی خۆی لە پەروەردە و ڕاگەیاندن بەکارنەهێنێت، چارەنووسی ئەو زمان و نەتەوەیە بەر هەڕەشەی مردنی زمان دەکەوێت.

٣- هەبوونی قەوارە و کیانی سیاسی چوارچێوەیەکی سیاسییە بۆ دروستکردنی پایە و شکۆمەندیی زمان.

کەواتە ئەم جۆرە پلانە جەخت دەخاتە سەر ڕەهەندی نازمانەوانی، لە پەیوەندیی زمان بە ڕەهەندی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە دەکۆڵێتەوە، بە تایبەتی لە بابەتی پەیوەست بە دۆخی زمان و پایە و پێگە و ڕێزلێگرتنی لەنێو کۆمەڵدا، ڕادەی بەکارهێنانی لە ئەرکە فەرمییەکانی لە بوارەکانی پەروەردە، کارگێری، ڕاگەیاندن...هتد، لەم جۆرە پلانەشدا دەکرێت زمانەوانان و کۆمەڵناسان و دەروونناسان و زانایانی بواری کارگێری، ڕۆڵی تێدا ببینن.

**٣-٥-٢: پلانی دەقی زمان:**

ئەم جۆرە پلانەش، لە زمانی کوردیدا چەند زاراوەیەکی بۆ بەکاردەهێنرێت، لەوانە، (پلانی کۆمەڵ، پلانی گەلەکۆمە، پلانی دەستەجەمعی، پلانی پەیکەرسازی، پلانی بنەرەتی) لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەکانی(تخطيط المتن اللغوي، تخطيط هيكل اللغة، التخطيط النصي) بۆ بەکاردەهێنرێت و لە زمانی ئینگلیزیشدا (corpus planning) بۆ بەکاردەهێنرێت.

پلانی دەق پەیوەندیی بە دەستوەردانەکان لە شێوەی بنیاتی ناوخۆی زمانەوە هەیە، وەکوو:(داهێنانکاریی نووسین، هەڵبژاردنی زمانی پێوەر لە نووسین و شێوەی دەربڕین، بەرهەمهێنانی فەرهەنگی، بەشێوازکردن، گۆڕانکارییەکان لە بنیادی زمان،،...هتد.)دا ( Kaplan and Baldouf, 1997: 38)

ئەم بابەتانە، بابەتگەلی مامەڵەی ئەم جۆرە پلانەن، هەروەها پلانی دەق، جگە لەوەی کار لەسەر هەڵبژاردنی نووسین، ڕێنووس، گەنجینەی وشە، ڕێزمان و شێواز دەکات، کار

لەسەر ڕێگاکانی هەڵاوێرکردنی زمانێک و هەڵاوێرکردنی نۆرمەکانی ئەو زمانە دەکات، بۆ نموونە زمانێک هەڵاوێر دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە زمانی نەتەوەیی پێکهاتە نەتەوەیەکە و پێڕەوی دروست نووسینەکەی نۆژەن دەکاتەوە و بە هاوچەرخی دەکات، و بانگەشەی بۆ جێبەجێکردنی دەکات و بەرنامە بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی دادەنێت. (مەحویی، ٢٠١٦: ٥٧)

ئەمەش بە پلەی یەکەم دەوەستێتە سەر هەوڵی پسپۆڕانی زمانەوانی، بەپێچەوانەی پلانی پایەی زمان، کە دەوستێتە سەر هەوڵی دامەزراوە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان و ئەو کەسانەی بایەخ بە پلانی زمان دەدەن(المحمود، ٢٠١٨: ١٠١).

" کۆپەر"ڕایوایە، کە شێوەی زمان شوێن ئەرکەکەی دەکەوێت، بۆیە دەرچەی سیاسەتی زمانی نەخشەسازی یاخود بینای زمانەوانی هەڵدەبژێرێت بە پێویستکردنی ئەرکێک کە پێویستە شوێنکەوتەی بێت، جا چ ڕاگەینراو یاخود ڕانەگەیێنراو بێت، جا ئەگەر ئەرکەکان ڕاگەیێنراوبوون ئەوا بڕیارەکانی سیاسەتی زمانی پلانێکی جێبەجێکاری پێویست دەبێت.(کوبر، ٢٠٠٦: ٢٢٤)، واتە جێبەجێکردنەکە شوێن ڕەنگرێژکردنەکە دەکەوێت. بە واتایەکی تر(دەقەکە شوێن پایەکە دەکەوێت): ئەمەش بەهۆی نزیک بوونی چەمکی جێبەجێکرنی سیاسەتی زمانیەکە بە پلانی دەقەکەوە لە ئەدەبیاتەکانی پێشوودا.

کەواتە، ئەم پلانە جەخت لەسەر کاری بە کۆمەڵ دەکات بە مەبەستی بەستانداردکردنی زارێکی زمانێک لەڕێی پەرەپێدان و گەشەپێدانیەوە، وەک یەکخستنی نووسین و بەفەرمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەو وشە و زاراوە نوێیانەی دێنە ناو زمان یان لە زمانەکاندا هەن و بۆ مەبەست و واتای نوێ بەکاردەهێنرێن(محەمەد، ٢٠١٦: ٥٠)، لە ئەرکەکانی ئەم جۆرە پلانە:

١- داهێنانی زمانی نووسین، واتە سیستەمی نووسین، ئەگەر پێشتر زمانی نووسینی نەبێت.

٢ -هەوڵی یەکخستنی نووسین و بەفەرمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەو وشە و زاراوە نوێیانەی دێنە ناو فەرهەنگی زمان دەدات.

٣- هەوڵەکان بۆ یەکخستنی ڕێنووس و یەکلاکردنەوەی ڕێنووسی پەسەند لەسەر بنەمای زانستی و لە ڕێگەی ئەم جۆرە پلانە، پێڕەوی دروستنووسی زمان نۆژەن دەکرێتەوە و هاوچەرخدەکرێت، واتە هەوڵی بەستانداردکردنی زارێکی زمانێک لە نووسین و شێوەی دەربڕین دەدات.

٤ - بەکارهێنانی وشە بە واتای نوێ و هاوچەرخکردنی فەرهەنگی زمان.

**٣-٥-٣: پلانی وەرگرتنی زمان:**

ئەم جۆرە پلانە، لە زمانی کوردیدا زاراوەی پلانی وەرگرتنی زمان و لە زمانی عەرەبیشدا (تخطيط اكتساب اللغة) و لە زمانی ئینگلیزیدا (Acquisition planning) ی بۆ بەکاردەهێنرێت. پلانی وەرگرتن خۆی لە چۆنیەتیی وەرگرتنی زمانی دووەم و بەهێزکردنی فێربوونی لە ڕێگەی بەرنامە و پەیمانگە تایبەتمەند و ڕۆشنبیرییەکانەوە دەنوێنێت، یاخود لەبەرئەوەی زمانی فێرکردنە لە قوتابخانەدا، کار لەسەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەکات، کام زمان گونجاوە کە دەستنیشانبکرێت وەک زمانی دووەم؟ لە کام قۆناغی خوێندن فێرکردن دەستپێبکات؟ واتە کام تەمەن گونجاوە بۆ ئەوەی پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەمی تێدا ئەنجامبدرێت؟ (خالید، ٢٠١٠:٨٠)، بەرنامە و پرۆگرامەکانی زمانی دووەم چۆن بن؟ مامۆستایان چۆن بۆ وتنەوەی پرۆگرامەکان ئامادەبکرێن؟ و چەندین پرسیاری دیکەی تایبەت بە فێربوونی زمانی دووەم لە وڵاتدا وەڵامدەداتەوە، بۆ نموونە لە سیاسەتی فێرکردنی وڵاتی (سعودیە)دا زمانی عەرەبی زمانی سەرەکی پرۆسەی فێرکردن بوو، بەڵام لە ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا چەندین بڕیاری تایبەت بە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی دەرچوون، لە قوتابخانە گشتییەکان لە سەرەتادا لە پۆلی یەکەمی ناوەندی دەخوێندرا، دواتر خرایە پۆلی شەشەمی سەرەتایی، پاشان بڕیاردرا کە لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بخوێندرێت و هەموو ئەوبڕیارانە پەیوەندییان بە پلانی وەرگرتنی زمان هەیە.(المحمود و الاخرون، ٢٠١٨: ١٠٢)

هەروەها دەشێت، ئەم جۆرە پلانە، بەکەڵکی ئەم وڵاتانەش بێت، کە دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە وڵاتەکەیان کەلەپووری هاوبەشی تێدا نییە و هیچ شتێکی ناوکۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە کۆناکاتەوە، بە ناچاری لە باری وادا دەبێت زمانێک لە دەرەوەی وڵاتەوە بێنن. بە تایبەتی زمانی داگیرکەرەکانی پێشوویان وەک زمانێکی میری و نیشتمانی بەکاریبێنن، ئەم دۆخەش تەنیا لەو وڵاتانە دەبێت کە فرەزار و فرەزمانن. بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ماوەیێکی کورتە سەربەخۆییان وەرگرتووە و لە پێشتردا زمانێکی فەرمی نووسراویان نەبووە، نموونەی چەند وڵاتێکی ئەفریقایی وەک کامیرۆن و غانا لەسەر ئەم پلانە دەڕۆن.(فەتاح، ٢٠١٠: ١٥٧)

کەواتە، پلانی وەرگرتنی زمان بۆ دوو بەش دابەشدەکرێت:

یەکەمیان: ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی پلانی زمانی بۆ زمانی دووەم دیاردەکرێت.

دووەمیشیان: ڕێگە پاڵپشتیکراوەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دەستەبەردەکرێن.

لەم جۆرە پلانەدا، ئامانجە ڕاگەینراوەکان پێکدێت لە:

١ – فێربوونی زمانەکە بە سیفەتی ئەوەی کە زمانی دووەمە یاخود زمانی بیانییە.

٢ – فێربوونی زمانی دووەم لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە لەبەرئەوەی زمانی قسەکردنە.

٣- فێربوونی زمانی دووەم بە مەبەستی زیندووکردنەوەی زمانێکە بۆ جێبەجێکردنی مەرامگەلێکی تایبەتی، یاخود بۆ نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی زمانەکەیە لە حالەتێکدا کە گەیشتووەتە لێواری لەناوچوون، یانیش بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی کرداری وەرگرتنی زمانەکەیە بۆ نەوەی داهاتوو(کوبر، ٢٠٠٦: ٢٨٦- ٢٨٨).

لێرەدا، پێویستە جیاوازی لە نێوانی دوو جۆر چەمک بکەین، یەکەمیان: ئەوەیە زمانێک زمانی فەرمییە، هەرچەندە زمانی دایک یان نەتەوەیی وڵاتێک نییە، بەڵام لە کۆمەڵێک بواری، وەک پەروەردە، ڕاگەیاندن، سیاسەت، یاسا و دادوەری، پەیوەندییە گشتیەکان ... هتد بەکاردەهێنرێت، ئەم جۆرە زمانە بە زمانی دووەم ناودەبرێت، ئەو زمانە وەک تەواوکەرێک بۆ زمانی دایک سوودی لێوەردەگیرێت، ئەمەش لە کۆزمانەوانیدا پێیدەوترێت زمانی بیانی و زمانی دووەم لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەر ئەو جۆرە زمانە لە قوتابخانە فێری منداڵان دەکەن. زمانی ئینگلیزی نموونەی ئەو جۆرە زمانەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی(یەعقوبی، ٢٠٠٧: ١٠٢).

کەواتە، ئەم جۆرە پلانە، بە شێوەیەکی گشتی کار لەسەر فێربوون و فێرکردنی زمانەکان دەکات و هەوڵدەدات زمانێک بۆ پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا هەڵبژێرێت، وەک زمانی دووەم، بێگومان ئەم پلانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەیی و ئایینی و کارگێڕیی هەرێمی، یان دەسەڵاتدارانی سیاسی وڵات سیاسەتە زمانییەکەی بڕیاری لێ دەدرێت.

بەم جۆرەش، کرداری پلاندانان بۆ وەرگرتنی زمان بەشێکە لە سیاسەتی زمان، هەر وەکوو شێوەی پلانەکانی دیکە، هەروەها جێبەجێکردنی بە تەنیا لەسەر دەرکردنی بڕیارەکان و بیناکردنی بەرنامەکانی وەرگرتن ناوەستێت، بەڵکوو ڕۆڵی مامۆستاکانیش لە چۆنیەتیی

جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سیاستی زمانی بە دڵسۆزی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و پاراستنی زمانی دایک گرنگە.

### ٣-٥-٤: پلانی دیاریکراو بۆ گرنگیپێدان(Presting planning)

ئەم جۆرە پلانە، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی زمان دەدات، بۆ ئەوەی هاوشانی زمانانی دیکە لە نێو زمانەکانی جیهاندا پێگەی زمانێکی زیندوو و دیاری هەبێت.

زمانان لە ڕێژەی قسەپێکەران و سنووری بڵاوبوونەوەیاندا جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، هەندێک لە زمانان لە پانتاییەکی گەورەی جیهاندا هەلی بڵاوبوونەوەیان بۆ ڕەخساوە، ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە و گەلانی جیاواز قسەی پێدەکەن، هەر وەکو زمانی لاتینی و زمانی عەرەبی لە سەدەی کۆن و ناوەڕاست و ئینگلیزی و ئیسپانی و فەڕەنسی و ئەڵمانی لەم سەردەمەدا(وافی، ١٩٥١: ١٢٤).

ئەم جۆرە پلانە، ئامانجی زیادکردنی ژمارەی قسەپێکەرانە بە زمانێکی دیاریکراو یاخود بەشێوەزارێکی دیارکراو، ئەم پلانەش ناچێتە ژێر باڵی پلانی دۆخی زمانەوە. (القحطاني، ٢٠٠٢: ٢١)، لەبەرئەوەی ئەو زمانانەی کە ژمارەیەکی ڕەها قسەپێکەری هەبێت، سنووری بەکارهێنانی فراوان بێت، ئەگەری مانەوەی وەک زمانێکی زیندوو و چالاک زیاتر دەبێت، واتە ئەم جۆرە پلانە، هەوڵێکە بۆ پاراستنی زمان و دوورخستنەوەی لە ئەگەری مردن و لەناوچوون، بێگومان ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگی بۆ پیادەکردنی ئەم جۆرە پلانە هەیە، بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێت، بە جۆرێک کە پانتایی پەخش و بڵاوکردنەوەکانیان سنووری جوگرافی نێوان وڵاتانیان نەهێشتووە.

هۆکاری بڵاوبوونەوەی زمانەکانیش جگە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت، چەندین هۆکاری دیکەی هەن، وەکو: ( داگیرکردن، بازرگانی، کۆچکردن، ئایین، ئابووری، سیاسی...هتد)، هەندێک وڵات بڵاوکردنەوەی زمان وەکو کارتێکی گوشاری ئابووری بەکاردەهێنن، وەکو ئەو پێشنیازەی (جاک شیراک)سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسی پێشکەش بە وڵاتانی فرانکفۆنی کرد.(جامباز، ٢٠١٤: ٦٠)، ئەمەش دەریدەخات کە وڵاتی فەرەنسا پلانی گرنگیپێدان بە زمانی فەڕەنسی پیادە دەکات، چونکە پاراستنی زمان و کەلتوور بۆتە جێگەی بایەخی زۆربەی وڵاتان، بەهۆی ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی زمانەکان بۆتەوە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێت، بە هۆی ئەو جیهانگەراییەی کە هەموو جیهانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە.

زیاتر لەمەش، ئەو هەولانە پێویستییان بە دابینکردنی لایەنی دارایی و دامەزراندنی دامەزاوەی تایبەت و پسپۆڕیی هەیە، چونکە لایەنی دارایی پێویستییەکی گرنگی هەموو نەتەوەیەکە بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی زمان، بۆ نموونە حکومەتی ئیسپانیا ساڵانە بودجەیەکی تایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی ئیسپانی تەرخاندەکات، بەجۆرێک کە دامەزراوەی (پەیمانگەی ڕۆشنبیریی سێرڤانتس) لە ساڵی (١٩٩١ز)ەوە دامەزراندوە، کە لە (٤٤) دەوڵەتی (٥) کیشوەری جیهاندا بارەگایان هەیە، بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی ئیسپانی لەم وڵاتانەدا.(برزۆ، ٢٠٢٠: ٢٤)

**٣-٥-٥: پلانی گوتار:**

ئەم جۆرە پلانە دوایین جۆری پلانی زمانیە، ئاماژە دەدات بە ئاڕاستەی گوتار بۆ کاریگەری دانان لە سەر ئاوەزی و ڕەفتار و بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو. ئاراستەکردنی گوتار بۆ دۆزەکانی زمانەوانی و نا زمانەوانیش دەبێت.  هەر بۆ نموونە یەکێک لە لێکۆڵەرەوەکان بەرنامەکانی تەلەفیزیۆنی سویدی و پەیوەندییان بە سیاسەتی زمانییەوە شیکردەوە، لە لێکۆڵینەوەکەیدا  لە میانەی پلانی گوتارەوە بەشدارییەکی کارای تەلەفیزیۆنەکانی بەدیارخست بۆ ڕەگ داکوتانی سیاسەتی زمانیی و هەروەها بۆ نواندنی زمانە جیاوازەکان و وێناکردنی سیاسەتەکە بۆ کەتواری ڕاگەیاندنکاری(المحمود، ٢٠١٨: ١٠٢).

پلان بۆ گوتاری ڕاگەیاندن (media of discourse Plan)مەبەستمان بەکارهێنانی زمانە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا، پێشکەشکردنی گوتار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وەکو(تەلەفیزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، ئەنتەرنێت..هتد) بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمەل.

لەسەردەمی ئێستادا ڕاگەیاندن بە ئامرازێکی کارای سەردەم دادەنرێت، کە پلانی زمانی وەبەرهێنانی تێدا دەکات، بۆ بەرجەستەکردنی پلانی زمانی لە کەتواردا.( قرقور، ٢٠١٨: ٣٥) گوتاری ڕاگەیاندن، گوتارێکی سەرەکی و بڵاوە، هەوڵ بۆ گەیاندن و کاریگەری دانان لەسەر بینەران وبیسەران و خوێنەران دەدات.

لەگەڵ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەکانی کۆزمانەوانی، گرنگی بە زمانی ڕاگەیاندن دراوە، ئەو ئاراستەیە زیاتر لە کارەکانی زمانەوان (بێل)یدا دیاربوو، کە لێکۆڵینەوەی لە گۆرانی دەوروبەری کۆمەڵایەتییدا کرد و بەتایبەتی ئەو گۆڕانانەی، کە لە گوتاردا ڕوویانداوە، بەهۆی پێشینەی زمانی لە ڕووی ڕۆشنبیری، کە ئەمەش وای لە (دیل هایمیز) کرد،

پێشنیازی زاراوەی(توانای گەیاندن) بکات، کە واتای ئەوە دەدات، دەبێت لە وەسفی شێوازی بەکارهاتوو لە زماندا دەربازبین، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەو زانینە هاوبەشانە بکرێت کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە. (عەلی، ٢٠٢٠: ٣٠٨)

دوای ئەوەی سەرجەم جۆرەکانی پلانی زمانیمان خستەڕوو، ئەوەی تێبینی دەکرێت، پچران و ترازان لە نێوان جۆرەکانی پلانی زماندا نییە، هەموو جۆرەکانی پلانی زمانی پەیوەندییەکی شوێنکەوتەیی لە نێوانیاندا هەیە، بە جۆرێک کە زۆرجاران بۆ گۆڕینی پایەی زمانێک پێویستت بە دەستوەردانێک لە دەقەکەدا دەبێت، واتە ناتوانرێت، کار بە جۆرێک لە جۆرەکانی پلانی زمان بکەیت بەبێ کاریگەری دروستکردن لەسەر جۆرەکانی تر، بۆ نموونە، کاتێک ئەزموونی تورکیا لە پلانی دەقی زمانەوانی لە میانەی گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی بۆ ئەلفبێی لاتینی سەرکەوتنی وەدەستهێنا، پاڵپشتی کراوبوو بە کارکردن لە پلانی وەرگرتنی زمانی، پلانی دۆخی زمان، پلانی پایەی زمان و پلانی گوتاردا، هەموو ئەوانەش لە پێناوی سەرکەوتنی گۆڕانکارییەکاندا بوو، کەوا لە ڕەوتی پلانی دەقی زمانییەوە بە ئەنجام گەیشتبوو.( المحمود و الاخرون، ٢٠١٨: ١٠٢- ١٠٣)

زیاتر لەمانەش، ئەوەی گرنگە لە کاتی دارشتنی پلانی زمانیدا، لە هەموو جۆرەکاندا، بەشداری بە پێکهاتە و گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، زمانەوانان بە گشتی و زمانەوانانی کۆمەڵایەتیی بە تایبەتی ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕێکخستنی زمان پێبدرێت، بۆ ئەوەی لە پلانە زمانییەکەدا ڕەچاوی هەموو لایەنە زمانەوانی و نا زمانەوانییەکان بکرێت.

جۆرەکانی پلانی زمانی لە لایەن (جیشوا فیشمان) بە جۆرێکی دیکە دابەشکردنی بۆ کراوە، بە جۆرێک هاوشێوەی پلاندانان بۆ هەر بوارێکی دیکە بۆ دوو جۆر دابەشیکردووە:

**١ -پلانی زمانی تایبەتی:**

ئەم جۆرە پلانە کار لەسەر بەشێکی دیاریکراو لە پێکهاتەی وڵاتێک یا کۆمەڵگەیەکی زمانی دیاریکراو دەخاتە چوارچێوەی پلانە زمانییەکەی، واتە پلانە زمانییەکە ناوچەیەکی دیاریکراو لە وڵاتدا دەگرێتەخۆ، وەکوو هەرێمێک یان شارێک. هەروەها دەشێت ئەم جۆرە لە پلانی زمانی، بۆ دامەزراوەیەک، بوارێکی دیاریکراوی وەک کارگێڕی، پەروەردە، ڕاگەیاندن دابڕێژرێت.

**٢ -پلانی زمانی گشتی:**

ئەم جۆرە لە پلاندانان لە زماندا کار لەسەر تەواوی کۆمەڵگەیەکی زمانی لە وڵاتێکدا دەکات، کە ئەمەش بەرپرسیارییەتی لە ئەستۆی ڕێکخراو و دامەزراوە دەوڵەتییەکانە، ئەم جۆرە دامەزراوانە، پێویستە هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی هۆکاری کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی و دەروونی لە کۆمەڵدا لەبەرچاوبگرێت.(یەعقووبی، ٢٠٠٧: ١٥٧)

**٣-٥-٦ : شێواز و میکانیزمی جێبەجێکردن لە پلانی زمانیدا:**

هەر وەک لە پێشدا باسمانکرد فرەیی ستراتیژەکانی پلانی زمانی بەهۆی فرەیی ئامانجە سیاسییەکانەوە دەبێت و جیاوازبوونیشیان بە جیاوازبوونی ئەوانەوە دەبێت، بەمەش میکانیزم و جێبەجێکردنی کرداری پلانە زمانییەکەش جیاواز و فرەچەشن دەبێت، هاوڕێک لەگەڵ پێداویستییەکانی چارەسەری گرفتە زمانییەکانی وڵاتان و دامەزراوەکانیاندا، لەسەر ئەم بنچینەیە شێواز ومیکانزمەکان دەخەینە ڕوو، کە زۆرجار لە لایەن هەندێک لە زمانەوانان بە لقی پلانی زمانی ناودەبرێن، کە بریتین لە:

١- پاکسازیی زمان (Language Purification)

٢- زیندوکردنەوەی زمان (Language Revival)

٣- چاکسازیی زمان (Language Reform)

٤- بەستانداردکردنی زمان (Language Standardisation)

٥- بڵاوبوونەوەی زمان (Language Spread)

٦- بە نوێخوازکردنی فەرهەنگی زمان (Lexical Modernisation)

٧- یەکخستنی زاراوە (Terminological Unification)

٨- ئاسانکردنی شێوازی زمان (Stylistic Simplification)

٩- پەیوەندیکردنی نێوان زمانان(Interlingual Communication)

١٠- پاراستنی زمان (Language Maintenance)

١١- پێوانەسازی زاراوە یاریدەدەرەکان(Auxiliary Code Standardisation)

پێویستە ئەوەش بزانین، کە پلاندانان تەنیا بۆ یەک جار نییە، بەڵکو پێویستە بەردەوام بێت، و ئەو میکانزمانە دەخوازن، کە پاڵپشتی دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ دابینبکرێت، نەک بە تەنیا بە دەرکردنی چەند بڕیارێک وازی لێبهێنرێت. (Kaplan and Baldouf, 1997: 82)

واتە ئەو میکانزمانە، پەیوەندییان بە لایەنی زمانەوانی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە هەوڵ بۆ گۆڕینی زمان دەدەن، لە ڕێی ئەم لقانەی پلانی زمانییەوە، و هەموو لقەکانیش کوشش بۆ بەرفراونکردنی ئەرکەکانی زمان دەدەن، لە پێناوی گەشەپێدانی زمان و بەهێزکردنی هۆکارەکانی مانەوەی، کە لە ڕێی جۆرەها هۆکاری وەک: (هۆکاری ڕاگەیاندن، قوتابخانە، کارگێری، ...هتد) پلانڕێژی بۆ پیادەکردنی دەکرێت، کە یەکەمجار لەسەر ئاستی نووسیندا و دواتریش لە دەربڕیندا پیادە دەکرێت.

## ٤- سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن و پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا:

### ٤-١: سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا:

### ٤-١-١: ژینگەی زمانی کوردی(شوێنی جوگرافی و پێگەی لە نێو زماناندا):

زمانی کوردی سەر بە زمانە ئێرانییەکانە، لە لقی زمانە ڕۆژهەلاتییەکان، لە خێزانە زمانی ئاری(هیندۆ- ئەوروپی)یە، کە لە ڕووی پانتایی جوگرافی و ژمارەی قسەپێکەران، بەرفراوانترین و بەربڵاوترین خێزانە زمانە(وافی، ٢٠٠٩: ١٩٧- ١٩٩).

نەتەوەی کورد لەسەر خاکەکەی خۆیدا بەسەر وڵاتانی(تورکیا، سوریا، ئێران، عێراق و ڕوسیا)دا دابەشکراوە، ئەو دابەشکردنە سیاسیە لە ڕووی جوگرافییەوە کاریگەری لەسەر زمانەکەش کردوە، لەبەرئەوەی سیستەمی سیاسی حوکمڕانی هەر(٥) پێنج وڵات لەیەکتری جیاوازن. کە هەموو ئەمانەش وا دەکەن، کە سیاسەتی زمانی پێنج وڵاتەکەش جیاوازییان هەبێت.

واتە،زمانی کوردی لەگەڵ (زمانی فارسی) دراوسێیەتی و تێکەڵاوی خزمایەتی و کۆمەڵایەتیی هەیە، کە سەر بەیەک لق و خێزانە زمانن، هەروەها لەگەڵ هەردوو زمانی عەرەبی لە خێزانە زمانی سامی و زمانی تورکی لە خێزانە زمانی ئۆڕاڵی دراوسێیەتی و تێکەڵاوی هەیە. هاودەم لەگەڵ هەرسێ زماندا بەهۆی داگیرکاری بە درێژایی مێژووی دروستبوونی هەر چوار وڵاتی (عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران و ڕوسیا) لە ململانێی زمانیدا بووە.

سنووری جوگرافیایی ئاخێوەرانی بەپێی کیشوەرەکانی جیهان دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا، هەروەها ژمارەیەکی نادیاریش لە ئاخێوەرانی وەک پەنابەر نیشتەجێین لە کیشوەرەکانی دیکەی جیهان، وەک (ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستralia...هتد). کورد لە کۆنەوە بەهۆی داگیرکاریی وڵاتەکەی و هۆکاری کۆچ و ڕاگواستن و هۆکاری دیکەی وەک ئابوری لە زۆربەی وڵاتانی وەک:(ئازەربێجان، ئەرمینیا، ئوردن، ئوسترالیا، بەریتانیا، بەلجیکا، تاجیکستان، تورکمانستان، جۆرجیا، دانیمارک، سوید، سویسڕا، فەرەنسا، فەلەستین، کەندا، لوبنان، هۆڵەندا، ...هتد) بڵاوبوونەتەوە(محەمەد، ٢٠١٤: ٣١)، لە بارەی ڕیزبەندی ژمارەی ئاخێوەران چلەمین زمانی جیهانە و لە زمانەکانی وەکو سویدی و دانیمارکی و هۆڵەندی و فنلەندی لەم ڕووەوە لەپێشترە(پوور، ٢٠١٥: ١٤٣). هەرچەندە بەهۆی نەبوونی قەوارەیەکی

سەربەخۆیی کوردی و بڵاوبوونەوەی کورد لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هیچ کات نەتوانراوە ئامارێکی دروست بۆ ژمارەی تەواوی ئاخێوەرانی زمانی کوردی بزانرێت.

زمانی کوردی، وەک زۆربەی زمانانی جیهان لە چەندین زاروشێوەزار پێکدێت، کە ئەمەش دیاردەیەکی زمانی ئاساییە، هەر یەک لەو زار و شێوەزارانەی زمانی کوردی خاوەنی تایبەتمەندیی فەرهەنگی و دەنگسازی و ڕێزمانی تایبەت بەخۆیەتی.

بەپێی ئەو دابەشکردنانەی لە ڕووی جوگرافییەوە لەلایەن نووسەران و مێژوونووسان و رۆژهەڵاتناسان و زمانەوانان بۆ دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی کردوویانە، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی چوار زاری سەرەکی هەیە، کە بریتیین لە: ((زاری کرمانجی ژووروو، زاری کرمانجی ناوەڕاست، زاری کرمانجی خواروو لەگەڵ زاری گۆران و زارۆچکەکانیان))(عەلی، ٢٠٠٧: ١٠)، هەروەها لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتیش، زارە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی کوردی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە سەرجەم بوارەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت، بەپێی: ( پیشە، توخم، ڕەگەز، تەمەن، چینایەتی، کۆمەڵایەتی، ...هتد).

زمانی کوردی وەک زمانی نووسین و ئاخاوتن و ئاماژە و زمانی جەستە بەکاردەهێنرێت، لە هەرێمی کوردستاندا لە زمانی نووسیندا بەشێوەیەکی فەرمی لە کارگێری و پەروەردەدا یەک جۆر ئەلفبێ وەکو سیستەمی نووسین بەکاردەهێنرێت، کە ناسراوە بە ئەلفبێی عەرەبی، شێوەیەکی چاککراوی ئەلفبێی عەرەبییە، کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت. لە بنەڕەتدا ئارامییە، بەڵام لە ڕاگەیاندنی بینراودا بە تایبەتی لە هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا دوو ئەلفبێ بەکاردەهێنرێت، جگە لە ئەلفبێی عەرەبی ئەلفبێی لاتینیش بەکاردەهێنرێت، هەروەها وەک زمانی نووسین و ئاخاوتنی فەرمی لە ڕاگەیاندن و پەروەردە و کارگێریدا دوو زار( زاری ژووروو و زاری ناوەڕاست) بەکاردەهێنرێت.

زمانی کوردی لە ئەمرۆدا پێگەی زمانی فەرمی لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە هەرێمی کوردستاندا لە ناوەندە ئەکادیمییەکان بە تایبەتیی لە بەشە زانستیە مرۆڤایەتییەکان و کارگێری و پەروەردە و ڕاگەیاندن و بازاردا بەکاردەهێنرێت، کە لە تەوەری سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستاندا بەدرێژی باسی دەکەین. بڕوانە(لاپەڕە ١٧٩)

## ٤-١-٢: کۆڵەگەکانی سیاسەتی زمانی لە قەوارەی هەرێمی کوردستان- عێراقدا:

هەرێمی کوردستانی- عێراق، هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا (دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: مادده ١١٧)، پایتەختەکەی شاری(هەولێر)ـە، دوای ئەوەی ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١ز) لە بەشی کوردستانی عێراقدا سەریهەڵدا، لە ژێر چینگی داگیرکاری حکومەتی بەعسی هەڵوەشاوە ڕزگاری بوو. لە ساڵی(١٩٩٢ز) لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بە دەنگدانی گشتی ونهێنی و راستەوخۆ، لە (١٩٩٢/٥/١٩ز) بە بەشداری زۆرینەی هاووڵاتیانی کوردستان، کە نوێنەرایەتی زۆربەی پێکهاتەکانی کوردستانیان دەکرد، هەڵبژاردن ئەنجامدرا، پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا، و قەوارەی هەرێمی کوردستان- عێراق دامەزرا، پاشانیش لە پەرلەمان متمانە بە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درا، بەمەش هەرێمی کوردستان- عێراق بوو بە خاوەن دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری سەربەخۆ(بەزاز، ٢٠١٦: ٣-٤)، ئەمەش وایکرد لە ناوچەکەدا دەسەڵاتێکی سیاسی کوردی حوکمڕانی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی و کارگێری و سەربازی،... هتد دەسەڵات بگرێتە دەست.

قەوارەکە و دەسەڵاتەکانی لەو کاتەدا زیاتر جێگیربوون، کە کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوە هێنرا، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣ز)دا، بەتایبەتی دوای دانانی دەستووری نوێی هەمیشەیی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥ز)دا، کە لە ڕاپرسی گشتیدا، لە بەشی یەکەمی دەروازەی پێنجەمیدا پەسەندکرا، لە ماددەی (١١٧)دا، دانیناوە بە دەسەڵاتی هەرێم و قەوارەی هەرێمی کوردستاندا، تێیدا هاتووە: ((ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەک هەرێمێکی فیدڕاڵی))، لە ماددەی (١٢١)ی دەستوورەکەشدا، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ((دەسەڵاتداریەتی هەرێم، مافی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری هەیە)).(دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: مادده ١٢١)، بەمەش هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەک بوو بە خاوەنی دەسەڵاتی دەستووری، لە ڕووی یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەرییەوە، کە ئەم سێ دەسەڵاتەش بەشداری سەرەکیین بۆ دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان.

هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوایەتییەوە، نەتەوەی جیا جیای تێدا دەژین، واتە ناوچەیەکی فرەنەتەوەیە، بە جۆرێک کە لە ناوچەکەدا (کورد، عەرەب، تورکمان، کلدان و ئاشوری و ئەرمەن ) بەیەکەوە دەژین. بێگومان هەر یەک لەو نەتەوانەش زمانی

نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان هەیە، و زمانی کوردی زمانی پێکهاتەی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە، کە چوار زاری سەرەکی هەن، واتە هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی فرەزمان و فرەزار دادەنرێت، ئەمەش دەخوازێت، کە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی ئەم فرەییە لە زمان و زار لە سەرجەم بوار و کایەکانیدا، خاوەن سیاسەت و پلانی زمان بێت.

سەبارەت بە دیاریکردنی باری دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان _ عێراقدا بەپێی پێکهاتە نەتەوەییەکان و سەرژمێرکردنی خەڵکەکەی، کارێکی ئاسان نییە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەلایەک بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی هەرێمدا نییە، کە ئەمەش وایکردوە نەتوانرێت سنووری سیاسی یان کارگێری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن هەرێم و دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا دیارییبکرێت(کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، ١٩٩٨: ١٧٨)، هەروەها لەلایەکی تریش بە هۆی ئەنجامنەدانی ئامارێکی دروست و فەرمی بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ژمارەی پێکهاتە نەتەوەییەکان بەپێی ناوچەکانیان نادیاربێت.

بەم جۆرە، بەهۆی ئەم هۆکارانە نەتوانراوە ژێرخانی مرۆیی لە ڕووی بەکارهێنانی هەریەک لە زار و زمانەکان بەپێی جوگرافی لە هەرێمی کوردستان دیارییبکرێت، کە لە کاتی دانانی سیاسەتی زمان زۆرجار وەک بنچینەیەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ژمارەی زمانەکان و شیکردنەوەیان لە ڕووی زۆری و کەمی ژمارەی قسەپێکەرانیان و سنووری جوگرافییان سوودی لێوەردەگیرێت، بۆ ئەوەی بەپێی کەتواری ژینگەی زمانی کۆمەڵگەکە سیاسەتە زمانیەکە ڕەنگڕێژی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی گشتی بەپێی ئامارە نافەرمییەکان ڕوونە، کە پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان _ عێراق لە ڕووی نەتەوەییەوە، زۆرینەی ڕەهای لە نەتەوەی کورد پێکدێت.

دیسانەوە پێکهاتەی قەوارەی هەرێمی کوردستان_عێراق لە ڕووی کارگێرییەوە، بەگوێرەی ئەوەی لەسەر زەمینی کەتواردا هەیە، بەسەر پارێزگاکانی(هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەرین، ئیدارەی زاخۆ، ئیدارەی سۆران) دابەشبووە، هەروەها هەندێک ناوچەی دیکەی کوردستانی هەن، لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستاندا نین، بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، وەکو: (کەرکوک، نەینەوا، هەندێک ناوچەی دیکە لە پارێزگاکانی سەلاحەددین و دیالە) کە لەلایەن

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناونراون، کە لەم ناوچانەدا دەسەڵات لەژێر هەژموونی حکومەتی عێراقی فیدڕالیدایە.

هەرێمی کوردستان _ عێراق، بەپێی ئەو بنەما بنچینەییانەی کە وەکو کۆڵەگەی دانانی سیاسەت و پلانی زمانی لە بەشی دووەمی ئەم تێزەدا ئاماژەمان پێکردووە، دەشێت خاوەنی سیاسەت و پلانی زمانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بێت بۆ هەموو کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەک(ڕاگەیاندن، پەروەردە، کارگێری، بازار...هتد)، لەبەرئەوەی:

١- هەرێمی کوردستان- عێراق خاوەن پانتاییێکی جوگرافییە وەک قەوارەیەکی دەستووری.

٢- هەرێمی کوردستان- عێراق وەک قەوارەیەکی دەستووری، دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی هەیە، کە وەکو دامەزراوەیەک توانای دەرکردنی یاسا و جێبەجێکردنی هەیە.

٣- خاوەن کۆمەڵگەیە و کۆمەڵەکەشی لە ڕووی نەتەوەییەوە هەمەچەشنە.

٤- ناوچەیەکی فرەزمان و فرەزارە، بەجۆرێک هەر نەتەوەیەک خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی و هاودەم زمانی کوردیش کە زمانی پێکهاتەی سەرەکی هەرێمی کوردستانە فرەزارە.

بێگومان هەموو ئەو خاڵانە لە بنەما بنچینەییەکانی دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانین و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان بۆ دانان و پیادەکردنی سیاسەتی زمان بۆ زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی هەرێم هەیە، بە تایبەتی لە هەمووشیان گرنگتر بەهۆی ئەو دەسەڵاتە دەستوریانەی پێیدراوە، لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لە ڕووی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییەوە.

پێویستە بگوترێت، کە هەر یەک لەو بنچینانەش گرێدراوەی یەکترین، هەموویان تەواوکەری یەکترین، بەیەکەوە بنەمان بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی تۆکمە و کارا بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، کە بتوانرێت لە کەتواردا پیادە بکرێت. بە پێچەوانەشەوە بە نەبوونی هەریەک لەم بنچینانە، ئاستەنگی بۆ داڕشتن و جێگیرکردنی سیاسەتە زمانیەکە دروستدەبێت، هەر بۆیە ئێستا ئێمە، کە باس لە داڕشتنی سیاسەتی زمانی بۆ زمانی کوردی دەکەین، باس لە سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، نەک بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان لە(تورکیا، ئێران، سوریا،...)، لەبەرئەوەی هەموو ئەو کۆڵەگانەی

باسکراون له پارچەکانی دیکەی کوردستاندا نین، بۆ نموونه کورد له پارچەکانی دیکەدا دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییان له دەست نییه، که ڕۆڵی گرنگ و سەرەکییان له دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانیدا هەیه، هەروەها قەوارەی سەربەخۆ وەکو وڵات یان هەرێم که تایبەت بێت به دەسەڵاتی کوردی لەو ناوچانەدا نیه.(جگه له ڕۆژئاوای کوردستان که تا ئێستا له دەستووری سووریادا دانپێدانەنراوه) و ئەگەر دەسەڵاتێکی کوردی بەهێز نەبێت بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی یاسا و بەند و بڕگەکانی سیاسەته زمانییەکه، ئەوا سیاسەته زمانییەکه وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز دەبێت و هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنی ناگێرێت(تۆفیق، ٢٠٠٧: ٢٦).

کەواته هەبوونی دەسەڵاتی بەهێز دەتوانێت چۆنی بوێت، ڕەوشی زمان بەو ئاراستەیه ببات، هەر لەبەرئەوەشه له ئەمرۆدا له هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی له زۆربەی کەرته جیاجیاکانی وەکو:(کارگێری، پەروەرده، ڕاگەیاندن، یاسادانان،...هتد) بەکاردەهێنرێت، بەڵام له بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بەهۆی نەبوونی دەسەڵات و قەوارەی سەربەخۆ نەتوانراوه له هەموو ئەو بوارانەدا بەکاربهێنرێت، تەنانەت نەتوانراوه بکرێت به زمانی خوێندنی منداڵانی کورد له ناوەندەکانی خوێندن، که سەرەتاییترین مافی زمانییه بۆ هەر زمانێک له کۆمەڵی فرەزمانیدا.

هەرچەنده، سیاسەتی زمانی بۆ زمانی کوردی لەم ناوچانەی کوردستانیش، که ئێستا بەشێکن له وڵاتانی( تورکیا، ئێران، سوریا، ...هتد)، لەبەرنەبوونی دەسەڵات، که ناتوانرێت جێبەجێبکرێت یان ناکرێت جێبەجێبکرێت، پێویسته پشتگوێی نەخرێت، بەڵکو پێویسته تێکوشان بۆ بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لەو ناوچانەشدا بکرێت، لەلایەن پارته سیاسییه کوردییەکان ڕێکخراوەکانی دامەزراوەی مەدەنی، یان هەر لایەنێکی دیکەی خەمخۆر، هەروەها دەشێت خاوەنی پڕۆژەی سیاسەتی زمانی هێمایی(ڕەمزی) بن، ئەمەش لەبەرئەوەی ئێستا هیچ هۆکارێکیان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەته زمانییەکه لەبەردەستدا نییه، چونکه ئەگەر سیاسەته زمانییەکه داشبنرێت، به هێمایی دەمێنێتەوه، لەبەرئەوەی به هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بخرێته بواری جێبەجێکردنەوه، یان بۆیان جێبەجێناکرێت، واته دەبێت جیاوازی هەبێت له نێوان ئەرکی کرداری و ئەرکی هێمایی(کالفي، ٢٠٠٨: ٢٢٢)، کەواته ناکرێت هەرێمی کوردستان سیاسەتی زمانی بۆ هەرێمی کوردستان پەک بخات به بیانووی بنیاتنانی زمانی ستاندارد بۆ هەموو کورد.(سابیر، ٢٠١٤: ٦٢) لەبەرئەوەی، تەنیا دەتوانرێت سیاسەتی زمان به شێوەی کرداری بۆ زمانی کوردی له هەرێمی کوردستانی عێراق دابنرێت، که دەسەڵاتی دەرکردنی یاساکان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هەیه، هەر ئەمەش به کارێکی

زانستی و دروست دادەنرێت، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو پلانێکی زمانی بەدوادابێت، کە ئەم زمانە بخاتە نێو قوتابخانە و ڕاگەیاندن و کارگێریی....هتد، ئەمەش بۆ ئەوەی لەلایەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەوارەکەی خاوەنی زمانی فەرمی هاوبەش بێت هاوکات هەوڵی لێکنزیکردنەوەی زارەکوردییەکان لەو ڕێگەیەوە بدات و لەلایەکی تریش کاریگەریی زمانە بیانییەکان لەسەر زمانی کوردی کەم بکاتەوە، کە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان ئامرازی گرنگ و هەستیارن، بەڵام تا ئێستا کارەکەیان نەرێنییە.

کەواتە، لە هەرێمی کوردستاندا بەراورد بە بەشەکانی دیکەی کوردستان باشترین زەمینە خولقێندراوە بۆ کارکردن لەسەر دانانی سیاسەتی زمانی، بۆ هەر کەرتێک و لە هەر بوارێکدا کە بیەوێت، لەبەرئەوەی هێزی دەستووری و یاسایی گەورەی لە ڕووی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری هەیە، لەم ڕووەوە خاوەنی زۆرترین دەسەڵاتە و توانای دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی ئەم کارەی هەیە، هەروەها هەموو جۆرە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی وەکوو کەناڵی بینراو و بیستراو و خوێنراوی بۆ پاڵپشتی لە جێبەجێکردنی سیاسەتە زمانییەکە لەبەردەست دایە.

**٤-٢: سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا:**

سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا لە هەر کەرت و بوارێکدا، لە زۆربەی کاتدا پەیوەندیی بە سیاسەتی زمانی لە کۆماری عێراق بە گشتی هەبووە، لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، بەبێ خواست و ویستی خەڵکەکەی و بە زۆر بە دەوڵەتی دروستکراوی عێراقەوە لکێنراوە.(بارزانی،٢٠٢٠:٢٣- ٣٣) جا لە هەندێک قۆناغی مێژوویدا پەیوەندییەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە، و هەندێکجاریش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر سیاسەتە زمانییەکە لە هەرێمدا هەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، لە ڕووی سیاسی و کارگێری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی زۆربەی کات دەسەڵاتی باڵی بەسەرناوچەکەدا کێشاوە، بۆیە لە پێشدا باسی سیاسەتی زمانی لە کۆماری عێراقدا دەکەین، پاشان سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا شیدەکەینەوە.

### ٤-٢-١: سیاسەتی زمانی لە عێراقدا

وڵاتی عێراق بەپێی دەستووری هەمیشەیی ساڵی(٢٠٠٥ز) دەوڵەتێکی کۆماری فیدراڵی یەکگرتووە(دەستووری عێراق، ٢٠٠٥: مادده ١). لە پایتەخت و (١٤) پارێزگا و تەنیا هەرێمێکی فیدراڵی پێکدێت، کە ئەویش هەرێمی کوردستانی عێراقە، لە ڕووی زمانییەوە، وڵاتێکی فرەزمانە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی دانیشتووانی عێراق لە نەتەوە و گەلانی جیاوازی وەکو(عەرەب، کورد، تورکمان، ئاشور، ئەرمەن) پێکهاتووە، هەردوو نەتەوەی (کورد و عەرەب) لەو نەتەوانەن، کە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و هەبوونی پێگەی جوگرافی دوو نەتەوەی گەورە و سەرەکین، کە لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراقدا(نەتەوەی عەرەب) زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن، و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا(نەتەوەی کورد) زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی- عێراق پێکدەهێنن، بێگومان هەریەک لەو گەل و نەتەوانەش خاوەنی زمانی جیاوازن، لە هەموو سەردەمێکدا ڕێکخستنی ئەم فرەییە لە زماندا، لای دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا جێگای بایەخ و گرنگیپێدان بووە، بەڵام زۆربەی کات ڕەچاوی تایبەتمەندیی نەتەوەیی گەلی کوردی نەکردووە، بەڵکوو بەپێی سیاسەتێکی دیاریکراو لە قۆناغی جۆراوجۆری مێژووی سیاسی، سیاسەتی بەعەرەبکردنیان بەرانبەر بە نەتەوەی کورد و زمانەکەی پیادەکردوە، بە ئامانجی توانەوەی گەلی کورد(بارزانی، ٢٠٢٠: ٣٩- ٤٠).

سیاسەتی دەستوەردان لە زمانەکان لە دەوڵەتی عێراقدا بەقەد کۆنی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق کۆنە، بەڵام هەموو ئەو دەستوەردانانە لە بزاڤی زمانیدا وەنەبێت لەسەر بناغەی تیۆری و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بیناکرابن، کە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵەوە بکەن، چونکە لە ڕێگەی بڕیارە سیاسیەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، واتە ئەم دەستوەردانانە لەلایەن پسپۆڕانی کۆزمانەوانی ئەنجامنەدراون، هەر بۆیە لە دەستوور و یاساکاندا پێگە و پایەی زمانەکان بەپێی جۆری سیستەمی دەسەڵاتە حوکمرانەکان بە شێوەی جیاواز لە دەستوور و یاساکانیدا جێگیریکردون.

بۆ نیشاندانی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، پێویستە لە پێشدا باسی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا بکەین، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستانی- عێراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا، لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاوازدا، باس لە سیاسەتی زمان لە عێراقدا دەکەین، سەرەتا بە کورتی تیشکدەخەینە سەر قۆناغی یەکەم و دووەمی سیاسەتی زمانی لە بەرانبەر زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی عێراق، پاشان بە وردی و

زانستیانە شیکردنەوە بۆ قۆناغی سێیەمی سیاسەتی زمان لە عێراقدا دەکەین، لەبەرئەوەی کارکردنی ئێمە لە تێزەکەماندا پەیوەستە بە سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندن و پلانی زمانیی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، و مێژووی دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانیەکانیش لە قۆناغی سێیەمی سیاسەتە زمانیەکەدا سەریانهەڵداوە و گەشەیانکردووە.

**٤-٢-١-١: ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی تاکزمانی لە عێراقدا:**

لەم قۆناغەدا دەوڵەتی عێراق بەپێی دەقی مادده و بڕگە دەستوورییەکان سیاسەتی تاک زمانی لە وڵاتدا جێگیرکردووە، کە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تاکوو ساڵی(١٩٦٨ز)دەگرێتەوە، لەم ماوەیەدا، نە لە دەستوور و نە لە یاساکانی عێراقیدا، هیچ ئاماژەیەک بە (( ناساندنی کوردستان یان گەلی کورد وەک دووهەم نەتەوی گەورەی نێو وڵاتی عێراق)) نەکردوە (محەمەد، ٢٠١٤: ٣٨)، هەر بۆیە ئەگەر سەیری دەستوورەکانی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥ز- ١٩٦٨ز) بکەین[1]، دەبینین، لە دەستورەکانیدا بە تەنیا دانیان بە زمانی عەرەبیدا ناوە، وەکو زمانی فەرمی، هەروەک لە مادده (١٧)ی دەستووری ساڵی (١٩٢٥ز)دا، هاتووە:(( زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە)) (القانون الاساسي العراقي، ١٩٢٥: ماددة ١٧) لەم دەستوورەدا ناوی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراقی نەهێناوە، لە کاتێکدا عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرەزمانە. هەروەها بەهەمان شێوە لە مادده چواری دەستووری ساڵی(١٩٦٨ز) یشدا، هاتووە: ((ئیسلام ئایینی دەوڵەتە و بنەما و بنچینەی دەستوورە و زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە)) (الدستور العراقی الموقت ، ١٩٦٨: ماددة ٤) لەم دەستوورەشدا بە هەمان شێوە، تەنها ئاماژەی بە زمانی عەرەبی کردووە، بەبێ ئەوەی باسی زمانی کوردی و زمانی پیکهاتەکانی دیکە بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتی یاسا دانان لە عێراق لە ساڵی(١٩٣١ز) یاسایەکی بە ناوی یاسای زمانە ناوچەییەکان دەرکردووە، و بەپێی یاساکە مافی ئەوەی بە نەتەوەی کورد داوە لە دادگاکان زمانی کوردی بەکاربهێنن و لە قوتابخانە سەرەتاییەکانیشدا بەزمانی کوردی بخوێنن، بەڵام یاساکە تەنیا لە پاریزگای هەولێر و سلێمانی جێبەجیکرا، ئەم یاسایەش لەسەر داوای کۆمەڵەی گەلان دەرچووێنراوە، کە ئەو مەرجەی لەسەر دەوڵەتی عیراق داناوە، بۆ ئەوەی وەک ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان وەربگیرێت، کە داوای کردبوو پێویستە مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان بدات(خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٣١- ٢٣٣)، واتە ئەو یاسایەی لە ژێر فشار و

[1] بڕوانە دەستووری عێراقی ساڵی (١٩٢٥، ١٩٦٣، ١٩٦٨) و لە ماددەی(١٧، ٣، ٤) تایبەت بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی.

مەرجی کۆمەڵەی گەلان دەرچواندووە، بۆ ڕازیکردنیان.( محەمەد، ٢٠١٤: ٩٣) هەرچەندە یاسایەکەش لە ئاستی پێگە و پایەی نەتەوەی کورددا نەبوو، کە دووەمین گەورەترین پێکهاتەی نەتەوەیی بوو لە عێراقدا لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و هەبوونی پێگەی جوگرافی دیاریکراوی خۆیدا، هاودەم سەرچاوەی هێزی یاسایەکەش وەکو هێزی دەستوور نەبوو، لەلایەکی دیکەش ئەو مافی بەکارهێنانە هەموو کەرتەکانی ژیانی نەگرتبوویەوە، بەڵکو تەنیا دادگاکان و قۆناغی سەرەتایی لە کەرتی پەروەردەدا گرتبوویەوە.

هەر لەم قۆناغەدا، لە هەنگاوێکی دیکەدا، لە ساڵی(١٩٣٩ز) ڕادیۆی بەغدا، بەرنامەکانی بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە، کە سەرەتا بە زاری کرمانجی ناوەڕاست بوو، بەڵام لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨ز) بە دوو شێوە بە زاری ناوەڕاست و ژووروو بەرنامەکانی بڵاودەکردەوە(ڕەسول، ١٩٧١ :٥٠)، ئەمەش لە کاتێکدا ئەو ئامرازانەی بڵاوکردنەوە پێویست بوو ڕۆڵی گرنگیان بۆ جێگیرکردنی زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی کوردی هەبووایە، نەک بە پێچەوانەوە.

پەخشی ئەم ڕادیۆیە، بەرنامەکانی لە بەشی کوردی لە سەرەتای دامەزراندنی لە ساڵی(١٩٣٩ز) لە ڕۆژێکدا تەنیا (١٥) خولەک بوو (پوور، ٢٠١٠: ١٦)، بەڵام وردە وردە پەخشی ڕادیۆکە ماوەکەی بە زمانی کوردی زیادی کرد، تا پەخشەکەی لە ماوە کورتەوە وای لێهات لە ساڵی(١٩٤٥ز) گۆڕا بۆ بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا(کەمال ڕەئووف محەممەد، ٢٠١٤: ١١٥)، و لە دوای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کە پەخشەکەی گەیشتە سێ کاتژمێر بەرنامەکانیشی هەمەچەشن و فراوان کران، کە بریتیی بوون، لە: (هەواڵ، توانج، مۆسیقا، شرۆڤەی سیاسی، پەروەردەی ئاینی، چیرۆک و داخوازی گوێگرەکان)، و لە ساڵی (١٩٨٤ز)دا پەخشەکەی لە ڕۆژێکدا بوو بە حەڤدە کاتژمێر و بیست و پێنج خولەک.(پوور، ٢٠١٠: ١٦)

لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەرئەوەی لە سیاسەتە زمانییەکەدا بە گشتی تەنیا زمانی عەرەبی وەکو زمانی فەرمی جێگیرکرابوو، زمانەکانی دیکە ئاماژەیان پێنەکرابوو، لە دەستووری وڵاتدا تاکزمانی دانیپێدانرابوو، بۆیە ئەم قۆناغە بە ئایدیۆلۆژیایی سیاسەتی تاکزمانی لە عێراقدا دادەنرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی، لەم قۆناغەدا بە هیچ جۆرێک و لە هیچ ماددە و بەندێکی دەستوورەکاندا پایە و پێگەی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی دیکەی (تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) وەک زمانی فەرمی دیارینەکردبوو.

کەواتە کردنەوەی بەشی کوردی لە ڕادیۆکە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و لە چوارچێوەی یاساکانی عێراقدا وەک بەشێک لە سیاسەتی ڕاگەیاندن پاڵپشتی نەکراوە و باس نەکراوە، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو لە هیچ ڕۆژنامەیەکی فەرمی دەوڵەت(وەقایعی عێراق) ئاماژەی پێنەکراوە. ئەمەش دەریدەخات، کە کردنەوەی ئەو ڕادیۆیەش هاوشێوەی یاسای زمانە ناوچەییەکان پەیوەندی بە سیاسەتی ئەو کاتەی بەریتانیاوە هەبووبێت، و حکومەتی ئەو کاتەی عێراق لە خۆیەوە ئەو کارەی نەکردووە(محەمەد، ٢٠١٤: ٩٤– ١٠٣). ئەمەش وایکردبوو، کە لەگەڵ گۆڕانی ڕەوشی سیاسی کاریگەری لەسەر پێشێلکردنی ئازادییەکان و پەخشی بڵاوکراوەکان و ڕادیۆکەش دروست بکات.(پوور، ٢٠١٠: ١٦)

جگە لەمەش، سیاسەتی تاکزمانیی لە هەندێک لە بوارەکاندا بە تەواوی ڕەنگیدابوەوە، بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندنی بینراودا، بەجۆرێک کە لە ساڵی(١٩٥٦ز) یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنی حکوومەتی دامەزراند وەک یەکەم وڵاتی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ساڵی (١٩٦٨ز) بەرنامەکانیان تەنیا بە زمانی عەرەبی بوو(هەمان سەچاوە: ٤٧)، واتە لە کەناڵی تەلەفزیۆنیدا، جگە لە زمانی عەرەبی هیچ زمانێکیتر ڕێگەپێدراو نەبووە کەناڵی تەلەفزیۆنی دابمەزرێنێ. لە کاتێکدا لە ماددەی (٣٢) ی هەمان دەستووردا، لەبارەی سیاسەتی ڕاگەیاندن هاتبوو: ((ئازادی ڕۆژنامەگەری و پەخش و بڵاوکردنەوە ئازادە لە سنووری بەرژەوەندی گەل و لە چوارچێوەی یاسادا)) (الدستور العراقی الموقت ، ١٩٦٨: ماددة ٣٢)، بەڵام پیادەکردن و شیکردنەوەی ئەو بەندە دەستووریەش گرێدراوبووە بە بەرژەوەندی دەسەڵات بەپێی دۆخی سیاسی، لەبەرئەوەی چەمکی(بەرژەوەندی گەل) کە لە دەقەکەدا هاتووە، چەمکێکی لاستیکییە لەلایەن هەندێک دەسەڵات بەو شێوەیەی کە سیستەمە سیاسیەکە مەبەستیەتی سوودی لێوەردەگیرێت، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییە، ئەو سەردەم ڕۆژنامەی (التاخي– برایی) کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، مۆڵەت پێدراوبووە، بەڵام بەهۆی سەرنەگرتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق لە(١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ز) لەلایەن حکومەتەوە بڕیاڕی داخستنی دراوە(فەرەیدوون، ٢٠٠٨: ٣٥)، هەروەها لەلایەکی دیکەش سەرەڕای ئەوەی لە سیاسەتە گشتیەکەیدا لە دەقە دەستووری و یاسایەکاندا باسی لە ئازادی ڕاگەیاندن کردووە، بەڵام لە کەتواردا هیچ جۆرە کەناڵێکی ڕاگەیاندنی بینراوی(تەلەفزیۆنی) بۆ پێکهاتەی کورد دابین نەکردبوو، هەروەها کەناڵی ئەهلی و کەرتی تایبەتیش بە زمانی کوردی و پێکهاتەکانی دیکە نەبووە. ئەمەش لە کاتێکدا، نەتەوەی کورد لە وڵاتدا لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان دووەمین پێکهاتەی نەتەوەیی بووە، و لە ڕووی جوگرافییەوە لە ناوچەکەدا پێگەیەکی جوگرافی تایبەت و دیاریکراوی

خۆی هەبووە، هاودەم قسەپێکەرانی زمانی کوردی ژمارەی زۆرینەی ئەو پێگە جوگرافییەیان پێکدەهێنا کەچی کەناڵێکی تەلفزیۆنی بە زمانی کوردی بۆ نەتەوەی کورد تەنانەت لە پێگە جوگرافیەکەشیدا دانەمەزراندبوو.

ئەمەش لەبەرئەوەی زمانە سەرەکییەکەی عێراق لە ڕووی باڵادەستی سیاسیەوە لەو قۆناغەدا بە قووڵی لە مێژووی سیاسی ئەو وڵاتەدا ڕەگی داکوتابوو، لەبەرئەوەی داگیرکاری لەم وڵاتەدا وایکردبوو تەنیا زمانی عەرەبی بە شکۆ و لەباربێت، زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی دیکەی بە سووک و نزم سەیر دەکردن، بە پێچەوانەوەش زمانی عەرەبی بەها و بایەخێکی ئابووری، پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیریی زۆری پێدرابوو.

هەمیشە دەسەڵاتی حوکمڕان لەعێراق لەو سەردەمەدا، ڕاگەیاندنی بە گشتی و کەناڵی تەلەفزیۆنی بەتایبەتیی بۆ زمانی عەرەبی کە زمانی پێکهاتەی باڵادەست بوو، قۆرخ کردبوو، و هاوکات ڕێگری لە فرە چەشنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی ئایدیۆلۆژیای تاکڕەوی سیاسەتەکەی بەسەر تەواوی گەلانی عێراقدا بسەپێنێت، ئەمەش بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ناوەرۆکی پەیامەکانی ڕاگەیاندن بە ئاسانی لە ژێر چاودێری خۆیدا بەڕێوەبچن.

بە هۆی پێداگیری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و درککردنی بە ڕۆڵ و بایەخی دانپێدانانی دەستووری و یاسایی بە زمانی کوردی، و داواکاری بەردەوامیان لە گفتووگۆکان و دانوستاندەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافە زمانییە،(خەڵات موسا یوسف، ٢٠٠٧ :١٥٨) توانرا حکومەتی عێراقی ناچار بکرێت، کە گۆڕانکاری لە سیاسەتە زمانییەکەیدا بکات، ئەوە بوو قۆناغێکی تر لە سیاسەتی زمانی لە عێراقدا دەستیپێکرد، ئەویش ئایدیۆلۆژیای کەرتی سیاسەتی زمانی بوو.

**٤-٢-١-٢: ئایدیۆلۆژیای کەرتی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا:**

لەم قۆناغەدا دەوڵەتی عێراق لە چەند کەرتێکی وەک (ڕاگەیاندن، پەروەردە، ڕۆشنبیری) دانی بە مافە زمانی و ڕۆشنبیرییەکانی گەلی کورد دانا، و سەرەتا لە کەرتی پەروەردەدا مافی هەلبژاردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتایی تاکو کۆتایی قۆناغی دواناوەندی بۆ هاووڵاتیانی ناوچە کوردییەکان لە عێراقدا دەستەبەرکرد، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری ژمارە(٤٤٦)ی لە(١٩٦٩/١٠/٥ز) دەرکرد[1]. و پاش چەند ڕۆژێک لە

[1] بروانە وەقایعی عێراقی ژمارە(١٧٨٦) لە (١٩٦٩ /١٠/٥).

دەرکردنی ئەم بڕیارە، زمانی کوردی لە چەند کەرتێکی دیکەدا وەک زمانی فەرمی ناساند، دوای ئەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة) لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی(١٩٦٩/١٠/٩ز) بە واژۆی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر)، بڕیاری ژمارە(٢٨٤) دەرکرد، کە لە گۆڤاری وەقایعی عێراقی ژمارە (١٧٩٢) لە (١٠/٢٥/ ١٩٦٩ز) بڵاویکردەوە، کە تایبەت بوو بە (مافە زمانی و ڕۆشنبیرییەکان) بۆ نەتەوەی کورد، کە لە هەشت برگە پێکهاتبوو، بەم شێوەیە:

١- زمانی کوردی لە پۆلی شەشەمی دواناوەندی و هەموو زانکۆکان و پەیمانگاکانی مامۆستایان و کۆلێژی سەربازیی و پۆلیس دەخوێندرێت.

٢- دابینکردنی سەرجەم هۆیەکانی فێرکردن بە زمانی کوردی بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی کوردی.

٣-کتێبی زانستی، ویژەیی و سیاسی، کە گوزارشت لە خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد دەکات، لە سەرجەم کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی قوتابخانەکان دابنرێت.

٤- دامەزراندنی خانەی چاپ و پەخشی کوردی.

٥- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری، بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن گرێدراوبیت.

٦- دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی لە دەزگا گشتیەکانی ڕۆشنبیری.

٧- زیادکردنی بەرنامەی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک و دەشێت کەناڵێکی تایبەت بە زمانی کوردی بکرێتەوە.

٨- ناونانی هەموو قوتابخانە و فەرمانگە فەرمییەکان بە ناوی کوردی مێژوویی جوگرافی لە ناوچە کوردییەکاندا.

سەرنجدان لەم برگانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ پشتڕاستدەکاتەوە، کە دەستوەردانی زمانی لە عێراقدا لە هەموو بوارەکاندا بووە، سەرچاوەی هێزی سیاسەتە زمانییەکەش لە ئاستێکدابووە، کە لە بەرزترین ئاستی حوکمڕانی دەوڵەتی عێراق وردەکاری سیاسەتە زمانییەکە داڕێژراوە، بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندندا، کە تیشکخراوەتە سەر زیادکردنی بەرنامەی کەناڵی تەلەفزیۆنی، کە تێیدا بڕیاردراوە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی

لە تەلەفزیۆنی کەرکووک زیاد بکرێن، ئەمەش لەلایەک ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئەو کات تەنانەت بڕیارێکی ڕوون بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی سەربەخۆ بە زمانی کوردی بۆ پێکهاتەی کورد بە ڕەوا نەبینراوە. هەروەها لەلایەکی دیکە بایەخی سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەردەخات. هاوکات ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە لەو کاتانەدا تەنیا حکومەت لە توانایدابووە کەناڵی تەلەفزیۆنی دابمەزرێنێت، کەرتی ئازاد و ئەهلی و حزبی بۆیان نەبووە خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی بن. هەروەها ئەوەش دەردەخات لەو کاتانەدا دەسەڵاتی حوکمڕان هەژموونی بەسەر کۆی کەرتەکانی کۆمەڵدا هەبووە، و بەپێی بەرژەوەندیی زمانی باڵادەست بڕیاڕی جووڵەی زمانەکانی دیکەی سنووردارکردووە.

لە دوای ڕێکەوتنی(١١)ی ئاداری ساڵی(١٩٧٠ز) لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا، دەستووری ساڵی(١٩٦٨ز) هەموارکرایەوە، لە (١٦/ی تەمموزی ١٩٧٠ز) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، دەستوری کاتیی نوێی دەرکرد(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٩٤) و لە دەستوورەکەدا، زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی ناوچەیی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دانپێدانا، ئەوەش بۆ یەکەمجاربوو لە دەستورێکی عێراقیدا بە فەرمی دان بە زمانی کوردیدا بنرێت(الدستوورالعراقي الموقت، ١٩٧٠: المادة السابعة). دوای ئەم هەنگاوە بە بڕیاری ژمارە(١٨٣) لە ساڵی(١٩٧٠ز) دا یاسای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردی دەرکرد، هەروەک لە هۆی دەرکردنی یاساکەشدا هاتبوو، کە بەهۆی گۆڕانکاری لە دەستووری ساڵی (١٩٧٠ز) ئەم یاسایە دەرکراوە، کە لە دەقەکەیدا هاتبوو؛ ((هەروەک چۆن دەستووری کاتی دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لەناو چوارچیوەی عێراق داناوە، بۆیە بە مەبەستی خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلەپوری هزری و شارستانی کورد، بە پێویست زانرا کۆڕی زانیاری کوردی دابمەزرێت. و ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت)). لە بڕگەیەکی ئامانجەکانی دامەزراندنی کۆڕدا هاتبوو، یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی کۆڕ، بریتییە لە: ((پارێزگاریکردن لە سەلامەتی زمانی کوردی و کارکردن بۆ گەشەپێدانی)) (ساڵح، ٢٠١٧: ٢٥٨- ٢٥٩)، بێگومان ئەمەش لەو سەردەمەدا کاریگەری زۆری لەسەر گەشەی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا هەبوو، بەتایبەتی لەبەرئەوەی هاودەم کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیشی لە پارێزگای کەرکووک لە ساڵی(١٩٦٨ز) کردبوویەوە، کە پەخشی هەواڵەکان و هەندێک لە بەرنامەکانی بە زمانی کوردی بوون.

هەرچەندە تەلەفزیۆنەکە لە ساڵی(١٩٦٨ز) کرابوویەوە، بەڵام لەسەرەتادا بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکوو بە کەناڵی بەغداوە گرێدراوبوو، و سەرەتا بەرنامەکانی تەنیا بە

زمانی کوردی نەبوو، بەڵکو بەرنامەکانی بە زمانەکانی( کوردی وعەرەبی و تورکمانی و سریانی) پەخش دەکران، بەڵام لە دوای دانپێدانانی دەستووری بە زمانی کوردی لە پاش ڕێکەوتنامەی (١١)ی ئاداری ساڵی(١٩٧٠ز)، کەناڵەکە لە ساڵی(١٩٧٤ز) سەربەخۆیی وەرگرت، و ئەمەش دوای ئەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بڕیاری ژمارە(٢٨٨)، دانی بە مافی نەتەوەی کورد دانا، کە لە بەیانێکی(١٥) خاڵیدا مافەکانی دیاریکردبوو، کە لە بڕگەی(سێیەم)یدا هاتبوو: ((لەبەر ئەو دواکەوتووییەی کە لە ڕابردوودا لە هەردوو لایەنی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی بەسەر نەتەوەی کورد هاتووە، پلانێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم دواکەوتووییە دادەنرێت لە ڕێگەی: آ- پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕووی زمان و ڕۆشنبیرییەوە بۆ نەتەوەی کورد، و بەستنەوەی ئامادەکردن و ئاراستەکردنی بەرنامەی تایبەت بە کاروباری تایبەت بە کاروباری نەتەوەی کورد لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی)) (نەریمان، ٢٠١٣: ٢٦٠) و بۆ ئەو مەبەستەش پەخشەکەی کرایە سەرانسەری بۆ هەموو کوردستانی عێراق و زۆربەی بەرنامەکانی بە زمانی کوردی بوون، و بوو بە تەلەفزیۆنێکی هەرێمی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٤ز تا ١٩٨٠ز)، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٠ز) دووبارە تەلەفزیۆنەکە پەخشی بەرنامەکانی گەڕایەوە بۆ دۆخی پێشتر، واتە بەرنامەکانی بەم شێوەیە بەپێی زمانەکان دابەشکرانەوە:

١- بەرنامەکان بە زمانی کوردی بۆ ماوەی (٦) کاتژمێر.

٢- بەرنامەکان بە زمانی تورکمانی بۆ تەنیا ماوەی(١) کاتژمێر.

٣- بەرنامەکان بە زمانی سریانی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر.

٤- بەرنامەکان بە زمانی عەرەبی: بڵاوکراوەی هەواڵەکان و هەندێک بەرنامەی هەمەڕەنگ(ناصر حسن و هاشم جباري، ٢٠٠٧: ؟).

ئەمەش بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق سیاسەتێکی زمانی چەسپاوی نەبوو، هەرکات لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کیشە و ناکۆکی هەبووبێت، لە ڕووی مافە ڕۆشنبیری و زمانییەکانیشەوە، بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لە جێبەجێکردنی بڕگە و مادده یاسایی و دەستووریەکان دەدەزییەوە(بارزانی، ٢٠٢٠: ٣٧).

هەروەها حکومەتی عێراق لە ساڵی(١٩٧٨ز) بەشی کوردی لە تەلەفزیۆنی موسڵ کردەوە، کە ماوەی پەخشی ڕۆژانەی دوو کاتژمێر و نیو بوو، بەرنامەکانی بە زاری کرمانجی ژووروو پێشکەش دەکران، ئەم کەناڵەش تا پێش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٣ز) بەردەوام بوو.

پێویستە ئەوەش بگوترێت، کە هەرچەندە تەلەفزیۆنەکان هەندێک لە بەرنامەکانی هونەری و مۆسیقا و شانۆ و درامایان بە زمانی کوردی پێشکەشدەکرد، بەڵام کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ژێر چاودێریی و سەرپەرشتی حکومەتی دەسەڵاتداری ئەوکاتەی عێراق بەڕێوەدەبران، و لە ژێر چاودێری توندا تێدەپەڕین لە پێناو خزمەتکردن بە بیری شۆڤینی و بەعسیزم کە تا ساڵی (٢٠٠٣ز) بەردەوام بوو(فەرج، ٢٠٢٠ : ٢٠).

کەواتە، لە میانەی خستنەڕووی ڕەوشی زمانی کوردی لە کەتواری ئەو قۆناغەدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هاوتەریب هەردوو سیاسەتی ڕاگەیاندن و سیاسەتی زمانی بەیەکەوە بەپێی دۆخی سیاسی لە عێراقدا مامەڵەیان لەگەڵ زماناندا کردووە، بەجۆرێک ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ڕەوشی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوەی سیاسی کورد باش بووبێت، ڕەوشی زمان و کەلتووریش لە ئاستێکی ئەرێنی و گەشەپێدانی باشدابووە، بەپێچەوانەوەش ڕاستە. واتە، سیاسەتی زمانی لە عێراقدا لەلایەن دەوڵەتەوە بەگوێرەی سیستەمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی حوکمڕان مامەڵەیان لەگەڵ سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندندا کردووە. هەمیشە زمانی کوردی لە عێراقدا بۆتە قوربانی ململانێی سیاسی و نەتەوەیی، لە نێوان دەسەڵاتدارانی عێراق و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

جگە لەمانەش، ئایدیۆلۆژیای کەرتی سیاسەتی زمانی لایەنی نەرێنیشی هەبوو، چونکە ئەم دانپێدانانە ناوچەییە بە زمانی کوردی لە هەندێک کەرتدا کارئاسانی لە ڕووی زمانییەوە بۆ کوردانی نیشتەجێی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و بەشێک لە ناوچە کوردییەکان کە حکومەتی عێراق خستبوونییە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی نەدەکرد، ئەمەش دەریدەخات کە سیاسەتی کەرتی و بنەمای دانپێدانانی ناوچەیی بۆ زمانی کوردی لە کاتی پەیڕەوکردنی لە وڵاتدا لە بەرژەوەندی تەواوی نەتەوەی کورددا نەبووە.

دەبێت ئەوەش بزانین، سەرەڕای ئەوەی ئەو مافە دەستووری و یاساییانە بۆ زمانی کوردی لە ڕووی تیۆرییەوە وەک زمانێکی فەرمی ناوچەیی دەستەبەرکرابوون، بەڵام تا پێش ڕووخانی دەسەڵاتی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە لە ساڵی(٢٠٠٣ز) سیاسەتی بەعەرەبکردن لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا بەرانبەر بە زمانی کوردی بەردەوامبوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو

کە کورد و زمانی کوردی لە پەراوێزدا بمێننەوە، و بایەخی کەلتووری، ئابووری، سیاسی، زانستی پەیدا نەکەن تاکوو وەک پاشکۆی زمانی عەرەبی بمێنێتەوە.(پوور، ٢٠١٥، ٨) واتە، زۆرجار دەوڵەتی عێراق لە دەقە یاساییە بنچینەکانیدا باسی بنەمای پێدانی مافە زمانییەکانی نەتەوەی کوردی کردووە. بەڵام لە کەتواردا پەنای بۆ هەندێک ڕەفتار بردووە، کە لە ڕووی پرۆگرامەوە تەواو پێچەوانەی ئەم مافانە ڕەفتاری کردووە.

هەروەها حکومەتی عێراق هەوڵی ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەی کورد و زمانەکەیدا ناوە، سەرەتای ئەو هەوڵەی لە ڕاگەیاندنەکاندا خستەگڕ، ڕادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی خۆی بەکارهێنا، بەشێوەیەک کە پەرەی بە زارە ناوچەییەکانی زمانی کوردیدا بۆ ئەوەی زمانی کوردی لەو ڕێگەیەوە بەرەو لەتبوون و لێکترازان ببات.

هەر لە ڕاگەیاندندا، حکومەتی بەعس ڕۆژنامەی (ئاسۆ)ی بەزاری ناوەڕاست و ڕۆژنامەی (بزاڤ) ی بەزاری ژووروو دەرکرد، بە ئامانجی لێکترازانی یەکێتی نەتەوەیی و زمانی کوردی(ناوخۆش وخۆشناو، ٢٠١١: ٦٣)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە لە دارشتنی سیاسەتی زمانیدا لە نێو ماددە و بەندە دەستوورییەکان تا ڕادەیەک زمانی کوردی فەرامۆش نەکردبوو، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا ژێراوژێر بە جۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵ زمانی کوردیدا دەکرد، هەروەها بە تەواوی لە سەرجەم ناوچە کوردییەکاندا پابەندنەبووە بەو ماددە و بەندە دەستووریانەی تایبەت بوون بە مافی بەکارهێنانی زمان بۆ نەتەوەی کورد.

ئەم ڕەوشە بۆ زمانی کوردی وەک زمانێکی ناوچەیی لە دەستوری عێراقدا وەکو خۆی مایەوە تا سالیٰ(٢٠٠٣ز) پێش پرۆسەی ئازادی عێراق، کە دواتر هەر لەو ساڵەدا لە (٢٠٠٣/٤/٩ز) قۆناغی سێیەم لە سیاسەتی زمانی لە عێراقدا دەستپێکرد، کە بە ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی فرەزمانی لە عێراقدا ناونراوە.

**٤-٢-١-٣: ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی فرەزمانی لەعێراقدا:**

ئەم قۆناغە لە سیاسەتی زمانی لە عێراقدا لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە دەستپێکرد، دوای ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٣ز) لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان هێرشی کرایەسەر و دەسەڵاتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست کۆتایی پێهات، عێراق پێی نایە قۆناغێکی نوێی حوکمڕانی و سیستەمی سیاسی لە عێراقدا

گۆڕدرا، بەمەش بەڕێوەبردنی فرەزمانی و چۆنیەتی ڕێکخستنی زمانەکانیش گۆڕانکاری بەسەرداهات، لەبەرئەوەی هاوکات لەگەڵ گۆڕانی دەسەلاتی سیاسی، کارکردن بە یاسا و دەستووری ئەو دەسەلاتەش لە وڵاتدا کۆتاییان پێهات، بەمەش قۆناغێکی نوێی مێژوویی و وەرچەرخانێکی گەورە لە سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی عێراقدا هێنایەکایە، بەتایبەتیش لە بواری سیاسی، ئابووری، کەلتووری و ڕۆشنبیری، لە ناویشیاندا بواری ڕاگەیاندن کە لە ڕووی زۆربوونی ژمارە و جۆراوجۆری ئامرازەکانیدا، وەرچەرخانی بەخۆوە بینی، ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەمانە، پەیوەستە بە بواری سیاسەتی زمان و ڕادەی جێبەجێکردنی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا، بۆ باسکردنی سیاسەتی زمان لە عێراقدا، لەم قۆناغەدا، پێویستە باس لە پێگە و پایەی زمانەکانی عێراق لە دەستوور و یاساکانیدا بکەین، کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دەرکراون، کە هەرێمی کوردستانیش پێیانەوە پابەندکراوە، هەروەک لە ماددەی(١٣)دا هاتووە: (( ئەم دەستوورە بە یاسای باڵا و هەرەبەرز لە عێراقدا دادەنرێت و پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بەبێ جیاوازی)) (دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: مادده ١٣)

لەم قۆناغەدا بە سێ هەنگاوی یەک لەدوای یەک، سیاسەتی زمانی لە عێراقدا بە تەواوی جێگیرکرا، لە دوای خستنەڕووی هەرسێ هەنگاوەکە بە گوێرەی مێژووی دەرچوونیان، بنەما بنچینەییەکانی ئەو قۆناغەی سیاسەتی زمان شیدەکەینەوە.

**یەکەم: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا (٢٠٠٤ز):**

ئەم یاسایە لە دوای نەمانی دەسەلاتی پارتی بەعسی هەڵوەشاوە لە عێراقدا، بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت، لە ڕووی داڕشتنی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا، کە یاساکە بۆ بەڕێوەبرنی دەوڵەتی عێراق دەستوورێکی کاتی بوو، هەروەک لە ماددەی (٦٢) یاساکەدا، هاتبوو:((ئەم یاسایە تا کاتی دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق کاری پێ دەکرێت))، لە داڕشتنی بەند وماددەکانی یاساکە نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بەشداربوون(بارزانی،٢٠٢٠: ٤٨). هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان پێداگیریان لەسەر مافەکانی خۆیان لە بەکارهێنانی زماندا کرد، بۆیە لە مادده(٩)ی یاساکەدا، کە تایبەت بوو بە سیاسەتی زمان لە عێراقدا، ڕەچاوی مافە زمانییەکانی هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە عێراقدا کراوە، بەم شێوەیە:

((یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی

لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا. سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم ماددەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

١- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی عێراقی) بە هەردوو زمان.

٢- قسەکردن و وتوێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمیەکاندا بە هەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران، و ئەنجومەنی وەزیران، و دادگاکان و کۆنگرەفەرمییەکان.

٣- داننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردووزمان.

٤- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردییەکان.

٥- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پەساپۆرت و پوول.

٦- دامودەزگای فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.)) (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، ٢٠٠٤: ماددە ٩).

هەڵبەت ئەو تێروانینە تازەیە بۆ فرەزمانی لە عێراقدا وەرچەرخانبوو، چونکە یەکەمجاربوو لە یاسایەکی بەهێزی لەو شێوەیە کە لە پێگەی دەستووردا بێت، زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی وەک زمانێکی فەرمی لەسەرتاسەری عێراقدا دانیپێدابنرێت، و لە بەندێکی تایبەتییدا داوای بنەمای یەکسانی لە هەموو بوارەکان (پەروەردە، ڕاگەیاندن، کارگێری، ...هتد) بکات، هەروەها بۆ یەکەم جاریش بوو، باسی زمانی پێکهاتەکانی دیکەی وەک، تورکمانی و سریانی وەکو زمانی فەرمی بۆ خوێندن بخرێتە دوتوێی یاسایەکی لەو شێوە.

بەمەش لە عێراقدا هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی یەک پێگەیان پێدرا، و بەکارهێنانی هەر یەک لەو دوو زمانەش لە لایەن هاوڵاتیان لە هەر شوێنێک و لە هەربوارێکدا لە سەرانسەری عێراقدا وەکو یەک تەماشاکران، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە عێراقدا هیچ یەک لەم دوو زمانە لە ئەویتر بەرزتر و باڵاتر نییە، بەڵکو لە یەک ئاستدان.

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە بەپێی سیستەمی حوکمڕانی ڕەنگرێژی سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن و بوارە جیاوازەکانی دیکە کراوە، هەمیشە ماددە و بەندە یاساییەکانی کە پەیوەندییان بە سیاسەتی زمان لە بوارو کایە جۆراوجۆرەکانیدا هەبووە، لە

عێراقدا بە گوێرەی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتی حوکمڕان گۆڕاون. کە دواتریش ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی وەکو کەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامە و...هتد، لە ڕوانگەی ئەو ماددە دەستووریانە دادەڕێژرێنەوە، واتە، لەگەڵ هەر گۆڕانێکی سیاسی و حوکمڕانی لە وڵاتدا یاخود لە دۆخێکی ناهەمواری جەنگ یاخود ناکۆکی، برگە و ماددە یاسایی و دەستووریەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هەندێکجار بە گۆڕانی دەستوور، یان بە گۆرینی یاسا و جاری واش هەبووە، تەنیا بە دەرکردنی یاسای نوێ هەوڵی هەمووارکردن، یان هەڵوەشاندنەوەی یاساکان دراوە، بۆ ئەوەی سیاسەتە زمانییەکە بەرەو سیستەمە سیاسیەکە پەلکێش بکات.

ئەم یاسایە مێژوویەکی کورتی هەبوو لە پیادەکردن، لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە دانرابوو، پاشان زۆری نەخایاند کار بۆ نووسینی دەستووری هەمیشەیی عێراق کرا، بۆیە گرنگە کاتێک کە باسی سیاسەتی زمان لە عێراقدا بکەین، تیشکبخەینە سەر دەستووری نوێی هەمیشەیی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥ز)دا.

**دووەم: دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥ز):**

ئەم دەستوورە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا، بە  هەنگاوی دووەمی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا هەژماردەکرێت و یەکەمین دەستوورە، کە بە ملیۆنان کەس لە دانیشتوانی عێراق لە(٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ز)، بە بەشداری تەواوی پێکهاتەکانی عێراق لە (کورد، عەرەب، تورکمان، سریان )، لە ڕاپرسییەکی گشتیدا دەنگیانپێداوە، و هەروەها تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بەشدارییان لە داڕشتنی برگە و ماددەکانی ئەم دەستووردا کردووە، ئەمەش بۆ بەرپاکردنی یەکریزی و نەهێشتنی گرێی ناوچەیی و پەراوێزنەخستنی هەر لایەک لە پێکهاتەکان(جامباز، ٢٠٢١: ١٧٥).

ئەم دەستورە بەراورد بە دەستوورەکانی پێشووی عێراق و تەنانەت دەستورەکانی ناوچەکەیش دەستورێکی باش و سەردەمیانەیە، لایەنە کوردستانییەکان لە داڕشتن و دەنگدان و سەرخستنی دەستوورەکە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان لە جێگیرکردنی مافی پێکهاتەکان هەبوو و سیمای هاوبەشی و دیموکراسی لە دەقی ئەم دەستووردا ڕەنگیداوەتەوە(بارزانی، ٢٠٢٠: ٤٨).

لەم دەستوورەدا سیاسەتی زمانی و بەڕێوەبردنی فرەزمانی لە عێراقدا، لەسەر هەمان ناوەڕۆکی ماددەی(٩)ی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی

ساڵی(٢٠٠٣ز) مادده و برگەکانی داڕێژرانەوە و لە مادده(٤)ی دەستوورەکەدا لە (٥) برگەدا ڕێکخستنی زمانەکان و یاسابەندکردنی بواری بەکارهێنانی هەر زمانێک بەتەواوی جێگیرکران، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

((یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

دووەم: سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتیی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم ماددەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

آ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قسەکردن و وتووێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمیەکاندا بە هەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرەفەرمییەکان.

ج- داننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بە هەردووزمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردییەکان.

هـ- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پەساپۆرت و پوول.

سێیەم: دامودەزگا فیدڕالیە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمیترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا)).

هەروەها دوای تێپەڕبوونی نۆ ساڵ بەسەر دەرچونی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ماددەی(٤)ی دەستوورەکە، کە تایبەت بوو بە بەڕێوەبردنی فرەزمانی لە عێراقدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەک هەنگاوی سێیەم دەنگی لەسەر یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە(٧)ی ساڵی (٢٠١٤ز) دا، کە دواتریش لە سەرۆکایەتی کۆمار پەسەندکرا، و

له ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە(٤٣١١) لە (٢٤/ شوبات/ ٢٠١٤ ز) بڵاوکرایەوە، و خرایە بواری جێبەجێکردن. یاساکە بەشێوەیەکی وردتر تیشکی خستۆتە سەر بەکارهێنانی زمانەکان، کە ئەمەش دواین دەقی یاساییە کە لە بارەی بەکارهێنانی زمان دەرچووبێت.

**سێیەم: یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٧)ی ساڵی(٢٠١٤):**

هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسایەش بۆ جێبەجێکردنی بەند و ماددەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراق، و بۆ ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری پیکهاتەکان و فرەزمانی لە عێراقدا بوو، هەروەها بۆ ئەوەی هەر پێکهاتەیەکی بنچینەیی لە کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، بتوانێت بەشێوەیەکی ئازادانە بە زمانی دایک دەربڕین لە پێویستی و داواکارییەکانی خۆیان بکەن(وقایعی عێراقی، ٢٠١٤: ٤) ناوەڕۆکی یاساکە لە (١٨) ماددە و هەندێک لە ماددەکانیشی لە چەند بڕگەیەک پێکهاتوون، بەم شێوەیە:

((ماددەی-١- یەکەم- زمانی فەرمی ئەو زمانەیە، کە دەوڵەت لە ئاخاوتن و دەربڕین و نووسراوی فەرمی و پارە و پوول، و لە هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکانی پەیوەست بە کاروباری دەوڵەت، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەدا و لە هەر بوارێکی دیکە بەکاریدەهێنێت.

دووەم- زمانی فەرمی ناوچەیی، ئەو زمانەیە کە فەرمییەتی بەکارهێنانی بۆ زمانەکە لەو یەکە کارگێڕییانەدا دەبێت، کە قسەپێکەرانی زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن.

ماددەی-٢- ئامانجەکانی ئەم یاسایە

یەکەم-  ڕێزگرتن لە دەستوور و کاراکردنی، بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراقدا.

دووەم- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زمانیی، لەپێناو نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق و قووڵکردنەوە و پتەوکردنی چەمکەکانی مرۆیی و نیشتمانیی.

سێیەم- بەجێهێنانی گیانی شانازیکردن بە زمانی دایک.

چوارەم- دابینکردنی یەکسانی لەنێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە ماف و جیاوکەکاندا سەبارەت بە بەکارهێنانیان لە دەزگاکانی کۆماری یەکگرتوودا.

پێنجەم- پشتگیریکردن و گەشپێدانی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی و زمانەکانی دیکەی، وەکو زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و سابیئەی مەندائی لە عێراقدا.

ماددەی-٣- زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە عێراقدا دوو زمانی فەرمین.

ماددەی-٤- ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچێت.

ماددەی-٥- زمانەکانی عەرەبی و کوردی لە کۆبوونەوە فەرمییەکان و ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری یەکگرتوو و ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی و دەستەکان و دەزگاکانی دیکەی سەر بە حکوومەتی فیدراڵی و کۆبوونەوە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پەرلەمان و سەرۆکایەتی و حکومەتیشەوە بەکاردەهێنرێت.

ماددەی-٦- ئاخاوتن و نووسراوی فەرمی و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دەبێت.

ماددەی-٧- پێویستە بەڵگەنامە و نووسراوە دەرکراوەکان بە هەردوو زمانە فەرمییەکەی دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێم بنووسرێن.

ماددەی-٨- دەکرێت قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکان بە وتنەوەی وانەکان بە زمانی عەرەبی، یان کوردی، یان تورکمانی، یان سریانی، یان ئەرمەنی لە هەموو دەزگا فێرخوازییەکانی حکوومەت بکرێتەوە، یان بە هەر زمانێکی دی لە دەزگا فێرخوازییە تایبەتەکاندا، ئەویش بە گوێرەی ئەو ڕێکارییانەی لە بواری پەروەردەدا کاریان پێدەکرێت.

ماددەی-٩- هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەم بوارانەدا بەکاردەهێنرێن:

یەکەم- دەرکردنی دراوی نەختینەیی.

دووەم- پاسپۆرت و تابلۆکانی نیشانەی هاتوچۆ و تابلۆکانی ناونیشانی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆماری یەکگرتوو و هەرێمی کوردستان.

سێیەم- پوولی تایبەت بە دراو و پۆستە.

ماددەی-١٠- زمانی تورکمانی و زمانی سریانی بە زمانی فەرمی هەژمار دەکرێن، لەو یەکە کارگێڕییانەی کە تورکمانەکان، یان سریانەکان تێیدا زۆرینەی چڕی دانیشتوان پێکدەهێنن.

ماددەی-١١- هەر هەرێمێک، یان پارێزگایەک، بۆی هەیە هەر زمانێکی دیکەی ناوچەیی، بکاتە زمانێکی فەرمی، ئەگەر هاتوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی بە ڕاپرسی گشتی بڕیاری لەسەر بدەن.

ماددەی -١٢- یەکەم- هەر هاونیشتمانییەکی عێراقی، یان بیانی بۆیان هەیە منداڵەکانی خۆیان بە زمانی دایک فێربکەن.

دووەم- هەر پێکهاتەیەکی عێراقی مافی دامەزراندنی کۆلێژ و پەیمانگە و ناوەندی ڕۆشنبیری، یان کۆڕی زانیاری دابمەزرێنێت، بۆ گەشەپێدانی زمان و کەلتوور و کەلەپوری تایبەت بە خۆی.

ماددەی-١٣- کۆڕی زانیاریی عێراق و ئەکادیمیای کوردی هەردووکیان بە لێڤەگەڕی(مەرجەع) باوەڕپێکراو هەژمار دەکرێن، بۆ شرۆڤەکردنی زاراوە و وشەکان لە کاتی دروستبوونی جیاوازی لە نێوانیاندا.

ماددەی-١٤- هەر کەسێک سەرپێچی ئەم یاسایە بکات، بەم شێوەیەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

یەکەم- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر بوو، سزاکانی بەرزەفتەکردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

دووەم- سەرپێچیکار ئەگەر فەرمانبەر نەبێت، ئاگادارکردنەوەی ئاراستە دەکرێت، کە سەرپێچییەکەی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ڕاست بکاتەوە، لەکاتی گوێڕایەڵی نەکردنیشی، سزای پێ بژاردنی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، بە مەرجێک لە بڕی (٥٠) هەزار دینار بەرانبەر هەر ڕۆژێک کەمتر نەبێت، کە لە لابردنی سەرپێچییەکەی دواکەوتبێت.

سێیەم- هەر زەرەرمەندێک مافی جوڵاندنی سکاڵای یاسایی هەیە، لە کاتی سەرپێچیکردنی بەندەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی-١٥- لیژنەیەکی باڵا دادەمەزرێنرێت بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کە بە ئەنجوومەنی وەزیران دەبەسترێتەوە و نوێنەرێک لە ئەمینداریێتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکات و نوێنەرێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرێک لە ئەمینداریێتی گشتی ئەنجوومەنی نوێنەران دەبنە ئەندام و لیژنەیەکی پسپۆر لە زمانەوانان و ئەکادیمیان و نوێنەرانی تورکمان و سریان و ئەرمەن و مەندائییەکان و نوێنەری هەر زمانێکی دیکە کە لە عێراقدا هەیە.

ماددەی-١٦- ڕێنمایی پێویست لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت بۆ دیاریکردنی کار و ئەرکەکانی ئەو لیژنەیە کە لە ماددەی (١٥)دا هاتووە.

ماددەی-١٧- لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی -١٨- ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە، و لە پاش (٩٠) ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی دەچێتە بواری جێبەجێکردن.))(وەقایعی عێراق، ٢٠١٤: ١- ٤)

ئەم یاسایە بە مەبەستی پیادەکردنی دەقی ماددە(٤)ی دەستووری هەمیشەیی ساڵی(٢٠٠٥) دەرکراوە، واتە، ئەم یاسایە، بەرکاری دەستوورە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستووریە، هەرچەندە دەبوو زۆر زووتر ئەو یاسایە دەرچووبووایە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی هەندێک لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان لەسەر هەندێک لە بڕگەکانی ماددەی(٤)ی دەستوور، بە تایبەتی بڕگەی بە یەکسان سەیرکردنی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە سەرانسەری عێراقدا خاڵی هەرە دیاری ئەو ناڕەزاییە بوو لەلایەن بەشێک لە پەرلەمانتارە شۆڤێنییەکان، کە هۆکاری درەنگ دەرچوونی یاسای ناوبراوبوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئەم سیاسەتە زمانییە، کە تایبەتە بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانەکان لە عێراقدا، بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووی سیاسەتی زمانی، هەرچەندە لەڕووی ڕەوشی بەڕێوەبردنی فرەزمانی لە کۆماری عێراقدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتە زمانییەکە بەدەر نییە لە کەموکوڕی، بڕگە و ماددەکانی بۆ باشتر جێبەجێکردنی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان پێویستییان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، بۆ نموونە، لە یاسای زمانە فەرمییەکانی زۆربەی وڵاتاندا بەپێی کەرتەکانی ژیان وەکوو: (پەروەردە، ڕاگەیاندن، کارگێری،  بازار و...هتد) ماددە و بڕگەکانی بە جیا ڕوونکراوەتەوە و داڕێژراون، واتە، هەر کەرتێک بە جیا و بەوردی ئاماژەی پێکراوە و ڕوونکراوەتەوە، و بڕگە و ماددەکانی بەشێوەی بەش و دەروازەی سەربەخۆ بە ناوی ئەو کەرتانەوە ناونراون، و بە قووڵی لە ماددە و بڕگەکاندا دەستنیشانی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکانیان تێدا دەستنیشانکراون.

سیاسەتی نوێی زمانیی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا، لە یەکەم دەستووری وڵاتدا، و لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا، لە قۆناغە تیۆرییەکەیدا، بۆ زمانی کوردی لە ئاست و پێگەیێکدایە کە بەدرێژایی مێژووی دروستبونی دەوڵەتی عێراق لەو پایەدا نەبووە، هەروەها

سەرجەم زمانەکانی دیکەش پایەی شایستەی خۆیان بە پێی قەبارەی خۆیان لە مافی بەکارهێنانی زمانی دایک بۆ فەراهەم کراوە، و پارێزگاری لە هاوسەنگیی نێوان سەرجەم زمانەکان کراوە، و چالاکییە زمانییەکانی هیچ زمانێک سنووردار نەکراوە، ئەمەش بۆ رەخساندنی هەلی گەشەپێدانی زمانی سەرجەم پێکهاتەکان.

بێگومان لە پاراستنی هاوسەنگیی لە نێوان زمانەکاندا ڕەچاوی ژینگە و پێگەی جوگرافی زمانەکان کراوە، کە ئەمەش سیاسەتێکی سەرکەوتوو سەردەمیانەیە، لەبەرئەوەی لەلایەک لە هاوسەنگیەکەدا زمانی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق لە وڵاتدا ڕەچاوکردوە، زمانی هیچ پێکهاتەیەکی فەرامۆش نەکردووە، لە لایەکی دیکەش تەنیا دوو زمانی لەسەرانسەری وڵاتدا بە فەرمی ناساندووە. ئەمەش وەنەبێت عێراق یەکەمین وڵات بێت ئەم سیاسەتە زمانییە پیادەبکات، بەڵکو لە دەستووری زیاتر لە (٥٠) وڵاتدا دوو زمانی فەرمی لە دەستووری وڵاتەکانیاندا هەیە(جامباز، ٢٠٠٧: ٣).

هەروەها سەرچاوەی سیاسەتە زمانییەکە، لەسەر ئاستی دەوڵەت و دەستوری وڵاتدایە، ئەمەش دەریدەخات کە بە گشتی دەوڵەتی عێراق لە ڕێکخستنی زمانان لەسەر ئاستی کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، لە سیاسەتی زمانیدا کەمتەرخەم نەبووە، لە دەستووردا مادده و بەندی دەستووری بۆ تەرخانکردوە، هەروەها یاسای تایبەتیشی بۆ جێبەجێکردنی دەرکردووە، ئەمەش بە نیشانەیەک دادەنرێت بۆ بەهێزی سیاسەتە زمانیەکە، بە دانپێدانراوەکان لەنێو قەوارەیەکی نیشتمانی باڵای دیاریکراودا. هەر وەک لە مادده( ١٣)ی دەستورەکەدا، هاتووە، کە ((ئەم دەستوورە بە یاسای باڵا و هەرەبەرز لە عێراقدا دادەنرێت، و پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بەبێ جیاوازی)). هەروەها لە برگەی دواتریشیدا هاتووە: ((نابێت یاسایەک دەربکرێت پێچەوانەی ئەم دەستوورە بێت)). (دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: مادده ١٣)، کەواتە بەهێزی سەرچاوەی سیاسەتە زمانییەکە، لە ئاستێکی بەرز و هەرە باڵای نیشتماندایە. لایەنێکی دیکەی بەهێزی ئەو سیاسەتە زمانییە، ئەوەیە، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەر وەزارەتێک یان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یان هەر لایەنێکی دیکە ناتوانێت بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتە زمانییە یاسایەک دەربکات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کە پێویستە لە هەموو کەرتێک جێبەجێبکرێت، لە ناویشیاندا ڕاگەیاندن بە هەموو ئامرازەکانیەوە بە کەناڵە ئاسمانیەکانیشەوە.

دیسانەوە ئەمەش دەریدەخات، بە ئامانجگیراوەکان، لە سیاسەتی زمانیی لە کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، تەنیا چینێکی دیاریکراو یاخود کەرتێکی دیاریکراو بە ئامانج نەگیراوە،

بەڵکوو سەرجەم بوارەکان و کەرتەکان (پەروەردە، ڕاگەیاندن، کارگێری،...هتد) دەگرێتەوە، هەروەک لە بڕگەی (هـ) بەندی دووەمی دەستوورەکە و ماددەی یەکەمی بڕگەی(١)ی یاساکەشدا هاتووە: ((هەردوو زمانەکە فەرمین.... لە هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە)) ئەمەش هەموو پێکهاتەکانی عێراقیشی گرتۆتەوە، کە وایکردووە سیاسەتە زمانییەکە لە داڕشتنیدا سیاسەتێکی کارا بێت، پیادەکردنی لە کەتواردا یارمەتیدەر بێت، واتە دەکرێت لەسەر بنەمای ئەم ماددە دەستووری و یاساییانە کار بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بکرێت، و بخرێتە دوتوێی سیاسەتی ڕاگەیاندن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

جگە لەمانەش، لە سیاسەتە زمانییەکەدا، ڕەهەندی زمانی (هەرچەندە لەم ڕووەوە بێ کەموکوڕی نییە)، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریشی تێدا ڕەچاوکراوە، لەبەرئەوەی لە کاتی داڕشتنی سیاسەتە زمانییەکە پێویستە ڕەچاوی ئەو ڕەهەندانەش بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت سیاسەتە زمانییەکە بە ئاسانی بخرێتە بواری جێبەجێکردن و هیچ بەربەست و لەمپەرێکی بۆ دروست نەبێت. چونکە سیاسەتی زمانی بۆ کۆمەڵ دادەنرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە سوودێکی ئەوتۆی نابێت.

هەموو ئەمانەش دەریدەخەن، کە سیاسەتی نوێی زمانی لە عێراقدا، ئایدیۆلۆژیای تواندنەوەی زمان و پەراوێزخستنی کەمینەیەکی خاوەن زمانی یاخود سڕینەوەی بەیەکجاری زمانێکی پێرەونەکردوە، بەڵکو بە شێوەیەکی باش و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هەوڵی ڕێکخستنی فرەزمانی لە عێراقدا داوە، کاری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان کردوە بەشێوەیەکی هاوسەنگ، لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیای فرەزمانی پیادەکردووە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی تاکزمان و توانەوەی زمانییە کە لە پێش پرۆسەی ئازادی عێراقدا لە هەندێک ناوچەدا پیادەدەکرا، واتە ئامانجەکانی سیاسەتە زمانییەکە، لە یاسا و دەستووری نوێی هەمیشەیی عێراقدا، لەو ئامانجانەوە دەستیان بە دەرچوون نەکردووە، کەوا دەیەوێت زمانی عەرەبی، کە زمانی زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتی عێراقە بەسەر تەواوی دانیشتوانی وڵاتدا بسەپێنێت، زمانەکانی دیکەش فەرامۆش و دوورە پەرێز بمێننەوە. بۆیە دەخوازێت، کە ئەو وەکو یەک تەماشاکردنەی زمانەکان کە ئێستا ماددە و بڕگەکانی کارایە، لە سەرجەم یاساکانی ڕاپەڕاندن لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی خوێندن و کارگێری و بازرگانی... هتد بخرێتە بواری یاسابەندکردنەوە.

ئەم یاسایە زمانی کوردی لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراقدا، لە دوو ئاستدا سەیرکردووە: لە ئاستی ناوەند و ئاستی هەرێمدا، لە ئاستی ناوەندیدا لە بەکارهێنانی زمانەکاندا لەگەڵ زمانی عەرەبی بە یەکسان سەیریکردووە، بەبێ سەرنجدان لە ڕێژەی ئاخێوەرانی هەر کام لە زمانەکان لە ئاستی سەرانسەریدا. ئەمەش لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد خاوەن هەرێمێکە و پێگەیەکی یاسایی پێکهێنەر، یان دامەزرێنەری فیدڕالیی بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراقی هەیە، بۆیە زمانی نەتەوەکەش، کە زمانی کوردییە لە هەرێم و لە ئاستی ناوەندیدا پێگەی یاسایی زمانی فەرمی هەیە.

هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەک زمانی فەرمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو زمان بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زۆرترین ژمارەی ئاخێوەریان لەسەر ئاستی وڵاتدا هەیە. لەلایەکی دیکەش بۆ ئەوەی یەکسانی نێوان هەردوو زمان بپارێزرێت، بۆ ئەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و ئاشتی بەرقرار بێت و ململانێی نێوان زمانەکانی لێنەکەوێتەوە. هۆکارێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نەتەوەی کورد ئەو سەردەم پێگەیەکی بەهێزی لە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقی نوێدا هەبوو، زەمینەی ئەو داواکاریەی لەو سەردەمەدا بۆ لەباربووە.

بەمەش کۆماری عێراقی یەکگرتوو سوودی لە ڕەوتی مێژوویی و کۆمەڵگەیی پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق وەرگرتووە، لەبەرئەوەی هەموو سیاسەتێکی زمانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و ژینگەییەکی زمانی دیاریکراو دەکاتە ئامانج، واتە، لە سیاسەتە زمانییەکەدا، توانراوە تێگەیشتنی تەواوی لە بارەی ژینگەی کۆمەڵایەتیی و ئەو هێزەی کەوا حوکمی کۆمەڵگەکە دەکات، وەرگرێت، کە پیوەندیی بە سیاسەتە زمانیەکەوە هەیە، ئەمە سەرباری هوشیاربوون بە ڕەوتی مێژوویی کۆن و ئێستای و هەبوونی پەیوەندییان بە یەک و پەیوەندی هەبوونی سیاسەتی زمانییەکە پێیانەوە.

جگە لەمەش، ئەم باوەربوون و دانپێدانانە بە زمانی کوردی و زمانە ناوچەییەکانی دیکە، لە دەستووری نوێی عێراقدا، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەتی زمانی لە عێراقدا بەپێی قۆناغەکان و جۆری سیستەمی حکومڕانیی بەشێوەی جیاواز ڕەنگڕێژی بۆ کراوە، لەبەرئەوەی وەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکردوە، ئەم پۆلینانە لە دەستووری وڵاتدا لە پێش پرۆسەی ئازادی عێراق بە جۆرێکی تر بوون.

لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا، لە ماددە (١٥)ی یاسای زمانە فەرمییەکاندا، دەزگا و دامەزراوەی پێویست بۆ ڕێکخستن و چاودێرکردن و پیادەکردنی ئەو ماددە و بەندە

دەستووری و یاساییانە دەستنیشانکردوون، وەک کۆڕی زانیاری عێراق و ئەکادیمیای کوردی و پسپۆڕانی زمانەوانی، کە تیایدا ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی ئەو دەزگایانەشی بە یاسا ڕێکخستووە بۆ پیادەکردنی ئەوەی لەسەر شانیانە لە جێبەجێکردنی یاساکەدا.

کەواتە، هەرچەندە لە یاسا و دەستووردا زمانی کوردی و زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی دیاریکراون، بەڵام ئەگەر پلانی زمانمان نەبێت و بەدواداچوون و چاودێری جێبەجێکردنی نەکەین، هەروەک لە ماددەی (١٥) یاسای زمانە فەرمییەکاندا هاتووە، ئەوا ناتوانین دەستنیشانی ئالینگەریەکانی بەردەمی ئەو سیاسەتە زمانییە دەستنیشانبکەین، هەروەها ئەگەر چاوپۆشی لە جێبەجێکردنی بڕگە و ماددە دەستوری و یاساییەکان بکەین، ئەوا چارەنووسی زمانان، کە بەشێکن لە کەلتووری نیشتمانی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە و هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت، زمانەکان بەرەو گەشە و پەرەسەندن هەنگاو ناهاوێژن و بە دواکەوتوویی دەمێننەوە. واتە، پێویستە بەردەوام لەلایەن دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وەکوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە و دەستەی ڕاگەیاندن و ئەکادیمیای کوردی چاودێری و بەدواداچوون بۆ ڕادەی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بڕگە و ماددەکانی سیاسەتە زمانییەکە هەبێت، پێبژاردنی دارایی لەسەر سەرپێچیکاران هەبێت، هەروەها هاندان و پاداشت هەبێت، بۆ ئەوانەی بە باشی پیادەی دەکەن، بۆ ئەوەی سیاسەتە زمانییەکە زیاتر جێگای خۆی بگرێت.

سەرەڕای ئەو لایەنە ئەرێنیانەی لە سیاسەتە زمانییەکەدا ئاماژەمان پێکرد، سیاسەتی زمانی لە کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، لە کەموکوڕی بەدەر نییە، بۆ نموونە، لە دیاریکردنی پێگەی زمانە بیانییەکان لە سەرجەم کایەکاندا بە ڕوونی دیارینەکردوە و دەستنیشانی بەکارهێنانەکانی نەکردووە، کە لە کام شوێندا؟ و لە کام بواردا؟ و کێ و لە کام قۆناغی تەمەندا؟ لەکام کاتدا؟ دەشێت بەکاربێت.

هەرچەندە هیچ زمانێکی بیانی وەک زمانی فەرمی هاوبەش لە دەستووردا بۆ هیچ کەرتێک شان بەشانی زمانە فەرمییەکانی دیکە دیارینەکردوە، بەڵام زمانی ئینگلیزی بەکارهێنانێکی فراوانی لەسەرجەم بوار و کایەکانی ژیان لە ژینگەی زمانیدا هەیە، تەنانەت لە ساڵی (٢٠٠٣ز)ەوە لە بواری ڕاگەیاندنی فەرمیدا، لە کەناڵی ئاسمانی هەواڵی عێراقی(قناة العراقية الاخبارية) کە سەر بە تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقییە، هەواڵەکان بە زمانی ئینگلیزیش پێشکەش دەکرێن، بۆیە دەکرێت بڵێین زمانی ئینگلیزی زمانی هاندراوە لە عێراقدا، بە جۆرێک کە هەرچەندە پلەی زمانی فەرمی و ناوچەیی نییە، بەڵام کۆمەڵگە بەگشتی و پەروەردە و

دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەڵکی لێوەردەگرن و لە دیدار و چاوپێکەوتن و هەندێ بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆندا بەکاریدەهێنن.

لایەنێکی دیکەی کەموکوورِیی سیاسەتی زمانی لەسەر ئاستی کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، کە خۆی لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا دەبینیتەوە، دەستوەردانی لە بنیادی زمانان لە ناوەخۆیاندا نەکردوە، بەڵکو تەنیا دەستوەردانی لە پەیوەندیی نێوان زمانەکانی وڵاتدا کردوە، دەستوەردانی لە بەڕێوەبردنی فرەزمانیدا کردوە، کە هەڵاوێردی زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە نێو زمانەکاندا وەک زمانی فەرمی سەرانسەری کردووە، هاوکات فرەزمانی لە وڵاتدا جێگیرکردوە، هەروەها بە گشتی بەکارهێنانی زمانی لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، پەروەردە، کارگێری،...هتد) دیاریکردوە، بەڵام هەندێک لە برگە و ماددەکانی بە باشی ڕووننەکردۆتەوە، بەجۆرێک کە لێکدانەوەی جیاواز هەڵنەگرێت. بۆ نموونە، زمانی کوردی وەک زمانێکی سەرانسەری دیاریکردووە، بەڵام پێناسەی زمانی کوردی نەکردووە، کە مەبەستی کام زار و شێوەزارە؟ هەر بۆیە، ئەم دانپێدانانە نەیتوانی کۆتایی بە کێشە و ئاریشەکانی زمانی کوردی بهێنێت، چونکە ناکۆکی ئەمجارە بووە ناکۆکی نێوخۆیی، لە نێوان هەردوو زاری ناوەڕاست و زاری کرمانجی ژووروو بەهۆی ئەوەی، کە پرۆسەی بە ستانداردکردن بە ئاکام نەگەیشتبوو و دەسەڵاتی زمانی کوردی بە شێوەیەکی ئاڵۆز و بێپلان لە ڕاگەیاندن کەوتەکار، لەلایەکی تریش بەهۆی ئەو کرانەوەیە، کە جیهانگیری بانگەشەی بۆ دەکات، لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان زمانی ئینگلیزیش کاریگەریی زۆری لەو ڕێگەیەوە نواندوە، لە جێگەی زمانی عەرەبی جێیان خۆشکردووە. (پوور، ٢٠١٥: ١٤) هەروەها سیستەمی نووسین (ئەلفبێ)ی زمانە فەرمییەکانی دیارینەکردووە، کە کام (ئەلفبێ) فەرمییە، هەر وەکو لە دەستوور و یاسای زمانە فەرمییەکانی(وڵاتی هیند)دا هاتووە، نووسین بە زمانی دیڤانگاری (Devangari) دەبێت (جامباز، ٢٠٠٧: ١٨). لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا سەبارەت بە زمانی نووسین هاتووە: (زمان و نووسینی فەرمی و هاوبەشیی ئێران زمانی فارسییە).(دستور جمهورية ايران الاسلامية، ١٩٧٩: المادة ١٥) بەتایبەتیش لەبەرئەوەی ئەلفبێی زمانی کوردی لەمبارەیەوە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، دوو جۆر سیستەمی نووسینی هەیە، ئەلفبێی لاتینی و ئەلفبێی عەرەبی(ئارامی).

بۆیە سیاسەتی زمانی لە عێراقدا، کە ئێستا بەرکارە و پیادەدەکرێت، لێکۆڵینەوەی لەسەر چەند پرسێک نەکردووە، لەوانە:

١- لێکۆڵینەوەیەکی وردی باروودۆخی ناوخۆی زمانانی نەکردوە، لە ڕووی زمانەوانی و نازمانەوانی لە سەر ئاستی ناوەند و هەرێمدا، بەتایبەتی بۆ زمانی کوردی و ئاریشەکانی لە هەرێمی کوردستان.

٢ - دانانی بۆچوون و بنەماکانی ڕێکخستنی فرەزمانی لە عێراقدا لەسەر بنەمای سیاسی بووە، بە پشت بەستن بە داتای لێکۆڵینەوەیەکی زمانی ورد نەبووە.

٣- هەڵسەنگاندنی بەردەوامی بۆ ئالنگارییەکانی ئەو سیاسەتە زمانییە نەکردوە.

دیسانەوە لەم قۆناغەدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕاگەیاندن و کەناڵی تەلەفزیۆنی و کەناڵی ئاسمانی بۆ یەکەمجار بوو ڕێگەپێدراو بێت کەسانی سەربەخۆ و پارتە سیاسیەکان و کۆمپانیاکان خاوەندارییەتی بکەن، بە پێچەوانەوە لە هەردوو قۆناغی پێشووی سیاسەتی زمانیدا، پەخشی کەناڵی تەلەفزیۆنی و کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆل و سەرپەرشتی حکومەت و دەسەڵاتی حوکمڕان بوون، تەنانەت کەناڵە ئاسمانییەکانی دیکەی جیهانیش پەخشی بەرنامەکانیان لە عێراقدا قەدەغەبوو، بە گۆڕینی دەستوور دەرگای ئازادی ڕۆژنامەگەری لە عێراقدا خرایە سەرپشت و ڕێگەی گرت لە حکومەتی نوێی عێراق ئازادی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی ناوخۆی عێراقدا قەتیس بکات، و دەیان کەناڵی ئاسمانی ئەهلی و حزبی و تاکەکەسی و کۆمپانیا لە عێراقدا دامەزران و پەخشی کەناڵە جیهانیەکانیش قەدەغەی پەخشی هەواڵ و بەرنامەکانیان لەسەر لابرا.

بەم جۆرە، لەم قۆناغەی سیاسەتی زمانیدا، کە ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی فرەزمانی تێیدا پیادەکراوە، بۆتە هۆی ئەوەی ژینگەیەکی نوێ لە عێراقدا لە پەرەسەندنی کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی سەرهەڵبدات، کە لە ڕووی زمانی و خاوەندارێتی و تایبەتمەندییەوە فرەچەشنن، بە تایبەتی لە ڕووی زمانییەوە، بە زمانەکانی ( کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی) هەواڵ و زانیاری و بەرنامە هەمەچەشنەکانیان پەخش دەکەن، هەروەها بە هەریەک لەو زمانانە کەناڵی ئاسمانی فەرمی دامەزراندوە. بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەو فرەییە بەهۆی دەستوور و یاسا نوێیەکان هاتەکایە، پاش ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٣ز) بەدواوە لە عێراق هاتنە ئاراوە، زەمینە بۆ زمانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق ڕەخسێنراوە.

بەمەش دانپێدانانی زمانی سەرجەم پێکهاتەکان لە دەستووردا بە تەواوی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەک لە بڕگەی(٣) لە مادده(٥)ی یاسای تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی(شبكة الاعلام العراقي)یش ئەمە جێگیرکراوە، کە:

((بەرنامەکان بە زمانە فەرمییەکان و ناوچەییەکانی بەپێی ماددە(٤)ی دەستوور، و بەپێی یاسای زمانە ناوچەییەکانی ژمارە(٧)ی ساڵی(٢٠١٤ز)، و بە هەر زمانێکی تر کە ئەمینداریەتی ئەنجومەن بڕیاری لێبدات پێشکەش دەکرێن))(الوقائع العراقية، ٢٠١٥: ٤).

ئەمەش لە کاتێکدا، پێش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٣ز) تەنیا ڕاگەیاندنی فەرمی حکومەتی عێراقی هەبوو، و تەلەفزیۆنی کوردی ژمارەی بەرنامە و کاتژمێرەکانی کارکردنی سنوورداربوون و پەخشەکەشی بۆ سەرتاسەری عێراق نەبوو، بەڵکوو تەنیا بۆ ناوچە کوردییەکان بوو، کوردانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لێی بێبەشبوون، ڕێگەی بە ئازادی ڕادەربڕینش نەدەدرا، لەبەرئەوەی لەژێر چاودێریی توندی دەسەڵاتدابوون و زیاتر بە ئایدیۆلۆژیای پارتی بەعس گۆشکرابوو، ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی دەنگی نارەزا نەدەدرا، پەیامەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

لەمەش زیاتر، دوای ئەوەی ژینگەیەکی نوێ بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیکەری دەوڵەتی عێراق دروست بوو، ئەمەش لەپاش دەرچوونی دەستووری نوێی عێراق(٢٠٠٥ز)، کە لەماددە (١٠٣)ی دا، بۆ ڕێکخستنی پەخش و گەشەپێدانی کەرتی ڕاگەیاندن و چاودێریکردنی چالاکی ڕاگەیاندن لە ناویشیاندا کەناڵە ئاسمانیەکان، دەستەیەکی سەربەخۆی دامەزراند، بەناوی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی، کە یەکێک لەو دەستانەی بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کەنالەکانی ڕاگەیاندنی بینراو لە ناویشیاندا کەناڵە ئاسمانییەکان دامەزرێنراوە. کە ڕاستەوخۆ بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرێدراوە، و لەلایەن ئەنجومەنێک کە لە (٩) ئەندام پێکدێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە هەڵدەبژێردرێن، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی ئەو دەستەیە دەکەن، هاوشێوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنە، لە ڕووی کارگێری و دارایی سەربەخۆیی تەواویان پێدراوە. کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستانیش لەم ڕووەوە بەم دەستەیەوە گرێدراون، و کەناڵە ئاسمانییەکان فریکوێنسەکانی لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەستەیەدایە، هەر وەک لە لائحەی دەستەکەدا هاتووە:((دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی بەرپرسە لە مۆڵەت پێدانی کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئاسمانی لەپێناو ڕێکخستنی سیاسەتی ڕاگەیاندن، کە ئامانجی دەستەبەرکردنی کاری دەزگا مۆڵەت پێدراوەکانە بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکە دیموکراسیەکان.... و ڕێزگرتنی فرەچەشنی ڕەگەزی و کەلتووری و ئایینی لەگەڵ وردی لە گواستنەوەو لایەنگیری نەکردن و بەویژدانی))(هيئة الاعلام و الاتصالات: ٢٠/١/ ٢٠٢٢) هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە دەسەڵاتی پێنەدراوە، هەر وەک چۆن دەسەڵاتی فرۆکەوانی و سنوورەکان لە دەسەڵاتە سیادییەکانن تەنیا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دایە.

سەبارەت بە سیاسەتی زمانی کوردی و سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن، لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بە دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی عێراق گرێدراوە، و بەکارهێنانی زمانەکانیش لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا لە چوارچێوەی ماددەی(٤) ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕێکخستنی بۆکراوە.

بەم جۆرە، سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عێراق، لە هەرسێ قۆناغی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر جۆری سیاسەتە زمانییەکە هەبووە، لە هەموو کەرتەکاندا، لە پێش هەموو کەرتەکانیش لە کەرتی ڕاگەیاندن، بە ئاشکرا سیستەمی سیاسی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن هەبووە.

سیاسەتی نوێی زمان لە عێراقدا، دوای ئەوەی لە ژێر چنگی دیکتاتۆری ڕزگاری بوو لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق ڕەنگرێژێکی نوێی بۆکرا و سەرلەنوێ داڕێژرایەوە، ئەمەش وەک وەڵامدەرەوەیەک بوو بۆ کێشەی زمانی کوردی و زمانە ناوچەییەکانی دیکە لە وڵاتدا، بۆیە بەم شێوەیە هاتە ئارا، کە سیاسەتی پێشوو بەربەستبوون لە بەردەم گەشەی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە لە ناوچەکەدا.

**٣.٤ : سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا:**

هەرێمی کوردستانی عێراق دوای ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی(١٩٩١ز)وەک قەوارەیەکی فیدڕالی لە ساڵی(١٩٩٢ز) دامەزرێنراوە، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی ئەو کاتەی عێراق یەکە کارگێرییەکانی لە کوردستان کشاندەوە، و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ هیچ جۆرە پێوەندییێکی سیاسی و ئابووری و کارگێری فەرمی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا نەمابوو(بارزانی، ٢٠٢٠: ٤٥)، لەم ماوەیەدا هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و کارگێری و ئابووری و سەربازی بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ مامەڵەی دەکرد، لەبەرئەوەی پەیوەستی هیچ بڕیارێکی دەوڵەتی عێراق نەبوو، هاودەم هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی سەربەخۆی خۆی هەبوو، و ئەو دەسەڵاتانەی بەشێوەیەکی کرداری پیادەدەکرد، بە تایبەتی دەسەڵاتی یاسادانان، کە پەرلەمانی کوردستان بە بەردەوام بۆ تۆکمەکردنی کاروبارەکانی حکومەت یاسای پێویستی دەردەکرد.

ئەو هەنگاوانەی پەرلەمانی کوردستان، کە لە ڕووی دەرکردنی یاساوە گرتیەبەر، ڕۆڵی سەرەکییان لەسەر ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو، هەر وەکوو بەپێی ئەو شیکردنەوەیەی لە دەستپێکی ئەم بەشەدا، لە بابەتی کۆڵەگە

بنچینەییەکانی دانانی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا خستمانە ڕوو، دەسەڵاتی یاسادانان ڕۆڵی گرنگی بۆ دانانی سیاسەتی زمانی لە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

ئەگەر بمانەوێت بەوردی تیشکبخەینە سەر ئەو هەوڵانەی پەرلەمانی کوردستان، کە بۆ دانانی سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستاندا داویەتی، پێویستە باس لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاواز لەمبارەیەوە بکەین، لەخوارەوە سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا بە زنجیرە بەپێی قۆناغە مێژووییەکە، دەخەینەڕوو:

### ٤-٣-١: سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان (١٩٩٢ز- ٢٠٠٣ز):

مێژووی ئەم قۆناغە لە ساڵی(١٩٩٢ز) دەستپێدەکات، و لە ساڵی (٢٠٠٣ز) کۆتایی دێت، قۆناغەکە بە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونی حوکمرانی دەسەڵاتی کوردی دادەنرێت، پاش ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی حکومڕانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە ڕزگاری بوو.

لە سەرەتاکانی ئەم قۆناغەدا، یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان، و یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزران، وەک هەنگاوی یەکەمیش بۆ ڕێکخستنی کاروباری وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان یاسای پەیوەست بە وەزارەتەکانی دەرکرد. هەر بۆیە بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی زمان، پێویستە بە دوای ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و پێگەی زمانەکانی دیکە لە چوارچێوەی مادده و بڕگەکانی یاسای وەزارەتەکان و دامەزراوەکاندا بگەڕێن، لەبەرئەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەو سەردەمەدا، خاوەنی هیچ جۆرە سیاسەتێکی زمانی فەرمی گشتگیر نەبوو، بە تایبەتی کە لە چوارچێوەی یاسایەکی دیاریکراوی وەک یاسای زمانە فەرمییەکان، هەوڵی بۆ پەرەپێدان و پاراستنی زمانی کوردی و ڕێکخستنی فرەزمانی بە شێوەیەکی یاسایی لە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیاندا کردبێت، و لەو ڕووەوە لەو ماوەیەدا بۆشایی یاسایی لە هەندێک کەرتدا هەبووە، لە ناویشیاندا لە کەرتی ڕاگەیاندن.

یەکێک لە هۆکارەکانیشی بۆ نەبوونی دەستوری هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هەمیشە وڵاتان سیاسەتی گشتی بۆ هەموو کەرتەکانی ژیان لە ناو دەستوردا جێگیردەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەوەش بگوترێت، بۆ پڕکردنەوەی بەشێکی ئەو بۆشاییە یاساییە، هەرێم لە هەندێک کەرتدا ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی کەرتی(سێکتەری) لە هەندێک بواردا پیادەکردووە، بە جۆرێک کە بەکارهێنانی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی لە چوارچیوەی یاسای هەندێک لە وەزارەتەکان یاسابەندکردبوو، هەر

وەک ئەوەی لە کەرتی پەروەردەدا پیادەی کردووە، کە لەگەڵ دروستبوونی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کودستان لە ساڵی(١٩٩٢ز) لە یاسای وەزارەتی پەروەردەدا باسی لە زمانی خوێندن کردووە، لە مادده(٤)ی یاساکەدا لە بڕگەی (٣ و٤)دا، زمانی خوێندنی لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا دیاریکردوە، لە بڕگەی سێیەمیدا هاتووە: (( کردنی زمانی کوردی بە زمانی خوێندن لە گشت پلەکانیدا)) هەروەها لە بڕگەی چوارەمیشیدا، هاتووە: ((کردنی زمانی کەمایەتییەکان بە زمانی فێرکردن لە پلەی سەرەتاییدا بۆ کوڕ و کاڵانییان لەو ناوچانەدا کە تیایاندا نیشتەجێن، بە مەرجێ فێرکردنی زمانی کوردی تیایاندا ئیلزامی بێ.)). مەبەستی لە کەمایەتییەکان پێکهاتەی(عەرەب و تورکمان و ئاشوورییە) (ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان، ١٩٩٧: ٤٠١-٤٠٢). ئەمەش دەریدەخات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا خاوەنی سیاسەتی زمانی کەرتی بووە، لە کەرتی پەروەردەدا، و لە سیاسەتە زمانییەکەیدا ئایدیۆلۆژیای فرەزمانی لە کەرتی پەروەردەدا پیادەکردووە.

هەر لە هەمان کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لە ساڵی(١٩٩٢ز) لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریش بۆ پاراستنی کەلتووری پێکهاتەکان دوو بەرێوەبەرایەتی لەسەر ئاستی وەزارەت بە ناوی (بەرێوەبەرایەتی ڕوشنبیریی تورکمان، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ئاشووری) دامەزراندووە، کە ئێستا هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکە پلەکانیان بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرزکراوەنەتەوە، ئەمەش وەک دانپێدانانێک بە فرەچەشنی لە ڕووی نەتەوەیی و مامەڵەکردن بەشێوەی دادپەروەرانە بە مافە کەلتوورییەکانی ئەو پێکهاتانە دادەنرێت. هاوکات هۆکارێکە بۆ پاراستنی فرەچەشنی لە ڕووی کەلتوورییەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی زمانی لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریدا، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی گرنگترین و هەستیارترین کەرتی کۆمەڵگەی پێسپێردراوە، کە بواری ڕاگەیاندنە، بەتایبەتی ئەرکی مۆڵەت پێدانی دامەزراندنی ئیزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دەرکردنی ڕۆژنامەشی لە ئەستۆدابووە.(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ١٩٩٨: ٩١) لە ڕووی سیاسەتی زمانی کەموکوڕی لە یاساکەیدا هەبوو، لەبەرئەوەی تەنانەت بە یەک بڕگەش لە ماددەکانی یاساکەدا ئاماژەی بە بەکارهێنانی زمان لەم دەزگایانەی ڕاگەیاندن نەکردووە، کە بە کام زمان و لە نێو زمانەکانیشدا بە کام زار بەرنامەکانیان پەخش و بڵاوبکەنەوە، و کام سیستەمی نووسین بەکاربهێنن.

ئەمەش دەریدەخات لەم وەزارەتەدا، کە سەرپەرشتی بواری ڕاگەیاندن و کەلتور و کەلەپوری لە ئەستۆدابووە، سیاسەتی دەستوەرنەدان لە زمانانیان پیادەکردبێت، بۆیە لایەنی بەکارهێنانی زمان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنییان لە یاساکەدا فەرامۆشکردووە.

هۆکارەکانی فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە گرنگەش لەو سەردەمەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کە خۆی خاوەن دەستوور نەبووە، هاوکات خاوەنی سیاسەتێکی زمانی دیاریکراوی خۆیشی نەبووە، بۆ ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریش لە ڕاگەیاندنەکاندا لەسەر ئەو بنەمایە ڕەنگڕێژی سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن بەگشتی و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی بە تایبەتی بکات.

زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانیاندا خاوەندارێەتییان بۆ پارتە سیاسییەکان دەگەڕایەوە، ئەو کات دەسەڵاتی پارتە سیاسیەکان هەژموونی دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی حکومەت زیاتر بوو، بۆیە چاودێریکردنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری کارێکی ئاسان نەبوو، و لە ئاستێکی باشدا نەبووە. تەنانەت هەندێک لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی کە خاوەندارێەتییان بۆ پارتە سیاسیە باڵا دەستەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، بەر لە دروستبوونی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستبەکاربوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەرچوونی یاساکەی، دەستیان بە پەخشکردنی بەرنامەکانیان کردبوو، بۆ نموونە، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی، کە کەناڵێکی ناوخۆیی بوو، لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە (١٩٩١/٩/١١ز) دامەزراوە، هەروەها لە پاش ئەویش لە(١٩٩٢/٥/١٤ز) تەلەفزیۆنی کوردستان(ktv) لە پیرمام لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا.(گەشاو، ٢٠٢٠: ٢٠) لە کاتێکدا یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە (١٩٩٢/١١/١٢ز) دەرچووە (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، ١٩٩٨: ٥٧– ٨٧). واتە، لە هەرێمی کوردستاندا بەر لە دانانی سیاسەتی زمانی و سیاسەتی ڕاگەیاندن، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراون.

بە هۆی ئەو ئازادییەی لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و یاسای پارتە سیاسیەکاندا بۆ پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری دامەزراندنی ڕاگەیاندن فەراهەمکرابوو، بوو بەهۆی ئەوەی، کە ڕۆژانە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی(نێوخۆیی) پارتە سیاسییەکان ڕووی لە زیادبوون بکات، ئەمەش بەپێی ئەو دەقەی کە لە بڕگەی یەکەمی مادده(١٣) ی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی(١٩٩٣ز) حزبەکاندا هاتبوو، کە: ((حزب مافی هەیە

ئەو ڕێ و شوێنانەی ڕاگەیاندنی هەبێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی)). (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ١٩٩٨: ٣٣٤)

بەمەش هەر پارتێکی سیاسی بەپێی ئایدیۆلۆژیای سیاسی پارتەکانیان پەیامی خۆیان پەخش و بڵاو دەکردەوە، هەروەها لە ڕووی زمانیشەوە، تەلەفزیۆنەکانیان بەرنامەکانیان بە زمانەکانی(کوردی بە هەر دوو زاری(ژووروو و ناوەڕاست)، تورکمانی، سریانی، عەرەبی، ئینگلیزی) بەرنامە و هەواڵ و زانیارییان پەخش دەکرد. بەڵام بەبێ هەبوونی هیچ جۆرە سیاسەتێکی زمانی بەڕێوەدەچوو، لەبەرئەوەی تەنیا لەیەک بڕگەی هەردوو یاساکەشدا ئاماژە بە بەکارهێنانی زمان لەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن نەکردبوو.

پێویستە ئەوەش بگوترێت، گرنگترین شت، کە هەلی بۆ گەشەسەندنی زمانی کوردی لەم ماوەیەدا ڕەخساندبێت، پەرەسەندنی ڕاگەیاندن بوو، بە جۆرێک کە لە مێژوودا یەکەم جار بوو، بەم شێوە فراوانە، دامەزراندنی ڕاگەیاندنی بینراو، کەوتبێتە دەست دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی، و تێیدا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەخش و بڵاوکردنەوەدا بە ئازادییەکی ڕەها و دوور لە دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیای بەعس و دەسەڵاتی داگیرکاری بەرنامەکانیان پەخش و بڵاو بکەنەوە، ئەمەش لەلایەک سنووری بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ڕووی ئەرکەوە فراوان کرد، و هاوکات لە بەرتەسکردنەوەی سنووری چالاکییە زمانییەکان ڕزگاری بوو. بێگومان ئەگەر لەگەڵیشیدا هەر لەسەرەتاوە خاوەنی سیاسەتی زمانی بوونایە لەم بوارەدا، ئەوا سوودێکی یەکجار زۆری بە زمانی کوردی دەگەیاند.

پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕێکخستنی ئەم پەرەسەندنە لە ڕاگەیاندندا، یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (١٩٩٣ز) بە ناوی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان لەسەر پێشنیازی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرکرد، ئەمەش تەنیا ڕێکخستنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە دەورییەکانی دەگرتەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراوی لە سیاسەتی ڕاگەیاندنەکەیدا فەرامۆشکردبوو، هەروەها سیاسەتی زمانیشی لە نێو برگە و ماددەکانی یاساکەدا ئاماژە پێنەکردبوو، هەرچەندە لەماددە(سێیەم) ی یاساکەدا، هاتووە: (( مەرجە خاوەنی(امتیاز) و سەرۆکی نووسین زمانی چاپکراوەکە بزانن)) و لە ماددەی (پێنجەم)ی یاساکەشدا، هاتووە:((هەر هاووڵاتییەکی عێراقی نیشتەجێ ی هەرێم کە بیەوێت چاپکراوێکی خولەکی دەربکا دەبێ ناوی چاپکراوەکە و زمانەکەی دیاری بکا))، (ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، ١٩٩٧ :٣٠٥)، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە یاساکەدا ئاماژەی نەکردووە، کە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە چ زمانێک ڕێگەپێدراون؟ یان بە کام زمان ڕێگەپێدراو

نییه؟ یان ئەگەر بە زمانی کوردی بێت، بەکام زار  و شێوەزار بێت؟ واتە، جگە لەوەی لە سیاسەتی ڕاگەیاندنیدا کەناڵی تەلەفزیۆنی فەرامۆشکرد بوو، هەروەها لە یاسای ناوبراویشدا سیاسەتی زمانی بۆ ئەم بوارە ڕوون و دیاریکراو نەبوو.

هەر لە چوارچیوەی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا، لەم قۆناغەدا، پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە(٣٧) لە(١٩٩٧/١٢/٢٨ز) یاسای ژمارە(١٢) ساڵی(١٩٩٧ز) کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراقی پەسەندکردووە، کە لە ساڵی(٢٠٠٧ز) ناوەکەی لە هەموارکردنی یەکەمی یاساکەدا بۆ(ئەکادیمیای کوردی) گۆڕدراوە.(وەقایعی کوردستان، ٢٠٠٧: ١٥) کۆڕەکە ڕاستەوخۆ بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە لکێنراوە، هەر وەک لە مادده(٢)ی هەمواری دووەمی یاساکەدا، هاتووە: ((ئەکادیمیای کوردی خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆی مەعنەوییە و یەکێکە لە چاوگە باڵاکان لە هەموو شتێکی پەیوەندیی بە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی و پاراستن و دەوڵەمەندکردنییەوە هەبێ، بە مەبەستی گەیشتن بە زمانێکی یەکگرتووی فەرمی)).

ئەمەش، هەنگاوێکی ئەرێنی دروستبوو، لە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا، بە ئاراستەی دانانی سیاسەتی زمانی بۆ زمانی کوردی، بۆ هەموو کەرتەکانی ژیان لە ناویشیاندا ڕاگەیاندن، بە تایبەتی کە دامەزراوەیەکی تایبەتی بۆ پاراستن ودەوڵەمەندکردن زمانی کوردی دامەزراندوە. هاوکات بە سەرچاوەی باڵای داناوە، لە هەر شتێکی کە پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە هەبێت، و ئەرکی گەیشتن بە زمانێکی یەکگرتوو و فەرمی پێسپاردوون، کە گەورەترین کێشەی زمانی کوردییە، بەتایبەتی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

ئەمەش دەریدەخات، کە ئەگەرچی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەم ماوەیەدا خاوەن سیاسەتێکی زمانی گشتگیر بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان زمانەکان و بەکارهێنانیان لە بوار و کەرتە جۆراوجۆرەکان نەبووە، بەڵام وردە وردە درکی بە هەبوونی بۆشایی لەمبارەیەوە کردووە، بۆیە لە یاسای وەزارەتەکان و دامەزراوەکاندا هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی داوە.

لە یاسای ئەکادیمیای کوردیدا، لە هەر سێ ئاستی سیاسەتی زمانی، لە ئاستی فەرهەنگی، و لە ئاستی زاروشێوەزار بۆ گەیشتن بە زمانی ستانداردی کوردی، لە ڕووی زمانی نووسین و ئاخاوتنی لە خۆگرتووە، هەروەک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردیدا ئاماژەی پێکراوە، لەوانە:

((١- کارکردن بۆ هەڵبژاردنی وشەی یەکگرتوو لە ناو شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا بۆ گەیشتن بە شێوازێکی ڕەسمی و یەکگرتوو.

٢- پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی و گەشەپێکردن و پەرەپێدانی.

٣- گەشەپێدان بە دیراساتی کوردی و توێژینەوەی زانستی و زمانەوانیەکان بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشکەوتنی زانستی و ڕۆشنبیری دانەبڕێت.

٤- زیندووکردنەوەی کەلتووری کوردی و ئیسلامی لە زانست و ئاداب و هونەر و بەدەرخستنی ڕۆڵی زاناکانی کورد لەم بوارانەوە.))

بەم جۆرە، ئامانجە سەرەکییەکانی دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی لە کوردستانی عێراقدا، لەو سەردەمەدا، هەر وەکوو لە مادده(٤)ی یاساکەدا دیاریکردووە، گەیشتن بە شێوازێکی فەرمی و یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی لە ئامانجە لەپێشینەکانی بووە، هەروەها یەکێکی دیکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی دامەزراندنی ئەو دامەزراوەیە، لە ڕووی پەرەپێدانی فەرهەنگیەوە بووە، کە پاراستن و پاککردنەوەی زمانی کوردی و پێشخستنی بووە لەم بوارە، هاوکات زیندووکردنەوەی کەلتوور و کەلەپووری کوردی یەکێکی دیکە بووە لە ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی.

هەموو ئەو ئامانجانەی، کە لە یاسای دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی ئاماژەیان پێکراون، هێمان بۆ ئەوەی دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی و دەرکردنی یاسایەکەی وەکو سیاسەتێکی زمانی تا ڕادەیەک گشتگیر بۆ هەموو کەرتەکانی ژیان هەژماربکرێن، لە ناویشیاندا کەرتی ڕاگەیاندن، لەبەرئەوەی لەیاساکەدا دەستنیشانی تەنیا بوارێکی نەکردووە بۆ ئەوەی ئەکادیمیای کوردی کاری لەسەر بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم سیاسەتە زمانییەی لە یاسای ئەکادیمیای کوردیدا مادده و بڕگەکانی داڕێژراون، تەنیا بۆ زمانی کوردی بە سیاسەتێکی گشتگیر دادەنرێت، لەبەرئەوەی؛ سەبارەت بە ڕێکخستنی فرەزمانی لە هەرێمی کوردستاندا، یاساکە لەمبارەیەوە هیچ بڕگە و ماددەیەکی بۆ تەرخان نەکردبوو، واتە، پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی پێکهاتەکانی هەرێمی ڕێکنەخستووە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو لایەنە لە یاساکەدا جێگەی نەبۆتەوە، هەر وەکوو لە ناوەکەشیدا دیارە دامەزراوەی ئەکادیمیای کوردی تەنیا بۆ پاراستنی زمانی کوردی دامەزراوە، نەک بۆ هەموو زمانەکان، بۆیە ناکرێت بە سیاسەتێکی زمانی گشتگیر بۆ هەموو قەوارەی هەرێمی کوردستان دابنرێت.

هەرچەندە، ئەکادیمیای کوردی لە سەرەتاکانی دامەزراندنییەوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی بۆی دامەزرابوو، پلان و کارنامەی لە ڕێگەی پێکهێنانی چەند لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی زمانی کوردی پێوەی دەناڵاند پێکهێنا، لەوانە: ((لیژنەی ڕێنووس، لیژنەی فەرهەنگ، لیژنەی زمان و ئەدەب...،هتد ).

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی فەرهەنگ لە چەند هەوڵێکیاندا چەند بەرهەمێکیان لە بواری فەرهەنگ و زاراوەسازی ئامادەکرد، لەوانە لە بواری (زاراوەی ڕاگەیاندن، فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، فەرهەنگی زاراوە ئامارییەکان، فەرهەنگی زاراوەی مێژوویی، فەرهەنگی ئابووری، ...هتد ) زۆربەی ئەم فەرهەنگانە بڵاوکراونەتەوە.

هەروەها لە بارەی ئەرکی سەرەکیی ئەکادیمیای کوردی کە خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەی زمانی فەرمیی دەبینێتەوە، بۆ ئەمەش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەندین توێژینەوە، کتێب، وتار، و ئەنجامدانی کۆنفرانس و سیمینار لەلایەن ئەکادیمیاوە کاریان لەسەرکراوە، کە بەشێکیان لە شێوەی کتێب و ئەوانی تریش وەک توێژینەوە لە گۆڤاری ئەکادیمیادا بڵاوکراوەنەتەوە.

سەرەڕای ئەم هەنگاوانەش، کە ئەکادیمیای کوردی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ناویەتی، بەڵام دەکرێت بڵێین، ئەو ئومێدەی دامەزراندنی ئەم دەزگایەی لەسەر هەڵچنرابوو، لە گەیشتن بە ئامانجەکان لە ئاکامدا هەوڵەکانیان بێهودە بوون، بەهۆی نەبوونی دەستەیەکی بەدواداچوون و چاودێریی بۆ جێبەجێکردنی ئەو هەوڵانەی لە ڕووی تیۆرییەوە خرابوونەگەڕ، هەروەها سەبارەت بەوەرگرتنی بڕیار بۆ یەکلایی کردنەوەی زمانی فەرمی هیچ هەنگاوێکی کرداری لەمبارەیەوە نەنراوە.

ئەوەی گرنگ بوو ئەکادیمیای کوردی بیکات، دەبوو یەکەیەکی تایبەت یان بۆردێکی زمانی تایبەت دابمەزرێنی بۆ دانانی پلانی زمانی بۆ هەر بوارێکی ژیان لە ناویشیان بواری بەکارهێنانی زمان لە ڕاگەیاندن لە پێشەوەشیاندا بەشی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەموو ڕوویەوەکەوە ئاماژەی پێکرابوایە.

کەواتە، سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا لەم قۆناغەدا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ماوەیە بە قۆناغی گەشەی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی کوردی لە بواری کەناڵی بینراودا دادەنرێت، بە تایبەتی کە لە کۆتاییەکانی ئەم قۆناغەدا، بە دیاریکراوی لە ساڵی(١٩٩٩ز) کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیش لە هەرێمی کوردستاندا سەریان هەڵدابوو، بەڵام قەوارەی هەرێمی کوردستان لە

داڕشتنی سیاسەتی زمانی بۆ بواری ڕاگەیاندن کەمتەرخەم بووە، لەبەرئەوەی خاوەن سیاسەتێکی زمانیی تایبەت و دیاریکراو بۆ ئەو بوارە گرنگ و هەستیارە نەبووە، واتە، لەو کاتەدا نە بۆ خۆی هیچ یاسایەکی تایبەت بە زمانە فەرمییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا دەرکردبوو، نە پابەندبوونیشی بە هیچ یاسایەکی تایبەت بە زمان یاخود دەستووریی عێراقیش بووە، ئەمەش لە کاتێکدا لە ساڵی (١٩٩٢ز)ەوە خاوەنی دەسەڵاتی یاسادانان بووە، دەیتوانی یاسای زمانە فەرمییەکان بۆ هەرێمی کوردستانی دەرکردبووایە، بەڵام لەم قۆناغەدا لەمبارەیەوە کەمتەرخەمبووە.

کەواتە، پەرلەمانی کوردستان لەم قۆناغەدا یاسای تایبەت بە زمانە فەرمییەکانی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دەرنەکردوە، بۆ ئەوەی کەرتی ڕاگەیاندن و کەرتەکانی دیکە لە چوارچیوەی ئەو یاسایەدا پلانی زمانی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی خۆیان دابڕێژن، بێگومان تا یاسای زمانیش دەرنەچوێنرێت، زمانەکان بە تەواوی و بەڕێکوپێکی بەکارناهێنرێن.

بێگومان ئەم یاسایانەی کە لەم ماوەیەشدا لە هەرێمی کوردستاندا دەرچوونە، هەرچەندە بۆ ڕێکخستنی کاروباری وەزارەتەکان دەرکراون، نەک بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمان تیایاندا، و ئەو برگە و ماددانەی کە بۆ زمانیش تەرخانکراون، کاتێک کاریگەریی ئەرێنیان بۆ سەر زمان دەبێت، ئەگەر بێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەکو پەروەردە و ڕاگەیاندن و ...، هتد هەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی پلانێکی زمانی تۆکمە، کە لە کەتواردا بخریتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەم ڕەوشە لە هەرێمی کوردستاندا، سەبارەت بە سیاسەتی زمانی تاکو ساڵی(٢٠٠٤ز) بەردەوام بوو، لەم ساڵەدا قۆناغێکی تازە هاتە پێشەوە، کە تیایدا زمانی کوردی لە سەر ئاستی سیاسەتی گشتی وڵاتەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە.

**٤-٣-٢ :سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (٢٠٠٤ز – ٢٠١٣ز)**

ئەم قۆناغە، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٤ز) هوە دەستپێدەکات، بە دیاریکراوی لە دوای دانانی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٤ز)، کە تیایدا هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، وەک قەوارەیەکی فیدڕاڵی بە فەرمی لە چوارچیوەی یاسا و دەستوری عێراقدا دانیپێدانرا. ئەمەش دوای ئەوەی بۆ ماوەی(١٢) ساڵ بە شیوەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە ڕووی سیاسی و کارگێری و دارایی،

دوور لە دەسەڵاتی حکومەتی عیراق، دەسەڵاتی کوردی خۆی حوکمڕانی قەوارەکەی دەکرد، بەبێ ئەوەی لە دەستوور و یاسا بەرکارەکانی عێراقدا دانیپێدانرابێت.

بەمەش، هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدڕالی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە دەستووری نوێی عێراقدا بە شێوەیەکی فەرمی پێدرا، تەنانەت هەموو ئەو بڕیارانەشی, کە لە سەرەتای دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(١٩٩٢ز)ەوە دەریکردبوون دانیانپێدانرا(دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، مادده ١٢١ و ١٤١). ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە وەک هەرێمێکی فیدڕاڵی لە دەستووردا دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی بە فەرمی پێدرا. لەم ڕێگەیەوەش، بەشێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتی دانانی سیاسەتی زمانی بۆ هەموو کەرتەکانی ژیان بۆ قەوارەکەی کەوتە دەست.

سەبارەت بە سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا، لەم قۆناغەدا، بەشیوەیەکی فەرمی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی بە دەستووری نوێی عێراقەوە هەبووە، هەروەک لە مادده (١٣)یدا، هاتووە: (( ئەم دەستوورە بە یاسای باڵا و هەرە بەرز لە عێراقدا دادەنرێت، و پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بەبێ جیاوازی)) (دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: مادده ١٣) هەروەها هۆکاری سەرەکی ئەو پابەندبوونەی کورد بە دەستوورەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کورد ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتنی مادده و بڕگەکانی دەستوورەکەدا هەبوو، بە تایبەتی ئەو بەشەی پەیوەست بێت بە مافی گەلی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان(بارزانی، ٤٨:٢٠٢٠)، هەر ئەمەش وایکرد، کە هەرێمی کوردستان ڕازی بێت دووبارە لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی و دارایی بە دەوڵەتی عێراقەوە گرێبدریتەوە.

لەم دەستوورەدا، کە یەکەمین دەستووری عێراقی بوو لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا، کە لە ساڵی(٢٠٠٥ز) دەرچوو، مادده(٤)ی بۆ سیاسەتی زمانی تەرخانکردبوو، پێگە و پایەکی شایستەی بۆ زمانی کوردی لە دەستوورەکەدا دانا، بە جۆرێک وەکو زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا بۆ سەرانسەری عێراق دانیپێدانا، بەشێوەیەک، کە یەکسانی زمانی کوردی لە هەموو کەرت و بوارێکدا لە ناویشیاندا(کارگێڕی، پەروەردە، ڕاگەیاندن، بازرگانی،...هتد) لەگەڵ زمانی عەرەبیدا فەراهەمکرد، وەک دوو زمانی فەرمی ناساندنی، کە ئەمەشی لە دەستووردا جیگیرکرد. هەروەک لە قۆناغی سێیەمی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا بەوردی سەرجەم بڕگەکانی ماددەکەمان خستەڕوو.

هەرێمی کوردستانی عێراق پاڵپشت بەم مادده دەستوورییە بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردنی دەبوو لە پەرلەمانی کوردستان یاسای زمانە فەرمییەکانی لە هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا دەربکردایە، بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەسەر ئەو بنەمایە ڕەنگڕێژی سیاسەتی زمانییان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی و ئامرازەکانی دیکە بکەن، یاخود بەپێی ئەو مافەی لە هەمان دەستووردا کە پێیدرابوو، بۆ دانانی دەستووری هەرێمی کوردستان کاری بکردایە، هەر وەک لە مادده(١٢٠) دەستوورەکەدا، هاتووە: ((هەرێم دەستوورێک بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات.)) (دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: مادده ١٢٠) بێگومان ئەگەر خاوەنی دەستووری هەرێم بووینایە، هاوشێوەی وڵاتان دەتوانرا سیاسەتی زمانی لە مادده و بڕگەکانیدا جێگیر بکرابووایە.

ئەم کەموکوڕییەی قەوارەی هەرێمی کورستانیش سەبارەت بە دانەنانی دەستووری هەرێمی کوردستان هۆکارەکەی بۆ ناکۆکی سیاسی لە نێوان پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە تاکوو ئێستا لەسەر ناوەڕۆکی دەستووری هەرێمی کوردستان ڕێکنەکەوتوون و نەیانتوانیوە دەستوورێک بۆ قەوارەکە بخەنە ڕاپرسیەکی گشتی بۆ ئەوەی قەوارەکە ببێتە خاوەنی دەستووری تایبەتی خۆی، لەکاتێکدا وەک مافێکی دەستووری لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی(٢٠٠٤)ەوە پێیدراوە.

کەواتە، قەوارەی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا نە هیچ یاساییەکی زمانی پاڵپشت بە مادده(٤)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ پیادەکردنی ئەو مادده دەستوورییە دەرکردووە، نە توانیویەتی دەستووری هەرێمی کوردستان دەربکات، بۆ ئەوەی سیاسەتی زمانی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان لەنێویدا جێگیربکات، ئەمەش لە کاتێکدا کە هەم دەسەڵاتی یاسادانانی هەبووە، هەم مافی دانانی دەستووریشی پێدراوە.

ئەو قۆناغە بە سەردەمی زێرینی گەشەی ڕاگەیاندنی کوردی لە بواری کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی دادەنرێت، بەجۆرێک کە بەردەوام ژمارەیان ڕووی لە زیادبوون دەکرد، و لە رووی تایبەتمەندیشەوە، کەناڵی(هونەری، هەواڵی، وەرزشی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ...هتد) دادەمەزران، بۆیە زۆر گرنگ بوو، کە لە پاڵ ئەو گەشەیە لە بواری ڕاگەیاندن هاتەکایەوە، بیر لە دانانی سیاسەتی زمانی بۆ ئەو بوارە بکرابایە، بۆ ئەوەی ئەم ئامرازانەی ڕاگەیاندن هۆکارێک بوونایە بۆ گەشەی زمانی کوردی و هەنگاونان بۆ بنیاتی

زمانێکی نەتەوەیی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەمیشە هۆکارن بۆ بنیاتنانی زمانی هاوبەشی نەتەوەیی و گەشەی زمان.

هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانی لەم قۆناغەدا، پەرلەمانی کوردستان لەسەر سیاسەتی پێشووی بەردەوامبوو، بە جۆرێک کە لە ڕێگەی یاسای وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆشایی نەبوونی سیاسەتێکی زمانی گشتگیری پڕ دەکردەوە، سەرەڕای ئەوەی زەمینەی یاسایی و دەستووری لە باری بۆ دەرکردنی سیاسەتێکی زمانی گشتگیر بۆ ڕەخسابوو.

هەر لەم ڕوانگەیەوە هەردوو یاسای ئەکادیمیای کوردی و یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەموارکردەوە، هەر وەک لە دانیشتنی ژمارە(٣٩)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/١٢/٣١ز) یاسای ژمارە(٣٩)ی ساڵی(٢٠٠٧ز) یاسای کۆڕی زانیاری بە بڕیاری ژمارە(٥)ی ساڵی(٢٠٠٨ز)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموارکردەوە، بە جۆرێک کە لە مادده(سێیەم) ی یاساکەدا، ئامانجەکانی دامەزراندنی کۆڕی لە یاساکەدا، لە چەند خاڵێکی نوێدا داڕێژتەوە، بەم شێوەیە:

((١- پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی و گەشەپێکردن و پەرەپێدانی.

٢- کارکردن لە پێناو گەیشتن بە زمانێکی فەرمی کوردیی یەکگرتوو بە سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەی هەموو شێوەکان.

٣ -گرنگی دان بە لێکۆڵینەوەی زانستی و زمانەوانی.

٤- گرنگی دان بە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کورد.

٥- هاندان و پشتگیری کردنی دانان و نووسین بە زمانی کوردی و گرنگی دانیش بە زانستی زمان بەهەموو لقەکانیەوە )) (وەقایعی کوردستان، ٢٠٠٨: ١٦)

هەر لەم قۆناغەدا، ئەکادیمیای کوردی بە تایبەتی لیژنەی زاراوە لە هەوڵەکانیاندا بۆ بەرهەمهێنانی چەند فەرهەنگێک لە بواری زاراوەسازیدا بەردەوامبوون، لەوانە، لە بواری ڕاگەیاندن لە ساڵی (٢٠٠٥ز) نامیلکەیێکیان لە بواری زاراوەی ڕاگەیاندن بڵاوکردەوە، ئامانجیش لە دەرکردنی ئەم نامیلکەیە هەروەک لە پێشەکییەکەیدا، هاتبوو: (( بەکارهێنان وشەی ڕەسەنی کوردی بوو لە جیاتی وشەی بیانی، کە فەرهەنگی کوردی تا ڕادەیەکی باش پێ دەوڵەمەند دەبێ)) (لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥: ٣).

نامیلکەکە(١٤٣٤) زاراوەی ڕاگەیاندنی بە زمانی عەرەبی لەخۆگرتبوو و هەروەها لەبەرانبەریشیاندا بۆ هەر زاراوەیەک بە وشەیەک، یان دوو سێ وشە بە زمانی کوردی واتاکەی لێکدراوەتەوە، کە بەگشتی لە (١٠٨) لاپەڕە پێکهاتووە، ئەمەش بە هەوڵێک دادەنرێت بۆ کارکردن لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە بڕگەی یەکەمی دامەزراندنی یاسای ئەکادیمیای کوردی ئاماژەی پێکرابوو.

سەرەڕای ئەمەش، ئەکادیمیای کوردی کاتێک درکی بە فراوانبوون و پەرەسەندنی نووسین بە زمانی کوردی لە بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە و چاپی کتێبدا دەکات، لە ساڵی(٢٠٠٤ز) کتێبێکی بە ناوی(ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی) دەرکرد، کە لەلایەن (بەدران ئەحمەد حەبیب) ئەندامی کارای ئەنجوومەنی کۆڕ ئامادەکرابوو، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەروەک لە پێشەکی کتێبەکەدا، هاتووە: ((ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کوردستان لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا پڕۆژەیەکی هاتە پێش کە بریتی بوو لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەنجوومەنی کۆڕ، ئەندامی کارا(بەدران ئەحمەد حەبیب)ی ڕاسپارد بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەبارەی گیروگرفتە سەرەکی و بەرچاوەکانی ڕێنووسی کوردی و پێشنیازکردنی چارەسەر بۆ ئەو گیروگرفتانە، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهاتوودا تێکرایی ئەندامانی ئەنجومەن (وەک لیژنەی ڕێنووس) بەشداری لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی ئەو پڕۆژەیەدا بکەن. لە هەردوو کۆبوونەوەی ڕۆژانی هەینی ڕێکەوتی(٤ ئایار ٢٠٠١ز) و (شەممە ١٢ ئایار ٢٠٠١ز) بۆ ماوەی نێزیکەی(١٤) سەعات گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر پڕۆژەکە کرا، و .... پەسەندکرا)) (حەبیب، ٢٠٠٥: ٥) قەبارەی کتێبەکە (١٥) لاپەرەیە، کە تیایدا، شازدە گیروگرفتی ڕێنووسی زمانی کوردی خستۆتە ڕوو، هاودەم شێوە دروستەکەی نووسینی هەر یەک لەو گرفتانەی لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا هەن، ئاماژەی پێکردون، لەوانە، گرفتەکانی: (پیتی(و)، پیتی (ی)، پیتی(ڕ)، پیتی (ت)، نووسینی وشەی بیانی بە کوردی، پاشگرەکانی(دا، ڕا، وە، ەوە)، پێشگرەکانی(هەڵ، دا، ڕا، وەر، دەر)، وشەی لێکدراو، ئامرازی (ش)) هەروەها داوای لە دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان و وەزارەتی پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد، کە ئەو یاسا و ڕێسایانەی لەبارەی ڕێنووسی یەکگرتوو لەم کتێبەدا هاتووە بەکاری بێنن. (هەمان سەرچاوە: ٨) هەروەها لیژنەی ڕێنووس لە ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی (٢٠١٠ز)دا، کتێبێکی دیکەی بە ناوی(ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی) دەرکرد، کە بەرهەمی هەوڵ و کۆششی کۆنفرانسی تایبەت بە ڕێنووسی کوردی بوو، کە لە ساڵی(٢٠٠٩ز) ئەنجامدرابوو. و داوا لە ناوەندە

ڕۆشنبیری و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان کراوە، کە پەیڕەوی بکەن. و هەمان کتێب لە لایەن لیژنەی ڕێنووس لە ساڵی(٢٠١٣ز)، دووبارە پیداچوونەوەی بۆ کرا، و جارێکی دیکە بە پوختتر سەرلەنوێ دووبارە نووسرایەوە، هەروەها ئەنجوومەنی ئەکادیمیای کوردی جەختی لە پێڕەوکردنی لەلایەن دەزگاکان و ناوەندە ڕۆشنیرییەکان کردۆتەوە (لیژنەی ڕێنووس، ٢٠١٣: ٥). بێگوومان ئامانجی ئەکادیمیای کوردی لە دەرکردنی ئەو بەرهەمانە لە بواری ڕێنووس بۆ یەکخستنی ڕێنووسی زمانی کوردی، و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نووسینی زمانی کوردی بووە.

لە ڕۆژانی(٢١-٢٠٠٩/١٢/٢٣ز) ئەکادیمیای کوردی لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی تایبەتی بە ناونیشانی(زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان)دا سازکرد، و لە کۆنفرانسەکەدا، کۆمەڵێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بەشداربوون، و کۆنفرانسەکە بە هۆی جیاوازیی بۆچوون لەبارەی ئەوەی کام زار بکرێت بە زمانی فەرمی بەبێ ئەنجام کۆتایی هات.

ئەمەش، دەریدەخات کە ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان لە هەر سێ ئاستی زاروشێوەزاری فەرمی و فەرهەنگ و ئاستی ڕێنووس و سیستەمی نووسین بەشێوەیەکی تیۆریی هەنگاویان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی زمانی کوردی هاویشتووە، و لەم ڕووەوە سیاسەتی زمانیان داڕشتووە، و کاریشیان لەسەر کردووە، جا چ بە دەرکردنی کتێب بێت، یان بە بەستنی کۆنفرانس بێت، هاودەم داواشی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردووە پیادەی بکەن، هەروەک ئاماژەمان پێکرد، بەڵام کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پیادەکردنی ئەو ڕێسایەنەدا لە ڕووی ڕێنووس لە پلانە زمانیەکەیاندا جیاوازن و ڕێنووسی یەکگرتوو پیادە ناکەن. واتە، ئەو ڕێسانەی لەلایەن ئەکادیمیای کوردی کە بۆ ڕێنووسی یەکگرتوو داڕێژراون، لە هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بە تەواوی ڕەنگی نەداوەتەوە و پیادەناکرێت، و لە ڕووی زمان و زاریشەوە، بە زمانێکی کوردی فەرمی و یەکگرتوو بەرنامەکانیان پەخش ناکەن.

هەر لەو چوارچیوەیەدا، پەرلەمانی کوردستان بۆ جاری دووەم لە دانیشتنی ژمارە(١٩)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٥/٢٨ز) خۆیدا، یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارە(١٤)ی ساڵی(٢٠٠٧ز)ی دەرچوواند، لە یاساکەدا هۆکاری دەرچواندنی ئەو یاسا نوێیەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی گەڕاندۆتەوە بۆ پەرەسەندنی بوارەکانی هونەر و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکات بۆ فەراهەمکردنی پێویستییە بنەڕەتیەکانی و بەردەوامبوونی

ئەو پەرەسەندنە و خۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەو بوارانەدا، وایخواستووە ئەم یاسایە نوییە بۆ وەزارەتەکە دەربکەن.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی سەرەڕای ئەوەی ئاماژەی بە پەرەسەندنی بواری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا کردووە، بەڵام دیسان لەم قۆناغەشدا، وەزارەتی ناوبراو لەم یاسایە نوێیەشیدا هیچ برگە و ماددەیەکی لە ناو یاساکەدا بۆ سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن تەرخاننەکردووە، لە کاتێکدا زمان بە گرنگترین پێویستیی بنەڕەتی ڕاگەیاندن دادەنرێت، لەبەرئەوەی ڕاگەیاندن بەبێ زمان بەڕێوەناچێت، هەر چەندە لە ماددە(٢)ی یاساکەدا، کە ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی تێدا دیاریکردوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە بارەی پاراستنی کەلتوورەوە کە زمان توخمێکی سەرەکییە تیایدا، ئاماژە بە پارێزگاریکردن لە کەلتوری کوردستانی کراوە، کە مەبەستی کەلتووری(کوردی، تورکمانی، ئاشووری و عەرەبییە)، هەر وەک لە یاساکەدا، هاتووە:((پارێزگاریی ڕەسەنایەتی ڕۆشنبیریی کوردستانی و کارکردن لە پێناو پەرەپێدانی)) (وەقایعی کوردستان، ٢٠٠٧: ١) لێرەدا کە نووسراوە، کەلتووریی کوردستانی مەبەستی کەلتووری تەواوی پێکهاتەکانی دانیشتووانی کوردستانە، و هەر وەکو ڕوونیشە، کە کوردستانیش ناوچەیەکی فرەچەشنە لە ڕووی کەلتوورییەوە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی جیاوازی وەک(کورد، تورکمان، ئەرمەن، ئاشووری و عەرەب) ی تێدا دەژین. ئەمەش دەریدەخات، کە سیاسەتی فرەزمانی لە هەرێمی کوردستاندا، لە یاساکەیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانپێداناوە.

هەر لەم قۆناغەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان درکی بە ئاریشەکانی زمانی کوردی کردووە بەهۆی نەبوونی سیاسەتی زمان، بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو درکپێکردنە، لە کاتی ئەنجامدانی یەکەمین کۆنفرانسی زانستی، کە لە (١٩-٢٢/ئەیلولی/٢٠١١ز) لە هەولێر لە هۆڵی(مەحمود زامدار) لە کتێبخانەی زەیتون ئەنجامدرابوو، کە کۆنفرانسەکە بە ناونیشانی (کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی) بوو، بە دروشمی (زمان ناسنامەی نەتەوەیە). لە کۆنفرانسەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆرانی زمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان تێدا بەشداربوون، کە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی پێشکەشکراون و لە دوتوێی کتێبێکدا بڵاوکراونەتەوە، کە چەند تەوەرێکی لەخۆ گرتبوو، لەوانە: ڕەوشی زمانی کوردی لە بەشەکانی کوردستان، زەمینەسازییەک بۆ نزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی، ئاریشەکانی فەرهەنگ و زاراوەسازی، ئاریشەکانی ئەلفوبێی کوردی، ڕەوشی زمانی خوێندن

و نووسین لە هەرێمی کوردستاندا، و هەریەک لەو تەوەرانە چەند بەچە تەوەرێکیان لە خۆگرتبوو.

لە تەوەری زەمینەسازییەک بۆ نزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی، ئەم ناونیشانانە خرابوونە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە (لە پێناو زمانێکی کوردی یەکگرتووی پوختدا، ستانداردکرن و نزیکرنا زاراڤایەن زمانێ کوردی، ئاشنابوون بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەنگاوێکە بۆ لێکگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان، سەبا نێزدیکەردشێ دیالەکتانێ زوانێ کوردان زەمینسازیێ)

هەروەها لە تەوەری ئاریشەکانی ئەلفوبێی کوردی، ئەم ناونیشانانە باسیان لەسەر کرابوو:(بە کام ئەلفوبێ بنووسین، گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی، ڕێنووس و تەکنەلۆجیا) و لە تەوەری ئاریشەکانی فەرهەنگ و زاراوەسازیش، بابەتەکانی زاراوەسازی کوردی و چەند تێبینییەک، چارەسەرکردنی ئاریشەکانی زاراوە، ئاریشەێن مە یێن دەربارەی فەرهەنگ، زاراوە و تێگەهان، گیروگرفتی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، بەرکوڵێکی زاراوەسازی کوردی) (کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، ٢٠١٣: ٥- ١٠)

لە کۆنفراسەکەدا، لە یەکەمین ڕاسپاردەدا هاتووە: ((کۆنفرانس داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات پرۆژەی(یاسای زمان) ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی بکات بۆ پەسەندکردن و پیادەکردنی))(کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، ٢٠١٣: ٣٦٣- ٣٦٤). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێک لە هۆکارەکانی هەبوونی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی بوونەتەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ نەبوونی سیاسەتی زمانی دەگەڕێتەوە. بۆیە لە پێشەوەی ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنفرانسەدا داواکراوە کە یاسای زمان دەربکرێت. هەروەها ئەوەشمان پێنیشاندەدات، کە لە ڕووی یاساییەوە لەو ماوەیەدا هیچ یاسایەک بۆ زمانە فەرمییەکان دەرنەچووە.

کەواتە، لەم قۆناغەشدا، هەرێمی کوردستان خاوەنی سیاسەتێکی زمانی گشتگیر نەبووە، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی یاسایی و دەستووری دەسەڵاتی دانانی سیاسەتی زمانی هەبووە، تەنانەت لە یاسای وەزارەتەکانیشدا لە گرنگترین کەرتدا کە بواری ڕاگەیاندنە، لە ناو یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریدا بابەتی سیاسەتی زمانی بەشێوەی کەرتیش نەبووە، لەو بوارەدا کەمتەرخەمی نواندوە و سیاسەتی دەستوەرنەدانی پیادەکردووە، ئەمەش زمانی کوردی ڕووبەڕووی کێشەی نەبوونی زمانێکی فەرمی بۆ بەکارهێنانی لەم کەناڵانەدا

کردۆتەوە، بەشێوەیەک، کە لە زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسیندا پەرەی بە زمانە ناوچەییەکان دەدا.

### ٤-٣-٣ :سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (٢٠١٤ز– ٢٠٢٢ز):

ئەم قۆناغە لە ساڵی(٢٠١٤ز) دەستپێدەکات، تاکو کۆتایی ماوەی نووسینی تێزەکەمان لە ساڵی(٢٠٢٢ز). دەتوانرێت ئەو قۆناغە بە قۆناغی دانانی سیاسەتی زمانی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان دابنرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی زۆربەی وڵاتان لە ساڵی (٢٠١٤ز) یاسای زمانە فەرمییەکانی لە پەرلەمانی کوردستاندا دەرکرد، کە وایکرد قەوارەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی سیاسەتێکی زمانی سەربەخۆی گشتگیر بۆ هەموو کایەکان، واتە لەڕێگەی یاساییکی تایبەت بە شێوەیەکی فەرمی پەرلەمانی کوردستان سیاسەتی زمانی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان داڕشت، بۆ ئەوەی بەکارهێنانی زمانەکان لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا دیاری بکات.

سەبارەت بە ڕەوشی سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندن و بوارەکانی دیکەشدا، پێش هەر شتێک، پێویستە شیکردنەوە بۆ ئەو یاسایەی پەرلەمانی کوردستان بکەین، لەبەرئەوەی سیاسەتی زمان و یاسای زمان هەردووکیان هاوتای یەکترن. ئەم یاسایە دوایین دەقی یاسایی و یەکەمین دەقی یاساییشە، بەشێوەیەکی فەرمی لە بارەی بەکارهێنانی زمان و بەڕێوەبردنی زمانەکان لە قەوارەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەرچووبێت.

شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ماددە و بڕگەکانی ئەو یاسایە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستاندا تا چ ڕادەیەک توانیویەتی گیروگرفتەکانی بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا چارەسەربکات.

یاسای ژمارە(٦)ی زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(٢٠١٤ز) لە ژێر ڕۆشنایی ماددە(٤)ی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدڕال، لە دانیشتنی ژمارە(٩) لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٠/٢٩ز) بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەرچوواند. هەروەها سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە(٢٠١٤/١٢/٣ز) بە بڕیاری ژمارە(١٦)ی ساڵی(٢٠١٤ز) یاساکەی پەسەندکرد (وەقایعی کوردستان، ٢٠١٤:١).

سەبارەت بە سەرچاوەی سیاسەتە زمانییەکە، لەسەر ئاستێکی بەرزی دەسەڵات، کە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانن، بڕیاریان لە سیاسەتە

زمانییەکەداوە و پەسەندیانکردووە، ئەمەش بە نیشانەیەک دادەنرێت بۆ بە هێزی سیاسەتە زمانییەکە.

پەرلەمانی کوردستان وەکو ئاماژەمان پێدا، یاساکەی لە ژێر ڕۆشنایی مادده (٤)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە تایبەتە بە سیاسەتی زمان دەرکردووە، هەروەک لە هۆی دەرچواندنی یاساکەدا ئاماژەی پێکردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، پاش تێپەڕبوونی (١٢) ساڵ بەسەر دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، ئینجا یاساکەی دەرچوواندوە، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی فرەزمانی و بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی ڕێکوپیک لە سەرەتای دامەزراندنی قەوارەکە پێویستی بەم سیاسەتە زمانییە هەبوو، لەبەرئەوەی لەم بارەیەوە لە زۆربەی کەرتەکاندا بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن لە بۆشایی یاساییدابووە.

یاساکە لە (٢٧) مادده و هەر ماددەیەکی لە چەند بڕگەیەک پێکهاتووە، کە سەرجەمیان جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمان لە بوارەکانی(زمانی یاسا و دادگاکان، زمانی دامودەزگاکانی حکوومەت و دامەزراوەکانی دیکە، زمانی خوێندن، زمانی کارو بازرگانی، زمانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری (ڕاگەیاندن)) دەکەنەوە، هەروەها لە ماددەیەکی تایبەتیشدا باس لە بەکارهێنانی زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی(تورکمانی، سریانی، ئەرمەن) دەکاتەوە.

ئەمەش دەریدەخات، لە سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستاندا، تەنیا چینێکی دیاریکراو یاخود کەرتێکی دیاریکراو بە ئامانج نەگیراوە، بەڵکوو سەرجەم بوارەکان و کەرتەکان (کارگێری، ڕاگەیاندن، پەروەردە، کار و بازرگانی، ...هتد) گرتۆتەوە، هەر لەبەرئەوەشە کە بە سیاسەتێکی زمانی گشتگیر دانراوە؛ چونکە لەلایەک سیاسەتە زمانییەکە ڕێکخستنی بۆ بەکارهێنانی زمان لە زۆربەی کەرت و بوارەکانی ژیان کردووە، و لەلایەکی دیکەش ڕێکخستنی بۆ فرەزمانی لە هەرێمی کوردستاندا کردووە.

لە سیاسەتە زمانییەکەدا، لە مادده(٢)ی یاساکەدا، هاتووە:((کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا، لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە))، سەبارەت بە مافی زمانی بۆ پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، هاوشیوەی عێراق مافە زمانییەکانی بۆ ئەو پێکهاتانە دەستەبەرکردووە، بە جۆرێک کە لە سنووری یەکە کارگێرییەکانیاندا لە پاڵ زمانی کوردی زمانەکانی(تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) وەکوو زمانی فەرمی دانپێداناوە (وەقایعی کوردستان، ٢٠١٤: ١- ٢ ).

ئەمەش لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە کەلەپورێکی هاوبەشی تێدایە و هەر یەکە لەمانەش لە ڕووی زمان و ئایین و کۆمەڵایەتیی تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، و چاکترین بژاردە پەیرەوکراوە، بەشێوەیەک دەسەڵاتێکی ناوەندیی دامەزراوە، بە هۆی زمانی کوردییەوە پەیامەکانی دەگەیێنێتە خەڵکەکە و لە هەمان کاتیشدا سەربەستیەکی تەواوی بە پێکهاتە زمانییەکانی دیکەی وەکوو: (تورکمانی و سریانی و عەرەب) داوە، شان بە شانی زمانی کوردی چالاکییە زمانییەکانیان لە ژینگەی زمانی خۆیاندا پیادە بکەن. واتە، جگە لە زمانی کوردی دانی بە چەند زمانێکی ناوچەییدا ناوە و پایەی زمانی میری و ناوچەیی پێداون، لەو ناوچانەدا کە خەڵکەکە بەڕێژەی زۆرینە بەکاری دەهێنن. بەمەش هەرێمی کوردستان خۆی لە ململانێی نێوان زمانەکان پاراستووە، و چارەسەری گرفتی زمانەکان و ڕێکخستنی فرەزمانیی کردوە، و بەریەکەوتن و کێشەی کۆمەڵایەتیی و چینایەتی لە کۆمەڵگەدا لە نێو پێکهاتە جیاوازەکاندا نەهێشتووە.

بەمەش هەلی گەشەی زمانی بۆ پێکهاتەی کورد لە پێگە جوگرافیەکەی زیاتر فەراهەم بووە، لەبەرئەوەی بوارەکانی بەکارهێنانی فراوان بووە، هەروەها کاریگەریشی لەسەر سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیی و بەیەکەوە ژیانی گەلان و نەتەوە جیاوازەکان لەچوارچیوەی وڵاتدا هەبووە.

کەواتە، لە سیاسەتە زمانییەکەی هەرێمی کوردستانیشدا، جگە لەوەی کە پێگەی زمانی کوردی وەکو زمانی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، وەک زمانێکی سەرەکی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دیاریکردووە، هەروەها هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەش مافەکانی خۆیان لە بەکارهێنانی زمانەکانیان بۆ دەستەبەرکراوە.

سەبارەت بە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا، لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا، بەشی حەوتەم لە یاساکە تایبەت کراوە بە بەکارهێنانی زمان لە ڕاگەیاندن، و لە بەشەکەدا دوو مادده و چوار بڕگەی بۆ ئەم بوارە تەرخانکردوە، لە مادده(٢٠)ی یاساکەدا، هاتووە: ((یەکەم: میدیا و ناوەندی کەلتووری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لە کاتی پێویست زمانی دیکە بەکاردەهێنرێت. دووەم: پێکهاتەی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبیت)). هەروەها لە مادده(٢١)ی، یاساکەدا، هاتووە: ((یەکەم: لە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کەلتووری بیانی لە هەرێمدا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدابێت لە پاڵ زمانە بیانییەکە. دووەم: هەر کارێکی هونەری و کەلتووری کە لە

هەرێم بەرهەم دەهێندرێت، یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێرانی کوردی هەبێت)).(وەقایعی کوردستان، ٢٠١٤: ٤)

بەمەش لە سیاسەتی نوێی زمانیدا، لە قۆناغە تیۆرییەکەیدا، سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن، فەرامۆش نەکراوە، بەجۆرێک کە سەرجەم پێکهاتەکان مافی دامەزراندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە زمانەکانی خۆیان پێدراوە، و ڕەچاوی مافە کەلتووری و زمانییەکانی تەواوی پێکهاتەکان کراوە، و هیچ پێکهاتەیەک فەرامۆش نەکراوە، واتە هەر زمانێک مافی بەکارهێنانی زمانی دایکی بۆ فەراهەم کراوە، و چالاکییە زمانییەکانی هیچ زمانێک لە ڕاگەیاندن سنووردار نەکراوە، ئەمەش هەلی گەشەپێدانی زمانی بۆ سەرجەم پێکهاتەکان ڕەخساندووە، هەروەک لە بڕگەی(٢) ماددەی یەکەمی یاساکەشدا، هاتووە: کە هەر پێکهاتەیەکی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت، کە مەبەستی لە پێکهاتەی(تورکمان، ئاشووری، ئەرمەن، عەرەب)ە، ئەمەش پشت بەستە بە پیادەکردنی ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی فرەزمانیی، کە لەگەڵ پێکهاتەی ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانی گونجاوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە پەیوەندیی نێوان زمانی پێکهاتەکان ڕابگرێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە پیادەکردنیدا لە کەتواردا ڕووبەڕووی کێشەو ئاریشە نەبێتەوە. و پێکهاتەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیش دەکرێت لەسەر بنەمای ئەم ماددە یاساییانە کار بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکان بکەن، و بیخەنە دوتوێی سیاسەتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

کەواتە، لە سیاسەتە زمانییەکەدا، کە بەشێکی پەیوەستە بە سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندن، لە ڕووی فرەچەشنی پێکهاتە نەتەوەییەکانەوە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێدا ڕەچاوکراوە، لەبەرئەوەی لە کاتی داڕشتنی سیاسەتە زمانییەکەدا، پێویستە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و گیانی پێکەوە ژیانی بە ئاشتیانەی پێکهاتەکانیش ڕەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت سیاسەتە زمانییەکە بە ئاسانی بخرێتە بواری جێبەجێکردن و هیچ بەربەست و لەمپەرێکی بۆ دروستنەبێت، چونکە سیاسەتی زمان بۆ کۆمەڵ دادەنرێت.

بەم جۆرە، سیاسەتە زمانییەکە لە ڕاگەیاندن بەگشتی و لە ناویشیاندا لە کەناڵە ئاسمانیەکانیش، هەمان ئەو مافە زمانییانەی بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێم فەراهەمکردووە، کە کەناڵی تایبەتی خۆیان هەبێت، و بە زمانی تورکمانی و سریانی و عەرەبی بەرنامە هەمەچەشنەکانیان بە ئازادانە بڵاوبکەنەوە. واتە، ئەو فرەزمانییەی لە کوردستاندا لە ژینگە زمانیەکەیدا هەیە، بەتەواوی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە.

واته سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو بنەمایە داڕێژراوە، کە لە خزمەتی سەرجەم پێکهاتە زمانییەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بێت.

هەموو ئەمانەش دەریدەخەن، کە سیاسەتی نوێی زمان لە ڕاگەیاندنیشدا لە هەرێمی کوردستان، هەروەک چۆن لە قۆناغەکانی پێشوودا لە ئایدیۆلۆژیای کەرتی سیاسەتی زمانی ڕەچاوی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، لە سیاسەتە زمانییە نوێیەکەشیدا لە ڕاگەیاندندا ئایدیۆلۆژیای تواندنەوەی زمان و پەراوێزخستنی کەمینەیەکی خاوەن زمانی یاخود سڕینەوەی بە یەکجاری زمانێکی پێرەونەکردووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی باش و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هەوڵی ڕێکخستنی فرەزمانی لە هەرێم داوە، کاری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان بە شێوەیەکی هاوسەنگ کردوە. لەبەرئەوەی هاوشێوەی سیاسەتی زمانی لە عێراقدا ئایدیۆلۆژیای فرەزمانی پیادەکردووە. واتە، ئامانجەکانی سیاسەتە زمانییەکە، لە یاسای زمانە فەرمییەکانیشدا، لەو ئامانجانەوە دەستیان بە دەرچوون نەکردووە، کەوا دەیەوێت زمانی کوردی، کە زمانی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە بەسەر تەواوی دانیشتوانی هەرێمدا بسەپێنێت، زمانەکانی دیکەش فەرامۆش و دوورە پەرێز بمێننەوە، بۆیە دەخوازێت، کە ئەو وەکو یەک تەماشا کردنەی زمانەکان کە ئێستا ماددە و بڕگەکانی بەرکارە، لە سەرجەم یاساکانی ڕاپەڕاندن لە بوارەکانی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستاندا بخرێتە دوتوێی یاساکانەوە.

سەبارەت بە زمانی کوردی لە سیاسەتی نوێی زمانیدا، چ لە سیاسەتە زمانییەکەدا بە گشتی چ لە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا، کە بەشی حەوتەم لە یاساکەی بۆ تەرخانکراوە، دەستوەردانی لە بنیادی زمانی کوردی لە نێوخۆیدا نەکردووە، بەڵکو تەنیا دەستوەردانی لە پەیوەندیی نێوان زمانەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا کردووە، دەستوەردانی لە بەڕێوەبردنی فرەزمانیدا کردووە، کە ئایدیۆلۆژیای فرەزمانی لە سیاسەتە زمانییەکەی لە ڕاگەیاندندا جێگیرکردووە. بەمەش سیمای هاوبەشی و دیموکراسی لە ناوەڕۆکی سیاسەتە زمانییەکەدا ڕەنگیداوەتەوە.

کەواتە، ئەم سیاسەتە زمانییەش، کە پەرلەمانی کوردستان بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دایڕشتووە، هاوشێوەی ئەو دەقەی کە لە ماددە(٤)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە پەیوەست بوو بە سیاسەتی زمانی نەیتوانیوە کێشەکانی زمانی کوردی لە ڕووی زمانی فەرمی لە ڕاگەیاندن لە زمانی (ئاخاوتن و نووسین ) چارەسەر بکات، هەرچەندە لە سیاسەتە زمانییەکەدا ئاماژەی بە زمانی کوردی کردووە، کە لە بواری ڕاگەیاندن زمانی

فەرمییە، بەڵام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زمانێکی یەکگرتووی هاوبەشی نەتەوەیی پەیڕەوناکرێت، جا کارەکە چ پەیوەندیی بە هەواڵ و زانیارییەوە هەبێت، یاخود پەیوەندیی بە بەرهەمهێنانی فیلم و گۆرانی و مۆسیقا و بەرنامەکانەوە هەبێت.

بەمەش ئامانجەکانی سیاسەتە زمانییەکە، لە یاسایی زمانە فەرمییەکاندا، بە تایبەتی لە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا لەو ئامانجانەوە دەستیان بە دەرچوون نەکردووە، کەوا دەیەویێت(زمانێکی یەکگرتووی فەرمی بۆ سەرانسەری هەرێمی کوردستان، ڕێنووسێکی یەکگرتوو، سیستەمێکی یەکگرتووی نووسین بۆ هەرێمی کوردستان) بەدیبهێنێت، یان دیدگایەکی ڕۆشنیش بۆ دیاریکردنی نەهێشتنی کاریگەرییەکانی زمانی بیانی بەهۆی ئەو جیهانگەراییەی لە ئارادایە بە وردی بخاتە دوتوێی سیاسەتە زمانییەکە.

کەواتە، سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا، نەیتوانیوە ئاریشەکانی زمانی کوردی بە تەواوی چارەسەر بکات، لەبەرئەوەی:

١- نەیتوانی پێناسەی زمانی کوردی بکات، کە مەبەستی کام زار و شێوەزارە؟ واتە، لەگەڵ ئەوەی کە زمانی کوردی وەکو زمانی فەرمی لە ڕاگەیاندن دیاریکردووە، هەڵاوێردی یەکێک لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی نەکردووە، بۆ ئەوەی بکرێت بە زمانی فەرمی، لەکاتێکدا زمانی کوردی چەندین زار و شێوەزاری جیاوازی هەن، واتە، لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بەم لایەنە نەکردووە، و لەمبارەیەوە دەستوەردانی نەکردووە.

٢- ئاستی پێڕەوی نووسین(Writing system): هاوشێوەی سیاسەتی زمانی لە عێراق، لە سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستانیشدا، سیستەمی نووسین (ئەلفبێ)ی زمانە فەرمییەکەی دیارینەکردوە، کە کام (ئەلفبێ) لە زمانی نووسیندا بۆ زمانی کوردی فەرمییە، لەبەرئەوەی زمانی کوردی دوو جۆر سیستەمی نووسینی هەیە.

٣- پێگەی زمانە بیانییەکانی لە ڕاگەیاندن بە ڕوونی دیارینەکردووە، بەجۆرێک کە لە برگەی(یەکەم)ی مادده(٢٠)ی یاساکەدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە ((لە کاتی پێویست زمانی دیکە بەکاردەهێنرێت.))، کە ئەمەش دەستەواژەیەکی لاستیکییە و کەناڵەکان دەتوانن بەپێی لێکدانەوە و تێڕاونینی خۆیان شیکردنەوەی بۆ بکەن.

٤- ئاستی فەرهەنگ(Dictionaries for Indigenous): لەم ئاستەدا، نە لە سیاسەتی زمانی بەگشتی و نە لە بەشی تایبەت بە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا، کاری لەسەر

فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی نەکردووە، واتە لە هیچ بڕگە و ماددەیەکی یاساکەدا، کە پەیوەندییان بە شێوازی زمانی کوردی و داهێنانی وشەکانی زمانی کوردییەوە هەیە، ئاماژەی پێنەکراوە. واتە، ئەم ئاستە، کە بەندە بە داهێنانی وشەی نوێ یان چەند یەکەیەکی زمانی نوێی فەرهەنگی بەشێوەی (داڕشتن یان وەرگرتن) واتە گوزارشکردن لە ماناکان بە زمانی نەتەوە، کە پێشتر بەزمانی بیانی بووە. لە یاساکەدا ئاماژەی پێنەکراوە و فەرامۆشکراوە.

بەم جۆرە، سیاسەتە زمانییەکە بۆ ئەوەی هەڵاوێردی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی سەرەکی لە هەریمی کوردستاندا بکات، دەستوەردانی لە سنوور و بوارەکانی بەکارهێنانی زمانی کوردیدا کردووە، بەڵام لەم ئاستانەدا دەستوەردانی نەکردوە، کە ئاماژەمان پێکرد، و هەر یەک لەو لایەنانە ڕۆڵی گرنگی بۆ پلانی بە ستانداردکردنی زمان هەیە.

یاسای زمان لە هەندێک لە وڵاتاندا ئاماژەی بە بەکارهێنانی زمان لە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو خوێندراو کردووە، کە پێویستە لە پەخشە سەرتاسەرییەکانی وڵاتدا زمانی ستاندارد بەکاربهێنرێت، ئامانجیشیان لەم کارە، پەرەپێدانی تێکگەیشتن و ڕاهاتنە لەسەر زمانی فەرمی و نەتەوەیی لە نێوان گشت بەشە جیاجیاکان لە وڵاتدا(جامباز، ٢٠٠٧: ٨٨ – ٨٩)، کە ئەمەش وادەکات پەیوەندییەکی پتەو تاکەکانی کۆمەڵگە و زمانەکەیان بەیەکەوە ببەستێتەوە لە چوارچێوەی ژینگەی زمانێکی دیاریکراودا، و هاودەم ئەم بابەتە ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانەی بیانیشن دەکات، کە سەر بە زمانی جیاوازن، بۆ ئەوەی بۆ فێربوونیان کارئاسانیان بۆ بکات، جگە لەمانەش وا دەکات لە زمانی نووسین و ئاخاوتن یەکگرتوویی بۆ زمانەکە بێنیتە ئارا و لە ڕووی فەرهەنگیەوەش زمانەکە دەوڵەمەند دەکات.

بەم جۆرە، سیاسەتە زمانییەکەی هەرێمی کوردستان، زمانێکی نەتەوەیی گشتیی بۆ هەرێمەکە نەهێناوەتە ئارا، وەک زمانێکی نەتەوەیی سەرتاسەری لە هەرێمدا، بەڵکو هەر دوو زاری زمانی کوردی (زاری ژووروو و ناوەڕاست) لە بواری ڕاگەیاندن، بەیەکەوە بەکاردەهێنرێن. هەروەها هەردوو جۆری سیستەمی نووسینیش بە فراوانی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بەکاردەهێنرێن، و بێگومان ڕوونکردنەوەی زیاتری سیاسەتە زمانییەکە لە یاساکەدا دەیتوانی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو ئاریشانەی زمانی کوردی لە ڕاگەیاندن بدۆزێتەوە. لەبەرئەوەی یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دانانی سیاسەتی زمانی چارەسەرکردنی ئەو جۆرە ئاریشانەیە کە لە ژینگە زمانییەکاندا لەو ڕووەوە هەن، بۆیە

پێویستە بە جۆرێک سیاسەتی زمانی دابڕێژرێت کە هانی یەکگرتوویی و لە یەک تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕیی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە زمانییەکان بدات.

کەواتە لە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، ئایدیۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی فەرامۆشکردوە، کە تیایدا هەڵبژاردنی زارێکی زمانی نەتەوەیی کوردی و کردنی بە زمانی فەرمی وڵات هەنگاوی بۆ نەهاوێژراوە، لە کاتێکدا زمانی فەرمی حکومەت، لە قەوارەکەدا دەبێتە ناسنامەی نەتەوەکە، ئەمەش بۆ پاراستنی کەلتوری نەتەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. ئەمەش لە کاتێکدا زمانی فەرمی بەشێکی گرنگی سیاسەتی نێوخۆیی هەر دەوڵەت وحکومەتێک پێک دێنێت، و زۆر نەتەوە دوای دامەزراندنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆیی خۆیان، بۆ بەفەرمیکردن یان ستانداردکردنی زمان و هەڵاوێرکردنی زارێکی زمان، حکومەت هێز و توانا و دەسەڵات و زمانەوانان بەیەکەوە وەگڕ دەخات، تاکوو پارێزگاری لە زمان و یەکبوونی نەتەوە بکەن، چونکە دەوڵەتی بێ زمانی فەرمی و ستاندارد وەکوو وڵاتی بێ ئاڵا و سنوور وایە.(سابیر، ٢٠١٤: ١٤٨)

سەرەڕای ئەمەش، سیاسەتی پەسەندکردنی زارێکی زمانی نەتەوەیی وادەکات، کە بەهۆیەوە کەلتورێکی هاوبەشی نەتەوە، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی نیشانبدات. سەرەنجام لێکتێگەیشتن و هەستی هاوزمانی، هاوکەلتووری، هاوخاکی و هاوچارەنووسی لە نێو ئەندامانی نەتەوەکەدا، کە سەر بە زاری جیاوازن، پێک دێت(هەمان سەرچاوە، ٢٠١٤: ١٨). واتە، ئەگەر هەرێمی کوردستان سیاسەتی پەسەندکردنی زارێکی زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیی فەرمی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان وەکو زمانی هاوبەشی نەتەوەیی خۆی پەسەند بکردایە، و هاونیشتمانیانی کوردستانیش خۆیان بە ئەندام لەو گروپە زمانییە بزانیایە، باوەڕ و متمانە و هێز و دەسەڵاتی زیاتری بە زمانی کوردی و نەتەوەی کورد دەبەخشی. بە پێچەوانەوە هاندانی زارەکانی زمانی کوردی و ململانێی زارەکانی زمانی کوردی لە ناوخۆیدا ڕووبەڕووی لەتبوون دەکەنەوە، کە دواجار بەرەو دوو زمانی جیاواز هەنگاو دەهاوێژن، بەمەش مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی کورد دروست دەکات. لەکاتێکدا سیاسەتی زمانی پیویستە یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشانەی زمان و پاراستنی و بە یەکگرتوویی هێشتنەوەی. لەبەرئەوەی سیاسەتی زمانی لە بازنەی نەتەوەییدا ئامانجی بەرزکردنەوەی پایە وپێگەی زمانە، چونکە زمان ناونیشانە بۆ ناسنامە و خۆبەندی(ئینتیما)، هەروەها سیاسەتی زمانی ئامانجی پاراستنی زمانی پلان بۆ داڕێژراوە و بە ئامرازێکی پێویست بۆ پێشکەوتن و بەرزبوونەوە و گەشەسەندنی بەردەوام و هاوڕێیەتی کردنی گیانی سەردەم دادەنرێت.

کەواتە، پەرلەمانی کوردستان لە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندندا، سیاسەتی دەستوەرنەدان لە نێوخۆی زمانی کوردی لەسەر بناغە و بنچینەی گوێنەدان بە هەقیقەتی هەمەچەشنەیی زمانی کوردییەوەیە، واتە خۆشاردنەوەیەتی لە هەقیقەتی بوونی هەمەچەشنەی زارەکوردییەکان. بەمەش سیاسەتی خۆشاردنەوە و گوێ نەدانی لەسەر بناغەی وەلانانی ڕەوشی فرەزاری دەوەستێت، و ئەم سیاسەتە زمانییە لە ڕووی بنەماوە لەسەر دەقە فەرمییەکان و دەقە نووسراوەکان ناوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم (دەستوەرنەدانە) لە ناوخۆیی زمانی کوردیدا بەرانبەر کۆمەڵی فرەزاری حکومەت قەدەغە ناکات لەوەی هەندێک ڕوونکردنەوە بدات. بە شێوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی دەستوەرنەدان لەو بارەیەوە پیادەکردووە. هەروەها بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ سیاسەتە زمانیەکانی وەکوو دەستوەرنەدان لەو بارودۆخە، دەست بۆ دروشمەکانی( ئازادی و ئازادی دەربڕین و قبووڵکردنی جیاوازیەکان و ...هتد) دەبرێت (الصیفي، ٢٠١٥: ٤٣).

دانانی یاسا بۆ بەکارهێنانی زمانیکی فەرمی یەکگرتوو لە ڕاگەیاندن بە مانای بەرتەسکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین نییە، بەڵکو ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە، تاوەکو ئەو کەناڵانە زیان بە ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و ناسنامەی کەلتووری کوردی نەگەیێنن. ئەمەش دەکرێت، دوای زەمینەسازکردن هەندێک مادده و بڕگە بۆ دەقە یاسایی و دەستوورییەکە زیاد بکرێن، کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەبێت. زۆربەی وڵاتان بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی ستاندارد/ فەرمی، چەند هۆکارێک فەراهەم دەکەن، وەک تەلەفیزیۆن، سینەما، قوتابخانە...هتد، و هەموو ئەو هۆکارانەش لە ژینگەی زمانی بۆ زمانی کوردی لەمبارەیەوە لەبەردەستن.

کەواتە، دوای پێداچوونەوە بە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، یاسای زمانە فەرمییەکان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی پێناسەی زمانی کوردی لە یاسایەکەدا بکرێت، لە ڕێگەی چەند مادده و بڕگەیەکدا، بەشێوەیەک کە هەڵبژاردنی زارێک وەکو زمانی فەرمی و ستاندارد دیاریبکرێت.

هەرێمی کوردستان لە بارەی سیاسەتی زمانی بۆ دەرەوەی ژینگەی زمانی، کە پەیوەستە بە بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی لە دەرەوەی ژێنگەی زمانی کوردی، واتە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای هەرێمی کوردستاندا، خاوەن سیاسەتێکی زمانی نووسراو و فەرمی نییە بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری هاونیشتمانیانی

هەرێمی کوردستان لە تاراوگە نیشتەجێن و پێویستییان بە گەشەپێدان و پاراستنی زمانی دایکیان هەیە.

سەبارەت بە سیاسەتی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی بینراو لە ناویشیاندا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ ڕێکخستن و مۆڵەت پێدان و چاودێریکردن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی بۆ دەرکردوە، کە ناسراوە بە ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠١٤)، کە ناونراوە بە((ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوانسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان بۆ مۆڵەتی کاری وێستگەکانی ڕادیۆ و TV))، ڕێنماییەکە لە (٩) ماددە پێکهاتووە، لە دوتوێی(١٥) لاپەڕەدا، و ئاماژەی کردووە کە ئەو ڕێنماییە بەرکار دەبێت تا یاساییکی سەرتاسەری تایبەت بە ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دەردەچێت. وەزارەتی ڕۆشنبیری هۆکاری پێویست بۆ دەرکردنی ئەو ڕێنماییەی گەڕاندۆتەوە بۆ بوژانەوەی گەورەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کەلتوری، کۆمەڵایەتی و بازرگانی، کە هاودەم بۆتە هۆی گەشە و پێشکەوتنی بواری ڕاگەیاندن و فراوانبوونی.

بەپێی ئەوەی کە لە ڕێنماییەکەدا هاتووە، هەر کەس و کۆمپانیا و پارتێکی سیاسی بۆ دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی لە ڕێگەی ئەو مەرجانەی، کە لە یاسا و ڕێنماییەکاندا هاتووە، ڕێگەی پێدەدرێت کەناڵی ئاسمانی دابمەزرێنێت، سەبارەت بە سیاسەتی زمانی لەو ڕێنماییەی وەزارەتی ناوبراو دەریکردووە، تەنیا لە برگە(٨)ی ماددە(سێیەم)ی تایبەت بە((مەرجەکانی کوالێتی ڕاگەیاندن و پەخشکردن)) ئاماژەی بە بەکارهێنانی زمان کردووە، کە تیایدا هاتووە:((نەشێواندنی زمانی کوردی و پەیوەستبوون بە سەرچاوە و بنەما سەرەکییەکانی زمانی کوردی))(وەقایعی کوردستان، ٢٠١٤: ١٩)، ئەم دەقەش لە داڕشتنی ڕێنماییەکەدا، ڕوون نییە، چونکە نازانرێت مەبەستی لە شێواندنی زمانی کوردی چییە؟ و لێکدانەوەی ئەو دەستەواژەیە شیکردنەوە و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت، ئەمەش لە کاتێکدا زمان لە هەموو بەشەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن گرنگترە دەبوو ماددە و برگەی ڕوون و پێویستی بۆ دیاریکرابووایە، و پێگەی دیاریکراوی هەبوایە، چونکە تەواوی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی زمانەوە بەڕێوەدەبرێت. هەروەها دەبوو لە برگەیێکی ڕێنماییەکەدا ئاماژەی بە پیادەکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بکردایە.

لە ڕێنماییەکەدا هاتووە، هەر کەناڵێک ئەگەر بەپێی ئەو مەرجانەی لە ڕێنماییەکەدا داڕێژراون، پابەند نەبێت سزای سەرپێچکردنەکەی بە پێبژاردنی دارایی یان داخستن یان

سزای ڕاگرتنی کاتی بۆ دەردەکرێت، واتە ئەگەر لە دارشتنی ڕێنماییەکەدا سیاسەتی زمانی بە ڕوونی و بەشێوەیەکی زانستیانە ئاماژەی پێکرابوایە، دەتوانرا بەم ڕێنماییە ڕێگە لە خراپ بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بگیرایە، هەروەها دەتوانرا بە شێوەییێکی باشتر ئەو بەند و مادده و برگە یاساییانەی لە نێو سیاسەتی ڕاگەیاندن لەبارەی زمانەوە ئاماژەیان پێکراوە لە کەتواردا جێبەجێبکرین.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کارکردن و دامەزراندنی کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسا ڕێکنەخراون، بەڵکو لە چوارچێوەی ڕێنماییدا ڕێکخراون، و ئەمەش وایکردووە سەرچاوەی هێزی سیاسەتی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا بەهێز نەبێت، لەبەرئەوەی هێزی ڕێنمایی بە دوو هەنگاو لە دوای یاسا و دەستووردێت.

شایانی تێبینییە، کە کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی(١٩٩٩ز) سەریانهەڵداوە، بەڵام هەرێمی کوردستان لە ساڵی(٢٠١٤ز) ڕێنمایی بۆ ڕێکخستن و مۆڵەتپێدان و بەدواداچوون لەو کەناڵانە دەرکردووە، لە کاتێکدا دەبوو لەپێش دامەزراندنی ئەو کەناڵانە سیاسەتی ڕاگەیاندن و سیاسەتی زمانی دەرچووبووایە، بۆ ئەوەی ئەو کەناڵانە لەسەر ئەم بنەمایە ڕەنگرێژی پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییەکانیان بکردایە، واتە لە کاتی دامەزراندنی ئەو کەناڵە ئاسمانییانە لە هەرێمی کوردستاندا نە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەبووە، نە دەستووری هەرێمی کوردستان هەبووە، نە سیاسەتی ڕاگەیاندنیش هەبووە.

بەپێی ئەو بۆچوونەی پلانی زمانی پەیوەندیەکی تەواوکەرانە و یەکانگیری لەگەڵ سیاسەتی زماندا هەیە، و نەخشەڕێگەیەک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیار و سیاسەتەکان کە لە بارەی زمانەوە لەلایەن دەوڵەتەوە داڕێژراون دیاری دەکات، لە تەوەری داهاتوودا، دیمەنی زمانی کوردی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە ڕووی چۆنایەتییەوە شیدەکەینەوە، بۆ ئەوەی دەستنیشانی کەموکوڕیی و ئالنگەرییەکانی بەردەمی ئەو سیاسەتە زمانییەی بکەین، کە بۆ ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دانراوە.

واتە، تیشک دەخەینە سەر ئەو گرفتانەی کەوا ڕووبەڕووی زمانی کوردی بوونەتەوە، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، جا ئەو گرفتانە چ زمانی یاخود نا زمانی بن دەستنیشانیان دەکەین. ئەو هەوڵە هەردوو شێوازی زمان: (نووسین و ئاخاوتن) دەگرێتەوە، کەتواری پلانی زمانی لە هەر دوو شێوەکەی لەم کەناڵانە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە دەخەینەڕوو.

## ٤-٤: پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا:

لەم تەوەرەدا، دوای ئەوەی ئامار و ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دەخەینەڕوو، هەوڵ دەدەین ڕەوشی پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا شیکردنەوەی بۆ بکەین.

### ٤-٤-١:کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا:

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە سەردەمی ئەمڕۆدا، لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆڵی گەورە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەگێرن و جێگای بایەخن، بەهۆیەوە پەیام بە ڕێگەی زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین بە وێنە و دەنگ و ڕەنگ و زمانی ئاماژە بۆ تاکەکانی کۆمەڵی کوردی لە سەرتاسەری جیهان دەگوازنەوە. ئامرازگەلێکی سەرەکیی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەمەجۆرن، بەهۆی خێرایی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان و بەرنامە هەمەجۆرەکانی، کەم کەس دەتوانێت دەست بەرداریان بێت.

هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی وەک قەوارەیەک لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١ز) دامەزرا، بە هۆی ڕاگەیاندن بەگشتی و دامەزراندنی کەناڵە ئاسمانییەکان دەرگا داخراوەکانی هەرێمی کوردستانی بەڕووی جیهاندا بۆ خرایە سەرپشت، بە جۆرێک کە ئەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییانە بە تەواوەتی بەربەستی سنووری جوگرافیای نەتەوەییان بەزاندووە و پەیوەندیی جوگرافیایی، بۆتە پەیوەندییەکی جیهانیی و هەموو نەتەوەی کوردی لە جیهان بەیەکەوە گرێداوە(قادری، ٢٠٠٩: ٥٢). بەتایبەتی دوای بەرفراوانبوونی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و گرێدانی کەناڵە ئاسمانییەکان بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، بەجۆرێک، کە بینەری کورد توانای بینینی زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی لە ئەنتەرنێتەوە هەیە.

بەمەش کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وایانکردووە زمانی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، یان پارچەکانی دیکەی کوردستان لە(تورکیا، ئێران، سوریا) قەتیس نەمێنێتەوە، بەڵکو ئەو سنوورەی تێپەڕاندوە و زۆربەی جیهانی گرتۆتەوە، هەروەها توانراوە ئەو لێکدابڕانەی لە نێوان ئەو کوردانەی لەو ناوچانەشدا هەنە نەیهێڵن یان کەمی بکەنەوە، کە وا دەکات جیاوازییەکان لە ڕووی کەلتووری لە نێوان نەتەوەی کورد لە ناوچە جیاوازەکان لەسەر ئاستی جیهان کەم بکاتەوە و هاوسۆزی لە نێوانیاندا دروست بکات.

پێش سەرهەڵدانی ئەم کەناڵە ئاسمانیانە، هۆکاری جوگرافی کاریگەریی زۆری لەسەر پەرتبوونی زمانی کوردی و لێکدابڕانی زارەکانی زمانی کوردی هەبوو، چونکە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە پانتاییێکی فراوانی جوگرافی بڵاوبوونەتەوە، هەروەها هەر وەک لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر دەرکەوتبوو، هۆی جوگرافی لە کۆندا بە هۆیەکی گرنگی لێکترازانی زار و شێوەزارەکان دادەنرا، هەروەها ئەو کەسانەی نیشتەجێی ناوچەی شاخاوی و سەختن کاریگەری زمانانی بیانییان لەسەر کەمتربوو، بەراورد بە ناوچەی دەشت و بیابانەکان(عەزیز، ٢٠٠٥: ١٥٣)، بەڵام کەناڵە ئاسمانییەکان ئەو بۆ چوونەیان نەهێشتووە، و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم هۆکارە کاریگەرییەکانی بەرەو کەم بوونەوەیە، هەر وەکو ئەم ئامرازانەی ڕاگەیاندن ڕێگەنادەن جیاوازی لە نێوان ئینگلیزی ئەمەریکی و ئینگلیزی بەریتانیادا وەک دوو زمانی جیاواز بن، یان جیاوازی لە نێوان زمانی فەرەنسی لە وڵاتی فەرەنسا و کیبیکدا هەبیت.(کالفی، ٢٠١٢: ٣٢) ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو بەربەستە جوگرافیانەیان نەهێشتووە. و ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە لە بواری ڕاگەیاندن، کاریگەریی لەسەر مانەوە و بووژانەوە و گەشەسەندنی زمانی کوردی لە وڵاتانی سوریا و ئێران و تورکیا و کوردانی تاراوگەشدا دەبێت.

لەپێش سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زمانی کوردی وەک زمانێکی نەتەوەیی تەنیا لە چوارچێوەی ژینگە زمانییەکەیدا بەکاردەهات و گرنگیەکەی تەنیا لە چوارچیوەی نەتەوەی کورددا بوو، لە ئاستی دەرەکیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ زمان و کەلتووری ڕۆژئاواییدا لاوازبوو، بەڵام ئێستا لە ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی فەرمی لەلایەن بەرپرسانی باڵای هەرێم و عێراقدا، لە کۆنگرە و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە ناوخۆشدا لە بواری بەرهەمهێنانی فلیم و فلیم کارتۆن و گۆرانی و هەواڵی سیاسی و جاڕدان(ڕیکلام) و بەرنامەی هەمە چەشنیش لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بەکاردێت.

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا مێژوویەکی درێژی نییە، یەکەمین کەناڵی کوردی لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی(١٩٩٩ز) بە ناوی کەناڵی ئاسمانی کوردستان(Ktv) بەرنامەکانی دەستی بە پەخشکردن کردووە، کە کەناڵێکی حزبییە، خاوەندارێتییەکەی بۆ پارتی دیموکراتی کورستان دەگەڕێتەوە، تا ئێستاش لە پەخشکردنی بەرنامەکانی بەردەوامە. دوای ئەویش کەناڵی ئاسمانی کوردسات (Kurdsat) لە کانوونی یەکەمی

ساڵی(٢٠٠٠)دەستی بە پەخشکردن کردووە، کە ئەمیشیان کەناڵێکی حزبییە، و خاوەنداریەتییەکەی بۆ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە، ژمارەی ئەم کەناڵە ئاسمانیانە، لە هەرێمی کوردستان بەردەوام ڕووی لە زیادبوونە، بەپێی دواین ئامار لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک (٣٧) کەناڵی ئاسمانی بە زمانی کوردی، عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئینگلیزی بەرنامەکانیان پەخشدەکەن(شێروان عولا خورشید: ٢٠٢١/٨/١١) بڕوانە خشتەی ژمارە(١) بکە.

**خشتەی(١) ناو و تایبەتمەندی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان**

| ز | ناوی کەناڵ | شوێن | تایبەتمەندی کەناڵ | خاوەنداریەتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زارۆ(zaro) | هەولێر | منداڵان | وەزارەتی ڕۆشنبیری |
| ٢ | نێت | هەولێر | خۆشبژێی (تەرفیهی) | مارکێت تیڤی |
| ٣ | کۆرەک | هەولێر | هونەری | سەفین سابر مستەفا |
| ٤ | کەناڵ ٤ | هەولێر | هونەریو کۆمەڵایەتی | سەفین سابر مستەفا |
| ٥ | زاگرۆس | هەولێر | سیاسی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٦ | کوردستان | هەولێر | هەواڵی سیاسی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٧ | ئاڤا | هەولێر | هونەری-کۆمەڵایەتی | نییە |
| ٨ | هەولێر | هەولێر | گشتی | هێرش خۆشناو |
| ٩ | ڕێگا | هەولێر | سیاسی- کەلتووری | حزبی شوعی کوردستان |
| ١٠ | بابیلۆن | هەولێر | هونەری گشتی | کۆمپانیای بابیلۆن |
| ١١ | کوردستان ٢٤ | هەولێر | هەواڵ | نورەدین سەید وەیسی |
| ١٢ | پۆپ | هەولێر | هونەر و گۆرانی | A.MEDIA |
| ١٣ | کوردماکس | هەولێر | هونەری | محمود وشیار محمود |
| ١٤ | الباصۆ | هەولێر | ریکلام | هەکار رجب حسین |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ڕووداو | هەولێر | سیاسی- هەواڵی | کۆمپانیای ڕوداو |
| ١٦ | کوردماکس پەپولە | هەولێر | مندالآن | محمود وشیار محمود |
| ١٧ | ئیشق/ دەوران | هەولێر | گشتی | - |
| ١٨ | المدی | هەولێر | هونەری | فەخری کریم ولی |
| ١٩ | کوردماکس میوزیک | هەولێر | هونەری | محمود وشیار محمود |
| ٢٠ | حنین | هەولێر | هونەری | کۆمپانیای حنین |
| ٢١ | پەیام | سلێمانی | گشتی | کۆمەڵی دادگەری |
| ٢٢ | گەلی کوردستان | سلێمانی | هەواڵ – سیاسی | مکتەبی ڕاگەیاندن/ی.ن.ک |
| ٢٣ | کوردسات | سلێمانی | هەواڵی – سیاسی | هێرۆ ابراهیم احمد |
| ٢٤ | کوردسات نیوز | سلێمانی | هەواڵی | مکتەبی ڕاگەیاندن/ی.ن.ک |
| ٢٥ | ئێن ئار تی | سلیمانی | سیاسی – هەوالی | کۆمپانیای نالیا |
| ٢٦ | ئێن ئار تی دوو | سلێمانی | هونەری | کۆمپانیای نالیا |
| ٢٧ | ئێن ئار تی سێ | سلیمانی | مندالآن | کۆمپانیای نالیا |
| ٢٨ | ئێن ئار تی چوار | سلیمانی | ئایینی | کۆمپانیای نالیا |
| ٢٩ | کوردماکس شۆ | هەولیر | هونەری | محمود وشیار محمود |
| ٣٠ | ئامۆژگاری | سلێمانی | ئایینی | عبدوالله‌تیف ئەحمەد |
| ٣١ | ڤان | دهۆک | هونەری | - |
| ٣٢ | وار | دهۆک | گشتی | کۆمپانیای پالۆ |
| ٣٣ | کەی ئێن ئێن | سلێمانی | هەواڵی – سیاسی | کۆمپانیای وشە |
| ٣٤ | کەرکوک | کەرکوک | هەواڵی – سیاسی | مکتەبی ڕاگەیاندن/ی.ن.ک |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | بادینان سات | دهۆک | گشتی | مکتەبی ڕاگەیاندن/ی.ن.ک |
| ٣٦ | سپێدە | هەولێر | گشتی | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ٣٧ | بانگەواز | سلێمانی | ئایینی و پەروەردەیی | کۆمەڵی دادگەری کوردستان |

کەواتە، ئەو ئامارەی خستمانە ڕوو، لە جۆر و ژمارەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی ئەوە دەردەخەن، کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەم بوارە گەشەسەندن و پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیووە، بە جۆرێک، کە لە ڕووی ژمارەوە بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە و لە ڕووی تایبەتمەندیش هەمەجۆرن، بۆ نموونە، کەناڵی تایبەتمەند بە(منداڵان، هونەری و گۆرانی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، وەرزشی، سیاسی - هەواڵی، سیاسی – کەلتووری، پەروەردەیی، ئایینی، گشتی)هەن، و لە ڕوویەکی تر هەیانە (حزبی، حکومی، ئەهلی(کۆمپانیا یان تاکەکەس))ئەم فرەییەش نیشانەی ئەوەیە، کە ئەم بوارە لە هەرێمی کوردستاندا وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن پشتگوێ نەخراوە و گرنگی زۆری پێدراوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، قەوارەی هەرێمی کوردستان هەر سێ دەسەڵاتەکانی دادوەری و یاسادانان و جێبەجێکردن، خاوەن هیچ کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی فەرمی نین، بۆ گواستنەوەی سیاسەتی گشتی و ستراتیژییەتی حوکمڕانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، هەروەها کەناڵێکی سەربەخۆی فەرمی وەک دەسەڵاتی چوارەمیش لە هەرێمی کوردستاندا نییە. هەر چەندە دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی هەن، کە خاوەندارییەتیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ خزمەتی کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵ نییە، لەبەرئەوەی تایبەتمەندیی یەکێکیان لە بواری پەروەردەییە بۆ خزمەتی توێژی قوتابیان دامەزراوە، ئەوی دیکەشیان بۆ منداڵانە، بە ناوی کەناڵی ئاسمانی زارۆ (zaro)کە تا ئێستا نەکەوتۆتەکار.

هەروەها لە ڕووی زمانییەوە(زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن) کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هەمەچەشنن، و لە ڕووی زمانی ئاخاوتن و نووسین بێ کەموکوڕی و هەڵە نین. لەم تەوەرەدا، بە گشتی باسی کەتواری پلانی زمانی کوردی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەین. گرفتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕووی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانی و کاریگەری زمانانی بیانی لە ئاستی دەنگسازی و ڕێزمان بەسەر زمانی کوردیدا نیشان دەدەین و هەڵە زمانییەکانی کەناڵە ئاسمانیەکانیش دەستنیشان دەکەین، و

ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕووی پاراستن و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی وەکو ناسنامەی نەتەوەی کورد تیشکی دەخەینە سەر.

**٤-٤-٢: شێوازی پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:**

لەم تەوەرەدا، شێوازەکانی پلانی زمانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پاکسازی زمانی لە ڕووی دەنگسازی، فەرهەنگ و زاراوەسازی، ئاستی ڕێزمانی نیشاندەدەین، تیشک دەخەینە سەر بەکارهێنانی وشە و بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و وەرگرتنی وشەی بیانی. هەروەها ڕۆلیان لە گەشەپێدان و پاراستن و و بڵاوکردنەوەی زمان لەنێو جەماوەری وەرگری کەناڵە ئاسمانیەکان دەخەینە ڕوو. بە تایبەتی لەم سەردەمەدا بەهۆی ئەوەی لەلایەک ئەرکەکانی زمانی کوردی لە ڕێگەی ئەم کەناڵانەوە فراوان بووە، لەبەرئەوەی لە زۆر بواری جیاجیادا خراوەتە بەکارهێنان، و لەلایەکی دیکەش بەهۆی بەستنەوەیان بە تۆڕی جیهانی(ئەنتەرنێت)کاریگەرییان زیاتر بووە، بەهۆی ئەو خێراییەی لە گەیاندنی پەیامەکان هەیانە.

کەناڵە ئاسمانییەکان، لەم سەردەمەدا پێشەنگ و خێران لە گەیاندنی ڕووداو و هەواڵ و زانیاری و شتە نوێیەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی، لە بواری: (سیاسی، ئابووری، هونەری، تەندروستی، وەرزشی، کۆمەڵایەتی، ...هتد)، کە زۆر بەخێرایی لە ڕێگەی ئەم ئامرازە و ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، وشە و زاراوەی نوێ بۆ هەریەک لەو بوارانەی ئاماژەمان پێکردوە دەگوازنەوە، یان بەرهەمدەهێنن. بەمەش ڕۆڵی سەرەکی لە بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنان و زیندوکردنەوە و گەشەپێدانی زمان بەگشتی دەگێڕن، ئەگەر بێت و لەم ڕووەوە خاوەنی پلانێکی زمان بن.

هەروەها کەناڵە ئاسمانییەکان بەپێی تایبەتمەندییان بەستراونەتەوە بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و هونەرییەکان، بۆیە لەو ڕێگەیەوە تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتیی کارتێکردنی زمان لە کۆمەڵدا و بەهەند وەرگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بنیادی زماندا هاتووە، لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازییەوە.

هەروەها پلانی زمانی ڕۆلێکی گرنگ لە گەشە و پەرەسەندنی فەرهەنگی زمان دەگێڕێت، وهەرکات فەرهەنگی زمان بە وشە و زاراوەی نوێ دەوڵەمەندبێت، زیندویەتی و کارابوونی زمان نیشان دەدات.

لێرەدا شێوازەکانی پلانی زمانی لەم ڕووەوە لە چەند وەچە تەوەرێکدا دەخەینەڕوو:

### ٤-٣: پاکسازیی زمانی (Language purification) :

پاکسازیی زمانی، ئامانجی پاراستنی زمان و پاککردنەوەی زمانە لە وشە و دەستەواژەی نامۆ و بیانی وەرگیراو، یانیش پالاوتن و پاکڕاگرتنی سیستەمی زمانە لە هەموو پێکهاتە زمانەوانییە بیانییەکان، کە ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی بۆ دووجۆر دابەش دەبێت، (Kaplan and Baldouf,1997: 38) لەوانە:

### ٤-٣-١: پاکسازیی دەرەکی (external purification) :

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئێستا بە گرنگترین ئامرازی ڕاگەیاندنی جەماوەری دادەنرێن، چونکە زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆیان ڕادەکێشن و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیش لە ڕێگەی ئەوانەوە بە خوێندەوار و نەخوێندەوار فێری زۆر لە وشە و زاراوەی زمان دەبن، ئەوەش لە میانی بینین و بەدواداچوونی هەواڵ و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ئەو کەناڵانە(وەندی،٢٠١٣:٤٠).

زمانی کوردی وەکوو زۆربەی زمانە زیندووەکان، هەندێک وشە و زاراوەی لە زمانانی بیانی وەرگرتووە، هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنیش بە فراوانی بەکاریاندەهێنن، بە تایبەتی لە بەرنامەکانی (سیاسی، هونەری، وەرزشی، زانستیی و ئەدەبی،...هتد)، تەنانەت هەندێک جار لە گفتوگۆ و تاوتوێکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش بەکاریاندەهێنن، ئەم وشە بیانیانەی بەکاریاندەهێنن وەنەبێت هەموویان زاراوەی زانستی بن و زمانی کوردی وشەی بەرانبەری نەبێت، بەڵکو هەندێکیان وشە و زاراوەی ئاسایی ڕۆژانەی سەر زاری خەڵکن لەنێو زمانی مامەڵەکردنی ڕۆژانەدا بەکاریاندەهێنن، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا وشەی خۆماڵی لە بەرانبەریاندا هەیە، بۆ نموونە، وشەکانی (**ڕێستورانت، کەمپ، مۆدێرن، کاندید، تیرۆر، دیالۆگ، جینۆساید، میدیا، بودجە، فرێند، بایکۆت، تیم، میتینگ، لێڤڵ، کلاس، ئەنەڕجی، کابینە، ئیکۆنۆمی، ئۆرجیناڵ، ستایڵ، سترێس، داتا، سۆشیال میدیا، سپۆنسەر، سینگڵ،...هتد**) کە لە زمانی کوردیدا وشەکانی (**چێشتخانە یان خواردنگە، کۆمەڵگە یان ئۆردوگا، هاوچەرخ یا نوێگەر، بەربژێر یان پاڵێوراو، تۆقاندن، گفتوگۆ، کۆمەڵکوژ، ڕاگەیاندن، خەرجی، هاوڕێ، ڕەتکردنەوە، کۆمەڵ، کۆبوونەوە، ئاست، پۆل، وزە، پێکهاتە، ئابووری، ڕەسەن، شێواز، دڵەڕاوکێ، زانیاری ژمارەیی، تۆڕی کۆمەڵایەتی، پشتیوانی دارایی، سەڵت،...هتد**)، لە بەرانبەریاندا هەن، ئەمەش لە کاتێکدا، هەر زمانێک پێویستە لەکاتی نەبوونی وشەی پێویست، پەنا بۆ وەرگرتنی وشەی بیانی ببات، واتە ئەگەر لە هەر بوارێکدا وشەکانی زمانی کوردی بتوانێت پێویستییەکانی پڕ بکاتەوە، پێویست بە وەرگرتنی وشەی بیانی ناکات، ئەم

دیاردەیە، بۆتە هۆی ڕەواجدان بە بەکارهێنانی ئەم وشانەی زمانی ئینگلیزیی لەنێو زمانی ئاخاوتن و نووسینی تاکی کورددا.

دەمانەوێت بۆ هەندێک لەم وشانە، نموونەی پێویست بهێنینەوە، کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا لە زمانی ئاخاوتن و ژێرنووسی شاشەی کەناڵەکان لە زمانی نووسینیشدا بەکارهێنراون، بۆ نموونە:

- پێکهێنانی **کابینە**ی نوێی حکومەتی عێراق بە **تەوافوق** دەبێت. (Ktv: 2021/11/17)
- لە **ڕێستورانت**ێکی هەولێر شەڕ ڕوویدا و دوو کەس کوژران. (Kurdsat NEWS: 2021/11/19)
- هیچ **تیمێکی** فریاگوزاری نەهاتووەتە گەرەکی دارەتو کە سەرچاوەی لافاوەکەیە. (Kurdsat NEWS: 2021/12/17)
- ئاساییە **کاندید**ێکی خەڵکی شنگال بە دەنگی خەڵکی سلێمانی ببێتە پەرلەمانتار. (NRT: 2021/11/17)
- بە بەشداری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان **دیالۆگ**ی مەنامە (2021) بەردەوامە(Ktv: 2021/11/20).
- **سیمپۆزیۆم**ی خوێندن و پەروەردەی **میدیایی** لە زانکۆی هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت(Kurdsat NEWS: 2021/11/17).
- **بوڵتەنی** هەواڵەکان بە **سپۆنسەری** قەیوان **گروپ** پێشکەش دەکرێت (Rudaw: 2021/11/22)
- لە **کافتریایەک**ی هەولێر سرودی بەعس لێدەدرێت.( Kurdsat NEWS: 2021/11/17)
- **پانێلی** گەشەسەندن لە کوردستانی عێراق، حوکمڕانی لەسەردەمی **مۆدێرندا** بەڕێوەدەچێت. (Rudaw: 2021/11/17)
- کۆچبەران لە سنووری پۆڵەنداوە دەگوازرێنەوە نێو **کەمپ** لە بیلاڕووس. (Rudaw: 2021/11/20)

- به فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان **بودجەیەک**ی تایبەت بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا تەرخانکرا. (Ktv: 2021/11/24)

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەی بیانی بەکارهێنراون، بەشی زۆری وشە بیانیەکانیش، لە زمانی ئینگلیزی وەرگیراون، لە کاتێکدا بۆ هەریەک لەو وشانە لە زمانی کوردیدا وشەی بەرانبەریان هەیە.

جگە لەم وشە و زاراوانەی کە ئاماژەمان پێدان، کە لە بەرنامە هەمەچەشنەکان و هەواڵەکان بەفراوانی بەکاردەهێنرێن، هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان، تەنانەت نیشانەی ناسین و ناوی کەناڵەکەشیان بە زمانی ئینگلیزییە، یان بە زمانی ئینگلیزی و کوردی بە تێکەڵاوییە، بۆ نموونە ئەمانە ناوی هەندێک تەلەفزیۆن و نیشانەی ناسینی هەندێک لە تەلەفزیۆنەکانە:

(NET TV, KURDSAT, KURDSAT NEWS, KURDMAX SHAW, NRT, KNN …etc)

جگە لەمانەش، هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ناوی هەندێک لە بەرنامەکانیشان بە زمانی ئینگلیزی ناونراون، یان پێکهاتەکەی بە جۆرێکە، کە لە وشەیەک یان زیادەیەکی وەرگیراو و وشەیەکی کوردیی پێکهاتووە، وەکو(کوردئارت، ئاڤا کافێ، نێت گرام، نایت شۆ، شۆمەگەزین، کوردستان ستار، کوردسات مەگەزین، فیچەر، گەمەسات، کوردسات تایم، دیکۆمێنتاری، باک ستەیج(Back stage)، ...هتد)، بێگومان ناونانی کەناڵە ئاسمانییەکان و بەرنامەکان بە ناوی ئینگلیزی و بە زمانی ئینگلیزی، کاریگەریی خراپی بە ئاراستەی نەرێنی لەسەر گۆڕینی ناسنامەی زمانی نەتەوەیی هەیە، و خزمەت بە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی ناکات.

بەمەش دەردەکەوێت، کە پاکسازیکردنی زمانی کوردی، لەدوای دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، زیاتر دیاردەییێک یان ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی بووە نەک زمانی، لەبەرئەوەی پاکسازیکردنی زمانی کوردی لەبەرانبەر خواستنی وشە لە زمانی ئینگلیزدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو زۆرتر لە بەرانبەر زمانی عەرەبیی بووە (پوور، ٢٠١٥: ٥٤)، تەنانەت هەندێکجار لە پاکسازیکردنەکەدا وشە عەرەبیەکان لادراون لە شوێنی ئەواندا وشەی زمانی ئینگلیزی لەبەرانبەریاندا دانراون، نەک وشەی زمانی کوردی. تەنانەت لێژنەی زاراوەش لە ئەکادیمیای کوردیی لەو نامیلکەیەی کە بۆ زاراوەی ڕاگەیاندن بڵاویکردۆتەوە، لە هەندێک زاراوەدا هەمان شتی کردووە، لەوانە، لە بەرانبەر زاراوەکانی زمانی عەرەبی:

**(الارهاب، الاعلام، السيطرة، المركزية، الموسوعة، الميزانية، جماعة، حوار، عيادة، عامل، محاضرة عامة، مهرجان، ...هتد)** زاراوەکانی **(تیرۆر، میدیا، کۆنترۆلکردن، سەنترالیزم، بودجە، گروپ، دایەلۆگ، کلینک، فاکتەر، سمینار، ڤیستڤاڵ، ...هتد)**ی داناون(لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان: ٢٠٠٥)، ئەمەش وەنەبێت لە بەرانبەر ئەو وشانە کرابێت کە زاراوەی کوردی بەرانبەریان نەبێت، بەڵکو دەبینین ئەو دیاردەییە بەرانبەر هەندێک وشە و زاراوە کراون، کە لە زمانی کوردیدا زاراوەی هاوواتا لە بەرانبەریاندا هەن، هەر بۆیە لە کەناڵە ئاسمانییەکانیش ئەم دیاردەییە بە ڕوونی هەستپێدەکرێت، بۆ نموونە:

- بەرانبەر وشەی (اعلام)ی عەرەبی وشەی ( ڕاگەیاندن) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، کەچی زۆربەی کەناڵەکان وشەی (میدیا)ی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن.

- لەبەرانبەر وشەی (اسعاف)ی زمانی عەرەبی، وشەی (ئەمبولانس) بەکاردەهێنین، لە کاتێکدا لەبەرانبەریدا وشەی (فریاگوزاری و  فریاکەوتن) لە زمانی کوردیدا دانراون.

- لەبەرانبەر وشەی (مجمع)ی زمانی عەرەبی، وشەی (کۆمەڵگە- ئۆردیگا) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەن، کەچی زۆربەی کەناڵەکان وشەی (کەمپ)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنن.

- لەبەرانبەر وشەی (مطعم)ی زمانی عەرەبی، وشەی (چێشتخانە و خواردنگە) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەن، کەچی زۆرجار کەناڵەکان وشەی (ڕێستورانت)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنن.

- لەبەرانبەر وشەی (بحث)ی زمانی عەرەبی، هەندێکجار وشەی (ریسێرچ) بەکاردەهێنین، لە کاتێکدا لەبەرانبەریدا وشەی (توێژینەوە- لێکۆڵینەوە) لە زمانی کوردیدا باون و بەکاردەهێنرێن.

- لەبەرانبەر وشەی (اصلاح)ی زمانی عەرەبی، وشەی (چاکسازی) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، کەچی زۆرجار لە کەناڵەکان وشەی (ڕیفۆرم)ی ئینگلیزی دەبیستین و دەبینین.

بۆ نموونە:

-کۆچبەران لە سنووری پۆڵەنداوە دەگوازرێنەوە نێو **کەمپ** لە بێلاڕووس  (Rudaw: 2021/11/20)

- تەنیا **ڕێستورانتەکان** بە شێوەی **دلیڤەری** دەتوانن خواردن بفرۆشن (Rudaw: 2020/3/15).

- بەهۆی بەرکەوتنیان بە گازی فرمێسکڕێژ بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان و **میدیاکاران** تەندروستیان تێکچووە(پەیام: ٢٠٢١/١١/٢٤).

- ئێوە قوتابی زانکۆن بڕۆن **ریسێرچ** بکەن. (Ktv:2021/11/21)

- کابینەی نۆیەم لە بواری دارایدا **ریفۆرمی** کردووە (Ktv: 2021/11/21).

هەروەها هەندێک جار لە دەربڕینەکان وشە و زاراوەی بیانی نامۆ و گران و ئاڵۆز بەکاردەهێنن، جەماوەری وەرگر لە هەموو ئاستێکی ڕۆشنبیریدا ناتوانن هێماکان هەڵبوەشێننەوە و تێیان بگەن، واتە هێمای باو بەکارناهێنن. بۆ نموونە لە بری وشەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە وشەیەکی باوە هەموو خەڵکی ئاشنای بوونە، هەندێکجار زاراوەی زانستی (covid19)بەکاردێنن یان وشەکانی **(فاکتەر، دیسپلین، نێگەتیڤ، پۆزەتیف، دیفاکتۆ،...هتد)**، یان ناوی هونەرمەندانی بیانی و بەرهەمە هونەرییەکانیان و ئەکرۆنیم بە زمانی ئینگلیزی لە نێو دەق یان ڕستەیەکی زمانی کوردیدا بەکاردەهێنن، بۆ نموونە:

- **WHO** بەشدارە لە بەدواداچوون لە **کەیسەکەدا**. (Rudaw: 2021/4/29)

- ژنێک لە ئەرژەنتین لە **HIV** چاک دەبێتەوە. (KURDSAT NEWS: 2021/11/17)

- دامەزراوەی ڤیم پڕۆژەی **ئارتفرۆش** ڕادەگەنێت. (KURDSAT NEWS: 2021/11/

- ڕێوڕەسمی **"MET GALA"** بەهۆی کۆرۆناوە دواخرا. (Rudaw: 2020/3/17)

- ڕێوڕەسمی خەڵاتەکانی **iHeartRadio** هەڵوەشایەوە. (Rudaw: 2020/3/17)

- زنجیرە درامای تورکی **The Gift** بەرهەمهات. (Rudaw: 2020/3/31)

- شەشەم **کۆنفرانسی** نێودەوڵەتی **پلاتفۆرمی** دابران بەڕێوەدەچێت. (k24: 2021/11/27)

بێگومان بەکارهێنانی ئەم زاراوە و وشە ئینگلیزییە نامۆیانە، کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن هەیە، چونکە ئەم وشانە ڕوون و باو نین، هەروەها زۆر بەکارنەهێنراون، تەنانەت بۆ هەندێک کەس، کە پسپۆڕ نین تێگەیشتنیان ئەستەمە، و هەموو ئەو وشانە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و شییکرنەوە هەیە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی تێیبگەن. واتە، ئەم شێوازە بۆ تەلەفزیۆن گوونجاو نییە، و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن ناگوونجێت، و پێویستە هەر وشەیەکی وەرگیراو تەنانەت ناو و ئەکرۆنیمەکان بە سیستەمی زمانی کوردی گۆبکرێن و بنووسرێن.

ئەمەش لەبەرئەوەی، جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا، لە چین و توێژی جیاوازن، بۆیە پێویستە خۆیان دووربخەنەوە لە وشە و زاراوەی هاوواتا و نامۆ بە زمانی ئاخاوتن و نووسینی کۆمەڵ( الشرف و ندا، ٢٠٠٤: ٣٨).

کاتێک ئێمە باس لە پاکسازیکردنی زمان دەکەین، مەبەست ئەوە نییە، هەموو وشەیەکی بیانی لە زمانی کوردیدا بۆ وشەی زمانی کوردی بگۆڕین، لەبەرئەوەی چەندین وشەی زمانی ئینگلیزی خزاونەتە نێو زمانی کوردی، کە هەندێکیان بوونەتە هۆی گەشەی زمانی کوردی، لەبەرئەوەی ئەم وشانە لەپێشوودا لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا نەبوونە، و وشەیەکی هاوواتایان لەبەرانبەردا نییە، بۆیە زاراوە بیانییەکە خۆی سەپاندووە، وەک وشەکانی**(کۆمپیوتەر، ئایپاد، ئەنتەرنێت، فیسبووک، مۆبایل، تویتەر، ماسنجەر، ڤایبەر، سناپ، تیلیگرام، یوتوب، واتسئەپ، ڕادیۆ، کۆرۆنا، ئیسترازنیکا، فایزەر، سینۆفارم، هەمبەرگر، پیتزا، ...هتد)**، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زمانی ئینگلیزی لەلایەک بۆتە زمانی زانست و تەکنەلۆژیا، و خۆی وەک نوێنەری بەجیهانیبوون پێشان دەدات، لە ڕووی ڕۆشەنبیری و زانستی و هزری(حسێن،٢٠١٤: ٤٧) لەلایەکی دیکەش، ئاژانسە کاریگەرە گەورەکانی جیهان کە هەواڵەکانی ڕامیاری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و زانستی لە جیهاندا دەخەنە بەردەست دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەک(تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە،...هتد) بە زمانی ئینگلیزین، لەوانە:(ئاژانسی ئاسۆشیتد پریس، ئاژانسی ڕۆیترز، ئاژانسی نێودەوڵەتی یونایتد پرێس). (فارس، ٢٠٢٠: ٢٨) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجۆرە وشانەی کە سیمای وشەیەکی جیهانیشیان وەرگرتووە، پێویستە لە کاتی نووسین و گۆکردندا، ڕیسا و یاساکانی وشەسازی و دەنگسازیی زمانی کوردیی بەسەردا بسەپێنین.

زۆربەی زمانەکانی جیهان لە هەندێک زاراوەی بواری تەکنەلۆژیا و زانست سوودیان لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە. تەنانەت پێشکەوتووترین زمانی جیهانیش، بۆ هەندێک زاراوەی زانستی بەناچاری پشتی بەم وشانەی زمانە جیهانییەکان بەستووە، و زاراوە زانستییەکان لەم زمانانە وەردەگرن، کە خاوەنی داهێنراوە زانستییەکانن(عەزیز، ٢٠٠٥: ٤٦١). وەکو وشەی جیهانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بە دیاردەیەکی سروشتی و ئاسایی دادەنرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی بە ئاسانی ناتوانرێت زاراوەی هاوواتا لەبەرانبەر ئەم زاراوانە دابنرێن و جێگەی ئەو زاراوانەمان بۆ بگرێتەوە و لەلایەن خەڵکی بەکاربهێنرێن، هەروەکو چۆن هەردوو زاراوەی **(دووچەرخە و ئەسپە ئاسنین)** لە زمانی کوردیدا، نەیانتوانی جێگەی وشەی **(پایسکیل)** بگرنەوە، هەرچەندە ئەمجۆرە وشانەش ئەگەر پێش ئەوەی ناوە بیانییەکەی بڵاوبکرێتەوە، ناوێکی کوردی بۆ دابنرێت، دەکرێت بکرێنە کوردی، بەڵام کاتێک لەناو خەڵکی بڵاوبوویەوە و بەکارهات، ناکرێت دواتر داوا لە خەڵکی و ڕاگەیاندنەکان بکەین واز لەو ناوە بهێنن کەپێی ڕاهاتوون. هەروەکوو کەناڵی ئاسمانی ڕووداو لە ڕێکەوتی(٣/١٤/ ٢٠٢٠ ز) لە جیاتی وشەی (کەرەنتین) بڕیاریدا وشەی(ڤاڕێز)بەکاربهێنێت، ئەمەش لە کاتێکدا کە ماوەی(٢٠) ڕۆژبوو وشەی کەرەنتینی بەکارهێنابوو، پەیامنێر و بێژەرەکانیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوام بوون لەبەکارهێنانی وشەی(ڤارێز)، بەڵام بەهۆی پەسەندنەکردنی لەلایەن خەڵکی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کەناڵی ڕووداویش دووبارە بۆ بەکارهێنانەوەی وشەی(کەرەنتین) گەڕایەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، ئێمە کاتێک داوای پاکسازی زمان دەکەین، مەبەستمان وەرگرتنی هەندێک وشە و زاراوەن، کە خزاونەتە نێو زمانی کوردی کە هیچ سوودێک بە زمانی کوردی ناگەیەنن، بوونەتە بار بەسەر زمانی کوردییەوە. بۆ نموونە، ئێمە لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی، وەکو: (بڵاوکراوە، پەخشنامە، هەواڵنامە، دوادەنگوباس، کۆهەواڵ، ...هتد) مان لە بەرانبەر وشەی(بوڵتەن)ی زمانی ئینگلیزی هەبێت، بۆچی ئەم وشەیە بەکاربهێنین؟

بۆ نموونە:

- **بوڵتەنی** هەواڵە ئابوریەکان ... پێشکەشدەکرێت.
- **بوڵتەنی** هەواڵەکان لە کاژێر... پێشکەشدەکرێت.
- **بوڵتەنی** هەواڵە وەرزشیەکانتان پێشکەش دەکەین.

هەروەها لە کاتێکدا وشەی (ڕاپۆرتە هەواڵ) و(پشتیوانی دارایی یان پاڵپشتی دارایی) لە زمانی کوردیدا هەبێت و پێشتر بەکارهێنرابێت، بۆچی زاراوەی (نیوز فیچەر) و(سپۆنسەر)ی زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنن.

- فیچەر بە سپۆنسەری .......... (RUDAW: 2021/12/15)

هەندێک لەم وشە و زاراوە بیانیانەی کە لەم کەناڵانە بەکاردەهێنرێن، هیچ پاساوێک بۆ بەکارهێنانیان نییە، تەنیا بۆ خۆجیاکردنەوە و خۆدەرخستنە، واتە، وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشە و زاراوانە، کە پێویست نین، بوونەتە بار لەسەر زمانی کوردی، لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە وشە و زاراوانە لای هەندێک کەس ئاڵۆز و ناڕوونن و گرفت بۆ تێگەیشتنیان دروستدەکات.

تۆڕی ڕاگەیاندنی ڕووداو لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی(کتێبی ڕووداو)، کە ڕێبەرێکە بۆ کارمەندانی کەناڵەکانی خۆی، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا، تاکە کەناڵە خاوەنی کتێبێکی لەو شێوەیەیە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرچاوڕوونیەکی باش بە کارمەندانی دەدات، سەبارەت بە شێوازی کارکردنیان لە کەناڵەکەدا، لە بەشێکی تایبەتی کتێبەکەدا، کە بەناونیشانی(( ستایلنامەی ڕووداو))ە کۆمەڵێک ڕێنمایی بۆ جوان نووسین و گونجاونووسین لەخۆدەگرێت، بە ئاشکرا داوا لە ڕاگەیاندنکارانی دەکات، پێویستە پەیڕەوی بکەن، کە لە پێشەکیەکەیدا نووسیویەتی((مەبەستی ڕووداو ئەوەیە ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەبێت)) (٢٠١٩: ١٩٧) هەرچەندە زیاتر تیشکی خستۆتە سەر شێوازی زمانی نووسین، بەڵام لە نێویشدا کۆمەڵە وشەیەکی داناوە، کە پێویستە لە نووسین و گۆکردندا ڕەچاوی بکەن.

بەکارهێنانی ئەم چەند وشە بیانیانە و چەند وشەیەکی دیکەی جیاوازی زمانی کوردی بۆتە هۆی دەرخستنی شێوازی تایبەتی کەناڵی ڕووداو لە ڕووی زمانیەوە، لەبەرئەوەی بە بەردەوامی ڕۆژانە چەند جارێک دووبارەیان دەکاتەوە، کە لە کەناڵەکانی دیکە بەکارناهێنرێن، ئەمەش وایکردووە لە کەناڵەکانی دیکە خۆی جیا بکاتەوە، ئەمەش بۆتە دیاردەیەک کە کەناڵەکانی دیکەش بەدوای شێوازی تایبەتی خۆیاندا بگەڕێن، بۆ نموونە، کەناڵی ئاسمانی(ئێن ئار تی) یش بۆ خۆجیاکردنەوەی لە کەناڵەکانی دیکە، چەند وشەیەکی جیاواز لە کەناڵەکانی دیکە بەکاردەهێنێت، وەکو، وشەی (چاوگێک) لە بەرانبەر وشەی(سەرچاوەیەک) بەکاردەهێنێت، هەروەها لە بەرانبەر هەواڵی نوێی لە جیاتی وشەی (بەپەلە) وشەی(هات) بەکاردەهێنێت، ئەمەش ئاشکرایە، تەنیا بۆ خۆجیاکردنەوەیەتی لە کەناڵە

ئاسمانییەکانی دیکە، ئەمەش لە کاتێکدا لە هیچ کەناڵێکی دیکەی ئاسمانی و کۆمەڵگەش ئەم وشانە بۆ ئەو واتا و مەبەستانە بەکارناهێنرێن.

- **هات: چاوگێک** لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، موراد کانی کوردەیی و دوو لە پاسەوانەکانی کوژراون. (NRT: 2021/11/26)
- بۆ کۆکراوەی هەواڵەکانی ڕۆژ وشەی **پانۆراما** (panorama) ی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت.

ئەگەر بێت و ئەکادیمیای کوردی کارا بێت و بەدواداچوونی هەبێت، کە بە یاسا دەسەڵاتی پێدراوە، دەتوانێت سنوورێک بۆ ئەو ڕەواجدانە بە زمانی بیانی و پاشاگەردانی کەناڵە ئاسمانییەکان دابنێت، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردنی لیژنەی فەرهەنگ و زاراوەی دەزگاکە، هەروەها بە ڕێگەی بەدواداچوونی بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠١٤ز)ی زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانی بەم شێوە فراوانە لایەنێکی نەرێنی لەسەر زمانی کوردی دروستکردووە، خەریکە زمانی کوردی سیماکانی خۆی لە دەست دەدات.

هەروەها لیژنەی فەرهەنگ و زاراوە لە هەندێک بواردا وەرگێرانی بۆ کۆمەڵێک وشە و زاراوەی بیانی کردووە، و بەشێکیان لە ڕاگەیاندنەکان بە فراوانی بەکاردەهێنرێن، بەڵام بەشێکی دیکەی ئەم وشە و زاراوە وەرگێردراوانە بەکارناهێنرێن، یان وشە بیانییەکە ڕەواجی زیاترە، ئەمەش لە کاتێکدا ئەکادیمیای کوردی داوای لە ڕاگەیاندنەکان کردووە پەیڕەوی بکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ بەدوادچوونێک لەم ڕووەوە بۆ کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، پاکسازییە زمانییەکە بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە. لەم بارەیەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٢) بکە.

**خشتەی ژمارە(٢)**

**خشتەی هەندێک وشە و زاراوە کە وەرگێردراون و بەکارناهێنرێن**

| وشەی بیانی | وەرگێڕانەکەی |
|---|---|
| ریکلام | ئاگاداریی – جاڕدان |
| ارادة | ویست |
| ازدحام | ئاپۆرە |

| | |
|---|---|
| ازدواجية | دووفاقی، دووڕوویی |
| استغلال | وەسوودهێنان، قۆزتنەوە |
| انتهازي | هەڵپەرست |
| كانديد | پاڵێوراو، بەربژێر، پالاوتن |
| تدخل | خۆ تێهەڵقورتاندن، دەست خستنەناو |
| تهميش | پەراوێزکردن |
| حاكم | دادوەر |
| خدمات | خزمەتگوزاری |
| رؤية | تێڕوانین |
| ضمان | مسۆگەرکردن، دابینکردن |
| ظاهرة | دیاردە |
| غرامة | پێبژاردن |

هەروەها زۆر جار ئەوانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە، یان ئەوانەی زمانی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە، لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا، وەک بێژەر و پێشکەشکار کاردەکەن، یان وەکو میوان لە بەرنامەکان بانگهێشت دەکرێن، زۆرجار وشەی زمانی ئینگلیزی تێکەڵاوی زمانی ئاخاوتنیان دەکەن، ئەمەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە منداڵی بە زمانی بیانی خوێندویانە و لە ژینگەی ئەو زمانانەدا تەمەنی منداڵیان بەسەربردووە. هەر بۆیەش دەبینین هەندێک وشەی وەکو:

( Okay, bye, hi, oh my God, no comment, Change color, hello, ets)

ئەم دەربڕینانە بە بەردەوام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن. جگە لەمەش ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەی بەرز و پسپۆریشن، هەندێکیان پەنا بۆ زاراوەی زانستی بە زمانی ئینگلیزی دەبەن لە شێوەی نووسین و ئاخاوتن بەکاریدەهێنن.

هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم وشە بیانیانە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا دەبینین و دەبیستین، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستەیەش بزانین، کە تەنها دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم بایەخدان و ڕەواجدانەدا بە زمانی ئینگلیزی هۆکارنین، لەبەرئەوەی ئەم کەناڵانە کەتواری

وێنەی ژینگەی زمانی کۆمەڵگەمان بۆ دەگوازنەوە، و تۆماری دەکەن، بۆیە کە دەڕوانینە زمان لە ناو ئەو کەناڵە ئاسمانییانە، بە تایبەتی ئەو زمانەی کە لە بەرنامە هەمەچەشنە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێن، ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە زمانی ئینگلیزی لە قەوارەی هەرێمی کوردستان پێگەی دیاری لە ژینگەی زمانی کوردیدا داگیرکردووە.

کەواتە، مەرج نییە کەناڵە ئاسمانییەکان تاکە لایەنی وەرگرتن یان بەکارهێنانی ئەو زاراوە بیانیانەبن، بەڵکو ڕەنگە هەندێکجار بەکارهێنانەکە لەلایەن تاکەکەسەوە بێت، یان لەلایەن کۆمەڵەوە بە گشتی بێت، بەڵام ڕاگەیاندنەکان بە گشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوە و جێگیربوونی هەیە، لەکاتی بەکارهێنانیان بە بەردەوامی.

کەواتە لەم سەردەمەدا، ئەو کرانەوەیەی وڵاتانی جیهان بە ڕووی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، وایکردووە وەرگرتنی وشە و زاراوە هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە، واتە،تەنها لە چوارچێوەی زاراوە زانستییەکان قەتیس نەمێنێتەوە، بۆ نموونە لە زۆربەی بوارەکاندا وشە و زاراوە خزاونەتە نێو زمانی کوردی، کە هەندێکیان بە هۆی زۆر بەکارهێنانی جێگەیان بە وشەکانی زمانی کوردی لێژکردووە، بە شێوەیەک، کە لەسەر زاری خەڵکی خوێندەوار و نەخوێندەوار دەبیسترێت، و کەناڵە ئاسمانییەکانیش لە زمانی ئاخاوتن و نووسین ڕەواجیان پێدەدەن و بە فراوانی بەکاریان دەهێنن، وەکو: (**تیرۆر، جینۆساید، دۆسیە، کەیس، ئۆپۆزیسیۆن، پرۆگرام، مەساج، سۆشیال میدیا، ئێکسسوار، مۆدێل، سپۆرت، ڕیکلام، دیکۆر، ستایل، کامیرامان، پەرلەمان، ئیدارە، قەرز، گومرگ، ڤیزە، نەقدی، دائیرە، ئۆفەر، سپۆنسەر، عیبادەت، تەقوا، سەلەفی، فەتوا، زکر، تەعزیە، تەڵاق، تەڕحیل، ڤیتۆ، سەندیکا، دکتاتۆر، مۆدێرن، کاندید، کابینە، باڵانس، شاحنە، داتا ، تاگ، فرێند، ئاکتیڤ، ئەکاونت، ئۆرجیناڵ، کوالیتی، بوڵتەن، فیچەر، لیڤڵ، لۆکاڵ، میمۆری، ڕیکۆرد، کۆمێنت، مەسج، ،سوپرایز، لینک، بلۆک، لایک، جیکلاس، جێب، پرادۆ، غەسل، کاتیوشا، کۆد، سینگل، بۆتۆکس، فیلەر، سالۆن، مێک ئەپ، ڕیستورانت، هۆتێل، فایل،...هتد**)

کەواتە، ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوەی زمانی بیانی بە بەردەوامی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێن و ڕەواجیان پێدەدرێت، کە ئەمەش دەریدەخات، زمانی کوردی لە دوای دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ژێر هەژموونی زمانی ئینگلیزییەوە، وشە و زاراوەیەکی زۆری لەم زمانە وەرگرتووە. هاوکات ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش دەشێت بە سەرچاوەیەک دابنرێن بۆ وەرگرتنی ئەم وشە و زاراوە بیانیانە، و بە یەکێک لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی لەنێو کۆمەڵی زمانی دادەنرێت، لە کاتێکدا

دەبوو کەناڵەکان هۆکارێک بوونایە بۆ گەشەی زمانی دایک و زیاتر لە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا خرابانەگەڕ، لەبەرئەوەی دیاردەی وەرگرتنی وشە و زاراوە بەم شێوە فراوانە، کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی فەرهەنگی زمانی کوردی لە ڕێگەی داڕشتنی وشەی نوێ بە یەکە و کەرەستەی زمانی کوردی دەبێت.

بۆیە، پێویستە لە بەکارهێنانی وشە لە ئاخاوتن و نووسیندا ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکەین:

ا- بە ئاگایانەوە وشەکان بەکاربهێنین.

ب- تا دەکرێت وشە کوردییەکان کەرەستەی ئاخاوتن و نووسینمان بێت. (مەحوی، ٢٠٠٠: ٦)

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لە ڕێگەی یاساوە هەنگاوی پاکسازیکردنی زمانی کوردی کاری لەسەرنەکراوە، بەڵام لە ڕێگەی ئەکادیمیای کوردی هەوڵیانداوە، کە لیژنەی تایبەت بۆ ئەم بابەتە پێکبهێنن و زاراوەی پێویست لە بوارەکانی(ڕاگەیاندن، مێژوو، یاسا، ئامار، هتد) دەربکەن، بەڵام بەبی ئەوەی هیچ پاڵپشتێکی یاسایی، یان بەدواداچوونێک لەلایەن ئەکادیمیای کوردی بۆ پەیڕەوکردنی لەم بارەیەوە هەبێت، ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر زمان بەپێی پلانێکی تۆکمە و گونجاو پاکسازی لە یەکە فەرهەنگیەکانی زمانی بیانی نەکات، کە لە زمانەکەدا وشەی هاوواتا بەرانبەریان هەیە، ناتوانێت کاریگەرییە نەرێنییەکانی زمانی بیانی لەسەر زمانی دایک کەم بکاتەوە یان نەیهێڵێت. کە ئەمەش دواجار وا دەکات زمان لە هەموو ئاستەکانیدا ڕووبەڕووی کاریگەرییەکان ببێتەوە، بەمەش زمان بەرەو لاوازی دەڕوات.

زمانی کوردی بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی لە وشە و زاراوە بەهۆی ئەو تێکەڵاویەی هەیەتی لەگەڵ نەتەوەکانی(عەرەبی، فارس، تورکی، ...هتد) پێشتر زیاتر پەنا بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) بردراوە، بەڵام ئێستا ئەگەر بەراوردێک لە نێوان زمانی ڕاگەیاندنی پێش دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیمرۆدا بکەین، دەبینین، ڕێژەی وشەی بەکارهاتووی زمانی عەرەبی زۆر کەم بۆتەوە، و بەردەوام بەرەو کەمبونەوەش دەچێت(ڕەسول، ٢٠١٥ :٣٤١). ئەمەش بە هۆی هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەیە لە کەناڵە ئاسمانییەکان، کە بە ئەنتەرنێتەوە گرێدراون، ئاڕاستەی وەرگرتنی وشە و زاراوەیان لەو زمانانە بۆ زمانی ئینگلیزی و زمانە جیهانییەکان گۆڕیوە، واتە پێش دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی پێش فراوان بوونی ڕاگەیاندن و گەشەی تەکنەلۆژیا، بەم شێوە فراوانە ڕاستەوخۆ وشە و زاراوە لە زمانانی

ئینگلیزی و جیهانی وەرنەدەگیرا، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە دەهاتنە نێو زمانی کوردییەوە، واتە وشە وەرگیراوەکان هەندێکجار ئەگەر ئینگلیزیش بوونایە لە زمانی عەرەبیەوە وەردەگێردرانە سەر زمانی کوردی.

لەمەش زیاتر، بۆمان دەرکەوت، کە وەرگرتنی وشەی زمانی بیانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەمووجارێک لە کاتی پێویست پەنای بۆ نەبراوە، بەڵکو زۆرجار وشەی هاوواتاش لە زمانی کوردیدا هەبووە، بەڵام پەنا بۆ وشە و زاراوەی زمانی بیانی براوە، بە تایبەتی وشەی زمانی ئینگلیزی. هۆکاری ئەم بەکارهێنانە بەم شێوە فراوانە بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە:

١- بەهۆی ئەو کرانەوەیەی لە دوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانی عێراق هاتۆتەکایەوە، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وایانکردووە زمانی ئینگلیزی کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی دروستبکات، و لەم ڕووەوە جێگەیان بە وشە و زاراوەکانی هەندێک وشەی زمانی کوردی و عەرەبی لێژکردوە.

٢- زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە، و زمانێکی باڵایە لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانستی، بە هۆیەوە کەسانێک شانازی بە زانینی ئەو زمانە دەکەن، بۆیە هەندیکجار زیادەڕۆیی لە بەکارهینانی دەکەن.

٣- کۆمپانیا و تۆڕە هەواڵیە گەورەکانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی هەواڵەکانیان پەخش دەکەن، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان وەکوو سەرچاوەیەک بۆ ڕاگەیاندنەکانیان سوودیان لێ وەردەگرن.

٣- هۆکاری لاساییکردنەوە و خۆجیاکردنەوە، واتە، بەکارهێنانی وشە و زاراوەی ئینگلیزی لە هەندێک کەناڵی ئاسمانی بۆتە دیاردەیەک بۆ خۆدەرخستن و خۆجیاکردنەوە.

٤- هۆکاری ئایدیۆلۆژیای سیاسی، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە زمانی عەرەبی، کە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ زمانی کوردیدا، لە ململانێی زمانیدابووە.

٥- هەندێک جار بە هۆی پێویستیی بۆ ناونانی بابەتی نوێ و داهێنراوە زانستی و تەکنەلۆژییەکان  ئەم وشە و زاراوە ئینگلیزییانە وەرگیراون.

### ٤-٣-٢: پاكسازیی ناوەكی( internal purification):

ئامانجی پاراستنی دروستەی بینای زمانی و دروست بەكارهێنانیەتی( Kaplan and Baldouf,1997:60)، واتە پێویستە لە نووسین ودەربڕیندا لە هەموو ئاستەكاندا لە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیدا، بنەمای ڕێسا و دەستووری زمانی دایک پەیڕەوبكرێن، نموونەی ئەمەش ناوەندەكانی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژكردنی زمانییە بۆ گشت خەڵكان، و ئاشكراكردنی هەڵە زمانییەكان و ڕاستكردنەوەیانە، و پابەندكردنی خانەكانی وەشاندن و لایەنە ڕاگەیاندنكاریەكان بە پێشكەشنەكردنی هیچ بابەتێک ئەگەر لە ڕووی زمانییەوە وردبینی نەكرابن، هەروەكوو ئەوەی لە ژمارەیەک لە وڵاتانی وەكوو ژاپۆن و سوید و هی دیكەشدا كاری پێ دەكرێت. ( المحمود، ٢٠١٨:١٠٤)

لەم ڕووەوە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانی هەرێمی كوردستان لە لایەنی دەنگسازی و وشەسازی و دروستەی گرێ و ڕستە، لە كاریگەری زمانانی بیانی بەدەرنین، واتە، هەندێكجار لەسەر بنەمای لاسایكردنەوەی یاسای ڕێزمانی زمانی بیانی ڕستە و فرێز دادەڕێژن، و مۆركی زمانی بیانیان پێوەدیارە، هەرچەندە پێكهاتەی گرێ و ڕستەكان، لە یەكە فەرهەنگییەكانی زمانی كوردیش پێكهاتبێت. هەروەها لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازیشدا بە هەمان شێوە ئەم كاریگەرییە بەدیدەكرێت، لە پاكسازی ناوخۆیدا باس لە كاریگەرییەكانی هەرسێ ئاستی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی دەكەین:

#### ٤-٣-٢-١: پاكسازیی دەنگسازی:

لێرەدا مەبەست پاراستنی زمانە لە دەنگی زمانی بیانی، هەر چەندە وەرگرتنی یەكەی دەنگی نەبۆتە دیاردەیەكی زمانی، لەبەرئەوەی زۆر كەم ڕوودەدات. ئەگەر ڕووشبدات، بە خێرایی ڕوونادات، و ماوەیەكی درێژخایەنی دەوێت بۆ ئەوەی دەنگی زمانێک بتوانێت خۆی بخزێنێتە نێو دەنگی زمانێكی دیكە. لەكاتی هاتنی دەنگەكەش، دەشێت ئەو دەنگە ببێتە فۆنیمێک لەم زمانەدا. بێگومان ئەمەش بەهۆی وەرگرتنی وشەی بیانی بەشێوەیەكی فراوان ڕوودەدات، هەروەكو چۆن هەرسێ دەنگی(ح، ع، غ) لە زمانی عەرەبییەوە بەو ڕێگەیەوە هاتوونەتە نێو زمانی كوردی، و ئێستا سێ فۆنیمن لە زمانی كوردیدا (رسول، ٢٠١٥: ٩٤ ).

لەم بارەیەوە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان لە گۆكردنی هەندێک دەنگ بە نامۆیی، لەسەر بنەمای یاسای فۆنۆلۆژی زمانی وشە قەرز كراوەكە بەدەرنین، بێژەرانی هەندێک كەناڵی ئاسمانی، بە تێڕوانینی خۆیان هەوڵدەدەن بە كوردییێكی ڕاست و بێهەڵە قسەبكەن،

ئەمەش هەندێک جار لەسەر داوای بەرپرسانی ئەم دەزگایانەی ڕاگەیاندنە، کە کاری تێدا دەکەن، کە دەستوەردان و گۆڕانکاری لە زمانی کوردیدا دەکەن، ئەمەش بە جۆرێک کە لەگەڵ سەلیقەی کارامەیی قسەپێکەرانی زمانی کوردی و خودی بێژەرانیش بە دوورە، بە هیچ زانست و لۆژیکێک پاساوی بۆ ناهێندرێتەوە، لای خەڵکی وای نیشاندەدن کە ئەو کوردییە سرووشتی و ئاساییەی، کە خەڵکی قسەی پێدەکەن هەڵەیە، و ئەوان ڕاستیانکردۆتەوە، بۆ نموونە، دەبێت بڵێین "میوزیک" نەک "مۆسیقا"، هەروەها پێویستە بڵێین (تاکسی) نەک (تەکسی)، و (ڕیفراندم) ڕاستە نەک (ڕیفڕاندۆم)، هەروەها لە نێوان وشەی "قەدەخە" و وشەی (قەدەغە) دەبێ بڵێین "قەدەخە"، و لە نێوان وشەی (بناغە) و (بناخە) دەبێت بڵێین(بناخە). ئەم جۆرە لە زمانی ئاخاوتن، کە هەندێک کەناڵی ئاسمانی قسەی پێدەکەن و پێشی دەنووسن، بۆتە هۆی ئەوەی لەلایەن زۆربەی بینەران و بیسەرانی کەناڵەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە، کە بۆچی بێژەرانی تەلەفیزیۆن بەم جۆرە قسە دەکەن؟!

پاساوی کاربەدەستانی تەلەفزیۆن، کە بۆ ئەم گۆڕانکارییانە دەیهێننەوە لەم دوو بابەتە بەدەر نییە:

١- ئەگەر وشەکە کوردی بێت، چۆنییەتیی دەربڕینی لە ڕابردوودا کراوەتە پێوەری دروستبوونی یان هەڵەبوونی.

٢- ئەگەر وشەکە ئینگلیزی یان عەرەبی بێت، پێوەرەکە چۆنییەتیی دەربڕینی لە زمانی ئینگلیزیی یان عەرەبی کراوەتە پێوەر.

لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم دوو پاساوە هەڵەن و لەنێو زانستی زماندا جێگەیان نابێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەم دووخاڵە:

یەکەم: پێوەری چۆنیەتیی دەربڕینی وشە لە ڕابردوو هەرگیز ناتوانێت، ببێت بە پێوەری دروستی و نادروستی(باطنی، ٢٠١١، ٢٠٨) واتە، نابێت، بگەڕێینەوە بۆ دواوە و ببینین، بابەتاهیری هەمەدانی و نالی و ئەحمەدی خانی چۆن ئەدوان و قسەیان دەکرد و هەر ئەو چۆنیەتیی دەربڕینەی ئەوان بەکاربهێنین، و بکەینە پێوەر بۆ زمانی کوردی هاوچەرخ، کەواتە، ڕابردوو ناتوانێت، پێوەری زمان بێت بۆ ئێستا.

ئەمەش لەبەرئەوەی، زمان وەکو بونەوەرێکی زیندووە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەو کەسانەی، کە ڕابردووی زمان دەکەنە پێوەر بۆ شێوەی ئێستای زمان، لە ڕاستیدا

دان بە گۆڕانی زمان دانانێن، هەوڵدەدەن ڕێگری لە گۆڕانی زماندا بکەن، بەڵام ئەمە هەوڵێکە هەرگیز سەرناگرێت.

دووەم: ئەوەی، کە ئەم وشانە لە زمانی ئینگلیزی، یان عەرەبیدا چۆن گۆدەکرێن؟ دەبێت لە زمانی کوردیشدا هەر بەو جۆرەبن، کە ئەمەش گریمانەییێکی هەڵەیە. هەر زمانێک سیستەمێکی دەنگی تایبەت بە خۆی هەیە. هەرکات زمانێک وشە یا وشەگەلێک لە زمانێکی ترەوە وەربگرێت، دەیخاتە سیستەمی دەنگی خۆیەوە و وەکو ئەندامێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئاواش هەرکات وشەییێک لە زمانێکی تردا پەسەند دەکرێت، ئەو زمانە هەر گۆڕانکارییێک پێویست بێت بەسەر ئەو وشەیەدا دێنێت تا خۆی لەگەڵ سیستەمی گشتی ئەو زمانەدا ڕێکبخات. ئەمە یاسایێکی گشتییە، کە هەموو زمانەکان دەگرێتەوە و ئەو وشانەی زمانی ئینگلیزیش کە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە ئەم یاسایە پێڕەو دەکەن. تەنها چۆنیەتیی دەربڕینی ئاسایی وشەگەلێکی وەک (رادیۆ، تەلەفیزیون، تەلەفۆن، مۆبایل، ئەنتەرنێت، ... هتد) بەو جۆرەی کە لە زمانی کوردیدا ئاساییە، تایبەتە بە زمانی کوردی و چۆنیەتیی گۆکردنیان لە هیچ زمانێکی دیکە ناچێت و وەرنەگیراوە. کەواتە لە ڕووی زمانەوانییەوە هیچ پاساوێک نییە هەوڵبدەین چۆنیەتیی گۆکردنی وشە ئینگلیزیەکان لە کوردیدا بە هەڵە بزانین و چۆنیەتیی گۆکردنیان لە زمانی ئینگلیزیدا بکەینە نموونە بۆ گفتوگۆکانمان (باطنی، ١٣٩٠: ٢٠٩).

هەندێک نموونەی پێویست لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەم بارەیەوە دەهێنینەوە، لەوانە:

- گەشت و سەیرانی هاونیشتمانیان لە پشووەکان و نەورۆزدا لە سلێمانی **قەدەخەکرا**. (Rudaw: 2020/3/14)
- قودس و مزگەوتی ئەقسا **بناخەی** ململانێی لەگەڵ ئیسرائیل. (Rudaw: 2020/4/4)
- خۆپیشاندانی شۆفێرانی تاکسی لە بەردەم پارێزگای سلێمانی (kurdsat NEWS: 2021/6/5)
- مەسرور بارزانی بەشداریکرد لە کردنەوەی فیستیڤاڵی **فیلمی** دهۆک( Rudaw: 2021/11/16).
- بە بەشداری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان **دیالۆگی** مەنامە (٢٠٢١) بەردەوامە. (Ktv: 2021/11/20)

- کوردێک بەشداری لە **فێستڤاڵی** نێودەوڵەتیی **فۆتۆ** لە ئاسیا دەکات. (kurdsat NEWS: 2021/11/22)

- کچان **کۆمێنت** لەسەر جل و بەرگ و **ماکیاژی** زەینۆ دەدەن. (NET TV: 2021/9/6)

دەبینین لەم نموونانەی خستومانەتە ڕوو، چۆنییەتی گۆکردنی لە ڕابردوودا بۆتە پێوەر بۆ نووسین و دەربڕینی هەردوو وشەی**(قەدەغە و بناغە)** بە شێوەی **(قەدەخە و بناخە)**، هەروەها لە نموونەکانی دیکەشدا پێوەرەکە چۆنییەتی دەربڕینی ئەم وشانە لە زمانی ئینگلیزیی کراوەتە پێوەر بۆ نووسین و دەربڕینی وشەکانی **(تاکسی، فیلم، دیالۆگ، ماکیاژ، فێستڤاڵ، فۆتۆ)**. لە کاتێکدا، لەڕووی زمانەوانییەوە ئەم دوو پاساوە ڕەتکراونەتەوە. لەبەرئەوەی لە زماندا هەرکات کە دەستکاری وشەی وەرگیراوی بیانی دەکەین، ئەوا ئەو وشانە لە زمانەکەدا ڕەگی خۆیان دادەکوتن و باشتر جێگیر دەبن و دەچەسپێن. (مارف، ١٩٧٥: ٢٢٥)

**٤-٣-٢-٢: پاکسازی لە ئاستی وشەسازیدا:**

پاکسازیکردن لە ئاستی وشەسازیدا، مەبەست پاکسازیکردنی زمانە، لەم وشانەی کە لەبەر پێویستی وەرنەگیراون، و بوونەتە بار بەسەر زمانەوە، هەروەها ئەو یەکە زمانیانەش دەگرێتەوە، کە وەکو مۆرفیمێکی ڕێزمانی بە وشە سەربەخۆکانەوە لکاون کە وەرگیراون.

سەبارەت بە وشە سەربەخۆکان کە وەرگیراون و پێویست نین، لە تەوەری پاکسازیکردنی دەرەکی زۆر نموونەمان بۆ هێنایەوە، لێرەدا دووبارەیان ناکەینەوە، بەڵکو لێرەدا جەخت لەم جۆرە وشانە دەکەینەوە، کە وشەکە و یەکە ڕێزمانییەکانی بەشدار لەگەڵ وشە وەرگیراوەکاندا بەیەکەوە وەرگیراون، وەکو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی.

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هەندێک وشەی بیانی وەرگیراو بەکاردەهێنن، کە بە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکانی زمانی بیانییەوە وەرگیراون، وەک: (پانێلست، فۆتۆگرافەر، پەرلەمانتار، میوزیسیان، سۆفیزم، تیرۆریزم، کامیرامان، تیرۆریست، معلومات، موناجات، موبیلیات، ئەوەلییات، تەحددیات، ئیشارات، عقارات، ئێکسسوارات)

- خانمێک بە **ئێکسسوارات** دەسترەنگینی خۆی دەخاتە ڕوو (KURDSAT: 2021/11/26).

- ئاساییە کاندیدێکی خەڵکی شنگال بە دەنگی خەڵکی سلێمانی ببێتە **پەرلەمانتار** (NRT: 2021/11/17)

- **فۆتۆگرافەر** "لین گی" وێنەیەکی دەگمەنی ئەم هەڵۆیە دەگریت کە مشکێک لەنێو بەفردا ڕاودەکات (KURDSAT: 2021/12/21).

- لە دهۆک کۆمپانیایەکی **مۆبیلیات** سوتا (KURDSAT NEWS: 2021/11/25).

- بە هۆی بەرکەوتنیان بە گازی فرمێسکرێژ پەیامنێر و **کامێرامانی** کەناڵی پەیام تەندروستییان تێکچوو (پەیام: ٢٠٢١/١١/٢٤).

**٤-٤-٣-٢-٣: پاکسازی لە ڕستەسازی:**

مەبەست لەم ئاستە، وەرگرتنی بۆتەی ڕێزمانی زمانی بیانییە، کە هەرچەندە بەراورد بە ئاستەکانی دیکە کەمتر بەرچاو دەکەوێت، لەبەرئەوەی خواستنی کەرەسە لەم ئاستەدا کەمتر باوە، بەڵام ئەم دیاردانەش ناوبەناو لە ئەنجامی تێکەڵاوی زۆردا لە زمانێکەوە دەچنە نێو زمانێکی دیکەوە (فتاح، ٢٠١١: ١٤٠)، هەروەها ڕاگەیاندنکاران لە کەناڵە ئاسمانیەکانیش بەهۆی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لە سەرچاوە بیانییەکان و وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی، هەندێکجار قالبی فرێز و ڕستەکان لە زمانی سەرچاوە وەردەگرن، پێویستە لەکاتی هەبوونی ئەم دیاردەییە پاکسازی بکرێت، و پێویستە کەناڵە ئاسمانییەکان دووربکەونەوە لە وەرگرتنی قالبی گرێ و ڕستەی زمانانی بیانی، واتە، کەناڵە ئاسمانییەکان دەبێت هەوڵ بدەن لە ڕۆنانی گرێ و ڕستەدا پەیڕەوی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بکەن. لەبەرئەوەی وەرگرتن لەم ئاستەدا کارێکی پەسەند نییە، و زیان بە ناسنامەی زمان دەگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر وشەکان و یەکە زمانییەکانی پێکهاتەی گرێ و ڕستەکانیش کوردی بن، چەند نموونەیەک لەم جۆرە گرێ و ڕستانە، کە لە کەناڵە ئاسمانییەکان بەکاردەهێنرێن دەخەینە ڕوو:

- **پەیامنێری کوردستان تیڤی**: زیاتر لە ١٥٠ ئۆتۆمبیل زیانیان بەرکەوتووە (ktv: 2021/12/17).

ئەم دەربڕینە دەبوو بەم شێوەیە بێت: پەیامنێری تەلەفزیۆنی کوردستان : زیاتر لە .....

- نایت شۆ بەسپۆنسەری **هێمن گروپ**.

ئەم ڕستەیە پێویستبوو بەم شێوەیە بێت: نایت شۆ بە پاڵپشتی دارایی **گروپی هێمن.**

- هەواڵەکان بە سپۆنسەری **قەیوان گروپ.**

ئەم ڕستەیە پێویستە بەم شێوەیە بێت: هەواڵەکان بە پاڵپشتی دارایی گروپی قەیوان.

- **گفتوگۆ دەکەین** لەسەر کێشەی کۆچبەران (NRT: 2021/11/28 ).

ئەم ڕستەیە پێویست بوو بەم شێوەیە بێت: لەسەر کێشەی کۆچبەران **گفتوگۆ دەکەین.**

- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی **هەڵسا بە** ئەنجامدانی کۆنفرانسێک لە بارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا...

فرێزی (هەڵسا بە) لە (قام)ی زمانی عەرەبی وەرگیراوە.

ئەم ڕستەیە پێویست بوو بەم شێوەیە بێت: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کۆنفرانسێکی لە بارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجامدا.

ئەگەر ئەم ڕستانەی خستمانە ڕوو، سەیریان بکەین، دەبینین کەرەستەکان لەسەر بنەمای یاسای زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی ڕیزکراون. لە کاتێکدا هەر زمانێک خاوەنی یاسا و ریسای ڕێزمانیی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ دروستکردنی فرێز و ڕستە. واتە، هەریەک لەم ڕستانە لەڕووی یاسای ڕێزمانی لادانیان تێدایە.

لە زمانی کوردیدا لە کاتی پێکهێنانی گرێی ناویدا بەزۆری (دیارخەر) دەکەوێتە دوای (دیارخراو) ەوە. وەک (مێوانخانەی پێنج ئەستێرە)، لێرەدا پێنج ئەستێرە (دیارخەر)ە و کەوتۆتە دوای (مێوانخانە)ەوە، کە (دیارخراو)ە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزدا بە پێچەوانەوە دیارخەر دەکەوێتە پێش دیارخراوەوە و دەگوترێت(five star hotel). بەهۆی لاسایی زمانی ئینگلیزییەوە ئێستا بازاڕەکانی کوردستان پڕن لە ناونیشانی وەک(سۆڕان بازار، هەرزان بازاڕ، هەڵۆ ستایل، لاس مارکێت، ...هتد)، کە دەبوو نووسرابان(بازاڕی سۆران، بازاڕی هەرزان، ستایلی هەڵۆ، مارکێتی لاس،...هتد)، کە هەموو ئەوانەش لەکاتی جاردان لە کەناڵە ئاسمانییەکان بەردەوام بڵاودەکرێنەوە.

ئەم دیاردەیەی، پەیڕەوکردنی ڕیزبەندیی کەرەستە بنچینەییەکانی زمانی ئینگلیزی، دەریدەخات دیاردەی وەرگرتن تەنیا لە وەرگرتنی وشەدا بەدی ناکرێت، بەڵکو پەلی هاویشتووە بۆ وەرگرتنی یاسا و ڕێسای ڕستەسازیش، ئەم قاڵبە نامۆیانە لە کەناڵە

ئاسمانییە کوردییەکانیش لە زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن ڕۆژانە دەبینرێن و دەبیسترێن، و زۆر بە بڵاوی لەلایەن ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە بەکاردەهێنرێنەوە. ئەم جۆرە وەرگرتنە (وەرگرتنی یاسا و ڕێسای زمانی بیانیی) زمان تووشی نەمان و لەناوچوون دەکات، بۆیە پێی دەوترێت، ژەهری زمانی (language poison)(سەرحەد و سەعید، ٢٠١٩: ١١٦)

کەواتە، بە شێوەیەکی گشتی زۆر گرنگە ڕاگەیاندکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەموو وردەکارییەکانی زمان لە ڕووی دەنگسازی و ڕێزمان و ...هتد شارەزابن، لەبەرئەوەی بە گشتی مەترسیەکانی سەر زمانێک کاتێک سەرهەڵدەدات، کە سیستەمی دەنگی لەناو سیستەمی دەنگی زمانێکی تردا بتوێتەوە و فرێز و ڕستەکانیشی بەشێوەی فرێز و ڕستەکانی زمانێکی تر بنووسرێن و گۆبکرێن. (کالفی، ٢٠١٢: ١٤٥) جگە لەمەش وادەخوازێت ڕاگەیاندکاران لە ڕووی فەرهەنگیەوەش خاوەن زمانێکی دەوڵەمەند و پاراوبن و لە ڕووی ڕێزمان (ڕستەسازی و داڕشتنی وشەوە) بە توانا بن و بتوانن دەقەکان بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بخەنە ڕوو و کاریگەری لەسەر خوێنەران و بینەران و وەرگر بەجێ بهێڵن و هەستیان بجوولێنن.

**٤-٤-٤:یەکخستنی زاراوەسازی(Terminology unification ):**

پلانی زاراوەسازی لقێکی بچووکی نێو پلانی زمانە، لە چوارچێوەی پلانی دەقی زمانەوانیدا کاری لەسەر دەکرێت، کوششەکانی بۆ بەرفراونکردنی زمانی زانستییە لەنێو زمانی نەتەوەییدا لە ڕێگەی پەرەپێدانی، پێشخستن، بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی زاراوەی بوارێکی زانستی (سورخی، ٢٠١٤: ٨). ئەمەش، پلانێکی ئاگایانە و پیرەوبەندە، مەبەست لێی ئەو هەوڵ و کۆششانەیە، کە بۆ یەکخستنی زاراوەزانستییەکان و ڕوونکردنەوە و پێناسەکردنیان دراون، وەکو نەریتیشە، کە یەکخستنی زاراوەکان لە هەر بوارێکدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەندیکردنە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زاراوەگەلێکی جۆراوجۆرە پەیدا دەبن، بۆ چەمکێکی دیاریکراو (المحمود، ٢٠١٨: ١٠٥- ١٠٦).

پلانی زاراوەسازی یەکێکە لە گرنگترین چالاکییەکانی زاراوەسازان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و ئەو کۆمەڵگەیانەی ڕوو لە گەشە و پێشکەوتنن، هەر بۆ نموونەش ئەوەی کە دامەزراوە ئەکادیمیە فەرەنسیەکان و سەندیکای گشتی بۆ زمانی فەرەنسی ئەنجامیاندا بریتی بوو لە دەستوەردانی سیاسی لە بواری زاراوەکاندا، یەکەمین جار لە دەرکردنی بریارەکان و یاساکاندا بەدیارکەوت، کە ژمارەیان دەگەیشتە (٤٨) بڕیار، کە چەندین بواری

تەکنەلۆژی و دادوەری و ڕاگەیاندن و گەشتووگوزار و هی دیکەیان لە خۆگرتبوو، پاشانیش سەندیکای گشتی بۆ زمانی فەڕەنسی زاراوە و دەستەواژە فەرمییەکانی کۆکردەوە لە شێوەی فەرهەنگێکدا، ناوی نا فەرهەنگی واژە فەرمیەکانی زمانی فەرەنسی(کالفي، ٢٠٠٩: ٨٢). بێگومان ئەمەش هەوڵێکی باشە بۆ بە ستانداردکردن زمان بۆ ئەوەی زار و شێوەزارەکانی زمانێکی دیاریکراو زیاتر لە یەکتری نزیک ببنەوە و تێگەیشتن لە نێوانیاندا دروست بێت.

یەکخستنی زاراوە لە نێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کارێکی ئەستەمە، بەهۆی ئەو پاشاگەردانی و پەرتەوازەییە کە لە نێویاندا هەیە، بەجۆرێک کە هەر کەناڵێک وشەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نموونە لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان کە کەناڵێکی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، وشەی (قوتابی، ئافرەت، دەنگوباس، ...هتد) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات کە کەناڵێکە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، وشەی (خوێندکار، ژن، هەواڵەکان، ...هتد ) بەکاردەهێنرێت، بێگومان هۆکاری ئەمەش بۆ جیاوازی ئایدیۆلۆژیای سیاسی کەناڵەکان دەگەڕێتەوە، کە زاراوەکانی وەکوو: (هەواڵەکان، دەنگووباس، نوچە)،(خوێندکار، قوتابی، فێرخواز) یان (ئافرەتان، ژنان، خانمان) دەبینین و دەبیستین بۆ یەک مانا و مەبەستی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن.

جگە لەمەش، یەک نەخستنی زاراوە کوردییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی دیکەش بەرچاو دەکەوێت، لەم ڕووەوە چەندین زاراوەی جیاواز بۆ یەک مەبەست دانراون، بۆ نموونە، لە بەرانبەر هەواڵە نوێیەکان، کە لە زمانی عەرەبیدا وشەی(عاجل)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، کەناڵە ئاسمانییەکان لەبەرانبەریدا لە زمانی کوردیدا زاراوەگەلێکی جۆراوجۆری بۆ بەکاردەهێنن، وەکوو(بەپەلە، نوێ، ئێستا، هات، نها، ...هتد)، بۆ نموونە:

- **<u>نوێ</u>**، ئێستا داعش شەڕی پارتی زانی دەکات (KTV:2021/5/11).
- **<u>بەپەلە</u>،** کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایش لە زانکۆی ئەمریکی کوردستان لە دهۆک بەڕێوەدەچێت . (Rudaw: 2021/11/17)
- **<u>ئێستا</u>،** بافڵ جلال تاڵەبانی بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدی یەکێتی ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە(kurdsat NEWS: 2021/11/20).
- **<u>هات</u>**، سەرۆکی لیتوانیا : گفتوگۆ دەکەین لەسەر کێشەی کۆچبەران( NRT: 2021/11/28.

- **نها**، پێنج تیرۆرستی مەترسیداری داعش لە شاری موسڵ دەستگیرکران   :GK)
(2021/12/24

هەروەک خستمانە ڕوو، هەریەک لە کەناڵە ئاسمانییەکان زاراوەیەکی جیاوازیان بۆ یەک چەمک و مەبەستی دیاریکراو بەکارهێناوە، نموونەی دیکەش لەم بارەیەوە هەیە، وەکو زاراوەی(ڕیفراندۆم)کە هەندێک لە کەناڵەکان(ڕاپرسی) و هەندێکی دیکەیان هەر زاراوە بیانییەکە وەکوو خۆی بەکاردەهێنێت، و کەناڵی ئاسمانی ڕووداوایش زاراوەی(گشتپرسی) بۆ هەمان واتا بەکاردەهێنێت. ئەم جیاوازییە لە بەکارهێنانی زاراوەی دیکەشدا دەبینرێت، وەکوو: (ژێدەرێک، سەرچاوەیەک، چاوگێک) یان(کاندید، پاڵێوراو، بەربژێر). لەکاتێکدا بەکارهێنانی هاوواتایی لە زاراوەکاندا خزمەت بە جەماوەری وەرگری کەناڵەکان و دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی ناکات، لەبەرئەوەی زاراوە بنچینەی پێکهێنان و لەدایکبوونی زمانی نەتەوەیە، و زارەکانی لەیەک نزیک دەکاتەوە، دەبێتە هۆی پێکهینانی یەکخستنی بیرکردنەوە و یەکێتی دەربڕین و بنچینەی ئامراز و هزر و بیر و داهێنانە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەیەکگرتوویی (البصير، ١٩٧٩ :٣).

هەروەها لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا لەبەرانبەر وشەی (لقاء)ی عەرەبی هەر کەناڵێک وشەیەکی جیاواز بەکاردەهێنێت،وەکو(دیدار، دیمانە، هەڤپەیڤین، چاوپێکەوتن). هەروەها لە بەرانبەر زاراوەی زمانی عەرەبی(مؤتمر الصحفي) کە هاوواتای زاراوەی(pressconference)زمانی ئینگلیزییە، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زاراوەکانی(کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی، کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی، کۆنفرانسی رۆژنامەنوسیی، کۆنفرانسی ڕۆژنامەڤانی) بەکاردەهێنن. ئەمەش لە کاتێکدا، پەرت و بڵاوی و یەکنەخستنی زاراوە، کاریگەری نەرێنی لەسەر پێکهێنانی زمانی نەتەوایەتیی هەیە.

کەواتە، بۆ یەکخستنی زاراوە لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا، پێویستە بنەماکانی خۆجیاکردنەوە و بیروباوەڕی سیاسی بایەخیان پێنەدرێت، بەڵکو هەموو لایەک بە ئامانجی بەستانداردکردنی زمانی کوردی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەگڕبخەن.

زیاتر لەمەش، پێویستە پارتە سیاسییەکان کە خاوەنداریەتی کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن، بە گوێرەی بەرژەوەندی و بیروباوەڕی تایبەت و تەسکی پارتایەتی و بە ئارەزووی خۆیان، زاراوە دانەتاشن، ئەگەر بزانن لە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی نەتەوەییدا نییە.

هۆکاری سەرەکی لە یەکنەخستنی زاراوە لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:

١- نەبوونی پلان و سیاسەتی زمانی بۆ ڕاگەیاندن لەم بارەیەوە.

٢- لاوازیی خۆبەندیی نەتەوەیی و پەرش و بڵاوی کۆمەڵگەی کوردی.

٢- هەڵاویردنەکردنی زارێکی زمانی کوردی، بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی هاوبەشی فەرمی بۆ سەرتاسەی هەرێمی کوردستان.

٣- بە هۆی زۆری ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکان و نەبوونی دامەزراوەیەکی فەرمی سەرەکی بۆ پێدانی هەواڵ و زانیاری.

٤- لەبەرئەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان خاوەنداریەتییان بۆ لایەنی جیاواز دەگەڕێتەوە، و هەر یەک لەوانیش خاوەنی بیروباوەڕی سیاسی جیاوازن.

٥- نەبوونی چاودێری و بەدواداچوون لەلایەن ئەکادیمیای کوردی کە بە فەرمی ئەو ئەرکەیان پێسپێردراوە.

**٤-٤-٥: چاکسازی زمان(Language reforme ):**

بریتییە لە گۆڕانکاریی بە ئەنقەست لە چەند لایەنێکی دیاریکراو لە زماندا، وەکو ئەوەی لە سیستەمی نووسین، فەرهەنگ یاخود ڕێزمان و ڕێساکانی، ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکردنی بەکارهێنانییەتی. ئەم جێبەجێکردنە وەکو نەریتە، لە ئەنجامی گۆڕانکاری سیاسی، ئایدیۆلۆژی یاخود ئاینییەکان ڕوودەدات. نموونەی ئەو جۆرە زمانی تورکییە، کە پێشتر بە پیتەکانی عەرەبی دەینووسی، بەڵام لە ساڵی (١٩٢٠) "مستەفا کەمال ئەتاتوک" بڕیاری وازهێنانی لە پیتی عەرەبیدا، لە بری ئەوەش بڕیاریدا کە لە مەودوا پیتی لاتینی وەک جێگرەوەی پیتی عەرەبی بەکاربهێنێ(Kaplan and Baldouf, 1997: 65)، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش کۆڕێکی زمانەوانی دامەزراند کە کرداری ی زمانەوانی گرتە ئەستۆ، ئەم بزوتنەوە چاکسازییە لەلایەن دامودەزگاکان و دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە هاوکاری کرا، فەرهەنگەکانی زمانی دانا و وشەی نوێ دروستکران و پەرەیانپێدرا، هەروەها زاراوەکانیش دانران (الزبون، ٢٠٠٩ : ٨٩).

لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، لە ڕووی وشەی فەرهەنگییەوە چاکسازیی زمانی لە بەکارهێنانی هەندێک وشەدا کراوە، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر باری دەروونی مرۆڤ هەیە، وەکو: هەموو ئەو دەربڕینانەی، کە کەموکورتی جەستەیی مرۆڤ دەردەخەن، لەوانە،

وشەکانی(شەل، کۆڕ، کەڕ) کە لە پێشتردا بەکاردەهاتن، کەناڵە ئاسمانییەکان خۆیان دوورخستۆتەوە لە بەکارهێنانی ئەم وشانە، لەبەرانبەر ئەم وشانەدا، وشەکانی(کەمئەندام، نابینا، نابیست) بەکاردەهێنن، هەروەها لەجیاتی هەموو ئەمانەش زاراوەی(خاوەن پێداویستی تایبەت) بەکاردەهێنن، لە هەندێک وشەی دیکەشدا، ئەم چاکسازییە زمانییە بەدیدەکریت، لەوانە (مێرد، بێوەژن، کەنناس و پاککەرەوە، بەندیخانە و گرتووخانە) کە لە بری هەر یەک لەم وشانەش، (هاوژین، بێهاوژین، ژینگەپارێز، چاککسازی) بەکاردەهێنن.

**٤-٤-٦: بە نوێخوازکردنی فەرهەنگ(Lexical modernization):**

یەکێک لە پێوەرەکانی زیندوویەتیی هەر زمانێک بەرهەمهێنانی وشەی نوێیە، تاوەکوو بتوانێت هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم هەنگاوبهاوێژێت. زمانی کوردیش هاوشێوەی هەر زمانێکی زیندوو، لە بواری فەرهەنگی وشەدا گەشە و پەرەسەندنی بەخۆوە بینیوە، ڕۆژانە وشە و زاراوەی نوێ بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن، کەناڵە ئاسمانیەکانیش کاریگەریی خۆیان لە بەرهەمهێنان و زیندووکردنەوە و بڵاوکردنەوە و چەسپاندنیاندا هەیە.

کەناڵە ئاسمانییەکان، پێویستە ڕاگەیاندنکارانیان لە بارەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و بابەتی فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و چەند بوارێکی دیکە کەلتووری نەتەوەیی شارەزابن، بۆ ئەوەی لە کاتی داهێنانی وشە و نوێکردنەوەی فەرهەنگدا سوودی لێوەربگرن و کەمتر پەنا بۆ ڕێگەی وەرگرتن لە زمانانی دیکە ببەن.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، کرداری نوێکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بە شێوەیەک کە چەندین وشەی نوێ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا دەبیستین و دەبینین، کە لە پێشتردا لە زمانی کوردیدا بەکارنەهاتوون، بۆ نموونە وشەکانی وەکوو:**(کەناڵی ئاسمانی، قەیرانی دارایی، پێشکەشکار، ژێرنووس، ڕۆژی خۆشەویستی، گشتپرسی، ژینگەدۆست، ژینگەپارێز، پرساندن، جەژنی منداڵان، ڕۆژی دایک، نورۆژ، کۆباس، ئاڵنگاری، بندیوار، کۆڕۆژ، پەیامنێر، تواناسازی، مژار، تاوتوێ، چاکسازی، گەرمەهەواڵ، وێنەهەواڵ، کۆهەواڵ، کۆڕایی، سەردێر، پێشهات، ڕەوانشاد، رووماڵ، کۆدەنگی، چاودێری سیاسی، بەربژێر، هەواڵنێر، تۆڕی ڕاگەیاندن، ...هتد)**، لەم بارەیەوە کەناڵە ئاسمانییەکان جگە لەوەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە وشانەدا هەیە، هاوکات ڕۆڵی گرنگیشیان لە گواستنەوە و پەرەپێدان و باوکردنی ئەم وشە نوێیانەشەدا هەیە، و تاکەکانی کۆمەڵەش بە ڕوونی هەست بەم گۆڕانە لە

فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەکەن، هەندێک وشە لە ڕێگەی پارت و ڕێکخراوەکان سەرهەڵدەدەن، دواتر دەخزێنە نێو کەناڵە ئاسمانیەکان، لە ڕێگەی ئەوانەوە پەرەیان پێدەدرێت، و دەگوازرێنەوە، وەکو: **(مەکۆ، جڤات، هاوئاواز، ڕێکخەر، هاودید، شانەی ڕاپەڕاندن، دەوڵەتمەدار، بەربژێر، خەباتی شاخ، بازنەوان، باژێروان، هەڵسوراو، هاوسەرۆک، ڕۆژانی سەخت، برای موسڵمان، بانگخواز، خاکفرۆش، نەوتدز، زیندەبەچاڵ، هەرسهێنان، نسکۆ، نانبڕاو، ڕیفراندۆمچی،...هتد).**

بەمەش دەردەکەوێت، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئامرازی گرنگن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، هەرچەندە وەکوو ئەوەی خستمانە ڕوو، پەنایان بۆ وەرگرتنی وشەی بیانی بردووە، تەنانەت زیادەڕۆیی زۆریشیان لە وەرگرتنی وشەی بیانی تێدا دەبینرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕووی فەرهەنگییەوە، خزمەتی زمانی کوردیشیان کردووە، جا چ وەک هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنان و زیندووکردنەوەی وشە و زاراوەی نوێ، یان وەک هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی وشە و زاراوەی نوێ، ئەم ئامرازە توانای خزمەتکردنی زمانی کوردی هەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و دروست هەنگاو بهاوێژێت، بەپێی پلانێکی زمانی دروست سەروکار لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا بکات.

کەواتە، بەهۆی ئەو گۆڕانە گەورەیەی لە ڕووی (ڕاگەیاندن، سیاسی، ئابووری، کارگێری، بازرگانی، تەکنەلۆژی،...هتد)، لە دوای دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە، بەهۆیەوە زمانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتە هاوتەریب لەگەڵ ئەو گۆڕانەی کە لە ژینگەی زمانی کوردیدا ڕوویانداوە، فەرهەنگی زمانی کوردیش بەرەو هاوچەرخبوون و داهێنانی وشەی نوێ هەنگاوی هاویشتووە، بە جۆرێک کە لەگەڵ هەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، سیاسی، ...هتد، کۆمەڵێک وشەی نوێ سەریانهەڵداوە و لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانیش بەفراوانی بەکاردەهێنرێن و پەرەیانپێدەدرێت و بڵاودەکرێنەوە، هەروەکو لە دەرکەوتنی نەخۆشی کۆڕۆناشدا بینیمان کە کۆمەڵێک ناو و زاراوە بەهۆیەوە هاتنە نێو فەرهەنگی زمانی کوردی، لەوانە: **(کۆرۆنا، ئۆمیکرۆن، دەمامک، ماسک، پێکوتە، ڤاکسین، فایزەر، ئیسترازنیکا، سینۆفارم، دژەڤایرۆس، پلازما، قورچک، کەرەنتین، ژەمی یەکەم، دۆزی یەکەم، ژەمی دووەم، ژەمی سێیەم...هتد)**، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە ڕێگەی وەرگرتن و وەرگێرانەوە بووە.

جگە لەم دوو ڕێگەیە، چەندین ڕێگەی دیکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان هەن، لەوانە ڕێگەکانی: (داڕشتن، لێکدان، داتاشین، وەرگێران، خوازە، ئەکرۆنیم،

ئیدیۆم،...هتد)[1]. هەریەک لەم ڕێگانە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ سوودیان لێوەردەگیرێت و هۆکارن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە کەناڵە ئاسمانییەکان پێویستە پلانی زمانیان هەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم ڕێگانە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی پەیڕەوبکەن، نەک پشت بە وەرگرتنی وشەی زمانی بیانی ببەستن.

**٥.٤: پلانی نازمانی:**

بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی زمانی بەسەرکەوتووانە، تەنیا بە پشتبەستن بە شیکردنەوەیەکی قووڵی لایەنە زمانەوانییەکە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە شیکردنەوەی ورد و تەواوی بارە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکە هەیە و هەرگیز بەبێ شیکردنەوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بە ئامانجەکانی ناگات، لەبەرئەوەی پلانی زمانی بۆ هەموو ئەو لایەنانە بە کەڵکە و ڕۆڵیان تێدا دەبینێت، کە پەیوەندیی بە لایەنی زمانەوانی یان لایەنەکانی دیکەی نازمانەوانی هەبێت.(فەتاح، ٢٠١٠: ١٥٤) لەم تەوەرەدا باس لە هەندێک لایەنی نازمانی دەکەین، لەوانە:

**٤-٥-١: پلانی نازمانی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی:**

مەبەست لێی ئەو هەوڵ و کۆششانەیە، کە بۆ دانانی چەند ڕێنماییەک بۆ ناونانی ناوی قوتابخانە و شوێنکار و گەڕەک و شەقامەکان بە زمانی ڕەسەنی نەتەوەیی لە ژینگەی زمانیدا دادەنرێت، هەروەها چۆنیەتیی نووسینی ناوی شوێنەکان و نووسینی تابلۆکانی ڕێنماییکردن و هی دیکەش، بە شێوەیەکی گشتی ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی زمانی باش بۆ زمانی پلان بۆ داڕێژراو کە کاریگەری باشی لەسەر گەشەی زمانی دەبێت، و هاوکات هاوکار دەبێت لە پیادەکردنی پلانی زمان لە ڕاگەیاندنیشدا.

ئەوەی جێگای تێڕامانە، لەدوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەبارەت بە ناولێنانی شوێنکار و ناوی هەندێک گەڕەکی نوێ هەست بە گۆڕانی گەورە لە شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بە جۆرێک کە پێشتر ناونانی گەڕەک و شوێنکارەکان زیاتر کاریگەریی زمانی عەرەبیان پێوەدیاربوو، وەکو(حەی سەددام، حەی عەسکری، سەبعە نیسان، عەدالە، مەدینە توب، تەواری، سوق مەرکەزی، تەشریعی و تەنفیزی، ...هتد)، بەڵام ئێستا لەم لایەنەوەش کاریگەریی زمانی ئینگلیزی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە، ئەگەر سەیری ناوی چەند گەڕەکێکی نوێ لە شاری هەولێر بکەین،

[1]- بەهۆی فراونی ئەم بابەت ناتوانین هەموو ڕێگاکان باس بکەین

دەبینین کە یان بەشەکی ناوەکە یان تەواوی ناوەکە بە ئینگلیزییە، لەوانە (نازستی، هیواستی، گاردن ستی، ئارۆ ستی، ئالتون ستی، دریم لاند، پارک ڤیو، ئەمپایەر، فلۆریاستی، گرینلاند، هیران ستی، زیلان ستی، ڤێلای زیتون، ...هتد)، ئەمەش لە کاتێکدا پێویست بوو ناوی گەڕەکەکان بە زمانی کوردی بوونایە، لەبەرئەوەی ناو و ناولێنان بە تایبەتی ناوی شوێنی وەکوو (ناوی گەڕەک و شار) زۆربەی کات توخمی کەلتووریان هەیە و موڵکی کۆمەڵگەیە، بۆیەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت.

نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو ئەو ناوە ئینگلیزیانە لە ناولێنانی شوێنکارەکان زۆر لەوە زیاترن، ئەمەش بەهۆی لاسایکردنەوە و ڕەواجدان بە زمانی ئینگلیزیی لەلایەن خەڵک و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، لەم بارەیەوە ناوی هەندێک شوێنکار لە پارێزگای هەولێر بە نموونە دەهێنینەوە، لەوانە: (ئایسلاند، بیگلاند، فاملی مۆڵ، چاڤیلاند، ماجدی مۆڵ، ماجدی لاند، ماکسی مۆڵ، سوپەرمارکێت، بۆرسە، ڕۆیاڵ مۆڵ، تابلۆمۆڵ، بەرلین مارکێت، کافێ، ...هتد) تەنانەت هەندێکیان بە زمانی ئینگلیزیش ناونیشانەکانیان دەنووسن، وەکوو:

(Home Marka, Maximall, Diwan kitchen, Defacto outlet, FLO, MODA MALL… ets)

نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو کاریگەرییەکانی زمانی ئینگلیزی لەسەر کەلتوری ڕەسەنی نەتەوەیی لە ژینگەی زمانی کوردیدا زۆر لەوە زیاترە، بۆ نموونە، ناوی خواردن و کەلوپەلیش بە زمانانی دیکە بەفراوانی تێکەڵاوی ژینگەی زمانی کوردی کراون، لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیش ڕەواجی زۆری پێدەدرێت، لەوانە: (**فینگەر، هەمبەرگر، گەس، پیتزا، بیبسی فریش، شاورمە، سۆس، سوپ، کاپۆچینە، نسکافی، سۆدا، کۆکتێل، کنافە، ئایس کرێم، کنتاکی، دیکۆر، دیزاین، کوالێتی، پلەی ستێشن، وایرلێس، سیمکارت، ئەتاری، مۆبایل، فاکس، سکانەر، کیراتین، تاتۆ، بۆتۆکس، فیلەر، ئایفۆن، گالاکسی، نۆکیا، سامسۆنگ، فۆرد، هۆندای، مازدە، کیا، هەمەر، سکۆدا، جاکوار، جی کلاس،...هتد**) هەرچەندە، ئەم جۆرە ناوانە زۆربەی کات کەلتوورین، تاوەکو زمانی، بۆیە ئەستەمە وەرگێڕانیان بۆ زمانانی دیکە بۆ بکرێت، بۆیە وەکو خۆیان گوازراوەنەتەوە ناو زمانی کوردی، بەڵام دەکرێت زاراوەکانی وەکوو: (**ژووریvip ، فاست فود، شێف، دلیڤەری، بۆفیەکراوە**)، کە دەکرێت بەزمانی کوردی گوزارشتیان لێبکرێت لەگەڵیاندا بەکارنەهێنین. هەروەها هەندێک وشە لەنێو کارمەندانی کەناڵە ئاسمانییەکان لەلایەن ڕاگەیاندنکاران بەکاردەهێنرێن، کە زۆربەیان لە زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی وەرگیراون، لەوانە: (**ئەرشیف، سەپ تایتل، شیفت، کامیرامان، ستول، تایتل،**

**مایک، کلیپ، لایڤ، میکسەر(ئامێری مۆنتاژکردن)، ئەنسات(ژووری چاودێری تەلەفزیۆنەکان)، ئیناره، فۆتۆ، کلۆز(وێنەگرتنێکی نزیک)).**

جگە لەمەش، هەر وەکو لە بەشێکی ناوەکانی شوێنکاری بازرگانی و گەڕەکە نوێیەکان خستمانە ڕوو، دەبینین، کە هەندێکیان جگە لەوەی بە زمانی بیانی ناویان لێنراوە، هاودەم کاریگەریی یاسای ڕێزمانی زمانی ئینگلیزیشان لەسەرە، بە جۆرێک کە پێکهاتەی هەندێک لە ناوەکان بە تێکەڵاوی لە وشەی وەرگیراوی زمانی ئینگلیزی و کوردی پێکهاتووە، واتە داتاشراوە بە شێوەی لێکدان، بەشێوەیەک، کە بەشێکی پێکهاتەی لە زمانی کوردی و بەشەکەی دیکەی لە زمانی ئینگلیزی پێکهاتووە، هەروەها بە ئەلفبیی زمانی ئینگلیزیش نووسراون. بێگومان ئەمانەش بەشێکن لە ڕاگەیاندن، ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕن و زیان بە ناسنامەی زمان دەگەیەنن، و کاریگەریی زۆریان لەسەر گۆڕانی زمان و ڕەنگڕێژکردنی خەڵکی ئاسایی و نەوەی داهاتوودا دەبێت، بە هۆی ئەوەی زۆر سەردان دەکرێن، و بەرچاوی خەڵک دەکەون، و زۆرتر لە زەیندا دەمێننەوە، دەچنە ناو بیری خەڵکەوە. کەناڵە ئاسمانیەکانیش لەکاتی جاڕداندا زیاتر بڵاویان دەکەنەوە و پەرەیان پێدەدەن.

لە کاتێکدا، ئەم سەردەمە لە وڵاتان بە سەردەمی ململانێی زمانی ناونراوە، وڵاتان و حکومەتەکان دەزگا و دامەزراوەی زمانی و کەلتووری بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوور و زمانەکەیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دادەمەزرێنن، هەروەها لە چوارچێوەی قەوارەکانیاندا ئەکادیمیای زمان دادەمەزرێنن، و لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ خزمەتکردن و پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی بۆ ئەوەی زمانەکەیان لەگەڵ پەرەسەندنەکانی شارستانی بڕوات و لە جیهانی سەردەم دانەبڕێت، هاوکات بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی لەدەستنەدات و لە هەڕەشەی زمانانی بیانی بیپارێزن، هەر وەکو  ئەکادیمیای کوردی، کە بە یاسا دەسەڵاتی لەم بارەیەوە پێدراوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە شێواندنی زمانی کوردی بکەن، و بە یاساش ئەرکی بەدواداچوونی ئەو پرسەی پێسپێردراوە، بەڵام وەک پێویست ئاوڕیان لەو بابەتە نەداوەتەوە و لەو بوارەدا خەمساردن. ئەمەش لەبەرئەوەی دەبینێت، کە ئەم ناونیشانی شوێنکار و گەڕەکە نوێیانە کەمتر کوردانەن و مۆرکی ڕەسەنایەتی نەتەوەیی کوردیان پێوەدیارە، و هیچ کاردانەوەیەکی فەرمی لە بەرانبەر ئەم پێشێلکاریانە نییە. تەنانەت لە هەندێک شوێندا وا هەستدەکەی کە ژینگەی زمانی کوردی نەبێت.

پلانی زمانی لە ژینگەی زمانیدا، کاریگەریی لەسەر زمان دروستدەکات، هەروەها کاردەکاتە سەر قورسایی زمان و ئامادەبوونی لە ڕووی هێماکارییەوە، کاتێک دوکانێک یان

شوێنکارێکی بازرگانی لە شاری هەولێر ناونیشانی دوکانەکەی بە زمانی کوردی دەنووسێت، یاخود کاتێک شارەوانی یان ئەکادیمیای زمان دەستوەردان دەکات، و داوا دەکات ئەم ناونیشانە بە زمانی کوردی بنووسن، ئەوا لێرەدا ویستێک هەیە، بۆ دەرخستنی ناسنامە لە ڕێگەی زمانەوە. (کالفي، ٢٠٠٩، ٦٣)، بەڵام بە هۆی کەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدواداچوونیان لەم بوارەدا، بۆتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە ژینگەی زمانی خۆیدا وەکوو زمانێکی بێبایەخ سەیر بکرێت، هەر بۆیە دەبینین، ناوی گەڕەک و شوێنکاری بازرگانی، خواردنگە و جۆری خواردن...هتد بە زمانی بیانی دەنووسرێن، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاسا دەتوانێت، ڕێگری لەم دۆخە بکات.

کاتێکیش ڕاگەیاندنەکان بە گشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان بە تایبەتی، ئەم ڕەوشەی زمانی کوردی لە ژینگەی زمانیدا دەبینن، بە هەر هۆکارێک کەتواری ژینگەکە دەگوازنەوە، یان لە کاتی جاڕدان کاتێک بانگەشەیان بۆ دەکەن، رەواجیان پێدەدەن، کاریگەرییەکانی بە ئاڕاستەی نەرێنی زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی لەنێو خەڵکی زیاتر بڵاو دەبێتەوە و خەڵکی لاسایی دەکەنەوە، ئەمەش لە کاتیکدا ڕاگەیاندنەکان پێویستە بەشێک بن لە سیستەمی پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی و ڕۆڵی ئەرێنییان هەبێت و خزمەت بە زمان بکەن و ڕەسەنایەتیی بپارێزن.

کەواتە، لەکاتی دانانی پلانی زمان بۆ ڕاگەیاندن، پێوستە هاوکات پلانی زمانی بۆ ژینگەی زمانیش دابڕێژین، لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنەکان ئاوێنەیەکن بۆ گواستنەوەی کەتواری ژیانی نێو هەر کۆمەڵگەیەک، واتە، ئەگەر پلانی زمان  بۆ هەموو کەرتەکان بەیەکەوە دانەڕێژرێت ئەوا هەوڵەکان بۆ خزمەتی زمان و پاراستنی زمان بێ ئاکام دەبن.

**٤-٥-٢: پاراستنی زمان(language maintenance ):**

ئەم هەوڵ و کۆششانەیە لە پێناو پاراستنی زمانی دایک لەو هۆ ناوەکی یاخود دەرکیانەی، کە دەبنە مایەی مەترسی بۆ سەر زمانەکە، یانیش دەبنە هۆی پووکانەوە و سست بوونی زمانەکە (المحمود، ٢٠١٨: ١٠٧).

بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، و هەبوونی ئەو ژمارە زۆرە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هۆکاری گرنگ و سەرەکیین بۆ پاراستنی زمان و مانەوەی، چونکە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەم ئامرازانە هۆی پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی تۆکمەتر بووە. لەبەرئەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەم ئامرازە هێمایە بۆ

زیندوویی ژیانی زمانی کوردی، واتە، ئەم کەناڵە ئاسمانیانە بەشدارن لە پاراستن و بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی زمانی کوردی، کە پێشتر بەهۆی نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی بۆی نەڕەخسا بوو.

کەناڵەکان تا ڕادەیەک بەشدارن لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری لە بارەی دروستکردنی لاگیری بۆ زمانی کوردی، لایەنی کەم لە بۆنە نەتەوەییەکان و چالاکییە کەلتورییەکان هەوڵیانداوە بایەخ بە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کورد بدەن، بۆ نموونە ساڵانە لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکدا بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکان ئامادەدەکەن، و کۆنفرانس و کۆنگرەی بۆ سازدەکەن. واتە، لەم ڕێگەیەوە بایەخ و گرنگی زمانی دایک بە جەماوەر ئاشنادەکەن، هەروەها لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت لە ڕۆژی جلی کوردی و ڕۆژی ئاڵای کوردستان، جەماوەر بە کەلتوور و ناسنامەی کوردییەوە وابەستە دەکەن.

لە ئەنجامی توێژینەوەیەک کە لەبارەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە هەردوو شاری کیل و هامبۆرگی ئەڵمانیا ئەنجامدراوە، کە بە دوو شاری گرنگ دادەنرێن لە باکوری ئەڵمانیا، و چڕییەکی زۆری دانیشتوانی تێدایە، و لە ڕووی جیاوازی و هەمەجۆری پێکهاتەی دانیشتوانەوە فرەپێکهاتەیە، لە ڕاپرسیەکدا ( ٢٠٠) فۆرم بەسەر ئەوانەی لە ڕووی زمان و نەتەوە کوردن، لە قۆناغی تەمەنی جیاواز و ڕەگەزی جیاواز دابەشکراوە، توێژینەوەکەش لە مانگی نیسان تاکو حوزەیرانی(٢٠١٢ز) ئەنجامدراوە. لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پارێزگاریکردن لە زمانی کوردیدا بەشدارن، هەروەها وەکو ئامرازێکی پارێزگاریکردن لە ڕۆشنبیرییەکانی زمانی دایک و بڵاوکردنەوەیان لە ناو ڕۆڵەکانی ڕەوەندی کوردیی تاراوگەدا بەشدارن(وەندی، ٢٠١٣ ، ٣١٥– ٣١) . نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکییان لە ناساندنی کەلتوور، فەرهەنگ، نیشتمان، نەتەوەی کوردیش بۆ نەتەوە و میللەتانی دیکەش بینیووە.

کەواتە، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەروازی گرنگن بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەیی، بەجۆرێک کە زمانی کوردی پێش دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، و پێش پەیدابوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زمانی کوردی چالاکییە زمانییەکانی تەنیا لە سنووری هەرێمی کوردستان بوو، بەم شێوەیە بەرفراون نەبوو کە هەموو جیهان بگرێتەوە. هەر بۆیەش، ئێستا زمانی کوردی ئەرکەکانی فراوانبووە، پێویستە ئەم ئامرازانە بە هوشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بێ کەموکوڕی نین، هەر وەکو نەیانتوانیووە، خۆبەندیی نەتەوەیی هاوبەش و هاوکەلتووری و هاوئامانجی لە نێو کۆمەڵدا بەهێز بکەن، کە ئەمەش وایکردووە ڕەنگدانەوەی لەسەر کەلتوور و زمان هەبێت، بەشێوەیەک، کە زارپەرستی و کەلتووری ناوچەیی باڵادەست بووە(سابیر، ٢٠١٤، ٣٨)، بەجۆرێک کە لە بواری ڕاگەیاندن بە گشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان بە تایبەتی، پەیڕەوی دوو زار (زاری ژووروو و زاری ناوەڕاست) دەکرێت، هەروەها هەندێک جاریش برەو بە شێوەزارە ناوچەییەکانیش دەدەن، جگە لەمەش دوو سیستەمی نووسین، واتە دوو ئەلفبێی جیاواز (ئەلفبێی عەرەبی(ئارامی) و ئەلفبێی لاتینی) بەکاردەهێنرێت، و ڕێنووسی یەکگرتووش بەرچاو ناکەوێت، بەمەش هەستی خۆبەندیی هاوبەش بۆ یەکێتی نەتەوەیی لاواز دەبێت، خۆبەندی بۆ ناسنامەی ناوچەیی بۆ زار و شێوەزار زیاتر دەکات، و ئەمەش مەترسی بۆ پاراستنی یەکگرتوویی زمان دروستدەکات، کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر زمانی کوردی. دیسانەوە لەلایەکی دیکەش بەهۆ پێدانی بەهایەکی زیاد لە پێویست بە زمانی ئینگلیزی بەهۆی ئەو زیادەڕۆییەی  لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی ئینگلیزی مەترسییان بۆ پاراستنی سیمای ڕەسەنی زمانی کوردی دروستکردووە.

کەناڵە ئاسمانییەکان بۆ پاراستنی زمانی کوردی، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١- زمانی کوردی، لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی زمانی ئینگلیزی بپارێزین و پاکسازیی زمانی لە وەرگرتنی قالبی گرێ و لێشاوی وەرگرتنی وشە ئینگلیزییەکان بکەن.

٢- ئەو وشەو زاراوە بیانییانەی دێنە ناو زمانی کوردی بخرێنە ژێر یاسا فۆنۆلۆژیی و رێزمانی زمانی کوردی.

٣ – پلانی ستانداردکردنی زمانی کوردییان هەبێت، و لە کەناڵەکانیان بەکاری بهێنن.

٤- لە ریگەی بەرنامەکانیان هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لای تاکی کورد بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی خۆبەندی بۆ زمانی کوردی لەلای نەوەی ئێستا زیاتر پتەوتر بکرێت.

٥- پێکهێنانی لیژنەی چاودێری زمان لەسەر ڕاگەیاندن بەگشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان بە تایبەتی، و بۆ هەر هەڵەو کەموکوریەک لەم بوارەدا سزا دابنرێت.

٦- پێویستە یاسای تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بە کەناڵە ئاسمانییەکان هەبێت، و لە ماددەیەکی تایبەت ڕێککارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی زمان لە کەناڵەکان ئاماژەی پێ بکرێت.

٧- کەناڵە ئاسمانییەکان سەرەڕای جیاوازییان لە ڕووی ئایدیۆلۆژیای سیاسی پێویستە لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوە بەپێی پلانێک زاراوەکانیان یەکبخرێن.

٨- ناو و نیشانەی ناسینی(ئارمی) کەناڵە ئاسمانییەکان بە زمانی کوردی بن.

### ٣.٥.٤: بڵاوکردنەوەی زمان ( Language spread ):

مەبەست لە پلانی بڵاوکردنەوەی زمان، کۆششگەلێکن، کە بۆ بڵاوکردنەوەی زمانێک و زیادکردنی ژمارەی قسەپێکەرانی دەدرێن. زمانە جیهانییەکان بۆ ئەم مەبەستە چەندین دەزگا و دامەزراوەی گەورەیان دامەزراندوە، وەکو ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی، کە لە دوایین ڕاپۆرتیاندا ڕایان گەیاندووە کە ژمارەی ئەو کەسانەی سوودیان لەم خزمەتگوزاریە بینیوە گەیشتۆتە (٧٣١) ملیۆن کەس(المحمود، ٢٠١٨، ١٠٥). هەروەها نموونەی دیکەی لەم هەوڵانە لە وڵاتانی دیکەشدا هەن، وەکو وڵاتی فەڕەنسا، چین، ئەڵمانیا...هتد. ئامانجی سەرەکیشیان لە بڵاوبوونەوەی زمان، گواستنەوەی زمانە بۆ گەل و نەتەوەکانی دیکە، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر گەشەندنی زماندا هەیە.

زمانی کوردی، نەگەیشتۆتە ئەم ئاستەی، کە وەکو زمانێکی جیهانی لە ڕێگەی دروستکردنی دەزگا و دامەزراوەی فەرمی هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی بدرێت، لەبەرئەوەی لەم بارەیەوە زەمینەی بۆ نەڕەخساوە، لەبەر کۆمەڵێک هۆ، واتە قەوارەی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە دەزگا و دامەزراوەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی لە دەرەوەی ژینگەی خۆیدا دانەمەزراندوە. بەڵام دوای ئەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو (کارگێڕی، سیاسی، ڕاگەیاندن،...هتد) پەرەیسەند، لە ڕێگەی ڕاگەیاندن بەگشتی و دامەزراندنی کەناڵە ئاسمانییەکان توانراوە لایەنێکی زۆر کەمی ئەم بۆشاییە پڕ بکرێتەوە.

لە دوای دامەزراندنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەساڵی (١٩٩٩ز) دەرگا داخراوەکانی هەرێمی کوردستانی بە ڕووی جیهاندا کرانەوە. بە جۆرێک کە ئەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییانە بە تەواوەتی بەربەستی سنووری جوگرافیای نەتەوەییان بەزاند و پەیوەندیی جوگرافیایی زمانی کوردی بوو بە پەیوەندییێکی جیهانیی و هەموو نەتەوەی کوردی لە جیهان بەیەکەوە گرێدا. بەتایبەتی دوای بەرفراوانبوونی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و گرێدانی کەناڵە ئاسمانییەکان بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، بە جۆرێک کە بینەری کورد لە هەموو

جیهاندا توانای بینینی زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی لە ئەنتەرنێتەوە بۆ دەستەبەربوو.

کەواتە، دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بارودۆخی لە ڕووی کرانەوەی سنوورەکان و نەهێشتنی بەربەستە جوگرافیەکان گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینی، هاوکات زمانی کوردیش سنووری جوگرافیای زمانی فراوان بوو و بە هەموو شوێنێکی جیهاندا بڵاوبووەوە. ئەمەش زەمینەی بۆ زمانی کوردی خۆشکرد بۆ ئەوەی ناسنامەی زمانی نەتەوەیی لە ژینگەیەکی جیهانیدا بخرێتە بەکارهێنان، لەکاتێکدا، پێشتر زمانی کوردی وەک زمانێکی نەتەوەیی تەنیا لە چوارچێوەی ژینگەی زمانەکەدا بەکاردەهات و گرنگیەکەی لە چوارچیوەی نەتەوەی کورددا بوو، لە ئاستی دەرەکیدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ زمان و کەلتووری ڕۆژئاواییدا لاوازبوو.

بەمەش، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، بوونەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی لە نێو خێزانە کوردەکانی تاراوگە، کە لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەدا دەژین، هەروەها بۆ ئەوانەی کە بیانیشن و دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە فێری زمانی کوردی ببن. هەرچەندە، بەهۆی ئەوەی زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی بەکارناهێنن، کارەکەیان بۆ ئەوانەی دەیانەوێت فێری زمانی کوردی ببن قورس و ئاڵۆز کردووە.

# ئەنجام

ئەنجامە گەڵاڵەبووەکانی ئەم تێزە، لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١- لە کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، لە ساڵی(٢٠٠٤)ەوە زەمینەی دانانی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی دەستەبەرکراوە.

٢- هەردوو سیاسەتی ڕاگەیاندن و سیاسەتی زمانی لە عێراقدا، سیاسەتێکی چەسپاویان نەبووە، بەپێی دۆخی سیاسی دەسەڵاتی حوکمڕان، ئایدیۆلۆژیای سیاسەتە زمانییەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ڕەنگریژی بۆ کراوە.

٣- لە کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، لە دیاریکردنی پێگەی زمانە بیانییەکان لە سەرجەم کایەکاندا بە ڕوونی دیارینەکردوە و دەستنیشانی بەکارهێنانەکانی نەکردووە.

٤- هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢ز- ٢٠١٤ز)، لە هەندێک کەرتدا ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی کەرتی(سێکتەری) لە هەندێک بواردا پیادەکردوە.

٥- پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤ز)  یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەرکرد، کە بە یەکەمین سیاسەتی زمانی گشتگیر دادەنرێت بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان.

٦- سەرچاوەی سیاسەتە زمانییەکە لە عێراقدا، لەسەر ئاستی دەستوری وڵاتدایە، هەروەها یاسای تایبەتیشی بۆ جێبەجێکردنی دەرکردووە، ئەمەش بە نیشانەیەک دادەنرێت بۆ بەهێزی سیاسەتە زمانیەکە، بەڵام سەرچاوەی سیاسەتە زمانییەکەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی یاسایە.

٧- لە سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستاندا، تەنیا چینێکی دیاریکراو یاخود کەرتێکی دیاریکراو بە ئامانج نەگیراوە، بەڵکو سەرجەم بوارەکان و کەرتەکان (کارگێری، ڕاگەیاندن، پەروەردە، کار و بازرگانی، ...هتد) گرتۆتەوە.

٨- سیاسەتە زمانییەکەی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی کە پێگەی زمانی کوردی وەکو زمانی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، وەک زمانێکی سەرەکی بۆ قەوارەکە دیاریکردووە، هەروەها هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەش مافەکانی خۆیان لە بەکارهێنانی زمانەکانیان بۆ دەستەبەرکراوە، و ئەمەش لە کەناڵە ئاسمانییەکان ڕەنگیداوەتەوە.

٩- ئامانجەکانی سیاسەتە زمانییەکە، لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا، بە تایبەتی لە سیاسەتی زمان لەڕاگەیاندندا لەو ئامانجانەوە دەستیان بە دەرچوون نەکردووە، کەوا دەیەوێت(زمانێکی یەکگرتووی فەرمی بۆ سەرانسەری هەرێمی کوردستان، ڕێنووسێکی یەکگرتوو، سیستەمێکی یەکگرتووی نووسین بۆ هەرێمی کوردستان) بەدیبهێنێت.

١٠- هەرێمی کوردستان لە بارەی سیاسەتی زمانی بۆ دەرەوەی ژینگەی زمانی، کە پەیوەستە بە بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی لە دەرەوەی ژێنگەی زمانی کوردی، خاوەن سیاسەتێکی زمانی نووسراو و فەرمی نییە.

١١- کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی(١٩٩٩ز) سەریانهەڵداوە، بەڵام هەرێمی کوردستان لە ساڵی(٢٠١٤ز) ڕێنمایی بۆ ڕێکخستن و مۆڵەتپێدان و بەدواداچوون لەو کەناڵانە دەرکردووە.

١٢- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وایانکردووە زمانی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا یان پارچەکانی دیکەی کوردستان لە(تورکیا، ئێران، سوریا) لە ناوخۆیدا وەک زمانێکی نەتەوەیی تەنیا لە چوارچێوەی ژینگە زمانییەکەیدا قەتیس نەمێنێتەوە.

١٣- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئەم وشە بیانیانەی کە وەریانگرتوون و بەکاریاندەهێنن وەنەبێت هەموویان زاراوەی زانستی بن و زمانی کوردی وشەی بەرانبەری نەبێت.

١٤- یەکخستنی زاراوە لە نێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەدیناکرێت.

١٥- له كەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، لە ڕووی وشەی فەرهەنگییەوە چاکسازی زمانی لە بەکارهێنانی هەندێک وشەدا کراوە، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر باری دەروونی مرۆڤ هەیە.

١٦- له کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، کرداری نوێکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.

١٧- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پارێزگاریکردن لە زمانی کوردیدا بەشدارن.

١٨- قەوارەی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە دەزگا و دامەزراوەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی لە دەرەوەی ژینگەی خۆیدا دانەمەزراندوە.

١٩-کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان دەروازی گرنگن بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی.

٢٠- کەناڵە ئاسمانیەکان بەشدارن لە ڕەواجدان بە چەندین وشەی بیانی و گەرددارکردنی پاراویی زمانی کوردی.

٢١- کەناڵە ئاسمانیەکان بەشدارن لە لەیەک دورکردنەوەی هەردوو زاری ژووروو و ناوەڕاست و ئاڕاستەکردنی بەرەو دووستانداردی.

٢٢- نەبوونی لیژنەیەکی گشتیی لە پسپۆڕانی زمانەوانی بۆ چاودێریکردنی زمانی کەناڵەکان و نەبوونی لیژنەی تایبەتی هەڵەچنی زمانی لە هەر کەناڵێکدا. ئەوانەی ئەو ئەرکەیان پێسپێردراوە، پسپۆر و شارەزای زمانەوانی و زمانی کوردی نین.

## پێشنیاز و ڕاسپاردە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لە تێزەکەدا پێیگەیشتووین، ئەم پێشنیاز و ڕاسپاردانە دەخەینە ڕوو:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی باڵای زمان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دابمەزرێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئالنگاریەکانی بەردەم سیاسەت و پلانی زمان لە هەرێمی کوردستان.

٢- ئەکادیمیای کوردی ڕۆڵی زیاتر ببینن و لیژنەی پێداچوونەوە دابنێن بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی کەموکوڕی لە یاسای زمانە فەرمییەکانی ژمارە(٦)ساڵی(٢٠١٤ز) هەرێمی کوردستان.

٣- ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕییان لە زمانەوانی و زمانی کوردی دەستنیشان بکرێن، نەک بنەمای تر.

٤- دامەزراندنی دەزگایەکی بەهێزی ڕاگەیاندنی نیشتمانی نەتەوەیی سەربەخۆ(دوور بێت لە دەستوەردانی ئایدیۆلۆژیای حزبی)، و سیاسەت و پلانێکی تۆکمەی بۆ زمان و ڕاگەیاندن بۆ دابنرێت، و هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندنی وەکو (کەناڵی ئاسمانی، ڕۆژنامە، ڕادیۆ، ...هتد) لەخۆ بگرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی

### ا- کتێب:


١- ئەبوبەکر، هەڤاڵ (١٩٩٦)، چەند هەنگاوێک بەرەو ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی.

٢- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس.

٣- ئیبتسام (٢٠١٣)، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە گەشەکردنی ڕێنووسی لاتینی، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی(پەروەردە – میدیا)٢٠١٢، هەولێر.

٤- ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق(١٩٩٧)، یاسای وەزارەتی پەروەردە، پرۆتۆکۆلەکان، ١٩٩٢- بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥- ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق(١٩٩٨)، یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری، پرۆتۆکۆلەکان، ١٩٩٢- بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦- ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق(١٩٩٧)، یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عێراق، پرۆتۆکۆلەکان، ١٩٩٣- بەرگی حەوتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧- ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق(١٩٩٨)، یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، پرۆتۆکۆلەکان، ١٩٩٣- بەرگی نۆیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٨- البصیر، کامل حسن (١٩٧٩)، زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٩- بارزانی، مسعود (٢٠٠٤)،بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧١، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٠- برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، توێژینەوە زمانەوانییەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی جنگل، تاران- ئێران.

١١- بەزاز، عونی ( ٢٠١٦)، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانە ؟، هەولێر.

١٢- بێخاڵی، نوری (٢٠٠٦)،ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.
١٣- پوور، ئەمیر حەسەن (٢٠١٠)، نەتەوایەتی و زمان لە کوردستاندا، و: باکوری، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.
١٤- ———— (٢٠١٥)، سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی.
١٥- پێندرۆی، محەمەد ساڵح (٢٠١٠)، ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٦- تۆفیق، قیس کاکل (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٧- جامباز، تارق (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرەزماندا، و: مەجید ئاسنگەر، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٨- -———— ( ٢٠١٤)، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٩- ———— (٢٠٢١)، شاندی پەرلەمانی کوردستان و دەستووری کۆماری عێراق(٢٠٠٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، کوردستان- هەولیر.
٢٠- حاجی، فەرهاد (٢٠١٠)، دیاردا مرنا زمانان، چاپا ئێکێ ، چاپخانا هاوار، دهۆک.
٢١- حەبیب، بەدران ئەحمەد (٢٠٠٥)، ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٢- حمید، دارا محمد و رەزا، فاروق محمد (٢٠١٣) ، زمانی دایک و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی، زمانی زگماک،لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٣- حسێن، شیلان عومەر (٢٠١٦)، بنەما پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان هەولێر٢٣-٢٤ تشرینی دووەمی(٢٠١٦)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٤- خالید، عەبدولوهاب (٢٠١٠)، دەستپێک بۆ زمانڤانیا پراکتیکی، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.
٢٥- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.

٢٦- دزەیی، عبدالواحد موشیر و سلیڤانەیی، شێرزاد سەبری عەلی (٢٠١٣)، زمانەوانی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.
٢٧- ڕەحیمی، کامران محمد (١٣٨٧)، بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چ ١٠، کۆڕی زانستی زمانی کوردی – ئێران، ئێران .
٢٨- ڕەسووڵ، عەبدوڵلاحوسێن (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی- کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٢٩- ڕەسوڵ، عیزەددین مستەفا (١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی سلمان الاعظمي ، بەغدا.
٣٠- ڕووداو، تۆڕی میدیایی (٢٠١٩ )، کتێبی رووداو، چاپی یەکەم، ؟، هەولێر- باشووری کوردستان.
٣١- رۆستایی، سادق و ئەوانی دیکە(٢٠١٠)، فەرهەنگی هەرەزە- فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، چاپ،ی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٣٢- زادە، ئاسۆعەبدوڵلا حەسەن (٢٠١١)، میکانیزمە یاسایی و پارامێترە سیاسییەکانی فیدرالیزم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٣٣-سابیر، ڕەفیق (٢٠١٤)، بەستانداردکردنی زمان و ئەلفبێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، ناوەندوبڵاوکردنەوەی غەزەلنوس بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.
٣٤- سابیر، کامیار (٢٠٠٩)، لینگوافرانکای کوردی زمانی ستاندارد و فەرمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
٣٥- ساڵح، مەجید (٢٠١٦)، ڕاگەیاندن و سیاسەتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان – سلێمانی.
٣٦- سلێمان،دڵشاد مستەفا (٢٠١٩)، پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران،چاپی یەکەم، چاپخانەی هیڤی ، هەولێر.
٣٧- سەعید، یوسف شەریف (٢٠١٣)، زمانی زگماک، فێرکردنی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٣٨- سورخی، ڕەحیم قادر (٢٠٠٨)، پرۆسەی پێوەندیی جەماوەری، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٣٩- ———————— (٢٠١٣)، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک زمانی زگماک، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤٠- سورمێ، نەژاد عزیز (٢٠٠٥)، ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٤١- شاکەلی، فەرهاد (٢٠١١)، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.
٤٢- شوانی، ئەرشەد خلیل (٢٠١٤) ، ڕاگەیاندن و هوشیاری سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
٤٣- عەلی، بەکر عومەر و قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٧)، زاروشێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٤٤- علی، تاڵیب حسین (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤٥- عەلی، حامد محەمەد (٢٠١٩)، گەشتێک بە جیهانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییدا (ڕەوشی میدیا لە هەرێمی کوردستان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤٦- علی، شێرزاد سەبری و عەبدوڵلا، عەبدولسەلام نەجمەدین (٢٠١١ )،زمانڤانییا کارەکی، چاپائێکێ، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٤٧- عەلی، شێرزاد سەبری (٢٠٢٠)، شرۆڤەکرنا گوتارێ، چاپ و وەشانی پەرتوکخانا موکسی، چاپا ئێکێ، دهۆک.
٤٨- عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان ( ٢٠٠٩)، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
٤٩- عەبدوڵلا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣ )، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٥٠- عەبدوڵلا، شلێر ڕەشید (٢٠١٥)، پرۆسەی گەیاندن و چالاکبوونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٥١- عەبدوڵلا، فەرەیدوون عەبدولڕەحیم (٢٠٠٨)، بارودۆخی سیاسیی کوردستان- عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٥٢- عەزیز، حوسێن محەمەد (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٥٣- عومەر، هاوژین (٢٠١٣) ، تەکنیکی نووسینی میدیایی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٥٤- فتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو وشێروان میرزا قادر،چ ١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.
٥٥- ————————(٢٠١١ )، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٥٦- فەرەج، ئاریان (٢٠١٣)، بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووس، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٥٧- فەرەج، هۆگر محمود (٢٠٠٧)، زمان و نەتەوە و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، گ. زانکۆی کۆیە، ژ(٧)، تشرینی یەکەم ٢٠٠٧.
٥٨- قادر، زیاد ڕەشاد (٢٠١٣)، زمان و میدیا چەند سەرنجێک لەبارەی لایەنی ڕێنووس و زمان لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا، کۆنفرانسی زانستی سالانەی زمانی کوردی (پەروەردە – میدیا) ٢٠١٢ ،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٥٩- قادری، قەرەنی (٢٠٠٩ )، کۆمەڵگە و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٦٠- قانع، مەریوان وریا (٢٠٠١)، ناسیۆنالیزم و سەفەر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٦١- کالفی، لویس جان (٢٠١٢)، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، و: بەهادین جەلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٦٢- کەرکوکی، حەبیب ( ٢٠٠٨ )،پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، و:ڕابەر ڕشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٦٣- کەمریَ، بیرنارد و دایەمەند، جێرید و والن، دەوگ (٢٠٠٧)،زمان، و: کامیل محەمەد قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٦٤- کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ( ١٩٩٨)، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر.
٦٥- کۆنفرانسی زانستی سالانەی زمانی کوردی (پەروەردە – میدیا) ٢٠١٢ (٢٠١٣)، زمان و میدیا چەند سەرنجێک لەبارەی لایەنی ڕێنووس و زمان لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٦٦- لیژنەی ڕێنووس(٢٠١٣)، ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی، جاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦٧- لیـــژنەی زاراوە لە کـــۆڕی زانیـــاری کوردســـتان(٢٠٠٥)،زاراوەی ڕاگەیانـــدن، لە بڵاوکراوەکـانی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر.
٦٨- لیژنەی بەدواداچوونی کارەکانی کۆنفرانس(٢٠١٢)، توێژینەوەکانی کۆنفڕانسـی زمـانی کوردی ١٩-٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٦٩- مـارف، ئەوڕەحمـان حـاجی (١٩٧٥) ، لێکسـیکۆلۆژی زمـانی کـوردی، بەشـی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٧٠- مـحەمەد، کەمـال ڕەئـووف (٢٠١٤)، مێژووی ڕادیـۆی کـوردیی بەغـداد (١٩٣٩- ١٩٥٨)، بەرگی یەکەم، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.
٧١- موتابچی، ئەمین (٢٠١١)، لە پێناو زمـانێکی کوردی یەکگرتووی پوختە، توێژینەوەکانی کۆنفرانسـی زانسـتی زمـانی کـوردی ١٩-٢٢/ئەیلـول٢٠١١/هەولێـر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆشنبیر، هەولێر.
٧٢- مەحوی، محەمەد (٢٠٠١)، زمان وزانستی زمان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخـانەی زانکۆ، زانکۆی سلێمانی.
٧٣- ———— (٢٠١٦)، مەنـامە بەسـتانداردکردنی زمـانی کـوردیی دروستنوسـیین، دەروازەی یەکەم، ئۆرسۆگرافی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.
٧٤- میران، ڕەشاد (٢٠١٠) ، چەند بابەتێکی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی، چاپی خانی، دهۆک.
٧٥- ناوخۆش، سەلام (٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان سیاسـەت و سیاسـەت زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٧٦- ________(٢٠١٣) ، بەریەککەوتنی زمانەکان، چاپی یەکەم،چاپخانە؟، باشوور.
٧٧- نـاوخۆش، سـەلام، و خۆشـناو، نەریمـان (٢٠١١)، زمـانەوانی، بەرگـی هەشـتەم، چـاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٧٨- نەورۆڵی، فارس (٢٠٢٠)، دەروازەی چەمکەکان، چاپی چوارەم، چاپخانەی تاران، تاران.
٧٩- (هەژار)، عبدالرحمن شـرفکندی (١٣٨١)، فەرهـەنگی هەنبـانە بـۆرینە- فەرهـەنگی کـردی- فارسی، چاپ دوازدهم، چاپخانە انتشارات سروش لیتوگرافی، تهران.
٨٠- وەرتـی، ئەحـمەد ئیبـراهیم (٢٠٠٨)، پـوختەیەک دەربـارەی ڕاگەیانـدن و ڕاگەیانـدنی ئیسلامی، چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.وەندی،
٨١- وەنـدی، مەحمـود(٢٠١٣ )، ڕۆڵـی کەنـاڵە ئاسـمانییە کوردییەکـان لە دوانـدنی کـوردانی تاراوگەدا، و: ڕابەر ڕەشید، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

٨٢- یەعقوبی، حوسین (٢٠٠٧) ،زمان و وەرگێران وپەیوەندیی کولتوورەکان، و: ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٨٣- یوسف، خەلات موسا (٢٠٠٧)، لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

**ب- نامە زانستییەکان :**

٨٤- جراد، چۆلی ئەسعەد (٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی زمانی کوردی.
٨٥- حسین، یوسف حسن (٢٠١٤)، کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر کولتوور تویژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی مەیدانییە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.
٨٦- عەلی، ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٥)، بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، هەولێر.
٨٧- فەرهادی، عاطف عبدالله (٢٠١١)، هەندێ لایەنی دەنگسازیی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (praat)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی زمان.
٨٨- فەرەج، گەشاو عەلی (٢٠٢٠)، ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی، لە چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
٨٩- محمدامین، ڕێباز عزیز (٢٠١٧)، ڕاگەیاندنی کوردیی و ئاراستەکردنی کۆمەڵایەتیی لاوان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، هەولێر.

**پ- گۆڤار و ڕۆژنامە :**

**- گۆڤار**

٩٠- احمد، عبدالباقی صابر (٢٠١٢)، ئینتما، و: جەلال بەهادین، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی، ژمارە(٣٢)، هەولێر.
٩١- برزۆ، ئومێد بەرزان ( ٢٠١٦ )، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٥٠)، بەشی B
٩٢- برزۆ، ئومێد بەرزان و محەمەد، کەژاڵ جیهابخش (٢٠١٩)، جیهانگیریی زمانی و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتوی شوناس نەتەوەیی و فێرکردنی زمانی کوردی، گۆڤاری

زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیان، خولی(٦) ، ژمارە(تایبەت) بە یەکەم کۆنفرانسی زانستی زانکۆی گەرمیان، بێ شوێنی چاپ.

٩٣- جامباز، تارق (٢٠١١)، زمانپارێزی سیاسەتی زمان کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، گ. ئەکادیمیا، ژ(١٩)، هەولێر.

٩٤- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٨)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٤١)، هەولێر.

٩٥- ساڵح، ئازاد عوبێد (٢٠١٧)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٧، ژمارە ٣٩، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

٩٦- سەجادی، بەختیار (٢٠١١)، زمانی کوردی و ڕەهەندە جیاوازەکانی، زرێبار، وەرزنامەی فەرهەنگی  ئەدەبی/ئەدەبی/ کۆمەڵایەتی، فایلی: زمان و کۆمەڵگا، خولی نوێ (٢٢ و ٢٣) ، ساڵی پازدەهەم / ژمارە (٧٥- ٧٦) پاییز و زستانی ٩٠، مریوان.

٩٧- سەرحەد، باخان و سەعید، محەمەد مەجید (٢٠١٩) ، ژەهری زمانی و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی(زمانی کوردی بەنموونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٦، ژمارە(٣).

٩٨- سورخی، ڕەحیم قادر (٢٠١٤)،پلانی زارەوەسازی لەتیۆری پلانی زماندا، ڕوانگەیەکی ڕێبازمەند بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩٩- عەلی، ئازاد ڕەمەزان (٢٠١٤)، کارامەیی لە زماندا وەک پێویستییەکی بێژەری ڕاگەیاندنکار، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە(٢٨) ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠٠- عەلی، غازی(٢٠٠٦)، پرۆژەی ستانداردکردنی زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمی ، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە(٤)، کوردستان – هەولێر.

١٠١- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٣)، چیرۆکە هەواڵ لە نێوان بۆتە و زماندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٥) چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠٢- محمد، ئاریانا ئیبراهیم (٢٠١٢)، زمانی ڕاگەیاندن لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٣)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠٣- محەمەد، دارا حەمید (٢٠١٦)، زمانی کوردی لە نێوان سیاسەتی زمان و پلانی زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٥٠)، ئایاری/ ٢٠١٦، بەشی B .

١٠٤- محەمەد، شلێرڕەسول و فەرهادی، ساجیدە عبدالله (٢٠٠٨)، سوێندخواردن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە(٣٥)، هەولێر.

١٠٥- مەحوی، محمد عبدالفتاح حمه سەعید(محەمەد) و جلال، شاخەوان (٢٠١٤)،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٤٥)، ئابی ٢٠١٤ ، بەشی B
١٠٦- میران، ڕەشاد (٢٠١٢)، مەعریفە و کەلتوور و ئایدیۆلۆگیا( پەیوەندی و میکانیزم و کارلێکردن)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٠٧ - ———— (٢٠١٨ )، زمانی کوردی وەک دیاردەکی ئێتنیکی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٤١)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- **ڕۆژنامەی فەرمی**

١٠٨- وەقایعی کوردستان، یاسای ژمارە(١٤) ساڵی(٢٠٠٦)، یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە(٧٠)، ساڵی هەشتەم، چاپی یەکەم، هەولێر.
١٠٩- وەقایعی کوردستان، یاسای ژمارە(٣٩)ساڵی(٢٠٠٧)، یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای کۆڕی زانیاری کوردستان- عێراق ژمارە(١٢) ساڵی(١٩٩٧ز)، ساڵی حەوتەم، ژمارە(٨٠)، چاپی یەکەم، هەولێر.
١١٠- وەقایعی کوردستان، یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی(٢٠١٢)، یاسای دووەمین هەمواری یاسای ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە(١٤٨)، ساڵی دوازدەم، ٢٣/تەمموز/٢٠١٢، هەولێر.
١١١- وەقایعی کوردستان، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە(٦)ی ساڵی(٢٠١٤)، ژمارە(١٨١)، ساڵی چواردەیەم، ١٨/کانوونی یەکەم/٢٠١٤، هەولێر.
١١٢- وەقایعی کوردستان(٢٠١٤)، ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوانسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان بۆ(مۆڵەتی کاری وێستگەکانی ڕادیۆ و TV)، ژمارە(١٧٢)، ساڵی سێزدەم، هەولێر.

**ت- دەستوور ویاساکان**

١١٣- دەستووری هەمیشەیی عێراق(٢٠٠٥)
١١٤- یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستەنی(٢٠٠٤).
١١٥- یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان عێراق.www.parliament.krd/business/legislation
١١٦- بیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (١٩٩٣) یاسای چاپەمنیی هەرێمی کوردستانی عێراق.www.parliament.krd/business/legislation
١١٧- یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی (١٩٩٧) یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراق.www.parliament.krd/business/legislation
١١٨- یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان- عێراق.https://www.parliament.krd/business/legislation/

**ج- چاوپێکەوتن**

١١٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ (شێروان عولا خورشید) بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ڕێکەوتی (١١/٨/ ٢٠٢١)

**چ- پێگەی ئەلکترۆنی**

١٢٠- عثمان، سالار (٢٠١٣) ،زمان و ڕاگەیاندن .. ئایا زمان ئامرازە یان ئامانج؟، گۆڤاری گوڵان، نوسخەی ئەلکترۆنی لە ٢٠١٣/٥/٨ دابەزێنراوە،

http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id

١٢١- وەلی، عەبباس (٢٠٢٠)، لەبارەی چەمکی ئایدیۆلۆژیاوە، ڕێکەوتی سەردان: (٢٠٢١/٧/٢٠)

http://nnsroj.net/detiles.aspx?id=70712

**ح- کەناڵی تەلەفزیۆنی**

١٢٢- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی کوردستان

١٢٣- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی کوردسات نیوز

١٢٤- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی ئێن ئار تی

١٢٥- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی ڕووداو

١٢٦- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی پەیام

١٢٧- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤

١٢٨- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی کەی ئین ئێن

١٢٩- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان

**دووەم: بە زمانی فارسی**

١٣٠- باطنی، محمد رضا (١٣٩٠ )، زبان و تفکر (مجموعة مقالات زبان شناسی) ،چاپ دهم ، مرکز پخش: کتاب گزیده، نشر اگاه، تهران.

١٣١- داوری، حسین (١٣٩٩)، سیاست و برنامەریزی زبانی، راهبرد فرهنگ، شمارە چهل و نهم، بهار ١٣٩٩.

١٣٢- محمد، احمد گل (١٣٩١)، جهانی شدن فرهنگ و هویت، چاپ پنجم، نشر نی، تهران.

١٣٣- گیدنز، انتونی (١٣٨٥)، جامعەشناسی ، ت:منوچهر صبوری، چاپ هفدەهم، نشر نی ، تهران.

**سێیەم: بەزمانی عەرەبی**

**ا- کتب :**

١٣٤- ابراهیم، عبدالله و الغانمی، سعید و علی،عواد (١٩٩٦)، مدخل الی المنهاج النقدیةالحدیثة، بیروت.

١٣٥- ابن الجنی، ابی الفتح عثمان (٢٠٠٠) ، الخصائص، الجزء الاول، مطبعة دار الکتب المصریة.

١٣٦- ابن المنظور(١٩٩٩)، لسان العرب، الطبعة الثانية، مجلد(٦)، دار احياء التراث العربي، بيروت، لبنان.

١٣٧- الزمخشري(١٩٩٨)، اساس البلاغة، دار الكتب العلمية، الطبعة الاولى، ج١، بيروت - لبنان.

١٣٨- افلاطون، جمهورية (١٩٧٥ ) ، ت: حنا خباز، بيروت.

١٣٩- البريدي، عبدالله (٢٠١٣)، التخطيط اللغوي.. تعريف نظري و نموذجي، ورقة بحثية ألقيت في الملتقى التنسيقي للجامعات و المؤسسات المعنية باللغة العربية، مركز الملك عبد االله بن عبد العزيز الدولي لخدمة اللغة العربية، الرياض.

١٤٠- الجوهري، عبدالهادى (١٩٨٦)،دراسات في التنمية الاجتماعية مدخل اسلامى، مكتبة نهضة الشرق، جامعة القاهرة.

١٤١- الخزرجي، ثامر كامل محمحد (٢٠٠٤)، النظم السياسية الحديثة و السياسات العامة، الطبعة الاولى، منتدى سور الازبكية، عمان – اردن.

١٤٢- السيد، محمود احمد (٢٠١٣)، الهويةواللغةالتعليم، الطبعةالاولى، مطابع نقابة المعلمين، دمشق.

١٤٣- الشريف، سامى و نداايمن منصور (٢٠٠٤ )، اللغة الاعلامية (المفاهيم – الاسس – التطبيقات)، بدون دار نشر، القاهيرة.

١٤٤- الضبيب، احمد (٢٠١٢)، المحور الثاني: السياسةاللغوية، في: لنهض بلغاتنا- مشروع لاستشراف مستقبل اللغة العربية، موسسة الفكر العربي، لبنان.

١٤٥- الفهري، عبدالقادر الفاسي ( ٢٠١٣)، السياسة اللغوية في بلاد العربية، دار الكتب الجديد المتحدة، الجزائر.

١٤٦- القاسمي، على ( ٢٠٠٦) الفصحى و عاميتها، ط١، منشورات المجلس الاعلى للغة العربية، الجزائر.

١٤٧- القحطاني، سعد (٢٠٠٢)، التعريب و نظرية التخطيط اللغوي، مركز دراسات الوحدة العربية.

١٤٨- *المحمود، محمود بن عبدالله ( ٢٠١٨)، اتجاهات حديثة في اللغويات التطبيقية، الطبعة الاولى، دار وجوه للنشر و التوزيع، المملكة العربية السعودية*

١٤٩- النوي، مليكة (٢٠١٢)، التخطيط اللغوي و النظام التربوي بين الواقع و المأمول، أعمال الملتقى حول : التخطيط اللغوي- جامعة باتنة، ج ٢.

١٥٠- الهيتى، هادى نعمان (٢٠٠٧)، فى فلسفة اللغةو الاعلام ، الدار الثقافية، القاهرة.

١٥١- بدوى، احمد زكى (١٩٩٣) ، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الثانية، مكتب لبنان، بيروت.
١٥٢- جردات، سهير( ٢٠١٣)، دور الاعلام في التنمية اللغوية و تحقيق الهوية الوطنية، مقدمة للموتمر العلمي الثاني للغة الكردية بالفترة الواقعة بين ١٦- ١٨/ ٢٠١٢/١٢، مطبعة روشنبيرى، اربيل.
١٥٣- جواد،عبدالستار(١٩٩٨)، اللغه الاعلامية(دراسة فى النصوص الاعلامية و تعليلها)،ط١،دار الهلال، الاردن.
١٥٤- جوزيف، جون (٢٠٠٧) ، اللغة و الهوية، ت: عبدالنور خراقى، ط١، مطابع المجموعة الدولية، دولة الكويت.
١٥٥- حجاري، فاطمه و تلمسان(٢٠١٢) ، آراء الباحث الجزائري الآستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسآلة التخطيط اللغوي من خلال مولفاته و دراساته، اعمال الملتقى الوطني حول : التخطيط الغوي ٣-٤-٥ ديسمبر ٢٠١٢.
١٥٦- حجازى، محمود (٢٠٠٨)، روية مجتمعية من اجل سياسة لغوية، في :مجمع اللغة العربية ،ج ١١٢، القاهرة.
١٥٧- خرما، نايف (١٩٧٨)، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، كويت.
١٥٨- خضر، سيد (٢٠٠٣)، اللغة للعربية، مشكالاتها وسبل النهوض بها، ط ١ ، بدون دار نشر.
١٥٩- خورشيد، فواد حمه(١٩٧١) ، الاكراد- دراسة علمية موجزة في اصل شعب الكردي، بغداد.
١٦٠- دمياطي، محمد عفيف الدين (٢٠١٧)، مدخل الى علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الثانية، مكتب الناشر مكتبة لسان عربي للنشر و التوزيع ، اندونيسيا.
١٦١- زكريا،ميشال(١٩٩٣)، قضايا ألسنية تطبيقية(درارسات لغوية اجتماعية نفسية مع مقارنة تراثية)، ط١،دار العلم للملايين، بيروت – لبنان.
١٦٢- رمزى،نبيل(١٩٩١)،علم اجتماع المعرفة- الايدلوجيا و الوعى الاجتماعى،ج٣، الاسكندرييه.
١٦٣ – سوسور، فردينان دى (١٩٨٥) ،علم اللغة العام ، ت: يوئيل يوسف عزيز (د) ،دار افاق عربية، بغداد.
١٦٤- شرف، عبدالعزيز (١٩٨٣)، المدخل الى علم الاعلام اللغوى، منتدى سور الازبكية، بدون دارنشر.
١٦٥- طلعت، شاهيناز (٢٠٠٣ )، وسائل الاعلام و التنمية الاجتماعية، مكتبةالانجلو، القاهيرة.

١٦٦- عبدالتواب، رمضان (١٩٩٧)، التطور اللغوي مظاهيره و علله و قوانينه، الطبعة الثالثه، الناشر مكتبة الخانجي ، قاهيرة.
١٦٧- عبده، داود( ١٩٨٤) ، دراسات فی علم اللغة النفسی، طبعة اولی، بدون دارنشر، كويت.
١٦٨- عرباوي، محمد ( ٢٠١٢)، التجربةالجزائرية و تجارب الدول الاخرى في رسم سياستها اللغوية، اعمال الملتقى الوطني حول التخطيط اللغوي، الجزائر.
١٦٩- عروی، عبدالله (٢٠١٦)، مفهوم الايديولوجيا ، المركز الثقافي العربي ، الطبعة الثامنة ، بيروت، لبنان.
١٧٠- عزوز، أحمد وخاين، محمد (٢٠١٢)، التخطيط اللغوي و المصطلحات المحايثة، أعمال الملتقى حول: التخطيط اللغوي، جامعةوهران،ج١، الجزائر.
١٧١- ———— (٢٠١٤)، العدالة اللغوية في المجتمع المغاربي، بين شرعية المطلب ومخاوف التوظيف السياسي، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت.
١٧٢- غاليم، محمد (٢٠١٣)، اللغة والهوية في ضوء النظرية السياسية، في اللغة والهوية في الوطن العربي، المركز العربی للابحاث و دراسة السياسيات، قطر.
١٧٣- كالفي، لويس جان(٢٠٠٦)، علم الاجتماع اللغوي، ت: محمد يحياتن، دار طبع دار القصدية للنشر، الجزائر.
١٧٤- ———— (٢٠٠٨) ،حرب اللغات السياسة اللغوية، ت: حسن حمزة(د)، مراجعة سلام بزي- حمزة، المنظمة العربية لترجمة، الطبعة الاولى، بيروت.
١٧٥- ————(٢٠٠٩)، السياسات اللغوية ، ت:محمد يحياتن، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.
١٧٦- كساس، صافية (٢٠١٢)، التخطيط اللغوي في الجزائر و دوره في خدمة اللغة العربية و النهوض بها، منشورات المجلس الاعلى للغة العربية، الجزائر.
١٧٧- كوبر، روبرت ل (٢٠٠٦)، التخطيط اللغوي والتغير الاجتماعي،ت: خليفة ابوبكر الاسود، اصدار مجلس الثقافة العام، ليبيا.
١٧٨- كوش، دنيس(٢٠٠٧)، مفهوم الثقافة فی العلوم الاجتماعية،ت: د. منير السعيدانی، الطبعة الاولی، المنظمةالعربية للترجمة، بيروت.
١٧٩ – كولماس، فلوريان (٢٠٠٩) ، دليل السوسيولسانيات،ت: خالد شهب و ماجدولين النهيبی ،الطبعة الاولی، المنظمة العربية للترجمة، ابيروت.
١٨٠- لعيبي، هادی نهر(١٩٨٨)، علم اللغةالاجتماعي عند العرب، دارالغضون، بيروت.

١٨١- ـــــــــــــــ (٢٠٠٩)، اللسانيات الاجتماعية عند العرب، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، عمان.
١٨٢- هارتمان، هارالد(٢٠٠٦) ، تاريخ اللغات و مستقبلها، ترجمة: سامى شمعون، الدوحه.
١٨٣- هدسون(١٩٩٠)، علم اللغة الاجتماعي، ت:محمود عياد، عالم الكتب، الطبعه الثانية،القاهرة.
١٨٤- وافي، على عبدالواحد (١٩٥١)، اللغة والمجتمع، مولفات الجمعية الفلسفية المصرية، الطبعة الثانية، دار الاحياء الكتب العربية.مصر.
١٨٥- ـــــــــــــــ (٢٠٠٩)، علم اللغة ، الطبعة الثانية عشرة، شركة نهضة مصر للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة.

**ب-الرسائل الآكاديمية:**

١٨٦- الشجيرى، سحر كاظم حمزه (٢٠٠٢)، نظرية التواصل في النقد الادبي العربي الحديث، رسالةماجستر، كلية التربية، جامعة بابل.
١٨٧- الشعراوي، حازم احمد (٢٠٠٨)، اثر برنامج بالوسائط المتعددة على تعزيز قيم الانتماء الوطني و الوعي البيئي لدى طلبة الصف التاسع، رسالة ماجستير، جامعة الاسلامية، كلية التربية ، قسم المنهاج و تكنلوجيا التعليم، غزة.
١٨٨- الصيفى، هدى (٢٠١٥)، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي(دراسة حالات من الوطن العربي)، رسالة ماجستير، كلية الاداب و العلوم، جامعة قطر.
١٨٩- الناصر، ناصر بن فهد (٢٠٠٣)، التخطيط الاستراتيجي و دوره في رفع الكفاءة الانتاجية، رسالة ماجستير غير منشورة، آكاديمية نايف العربية العلوم الآمنية، كلية الدراسات العليا، قسم العلوم الادارية.
١٩٠- جهيده، ابن قنونة (٢٠١٨)، التخطيط اللغوي و دوره في بناء المضامين التعليمية- الطور الابتدائي السنة الثانية آنموذجا- ، رسالة ماجستير، كلية الاداب و الفنون، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم، الجزائر.
١٩١- حمايل، عبد احمد يوسف(٢٠١١ )، دور اذاعة " امن اف ام " في تعزيز الانتماء الوطني لدى الطلبة الجامعيين (جامعة الشرق الاوسط انموذجا)، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط ، كلية الاعلام، الاردن.
١٩٢- عمايرة، حنان اسماعيل احمد (٢٠٠٤)، التراكيب الاعلامية فى اللغة العربية،رسالة دكتورا، الجامعة الاردنية، كلية دراسات عليا.

١٩٣- قرقور، احلام (٢٠١٨)،آثرِ السياسة اللغوية في ممارسة اللغة العربية جهود المجلس الاعلى للغة العربية في الجزائر، رسالة دكتوراه، جامعة محمد لمين دباغين، كلية الاداب و اللغات، جزائر.

**ج- المجلة و الجريدة:**

١٩٤- البوني، عفيف (١٩٨٣)، في الهوية القومية العربية، مجلة المستقبل العربى ،العدد ٥٧، نوفمبر.

١٩٥- الجابري، محمد عابد (١٩٩٨)، العولمة والهوية الثقافية١٠ آطروحات، مجلة الجابري، العدد ٦، (١٨) فبراير ١٩٩٨ ، بدون دارنشر.

١٩٦- الشاهر، شاهر اسماعيل ( ٢٠١٩)، في جدلية العلاقة بين وسائل الإعلام والسلطة، مجلة دراسات الاعلامية، دورييه دولية محكمة، المركز الديمقراطى العربى، العدد السابع مايو/ايار ٢٠١٩، برلين، المانيا.

١٩٧- بورنان، عمر (٢٠٠٩)، تخطيط السياسة اللغوية، مجلةاللغة الأم، دار هومة، الجزائر.

١٩٨- دربال، بلال (٢٠١٥)، السياسة اللغوية المفهوم والأثر، مجلة المخبر، أبحاث في اللغة العربية والأدب الجزائري، جامعة بسكرة، الجزائر.

١٩٩- حلوانى،فادية المليح(٢٠١٥)، لغة الاعلام العربى، مجلةجامعة ديمشق، المجلد ٣١، العددالثالث، ديمشق له ٢٠٢٠/٩/٩.

**د- الوقائع العراقية**

٢٠٠- الوقائع العراقية، العدد (١٧٨٦)، في(١٩٦٩/١٠/٥)

٢٠١- الوقائع العراقية، العدد(١٧٩٢)، في (١٩٦٩/١٠/٢٥)

٢٠٢- الوقائع العراقية، العدد (٤٣٧٨)، ٣١ئابى ٢٠١٥م.

٢٠٣- الوقائع العراقية، العدد (٤٣١١)، ٢٤ شباط ٢٠١٤م.

٢٠٤- الوقائع العراقية، العدد (١٨٦٣)، في (١٩٧٠/٤/٤)

٢٠٥- الوقائع العراقية، العدد(٣٢٣٢)، في (١٩٨٨/١٢/١٢)

٢٠٦- الوقائع العراقية، العدد(٣٢٧٨)، في (١٩٨٩/١٠/٢٣)

٢٠٧- الوقائع العراقية، العدد(٣٨٩٦)، في (٢٠٠١/٩/١٧)

**هـ- المواقع الالكترونية:**

٢٠٨- الحضيف، محمد (٢٠١٠)،وسائل الإعلام والجمهور : حقيقة التأثير..!،(٢٥/مارس/٢٠١٠)، تاريخ الزيارة (٢٨/ ٢٠٢٠/١٠). http://www.islamtoday.net/albasheer/artshow-40-129888.htm

٢٠٩- الحفيان، فيصل (٢٠٠٤)، اللغة والهوية إشكاليات المفاهيم وجدل العلاقات، (بحث في مجلة التسامح – العدد الخامس)، ٣١/كانون الاول / ٢٠٠٤ ، وزارة الأوقاف والشؤون الدينية، مسقط، تاريخ الزياره (٢٠٢٠/١٠/٢٨). https://allissan.org/node/1280

٢١٠- الزبون، فواز عبد الحق(٢٠١٦)، دور التخطيط اللغوي في اللغة العربية و النهوض بها، منتدى مجمع اللغة العربية على الشبكة العالمية، تاريخ الزياره(٢٠٢٠/٩/٢٠)-http://www.m-a-arabia.com/vb/showthread.php?t=15432#:~:text=%D9%8

الوهادين، دانة (٢٠١٦)، مفهوم الاعلام، موقع الكتروني، تاريخ الزيارة (٢٠٢٠/٩/١٤).. https://mawdoo3.com/مفهوم_الإعلام#

٢١١ – برهومة، عيسى (٢٠١٢)، اللغة و الهوية ... جدل الثابت و المتحول، الملخص التنفيذي، الدوحة : مركز العربي للآبحاث و دراسة السياسات، المؤتمر السنوي للعلوم الاجتماعية و الإنسانية، الهوية واللغة في الوطن العربي.

٢١٢- حسن، ناصر و جباري، هاشم( ٢٠٠٧)، تلفزيون كركوك في سطور، تاريخ الزيارة ٢٠٢١/١١/٢٠..https://www.gilgamish.org/2007/11/14/5482.html

٢١٣- مبارك، عبدالله بن ناجي ال (٢٠٠٤)، قراءة في مفهوم الانتماء الوطني، نسخة الاكترونية من صحيفة الرياض اليومية الصادرة من موسسة اليمامة الصحفية- المقالات، العدد(١٣٣٣٨). www.Al Riyadh.com

٢١٤- هيئة الاعلام و الاتصالات، تراخيص البث، تاريخ الزياره (٢٠/١/ ٢٠٢٢). https://cmc.iq/ar/%d8

**ج- دستور وقوانين**

٢١٥- القانون الاساسي العراقي(١٩٢٥)

٢١٦- الدستور العراقي الموقت(١٩٦٤)

٢١٧- الدستور العراقي الموقت (١٩٦٨)

٢١٨- الدستور العراق الموقت (١٩٧٠)

٢١٩- الدستور جمهورية ايران الاسلامية(١٩٧٩)

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

220-Carr,Coulson.j.C.T (1979), The Oxford lllustrated Dicioonary, Fifth Edition, NewYork.

221–Crystal, David (2003), A Dictionary of Linguistics&phonetics, black well publishing, UK.

222- Crystal, David (2010), Alltle B ook of Language, First published, Yale, university prees.

223- Fishman,Joshua A. (ed.) 1974. Advances in language planning. The Hague: Mouton de Gruyter

224- Ferguson, G. 2006. Language planning and Education. Edinburgh: Edinburgh University Press.

225- Halliday, M.A.K, (1978), Language as social semiotic, the social intertation of language and meaning, Hariland

226-Halliday, M.A.K (2003), written Language, Standard Language, Global Language, World Englishes, vol.22, No.4.pp

227 – Johnson, David Cassels, 1999, Language policy, printed and bound by CPI Group(UK) Ltd, croydon.

228-Kaplan, R. B. and Baldauf, R. B. (2003). Language and languag-in Eeducation planning in the Pacific basin. Dordrecht: Kluwer Academic Publications

229-MCluhan,Marshall (1964) Understanding Media.London and New York: (Available: http://robynbacken.com/text/nw_research.

230- Meiringer, Julia (2009), Language planning in India: the influence of English on the educational system and the media, Master thesis, university of Vienna. Available online: https://utheses.univie.ac.at/detail/4524# .

231-Oxford learner's pocket dictionary (2009), 4th ed. Oxford: Oxford university press.

232-poon,Anita Y.k(2010), Language use, and language policy and planning in Hong Kong,publisher Routledge, London.

233-Spolsky,Bernard (1998), Sociolingustics, First edition, Oxford University Press, New York.

234- Weinstein, Brian (1980), Language planning in Francophone Africa, African Studies Association.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# السياسة و التخطيط اللغوي في الإعلام
# القنوات الفضائية الكوردية في اقليم كوردستان نموذجا

أطروحة

مقدمة الي مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين – أربيل، كجزء من متطلبات الحصول على شهادة الدكتوراه في اللغة الكوردية– علم اللغة التطبيقي.


من قبل

**آزاد عزيز سليمان**

البكالوريوس في جامعة صلاح الدين– أربيل– ١٩٩٧

الماجستير في جامعة صلاح الدين– أربيل– ٢٠١٤


بإشراف

**أ.د.يوسف شريف سعيد**

أربيل – كوردستان

حزيران ٢٠٢٢

## الملخص

هذه الأطروحة والتي هي تحت عنوان (السياسة و تخطيط اللغة في إعلام القنوات الفضائية الكوردية في اقليم كوردستان نموذجا) تنظر الى سياسة و التخطيط اللغوي كفرع من علم اللغة التطبيقي، والتي من خلالها يتم عرض المبادئ الأساسية والنظريات والأفكار المختلفة حول سياسة اللغة، ومن خلال تلك النظرة يتم بيان دور سياسة اللغة والتخطيط في الاعلام، و يعرض مكانة اللغة الكوردية في الدساتير والقوانين ويجعلها محل البحث و الدراسة و يبين أهمية القنوات الفضائية الكوردية في نشر اللغة الكوردية و المحافظة على اللغة الكوردية مع بيان تطور الخزين المعجمي للغة الكوردية.

نماذج الأطروحة في القسم المتعلق بسياسة اللغة تتمثل في تحليل المواد و الفقرات الدستورية المتعلقة باللغة والاعلام في الدساتير العراقية فيما بين سنوات (١٩٢٥م–٢٠٠٥م) و قانون اللغات الرسمية رقم (٧) لسنة (٢٠١٤م) وقانون اللغات الرسمية في اقليم كوردستان رقم (٦) لسنة (٢٠١٤م) قانون الأكاديميا الكوردية و قانون هيئة الاعلام والاتصالات العراقي، وقانون وزارة الثقافة في حكومة اقليم كوردستان، و التعليمات الخاصة بتأسيس القنوات الفضائية في المديرية العامة للطباعة والنشر، أما فيما يتعلق القسم المتعلق بتخطيط اللغة فقد استقينا النماذج من ثمانية قنوات فضائية منها (تلفزيون كوردستان، كوردستان ٢٤، إن أرتي، روداو، كوردسات، كوردسات نيوز، شعب كوردستان، نيت، بيام).

و تم تحليل واقع استخدام اللغة الكوردية في لغة كتابة و حديث القنوات الفضائية بطريقة الكيفية، مع مراعاة حدود الزمن فهي تشمل نماذج ضمن فترة سنة (٢٠٢١م–٢٠٢٢م)، و المجتمع البحثي هو القنوات الفضائية الكوردية في اقليم كوردستان.

بيننا مشكلة بحثنا من خلال عرض مجموعة من التساؤلات منها: ماهي سياسة اللغة و التخيطيط اللغة؟ ماهي أنواع و النظريات و المبادئ الأساسية؟ هل لإقليم كوردستان المبادئ الأساسية لوضع سياسة لغوية؟ اذا كان له ذالك فهل وضع اقليم كوردستان سياسة للغة؟ ومنذ متى؟ وما هي نوع الأيديولوجية التي اعتمدتها في سياسة اللغة؟ هل

تمكن من تحديد موقع اللغة الكوردية و لغة القوميات والمكونات الأخرى في اقليم كوردستان؟ وما هو مستوى مصادر السياسة اللغوية فيه؟ وما هي الطبقة والمجال المستهدف من تلك السياسة اللغوية؟ هل تشمل تلك السياسة مجال الاعلام؟ هل وضعت السياسة اللغوية للبيئة الخارجة عن اللغة؟ هل تمكنت تلك السياسة اللغوية معالجة مشكلة اللغة الكوردية من حيث اللغة الرسمية الموحدة و طريقة نظام الكتابة الموحدة؟ وفيما يتعلق بالتخطيط اللغوية سنحاول الإجابة عن مجموعة من الاسئلة منها: ما هو التخطيط اللغوية؟ هل للقنوات الفضائية في اقليم كوردستان تخطيط لغوي؟ هل أن استخدام اللغة في القنوات الفضائية منظم؟ وما هو دور القنوات في تطوير و نشر اللغة الكوردية؟ هل خططت لاغناء المعجم اللغوي الكوردي وعصرنته؟ هل حاولت توحيد المصطلحات؟ هل لهم تخطيط اصلاحية فيما يتعلق بتنقية اللغة من العبارات و المصطلحات وقواعد اللغة الاجنبية؟

وفي الختام حاولنا الاجابة عن الاسئلة المطروحة.

وبهذا فقد بيننا دور السياسة اللغوية و التخطيط اللغوية للقنوات الفضائية الكوردية في اقليم كوردستان في المحافظة على الهوية اللغوية وتبين أصالة الموروث الثقافي للقوم الكوردي، ومن خلال استخدام اللغة الكوردية كوسيلة لهذا الغرض، كما وبينت مدى التزام القنوات الفضائية الكوردية بمبادئ و الخصائص اللغوية للغة الكوردية من حيث المعجم و الصوت و الصرف و النحو، في سبيل حماية و تطوير الهوية اللغوية الكوردية و الوصول الى سياسة و خطة لغوية صحيحة للغة الكوردية. و مضمون صيغ الكلام و لغة الكتابة و عرض الجوانب الايجابية و السلبية و مدى ملائمتها مع المعايير المعاصرة لحماية و بقاء اللغة الكوردية.

وفي هذا السبيل تم استخدام المنهج(الوصفي التحليلي) أساسا، وفي بعض الأحيان عند الحاجة يتبع البحث المنهج (التاريخي)، لغرض متابعة مكانة اللغة الكوردية في دساتير و قوانين البلد ، وكذلك تحليل حال اللغة الكوردية في استخدامها في القنوات الفضائية الكوردية في اقليم كوردستان تم تقسيم الاطروحة الى تمهيد وثلاثة فصول رئيسية والتي تحتوي (الاطار العام للبحث، والجوانب النظرية المتعلقة بلغة الاعلامم بين تطور اللغة و الهوية القومية، الاطار النظري حول سياسة و التخطيط اللغة، الجانب التطبيق، و الاستنتاجات و التوصيات).

## Summary

This thesis, which is under th e title (Language policy and planning in the media, the Kurdish satellite channels in the kurdistan region as a sample), looks at language policy and planning as a branch of Applied Linguistics, through which the basic principles, theories and various ideas about language policy are presented, and through those outlook the role of language policy and its plan in the media is explained, and it presents the status of the Kurdish language in constitutions and laws and makes it the subject of research and study, and shows the importance of Kurdish satellite channels in spreading the Kurdish language and preserving of the Kurdish language, with a statement of the development of the lexical store of the Kurdish language.

Thesis models in the section related to language policy are represented in the analysis of constitutional articles and paragraphs related to language and media in the Iraqi constitutions between the years (1925-2005), the official languages law No. (7) of (2014) and the official languages law in the Kurdistan Region No. (6) for the year (2014 AD) the kurdish academic law, the Iraqi media and communications Commission law, the law of the ministry of culture in the Kurdistan regional government, and the instructions for establishing satellite channels in the general girectorate of printing and publishing. As for the section related to the language plan, we took samples from eight satellite channels, including ( Kurdistan TV, Kurdistan 24, NRT, Rudaw, Kurdsat, Kurdsat News, GK, Net Tv, Payam).

The reality of the use of the Kurdish language in the language of writing and speaking of satellite channels was analyzed in a qualitative manner, taking into account the limits of time, as it includes models within the period of the year (2021-2022 AD), and the research community is the kurdish satellite channels in the kurdistan region.

We presented the problem of our research by presenting a set of questions, including: What is the language policy and language planning? What are the types, theories and basic principles? Does the Kurdistan Region have basic principles for developing a language policy? If it has, does the Kurdistan Region set a language policy? Since when? And what kind of ideology did you adopt in language policy? Was he able to locate the kurdish language, the language of nationalities and other components in the Kurdistan Region? What is the level of language policy sources in it? What is the class and target area of this language policy? Does this policy include the field of media? Have established a language policy for the extra-language environment? Was this language policy able to address the problem of the Kurdish language in terms of the unified official language and the unified writing system method?. With regard to the language plan, we will try to answer a number of questions, including: What is linguistic planning? Do satellite channels in the kurdistan region have linguistic planning? Is the use of language in satellite channels regulated? And what is the role of the channels in the development and dissemination of the kurdish language? Have you planned to enrich the Kurdish language lexicon and modernize it? Have you tried to standardize the terminology? Do they have reform plans with regard to purifying the language of foreign language phrases, terms and grammar?

In conclusion, we tried to answer the questions posed in the thesis.

Thus, we have shown the role of the language policy and linguistic planning of the kurdish satellite channels in the kurdistan region in preserving the linguistic identity and showing the authenticity of the cultural heritage of the Kurdish people, and through the use of the Kurdish language as a means for this purpose. Where the lexicon, sound, morphology and grammar, in order to protect and develop the Kurdish linguistic identity and reach a correct

linguistic policy and plan for the Kurdish language. The content of speech forms and the language of writing and the presentation of the positive and negative aspects and their compatibility with contemporary standards for the protection and survival of the kurdish language.

In this way, the (descriptive-analytical) method was used mainly, and sometimes when needed the research followed the (historical) method, for the purpose of following up the status of the kurdish language in the constitutions and laws of the country, as well as analyzing the state of the Kurdish language in its use in the Kurdish satellite channels in the kurdistan region . The thesis is divided into a preface and three main chapters, which contain (the general framework of the research, the theoretical aspects related to media language between language development and national identity, the theoretical framework about language policy and planning, the application aspect, conclusions and recommendations).

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Language Planning and Policy in the Media Kurdish Satellite Channels in the Kurdistan Region – a sample

A Dissertation
Submitted to the Council of the College of Languages at Salahaddin in University-Erbil in partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of phD. in kurdish Language- Applied Linguistics


By

**Azad Aziz Sleman**

B.A.Salahaddin University-Erbil1997

M.A.Salahaddin University-Erbil 2014


Supervised by

**Prof.Dr. Yousif Shareef Saed**

Erbil-Kurdistan

June 2022